بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر سلێمانی



با لە ڕامێنانەکانیەوە مەولەوی زیاتر بناسین

دیداری مەولەوی-٢٠١٠ زاینی

# میهرەجانی مەولەوی

MAWLAWI.KRD

Adil Mawlawi
09/10/2010

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ڕۆشنبیری

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و
بڵاوکردنەوە

زنجیرەی (٣٤)

# میهرەجانی مەولەوی

سلێمانی ٢٠٠٠

MAWLAWI.KRD

**تێبینی**

ئەم کتێبە بڵاوکراوەی میهرەجانی (مەولەوی)یە، لە بەرگرنگی و بایەخی ناوەڕۆکەکەی، هەروەها دەستنەکەوتنی لەناو کتێبخانەکاندا، لیژنەی باڵای دیداری (مەولەوی) بە چکمانزانی بە بێ هیچ دەستکارییەك بێجگە لە دیزاینی بەرگەکەی بە تیراژی (١٠٠٠) دانە لە چاپیدرێتەوە.

**لیژنەی باڵا**


- ناوی کتێب : میهرەجانی مەولەوی
- بابەت : بابەتەکانی میهرەجانی مەولەوی
- پیت چنین و مۆنتاژی کۆمپیوتەری : کمال حامد
- چاپ : عطا محمود .. ڤیان عصام الدین
- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی/ ٢٠٠٠
- تیراژ : (٥٠٠) دانە
- ژمارەی سپاردنی (٤٦٧)ی ساڵی ٢٠٠٠ی وەزارەتی ڕۆشنبیری درەوەتێ


مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری

## نـــاوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەتەكان |
|---|---|
| ٣ | زوبدەی عەقیدەو میهرەجانی مەولەوی |
| ٥ | پێشەكیەكی د. عیزەددیت مستەفا |
| ١١ | مەولەوی: ژیان و بەرهەمی |
| ٦٥ | دوو وشەی تر بۆ مەولەوی |
| ٨١ | بۆ میهرەجانی شاعیری گەورەمان مەولەوی لە سلێمانی |
| ٩٣ | چەند وێنەیەكی گەشتەوەرزی ناخی مەولەوی |
| ١١٧ | دەرگایەك بۆ تێگەیشتن لە هۆنراوەكانی مەولەوی |
| ١٣٥ | هێماسازی لەناو شیعرەكانی مەولەوی دا |
| ١٦٥ | چەند لایەنێكی كۆمەڵایەتی لە ژیان و شیعرەكانی مەولەوی تاوگۆزی دا |
| ٢٠٣ | حەكیم مەولەوی كورد |
| ٢٣٣ | بۆ میهرەجانی مەولەوی |
| ٢٥١ | مەولەوی و گەرمەسێر |
| ٢٨٩ | ساتێ لەگەڵ مەولەویدا |

## زوبدەی عەقیدەو میهرەجانی مەولەوی

بۆ زیاتر بەهەندگرتنی میهرەجانی مەولەوی، بەڕێوەبەریتی گشتیی چاپ وبڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کتێبی (زوبدەی عەقیدە)ی مەولەوی لەسەر بودجەی (گۆڤاری هەزارمێرد) چاپکردووەو لەڕۆژانی میهرەجانەکەدا وەك دیارییەکی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێشکەشی میهرەجانەکەو میوانە بەڕێزەکانی میهرەجانەکەی دەکات.

کتێبەکە بەقەبارەی ٢١ بە ٣٣ و بە بەرگێکی قەشەنگی وێنەی شاعیری پایەبەرز (مەولەوی) و دوالاپەڕەی دەست نووسی کتێبەکەی ڕازاوەتەوە بە تیراژی (٥٠٠) دانەو بە ژمارەی (١٧٢) لاپەڕە چاپکراوە.

مامۆستا (محمەد حمە سالح) خستوویەتە سەر ڕێنوسی تازەی کوردو ووشەو بەیتەکانی لێکداوەتەوەو پێشەکیەکی کورتی بۆ نووسیوە، (عبدالله قەراخی) لە ڕوانگەی (زوبدەی عەقیدەوە) پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە.

چاپکردنی کتێبێکی واو لە ڕۆژو بۆنەیەکی وادا، بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، بەلای منەوە چاپکردنی کتێبەکە کەمتر نیە لەو ئەرکو کارانەی ماوەیەکە وەزارەتی ڕۆشنبیری پێوەی خەریکە بۆ ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی مەزاری پیرۆزی مەولەوی، هەروەها کەمتر نییە لەو باس و لێکۆڵینەوانەی لە لایەن مەولەوی ناسان و ڕۆشنبیرانی گەلەکەمانەوە لە میهرەجانەکەدا پێشکەش دەکرێن، دیارە ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی مەزارەکە پایەبەرزی مەولەوی تا هەتایە بە بەرز رادەگرێ، باس و لێکۆڵینەوەکانیش دەبنە بەرهەمی میهرەجان و پلەوپایەی بەرزی مەولەوی پرشنگدارتر دەکات و ودوور نییە باس و لێکۆڵینەوەکان بکرێنە کێب و بخرێنە ناو کتێبخانەی کوردییەوە، چاپکردنی (زوبدەی عەقیدە) ش زیاتر گەورەیی مەولەوی دەکاتە

ئاوێنەی باڵانمای سەر شنروێ و بریسکەی دەشتی سەرشاتەو شارەزوورو ناوچەی تاوەگۆزی ڕووناك دەکاتەوەو دەبێتە گوڵەباخێکی تری بۆنخۆشی مەولەوی و کتێبخانەی کوردی بۆنخۆش دەکات و بەرچاوی خوێنەری کورد ڕۆشن دەکاتەوە.

بە پێویستی دەزانم بەم بۆنەیەوەو بە خوێنەرانی گەلەکەمان و میوانەکانی میهرەجانی مەولەوی ڕابگەیەنم بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەمساڵ لە یادی (١٠٢) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی و لە (٢٢/نیسان)دا (٨)کتێبی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی و خوێنەرانی گەلەکەمان کرد، (٥) یان پەیوەندییان بە ڕۆژنامەگەری و مێژووی ڕۆژنامەگەرییەوە هەبوو (٢) یان سەبارەت بە شانۆو یەکێکیان سەبارەت دەروونزانی بوو.. کتێبەکان بریتی بوون لەم کتێبانە:

(هەفتە بزانی) وەرگێڕانی (شێرزاد حەسەن)، (بوژاندنەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کورد) وەرگێڕانی (سدیق ساڵح)، (مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی) نووسینی (مارف ناسراو)، (چەند بابەتێك دەربارەی کەلتووری نەتەوەی کورد) نووسینی (سەلام منمی)، (فەرهەنگی زەوی زانی وێنە دار) نووسینی (کمال جەلال غەرب)، (شایەت) نووسینی (ئاشتی عوسمان)، (لەبارنەی شانۆدا) نووسینی (عەلی کەریم)، (چەند گیرو گرفت و دیمەنێکی دەروونی) وەرگێڕانی (جەلال خەلەف ژاڵەیی) پرۆژەی چاپ کردنی (زوبدەی عەقیدە)ی مەولەوی بۆ میهرەجانی مەولەوی، بەڵگەی بەرنامە ڕێژەیی و پەرۆشی و بەخەمەوە بوونی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ خزمەتکردنی ڕۆشنبیری کوردی و نووسەران و ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان دەردەخات.

(زوبدەی عەقیدە) دەکەینە دیاری بۆ میهرەجانی مەولەوی، گەورەترو شکۆدارتر بێت میهرەجانی مەولەوی و سەرکەوتوو بێت بە بەردەوام بوون بۆ یادو بیرەوەری کەڵە پیاوانی گەلەکەمان..

محمد عبدلکریم سۆڵەیی

# پێشەکیەك

نووسینی: د. عیزەددین مستەفا

هەرچەند دەست ئەدەمە باسی مەولەوی یا نووسین لە بارەی مەولەوییەوە، پێش هەموو شتێك ئەو چەند دێڕە بەنرخەم دێتەوە یاد کە بە یەکەم نووسینیان دەزانم لەبارەی مەولەوییەوە چەند دێڕێکن، بەلام سەرەتان و نرخیان تا ئێستا ماون، ئەوەش ئەوەیە کە ئەمین فەیزی ( أمین فەیضي ) لە (ئەنجومەنی ئەدیبان)دا کە سالی ١٩٢٠ لە ئەستەمبول چاپکراوە نووسیویەتی.

أمین فەیزی بەگ مەولەوی بەشاعیر وا پێشکەشکردووە :

مەولەوی بە موقتەزانی ئەو مەوقیعە کە تێیدا بووە هیچ چاوی بە شیعری فەرهەنگ نەکەوتووە، لەگەل ئەوەش لەسەر ئوسلووبی ئەوان شیعری ئەزم کردووە، لە قیتعەیەکدا مەسرەعی (مصرع) ئەوەلی تەقفیە کردووە لەگەل مصرەعی سالیس (ثالیث) و قافیەی مسرەعی سانیی (ثاني) ڕێکخستووە لەگەل مەسرەعی رابیع.

ئەو قیتعەیە لەئاخری ئەم کتێبەدا نوسراوە (واتە — ئەنجومەنی ئەدیبان)، ئەم ئووسوڵە خیلافی ئوسووڵی شوعەرای ئێرانەو مەولەوی لە کەسی نەدیوە، مەحزەن بە حوسنی تەبیعەتی خۆی موناسیبی زانیوەو ئیستیعمالی کردووە .

ئەو نمونانەی ئەمین فەیزی لە شیعری مەولەوییەوە هێناویەتەوە یا چاپی کردوون زۆر بەیان لەسەر دووبەیتی یا دێڕی مەسنەوین و قافیەیان بەم جۆرەیە.

١------------- ١-------------

٢------------- ٢------------- ..هتد.

بەلام پارچەیەکی تێدایە تەواو لە سۆنێتای شیعری ئەوروپی دەچێت:

*فەریاد چەشومی ئەرزی چارەی من*

*هەر سۆزەی موراد من نادیارەن*

*داد جەهەوای بەد، بەد ستارەی من*

*هەر نۆ گولاڵەی من نە پێوارەن*

کە قافیەی ئەم پارچەیە بەم چەشنەی لێ دێت:

١-------------

٢-------------

١-------------

٢-------------

ئەمە لەڕووی قافیەوە، هەرچی لەڕووی کێشەوەیە ئەوە زۆر بەشیعری مەولەوی بە کێشی پەنجەی خۆماڵی دەپێورێ و بەو کێشانە ناپێورێ کەلە عەرووزی عەرەبییەوە وەرگیراون و زۆربەی شیعری کلاسیکیان پێ نووسراوە، زۆرترینیشیان لەسەر کێشی دەپەنجەیی (٥+٥)ن کە گۆران لەبەر زۆر شیعر پێوتنیان بەکێشی نەتەوەیی شیعری کوردییان دادەنێ.

دیارە ئەمین فەیزی کە کتێبەکەی نووسیوە، هەر کێشی شیعری ئەوروزپایی: (واتە فەرهەنگی) ی لەبەر چاو بووە لای وابووە کە مەولەوی بێ دیتنی ئەو شیعرانەی خۆی ئیبداعێکی وای کردووە کە لەوان بچێت، ئەمین فەیزی دوورتر بە قوڵای کۆن و ئەوکاتەی کورددا ڕۆچووە، تا بڵێت مەولەوی لەو کاتەدا کە قوتابخانەی شیعری کلاسیکی لەسەر دەستی مەلای جزیریدا دامەزراوە لە ڕووی پێوەندی دیالێکتەوە نەبێ لەهەموو ڕووەکانیترەوە لەخاکی بابان ئەو قوتابخانەیە تازە کراوەتەوەو بەردەوام بووە (نالی، سالم، کوردی)، بەلام مەولەوی لە زۆر ڕووەوە سەری بۆدیاردەکانی ئەو قوتابخانەیە شۆڕنەکردووەو بە

ئاوەرۆکێکی سۆفیانەی لەوەی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی چوو، بەڵام بەکەرەسەیەکی لەزۆر لایەندا لەگەڵ کەرەسەکانی شیعری رۆمانتیکی ئەوروپا چوو مەبەسی خۆی دەربڕیوەو پەنای بردۆتە بەر سامانی کێش و قافیەی کۆنە کورد یا وڵاتی کوردە واری و ئەو کێشانەی شیعری بەکار هێناوە کە گاتاکانی زەردەشتی پێنوسراوەو لەسەردەمی ئەویشدا کێشی گۆرانی فۆلکلۆری خەڵك بووە، بەهەورامی بێت کە خۆی شیعری پێنوسیوە یان بەوشێوەیەی شیعری بابان بێت کە خۆی لە کێشو قافیەی بەدورگرتووە، بەمە مەولەوی دەستی لەوەدا بووە کە ئامێرێکی کۆن تازە بکاتەوەو بیخانە بەردەست نوێکەراوانی شیعری کوردی لە چواریەکی دووەمی چەرخی بیستەمدا، بەتایبەتی پیرەمێرد و شێخ نوری و گۆران.

هەر ئەوە ئەخشەیەکمان پێدەکێشێ کە هەندێ نوسەری ئەمڕۆ حەزی لێدەکەن.

ئاوێستە ← فۆلکلۆری کوردی ← شیعری نوێ

شیعری هەورامی ↖

ئەمین فەیزی سەرەتایەکمان بۆ باسکردن و لێکۆڵینەوەی مەولەوی دەداتێ و دەڵێ:

(لەمابەینی شوعەرای کورددا مەولەوی موقابیل بە نیزامییە، ئەگەرچی لەهجەی هەورامان و لەهجەی سلێمانی ئەختێ لەیەك دوورن، ئەمجا شیعری مەولەوی ئەمەندە ئاه گوزارو رۆح ئەوازە ئەهلی سلێمانی لە گۆرانیدا شەوی ئەو دەخوێننەوە).

لێرەدا چواندنی مەولەوی بەنیزامی گەنجەوی رەنگە هەرلەوەدا بێت کە شاعیری گەورەن یا نیزامیش بە رەچەڵەك کوردەو لە گەورەیدا بەدوو شاعیری گەورەی کورد یا رۆژهەڵاتی ناسیون. ئەگەر زیاتر پێویستمان بەو هاوتای و لێکچواندنانە بێت ئەوا دەبی باسی هەردوو مەولەوی بکەین، چونکە لە خۆوە نەهاتووە کە لەژێر پەیکەری مەولەوی لە شاری سنە

بنوسرێ " مەولەوی " ی کورد کەواتە بوونی دوو مەولەوی، دوو شاعیری گەورە، دوو سۆفی گەورە، چ لەلای کوردو چ لەلای فارس، چ لەلای کورد لە خۆوە نەهاتوە.

یا مەولەویی نێمە کە خۆی بە (( معدومی )) و (( معدوم )) ناوبردووە، لەخۆوە ناو نەناوە یا ناونەنراوە مەولەوی، بەڵام بەداخەوە تائێستا کەسێك نەهاتووە کە بەراوردی ئەم دوو مەولەوییەمان بۆ بکات.

هەر ئەمین فەیزی نیە کە باسی بڵاوی و زانینی شیعری مەولەوی دەکات لەناوچەی سلێمانیدا، بەڵکو پیرەمێردیش کە ژیانی منداڵی و گەنجی ئەوو پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠) لە سلێمانیدا یەك دەگرێ باس لەوەدەکات کە قەتار لە سلێمانیدا هەر بەشیعری مەولەوی ووتراوە.

سلێمانی مەڵبەندی سەرهەڵدانی شیعری بابانەو بەو بەشە دیالێکتە تازەیەی پێشتر شیعری پێ نوسرابوو، بەڵام سلێمانی تائێستا هەر بەوەفایە بۆو ئەو شاعیرەی سەری بۆ قوتابخانەکەی شیعری سلێمانی شۆڕنەکرد.

لەخۆوە نەهاتووە کە لەزووەوە گەورەترین و نوێترین شەقامی سلێمانی (بۆ کاتی خۆی) بەناوی مەولەوییەوە ناونراوە، لە خۆوە نەهاتووە، کە ساڵی ١٩٨٨ لە ژێر باڵی تاریکی فاشیزمدا کۆمەڵێ ڕووناکبیری کورد دڕیان بە تاریکی داوەو لە سلێمانی دا میهرەجانیان بۆ مەولەوی گێڕاوەو کۆمەڵی لێکۆڵینەوەی باش لە بارەی مەولەوییەوە نوسراوە.

لەسنە پەیکەری مەولەوی بەرزبۆتەوە، لێرەدا لیژنەی میهرەجان بە سەرۆکی وەزیری ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان (کاك محمەد شاکەلی) پێك هات، گۆڕو گومەزی مەولەوی لە (سەرشاتە) بوو بە ڕووناکی بۆ ناوچەی تاوگۆزی و ئەم لێکۆڵینەوانەش بەشێکی تازەن لەو میهرەجانە، نموونەی دەست لەمل کردنی روناکبیرانی کوردن کەپێشتر چرای دڵی سەید تاهیری هاشمی لە کرماشان و سنە دڵی ڕوونکردنەوەو برایی پتەوکردن و وا لە سایەی

مەولەوی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەری بیریان دەبەخشن و خۆ بۆ هەورامانناسی سنەش ئامادە دەکەن.

ئەمە دواکار نیە لەبارەی مەولەوییەوە چونکە زۆرمان ماوە لەهەموو زەریای مەولەوی دا مەلە بکەین.

MAWLAWI.KRD

# مەولەوی:

# ژیان و بەرهەمی

محەمەدی مەلا کەریم

MAWLAWI.KRD

# ژیانی مەولەوی*

سەییدعەبدورڕڕەحیمی کوڕی مەلا سەعیدی تاوگۆزیی[1]،لەناو خەڵکا بەناووبانگ بە (مەولەوی)و لەجیهانی شیعر نازناو(مەعدووم) و (مەعدوومی)، لە بنەماڵەیەکی تا چەند پشت مەلاو مەلازادەی گەورەی ناوچەی ڕۆژئاوای کوردستانی بەشی ئێرانەو، ئەچێتەوە سەر (پیرخدری شاهۆ)[2] کە یەکێکە لە پیاوە ئایینی یە هەرە پیرۆزەکانی ناوچەی (هەورامان)[3].

لە ساڵی (١٨٠٦-١٨٠٧)[4] دا لە دێی (سەرشاتەی خواروو) لەبەشی کوردستانی عێراقی ناوچەی (تاوگۆزی) هاتووەتە دنیاوە، بەعادەتی ئەو سەردەمەی کوردستان کە خوێندنی تەنها لە حوجرەی[٣٠] فەقێ ی[٣١] پاڵ مزگەوتی

---

*ئەم باسە، یەکەم جار، لە گۆڤاری فەرەنسەیی زمانی (ئیسلامی کوردان) دا، لە چوارچێوەی کۆمەڵێ باسدا لەبارەی ژیانی مایەیی و گیانیی کوردەوە، بەزمانی ئینگلیزی، بلاْوکراوەتەوە، پاشانیش تێکستە کوردییەکەی لەژمارەیەکی گۆڤاری (ئەنتۆلۆگیا) دا کە لە سوید دەرئەچێ – بلاْوکراوەتەوە. ئەم تێکستەیشی کە ئێستا لێرەدا بلاْوئەکرێتەوە، تێکستێکی کەمێك دەسکاری کراوی تێکستە بلاْوکراوەکەی (ئەنتۆلۆگیا)یە.

١– تاوەگۆزی : ناوچەیەکی سەرسنووری کوردستانی عێراق و ئێرانە بەشەکەی کوردستانی عێراقی سەر بە قەزای هەڵبجەیە، خەڵکەکەیشی بەناوی ناوچەکەیەوە ئانەبرێن.

٢–پیرخدری شاهۆ: خواناسێکی بەناووبانگی کوردە لە ساڵانی سەدەی ١٤ی لە دایکبوونا لە ناوچەی (خانەگا)و (پاوە) لە هەورامانی لهۆن ژیاوە، ئارامگای بەسەر چیای (شاهۆ)وەیە، ئاهۆ زنجیرە چیایەکە ١٢ فرسەق لە ڕۆژئاوای سنەوە لەناوچەی هەورامان.

٣–هەورامان: ناوچەیەکی سەرسنووری کوردستانی عێراق و ئێرانە بەشی هەرە زۆری ئەکەوێتە کوردستانی ئێرانەوەو بەشێکی زۆر کەمیشی ئەکەوێتە کوردستانی عێراقەوە،

خەڵکەکەی بەدیالێکتی هەورامی – گۆرانی ئەدون و شعیری بەرجەستەی زۆی تیا هەڵکەوتووە.

٤– لەبەرئەوەی کۆن، مێژوو لە وڵاتانی ئیسلاما بە ساڵی کۆچی دەسنیشان کراوەو، کەمتریش مانگ و ڕۆژیشی لەگەلاْ دەسنیشان کراوە، ئێستاکە بمانەوێ ساڵێکی کۆچی وەرگێڕینە سەرساڵی لە دایکبوون، ئەبێ بەپێی جەدوەلی تایبەتیی ئەم کارە بەراوردیان بکەین بەیەك و، کەبەراوردیان ئەکەین ئەبینین هە ساڵێکی یەکێکیان بەرامبەری چەند مانگێ لە ساڵێك و چەند مانگێ لەساڵی پێشەوەدیا پاشەوەی ئەویان ئەوەستێ و، لەبەرئەوە کە زۆرتر وایە ڕۆژو مانگی ڕووداوەکە بەساڵی کۆچی نازانین ناتوانین بەرامبەرەکەی بە ڕۆژو مانگی ساڵی لە دایکبوون بزانین، بۆیە ئێمەش لەم کتێبوولکەدا کە بمانەوێ ساڵی ڕووداوێ لە ڕووداوەکانی ژیانی مەولەوی دەسنیشان بکەین، لەبەرئەوەی کە مێژووەکەمان هەر بە ساڵی کۆچی زانیوەو ئاگامان لە ڕۆژو

شارو گوندە گەورەکان و ئاغا دێ کا [7] نا تیا هەبوە، لای باوکی لە حوجرە دەستی کردووە بە خوێندن و پاشان بە خوێندنگا بەناوو بانگەکانی ناوچەی ئەردەڵان [8] و باباندا [9] گەڕاوە بۆ خوێندن و بە دوو قوناغ [10] خوێندنی مەلایەتیی تەواو کردووە و مەلایەکی سەرامەدی خاوەن بەرهەمی بەشیعروبە پەراوێز لەسەر شیعرەکانی بەکوردو بەعەرەبی و بەفارسی لە

---

مانگەکەی نی یە، دوو ساڵە بەرامبەرە لە دایکبوونی یەکەیمان نووسیوە، واتە ئەو ڕووداوە لەیەکێ کۆچیدا ڕوویداوە، ئەیشمانزانی بەرامبەری چ مانگێکی چ ساڵێکی لە دایکبوونی ئەوەستێ.

٥- حوجرە: قوتابخانەی قوتابیانی ئایینی بەتەنیشت مزگەوتەکانەوە لە کوردستاناو لەهەمان کاتا جێگای حەسانەوەو نان تیا خواردن و نووستیشیان بووە.

٦-فەقێ: ئەو قوتابیانەی لە خوێندنگاکانی پاڵ مزگەوتەکانی شارو لادێکانی کوردستانا ئەو بابەتانەیان خوێندووە کە خوێندنیان لە وڵاتانی ئیسلاما باوبووە، وشەکەیش لە (فقیە) ی عەرەبی یەوە وەرگێراوە کە واتە (زانا).

٧- ئاغادی: ئەو گوندانەی موڵکی ئاغان و ماڵی ئاغا خۆیشی لەوێیە، لە زۆر لەم جۆرە گوندانەدا ئاغا خۆی ئەرکی دابین کردنی خۆراکی بۆ فەقێ لە ئەستۆ گرتووە، لە دێهاتی ترا فەقێ نێواران نان و شێویان لە ماڵە جووتیارەکان کۆکردووەتەوە، ئەرکی جلوبەرگ و کتێب کڕین و خەرجیی بەباخەڵیشیان لەسەر خۆیان و ماڵی باوك و کەسوکاریان بووەو تێکرا بۆ پەیداکردنی ئەم خەرجییە بەهاران کەرەیان لەناو خێڵەکانا ڕاتبە کردووە و ڕەمەزانان مەلا ڕەمەزانی یان کردووەو سەر فیترەیان لە دێهاتی یەکان وەرگرتووە و زۆرجاران بۆ جەژنی قوربانیش چوونەتەوە هەمان دێ کە ڕەمەزان مەلای بوون و پێستەی قوربانی و هەندێ جەژنانەیان لێ وەرگرتوون.

٨-ئەردەڵان: میرنشینەکی کوردبووە لە ساڵانی ١٢٢٠یا ١٢٢١ -١٨٦٧ یا ١٨٦٨ دا (حوکمڕانی یەکی تا ڕادەیەکی دوور سەربەخۆی لەناوچەی ناوەڕاستی کوردستانی ئێرانی و عێراقی ئێستادا کردووەو، سەرەنجام لە چوارچێوەی ئەخشەی ئەهێشتنی میرنشینی یە دەرەبەگی یەکانی کوردستانا ککە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی جێ بەجێ یان کرد، لەلایەن قاجارییەکانەوە لەناوبرا.

٩-بابان: میرنشینەکی کوردبووە لەساڵانی ١٦٩٤یا ١٦٩٥ - ١٨٥٠ یا ١٨٥١ لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراقی ئێستادا حوکمڕانیەکی لەکاروباری ناوخۆدا سەربەخۆی کردووەو تەنانەت چەند جاریش بەغدای بۆیارمەتی دانی والیانی تورك لەناکۆکیەکانی ناو خۆیانا داگیرکردووە، ئەم میرنشینەش هەروا لەچوارچێوەی ئەو ئەخشەیەی عوسمانی و ئێرانا کەلەپەراوێزی پێشوودا باسمان کرد، لەلایەن تورکەکانەوە لەناوبرا .

عیلمی کهلام [11] دا لیٚ دهرچووه، سهرهڕای ئهوه که شاعیرێکی ناسك و بهرزی لهناوچهی ئهردهڵان و بابان بیٚ هاوتایی وایش بووه چ پیٚش خوٚی و چ پاش خوٚی تا ئهمروٚ، له بابهتی خوٚیا، شاعیری وا بهدهسهڵات له زمانی کوردیدا ههڵنهکهوتوهو، لهههر شاعیرێکی تری کورد بهناوبانگتره..

بوٚخوێندن، گهلیٚ ناوچهی کوردستانی ئیٚران و عیٚراق گهڕاوهو، ئیجازهی مهلایهتی [12] لای مهلا عهبدولڕهحمانی نوٚتشهیی [13] له سلیٚمانی وهرگرتووهو له ههندیٚ له دیٚهاتی ناوچهی ههڵهبجهو پاشان لهسهر شاتهکهی زیٚدو ماوای خوٚی به مهلایهتی و پیٚگهیاندنی فهقیٚ و نووسینی بهرههمهکانیهوه خهریك بووه.

ههر له سهرهتای مهلایهتییهوه ڕیٚگای سوٚفیهتیی گرتووهته بهرو تهریقهتی نهقشبهندیی [14] لهسهر دهستی شیٚخ عوسمان سیراجهددینی تهویٚڵهی [15] خهلیفهی مهولانا

---

١٠- چونکه لهناوهڕاستی خوێندنهکهیاو بههوٚی مردنی باوکیهوهو بوٚ پهیداکردنی نان بوٚ براو خوشکه لهخوٚی بچوکتره ههتیوکهوتوهکانی وازی له خوێندن هیٚناوهو تانهوان وایان لیٚنههاتوه بتوانن خوٚیان بژیهنن نهگهڕاوهتهوه سهر خوێندنهکهی

١١- عیلمی کهلام: ئهو زانستهی راستی بنهماکانی ئایینی ئیسلامی له ڕووی ئهقل و فهلسهفهوه پیٚنهچهسپیٚنریٚ

١٢- ئیجازهی مهلایهتی: بهڵگهنامهی خوێندن تهواوکردن و توانی دهرز بهفهقیٚ وتنهوه.

لهم بهڵگه نامهیهدا بهزنجیره ناوی ئهو ماموٚستایانه ئهمیٚنریٚ کهوا پاشویان ئیجازهی دهرز بهفهقیٚ وتنهوهو دانی ئهو ئیجازهیهی بهفهقیٚ خوێندن تهواو کردو لهپیٚشویان وهرگرتووهو ههر بهم جوٚره تانهگاتهوه سهر پیٚغهمبهر و لهویشهوه بههوٚی جوبرهئیلهوه ئهگاتهوه خوا.

١٣- مهلا عهبدو ڕحمانی نوٚتشهیی: یهکیٚکه له زانا گهورهکانی کورد لهسهدهی نوٚزدهههما له سلیٚمانی ماموٚستا بووهو، له ١٨٤٧یا ١٨٤٨ دا لهویٚ کوٚچی دوایی کردووه.

١٤- تهریقهتی نهقشبهندی: یهکیٚکه لهڕیٚبازهکانی سوٚفیهتی، بههاددین موحهمهدی فاررووقی خهڵکی بوخاراو بهناووبانگ به (شاهی نهقشبهند) دایهیٚناوهکه له ساڵی ١٣٨٩ دا کوٚچی دوای کردووه، بنهمای ئهم ڕیٚبازه بیرکردنهوهیه له خوا بهدڵ و ناوهیٚنانیهتی له ژیٚر لیٚوهوه، بهپهیرهوانی ئهو تهریقهته ئهڵیٚن (سوٚفی).

١٥- شیٚخ عوسمانی سیراجهددینی تهویٚڵه: یهکیٚکه لهناودارترین خهلیفهکانی مهولانا خالیدی نهقشبهندی، له دیٚی (تهویٚڵه)ی ههورامان له کوردستانی عیٚراق دانیشتووهو ڕیٚبازی سوٚفیهتیی به پیٚی تهریقهتی نهقشبهندی بلاوکردووهتهوه له ١٧٨٠ یا ١٧٨١ دا هاتووهته دنیاوه و لهساڵی ١٨٦٧ دا کوٚچی دوایی کردووه.

خالیدی نەقشبەندیدا [16] وەرگرتووەو، پاشانیش خۆی داوەتە دەستی شێخ بەهائەددینی کوڕی[17] و لەگەڵ ئەوەیشا پێوەندی دۆستایەتی یەکی پتەوی لەگەڵ گەورەترین دوو شێخی تەریقەتی قادری [18] کاکەحمەدی [19] کوڕی شێخ مارفی نودێی [20] نەیاری گەورەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخ عەبدوڕەحمانی تاڵەبانی [21] بووە.

لەناو پیاوانی دنیایشا لە دوا قۆناغەکانی خوێندنیا لە سلێمانی، پێوەندی لەگەڵ ئەحمەد پاشای بابان و پاشان لەگەڵ قادر بەگی کەیخوسرەوبەگی جاف و حەمە پاشای برای

---

١٦- مەولانا خالیدی نەقشبەندی: بەناووبانگترینی ئەوانەیە ڕێبازی سۆفیەتی یان بە پێی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستانا بڵاوکردووەتەوە، پاش تەواوکردنی خوێندنی مەلایەتی لە کوردستانەوە چووەتە هیندستان و لەوێ تەریقەتی نەقشبەندیی لەسەر دەستی شێخ عوبەیدوڵڵای دیهلەویدا وەرگرتووەو هاتووەتەوە لە کوردستانا، بۆ جاری دووەم یا سێهەم بڵاوی کردووەتەوە. (بەڵگەی وا بەدەستەوە هەیە کە تەریقەتی نەقشبەندی پێتریش لای کەمی لە دوو ناوچەی کوردستانا باوبووە، بەڵام پاشان کۆنربووەتەوە)، لە ئەنجامی ناکۆکیی لەگەڵ شێخ مەعروفی نۆدێ و هەندێ لە میرانی بابانا سلێمانیی بە ناچاری بەجێهێشتووەو چووەتە بەغداو لەوێشەوە پاش ماوەیەکی کەم چووەتە شاو مەولەوی

لەوێ شەقامگیربووە، لە ئەوەی گەلێ لە خەلیفەکان، پێشەوایانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی پەیدابوون، لە ١٧٧٨ یا ١٧٧٩ دا هاتووەتە دنیاوەو، لە ١٨٢٧ دا لە شام کۆچی دوایی کردووە.

١٧- شێخ بەهائەددین: لە ١٨٣٦ دا لە دایك بووەو لە ١٨٨١ دا کۆچی دوایی کردووە، لە پاش مردنی باوکی جێگەی ئەوی گرتووەتەوەو بووە بە ڕابەری تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستانا.

١٨- تەریقەتی قادری: ڕێبازێکی سۆفیەتی یە شێخ عەبدولقادری گەیلانی (لە ١٦٦٦دا کۆچی دوایی کردووە) دایناوە بە پەیڕەوەکانی ئەم تەریقەتە ئەڵێن (دەروێش) و زیکری خوا بە ئاشکرا ئەڵێن و پرچ ئەهێڵنەوە.

١٩- کاکەحمەدی شێخ: یەکێکە لە گەورەترین ڕێبەرانی تەریقەتی قادری لە کوردستانا لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی دەرسی بە فەقێ گوتووەتەوەو ڕێگای خوا پەرستیی بە موسوڵمانان پیشان داوا لە ١٨٨٧ یا ١٨٨٨ کۆچی دوایی کردووە.

٢٠-شێخ مارفی نۆدێ: زانایەکی گەورەبووە لە قەڵاچوالان مامۆستابووەو لەگەڵ دروستکردنی سلێمانیدا گواستوویەتیەوە بۆ ئەوێ، بەتوندی بەرهەڵستی تەریقەتی نەقشبەندی و مەولانا خالیدی کردووەو لە دژی نووسیوە. کۆمەڵێ کتێبی بە شیعرو بە پەخشان لە زانستە ئیسلامیەکانا نووسیوە زۆرتریان لە چاپ دراون، لە ١٧٥٢ یا ١٧٥٣ دا لە دایکبووە و لە ١٨٣٨یا ١٨٣٩ دا کۆچی دوایی کردووە.

٢١-شێخ عەبدوڕەحمانی تاڵەبانی: کوڕەزای مەلا مەحمودی زەنگنەیە کە بنەمای بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی داناوە، یەکێکە لە پیرانی تەریقەتی قادری، پیاوێکی زاناو شاعیرێکی بەرزیش بووە، دیوانێکی شیعری بە فارسی و عەرەبی و تورکی هەیە، هێشتا بە تەواوی لە چاپ نەدراوە، لە ١٧٩٧ یا ١٧٩٨ دا لە دایکبووەو لە ١٨٥٨ یا ١٨٥٩ دا کۆچی دوایی کردووە.

و مەحموود پاشای کوڕی حەمە پاشاو ڕەزاقولی خان و غولام شاخانی کوڕی خوسرەو خانی ئەردەڵان و لەناو شاعیران و ئەدیبانی سەردەمی خۆیشیا پێوەندی لەگەڵ زۆریان بووەو نامەی بە شیعر بۆ نووسیون [22]..

پێوەندی مەولەوی بە شێخانی تەوێڵەوە هۆیەکی کاری بووە لە بڵاوبوونەوەی ناووبانگیدا وەکی مەلایەکی گەورەو لەم ڕێگایەوە مەلای گەورە گەورەی زۆری کوردستانی ناسیوەو بەرهەمە زانستی یەکانی و شیعری بەناو مەلاو فەقێ و تێکڕای خوێندەوارانی کوردستانا بڵاوبوونەتەوە، هەر ئەم پێوەندی یەیشی بووە ڕێگای سەفەرێکی پڕ ئەرکی هێورکردنەوەی باری ئاڵۆزی نێوان خەڵکی سوننی مەزابی سنەو میرە ئەردەڵانی یە بە شیعەبووەکانیانی بۆ ڕەخساندووە، هەر لەم ڕێگایەیشەوە ئەوەی بۆ لواوە بڕوا لە سنە لە سیمینارێکی گەورەی دیالۆگی نێوان مەلایانی سوننی مەزەبی کوردستان و گەلێ ئاخوونی گەورەی شیعەی ئێرانیدا لە بارەی بابەتە ئاڵۆزەکانی ناکۆکیی مەزەبیی نێوان سوننی و شیعەوە بەشداری بکا، مەولەوی لەم سیمینارەدا وەك لەناو کۆڕو کۆمەڵانی مەلایانی کوردستانا باوە، توانیویە بە بیری وردو تیژی مووقلیش و زانستی بەربڵاوی،ئاخوونە شیعەکان ببەزێنێ و دەمکوتیان بکاو کارێ بکا میرزادەکانی سنە بە دڵ و دایەن، پێشنیاری بۆ بکەن بێتە لای ئەوان دانیشێ و جێهات و زەوییوزاری زۆر بۆ ژیانی تەرخان بکەن، بەڵام ئەو هەمیشە ئەم جۆرە پێشنیارانەی داوەتە دواوەو پڕ بەدەم ڕایگەیاندووە کەوا ژیانی لەناو خزم و کەسوکارو عەشرەتە ڕووتەکەی و لە گوندە ڕەقەن و کرێن و بێ بەرو بوومەکەی سەرشاتەو لەگەڵ فەقێ بەدوای زانستدا گەڕاوە، بەنانی بەڕوو قنیات کردووەکانیا لە هەزار کلوور گەنجی بەخششی شازادەکانی قاجارو میرزادەکانی سنە پێ خۆشترو بەتام و لەزەت ترە.

---

٢٢- بۆ زانینی پتر لەم بارەوە، بڕوانەرە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ، یادی مەردان، بەرگی دووهەم، چاپی چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٣ ، ل ٢٨٠-٤٨٦ .

مەولەوی لە ساڵی (١٨٨٢ یا١٨٨٣ و لەتەمەنی ٧٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و بەسەر ملەیەکی بەرزەوە لە نزیك دێی سەرشاتە، ئەو گوندەی تیا هاتووەتە دنیاوە، نراوەتە کۆشی گەرمی دایکی نیشتیمانەوە، ئێستا ئارامگاکەی زیارەتگای ئەو کەسانەیە بەوێدا گوزەر ئەکەن و دانیشتووان بە چاوی بە پیرۆز زانینەوەتێی ئەڕوانن و ڕاو لە دەوروبەری گۆڕستانەکەیا بەحەرام ئەزانن و کەس لەو ناوەدا توخنی پەلەوەرو گیانداران ناکەوێ.

## بەرهەمی مەولەوی:

بەرهەمی مەولەوی کە بۆ ئێمە ماونەتەوە، ئەمانەن:

١- (عەقیدەی مەرزییە العقیدە (المرضیة)، ئەم کتێبە بە زمانی کوردی و دیالێکتی کرمانجی خوارووە، شێوەی تایبەتیی ئاخاوتنی خەڵکی ناوچەی تاوەگۆزی یە، بابەتەکەی بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام و زانستی کەلام (علم الکلام)ە، لەگەڵ هەندێ لە بیروباوەڕی زانایان و ڕاوبۆچونی بەشێ لە تاقمە فەلسەفی یەکانی ئیسلام و ڕەدو بەدەڵ لەگەڵیان و بەرپەرچدانەوەیان وەك موعتەزیلە [23] و جەبرییە [24]، سەرەڕای بیروباوەڕی سۆفینیانە. ئەم کتێبە شیعرەو ٢٤٤١ بەیتەو خۆی و چەند کەسێ لە زانایانی سەردەمی ناوچەکەی پەراوێزیان بۆ نووسیوەو لە ١٨٦٣ یا ١٨٦٤ دا دەستی بەدانانی کردووەو لە ١٨٦٤ یا ١٨٦٥ دا لێ بووەتەوە لێی و تا ئێستا سێ جار لە چاپ دراوە، جارێکیان لە قاهیرەی میسر لەگەڵ کتێبێکی تری فارسی لەهەمان بابەتی بەناوی (ئەلفەوائیح – الفوائح) لە لایەن (موحییددین سەبریی نعێمیی کانیمشکانی [25] یەوە لە ساڵی ١٩٣٣ یا١٩٣٤ داو،

---

٢٣- موعتەزیلە: یەکێکن لە تاقمە فەلسەفی یەکانی ئیسلام، لە دوا دوایی چەرخی ئومەوی یەکانا پەیدابوون و تادوایی هاتنی چەرخی زێڕینی عەبباسی یەکان لە برەوابوون، باوەڕیان وابووە مرۆ خۆی خالقی کرداری خۆیەتی و بایەخیان زۆر بەئەقڵ ئەداو هەر تێکستێکی ئایینی پێەوانەی ئەقڵ بوایە وایان واتا لێ ئەدایەوە لەگەڵی بگونجێ، تا دەوڵەتیش ئەبووبوو بە پشتیوانیان، زۆر داکۆکی یان لە ئازادیی بیرئەکرد، بەڵام لەوکاتەوە کەوتنە ئازاردانی تاقمە نەیارەکانیان و بەوە کوتەکێکی مزریان سرەواندە راستگۆیی خۆیان لەبەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکا، مەولەوی لە کتێبەکانیا زۆر دژی ئەم تاقمەیە.

٢٤- جەبرییە: ئەمانیش یەکێکی ترن لە تاقمە فەلسەفی یەکانی ئیسلام ، ئەمان بە پێچەوانەی موعتەزیلەکانەوە، دان بە هیچ ئازادیەکی ئادەمیزاد ئانێن لەو کارانەدا ئەیانکاو وەك پووشێکی تەماشا ئەکەن بەدەم باوە.

٢٥- موحییددین سەبریی نعێمیی کانیمشکانی: رۆشنبیرێکی کوردی خەڵکی دەوروبەری سنە (سنندج) ی کوردستانی ئێرانە، خوێندنی مەلایەتی خوێندووەو لە ساڵەکانی سەرەتای ئەم سەدایەدا چووەتە میسرو پاشان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و چاشان دیسانەوە چووەتەوە بۆ میسرو لەوێ سەقامگیربووەو دەستی کردووە بە لەچاپدانی هەندێ لەو کتێبخانەی لە قوتابخانە ئایینیەیەکانی کوردستانا ئەخوێنران کە دوانیان (عەقیدەی مەرزییە) و (فەوائیح) ی مەولەوی بوون، بەشێکی زۆری ئەو کتێانەی – جگە لەدوو کتێبەکەی

جارێکی تر بە ئۆفسێت لەتاران [26] و جاری سێیەم بە شەرحێکی دوورو درێژی باوکم مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسەوە بە کوردی لە ساڵی ۱۹۸۸ دا لە بەغداد.

٢- (ئەلفەزیلە –الفضیلة) ئەم کتێبەیش هەر لە بابەتی (عەقیدەی مەرزییە) یەو بە عەرەبی یەو (٢٠٣١) بەیتەو لە ١٨٦٨ یا ١٨٦٩ دا دایناوەو، خۆی و چەندین کەس لە زانایانی سەردەمی ناوچەکە پەراوێزیان بۆ ئەمیش نووسیوە،ئەم کتێبە بۆیەکەمین جار بە شەرحێکی دوورودرێژی باوکمەوە بەعەرەبی لە ساڵی ١٩٧٣ دا لە بەغدا لەچاپ دراوە.

٣- (ئەلفەوائیح – الفوائح) : ئەم کتێبەیش هەروا لەبابەتی دوو کتێبە پێشووەکەیەو بە فارسییەو (٥٢٥) بەیتەو لە/١٨٦٩ یا١٨٧٠/ دا دایناوە، ئەم کتێبە وەك پێشتریش وتمان، بۆ یەکەمین جار لە داوێنی (عەقیدەی مەرزییە) کەیەوە لە قاهیرە لەلایەن (موحییدین سەبریی نعێمیی کانیمشکان)ی یەوە لە ساڵی /١٩٣٣ یا/١٩٣٤/داو، بۆ جاری دوهەم بە ئۆفسێت لە تاران [27]، بۆ جاری سێیەم بەشەرحێکی دوورو درێژی باوکم و بە پەراوێز گەلێکی زۆری مەولەوی خۆی و هەندێ زانای ترەوە لە /١٩٩٥/ دا لەبەغدا لە چاپ دراوە.

دیارە مەولەوی ویستوویەتی بەم سێ کتێبەی بیروباوەڕی موسوڵمانیەتی لە پێشانا بۆ کوردو ئە نجا بۆ عەرەب و پاشان بۆ فاوس ڕوون بکاتەوە.

لەمانەیش بەولاوە، مەولەوی کتێبێکی تری بە شیعری کوردی هەر لە بیروباوەڕی موسوڵمانیەتیدا بەناوی (زوبدەتولعەقیدە – " زبدە لعقیدە") وە هەیە هێشتا لەچاپ

---

مەولەوی لە (مگبعە کوردستان العلمیە) دا لەپاش دراوە کە (فەرەجوللاّ زەکی کوردی) خاوەنی بووە، وەك (مجمعە الریسائی) کە بریتییە لە ٢٢ کتێبی جۆربەجۆی هەندێ لە زانانیانی گەورەی ئیسلام لە ٦٣٢ لاپەڕەداو، (میزان العمەل) غەزالی و گەلێکی تر، لام وایە هەر ئەم چاپخانەیە پاشان ناوەکەی ، لەبەر هەر هۆیەك بووە، گۆڕاوەو بووە بە (موگبعە الساعد بلجەوار محافچ میس) و گەلێ کتێبی مەلایانی گەورەی کوردی تیا لە چاپدراوە کە دووکتێبە ناوبراوەکەی مەولەوییش لە ڕیزی ئەوانەدان.

٢٦- ئەم چاپەی تارانم نەدیوەو نازانم لەچ ساڵێکا لەچاپ دراوەتەوە.

٢٧- هەروەك چاپی یەکەمی، ئەمجارەیش لەگەڵ (عەقیدەی مەرزییە)دا لەچاپ دراوەتەوە.

٢٨- بڕوانەرە: گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) کە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیی سەربە وەزاتیرۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە بەغدا بڵاوی ئەکاتەوە، ژمارە ١٣٠ ی ساڵی ١٩٩٢، ل-٥٣-٦٠ .

نەدراوە، هەروا نامیلکەیەکی بچکۆلەی بیروباوەڕی ئیسلامەتیشی بەناوی (عەقیدەی مەولەوی)یەوە هەیە لە ساڵی /١٩٧٧/ دا لە لایەن شێخ موحەمەد عەلی قەرەداغی یەوە بۆ جاری یەکەم لەبەغدا لەچاپ دراوەو جارێکی تریش بە شێوەیەکی پوختترو تەواوتر لە ساڵی /١٩٩٣/دا لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ [28] دا) هەر لە لایەن بڵاوکەرەوەی یەکەمجاریەوە بڵاوکراوەتەوە. نامیلکەیەکیشی بە شیعری فارسی لە پاڕانەوەدا لە خوا بە دەستەو داوێن بوونی پیرانی تەریقەتی قادری یەوە هەیە لە داوێنی شەرحەکەی باوکمەوە لەسەر (ئەلفەوائیح) ەکەی لەچاپدراوە، جگە لەمانە نامیلکەیەکی لەچاپ نەدراویشی لە بارەی ئادابی تەریقەتی نەقشبەندی یەوە بە فارسی هەیە.

**دوانی مەولەوی:**

بەڵام لە هەموو ئەمانەی بۆ کوردو بۆ ئەدەبی کورد پڕ بایەختر، دوانە شیعری سۆزەکەیەتی[29] کە هەمووی بەکوردی و بە دیالێکتێکی تێکەڵ لە هەورامی و لەکرمانجیی خوارووی ناوچەی تاوگۆزی [30] یە.

یەکەمین جار بڵاوکردنەوەی پارچەشیعرێکی مەولەوی بە چاپ و، ناساندنی خوێندەوارانی دەرەوەی کوردستان بە شیعری ئەم شاعیرە هەڵکەوتوە، من پێ بزانم [31]، ئەوە

---

٢٩-مەبەستمان لە (شیعری سۆز) ئەوەیە لە غەرەبیدا پێی ئەوترێ (الشعر العاگفی) بەڵام عاتیفەکە لای ئێمە گەلێ بەربڵاوترەو سۆزبۆ یارو بۆ نەتەوەو نیشتیمان و بۆ خواو بۆ پیری ڕابەرو بۆ دەربڕینی دەردەدڵ و بۆ لاواندنەوەی کۆچکردووان و، بە کورتی هەر مەبەستی ئەگرێتەوە کە سۆزی لە شیعرەکەدا بۆ دەربڕرانی، تەنها بە مەرجێ شیعرەکە لە ڕووی تەکنیکەوە شێوەی تایبەتیی بابەتەکەی وەرنەگرتبێ بە جۆرێ کە سۆزی لێ داماڵرێ.

٣٠- ئەتوانرێ بوترێ مەولەوی (عەقیدەی مەرزییە)کەی بەم دیالێکتە تایبەتیەی ناوچەی تاوەگۆزی داناوە.

٣١- مەبەستم لەوەیە لە تورکیای پێش و پاش جەنگی یەکەمی جیهانا گەلێ گۆڤاری تێکەڵی کوردی و تورکیی کوردان دەرچوون، ئێمە هەموو ئەو گۆڤارانەر گشت

بووە رۆژنامەی ((تێگەیشتنی ڕاستی)) کە ئینگلیزەکان، پاش داگیرکردنی عێراق لەجەنگی یەکەمی جیهاندا لەبەغدا دەریان کردوو [32]، لە ئەڵقەی یەکەمی زنجیرە وتارێکا بەناوونیشانی (ئەدەبییاتی کورد) چەند بەیتێکی لە شیعری مەولەوی لەگەڵ کورتە هەڵسەنگاندنێکی خۆیاو وەسپ کردنی بە (شاعیری شێوەی زەنگەنەو عەشایری ئەو تەرەفە [33])، بڵاوکردووەتەوەو بە (ئیبنوهانی) واتە (ئەبوو نوئاس)ی ئەو دیالێکتەی داناوە [34]، کەواتە (شاعیری مەی)ە .

لە ڕاستییشا، مەی جێگایەکی باڵای لە شیعری مەولەویدا هەیەو، مەولەوی زۆر بەرزو باڵا، مەیی، بە مەعنا سۆفییانەکەی، لە شیعری خۆیا خستووەتە کار. پاش ئەم رۆژنامەیەیش ڕۆشنبیری کوردی ئەستەمووڵ نشین ئەمین فەیزی بەگ [35] لەچوارچێوەی کتێبێکی بچکۆلەیا لەبارەی ئەدەب و ئەدیبانی کوردەوە کە ناوی لێناوە (ئەنجومەنی

---

ژمارەکانیمان نەدیون تا لەوە دڵنیابین کەئاخۆ هیچ شیعری مەولەوییان تیا بڵاوکراوەتەوە یا نە؟

٣٢- بڕوانەرە: تێگەیشتنی ڕاستی، ژمارە ٢٠، ساڵی یەکەم ،١١ی ئازاری ١٩١٨، ٢٨ی جومادەلئوولای ١٣٣٦، بۆ زانینی پتر لە بارەی ئەم رۆژننامەوە بڕوانەرە: دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،١٩٧٨

٣٣- ئەبێ خاوەنی ئەو وتارەی (تێگەیشتنی ڕاستی)، لەبارەی ئاخاوتن بە دیالێکتی گۆرانی و شێوەکانیەوە تەنها عەشرەتی زەنگنەو خەڵکی ئەوروبەریانی ناسیبێ، ئەگینا ئەیوب (گۆرانی) و هەرنەبێ (هەورامی)، هەرچەندە ئەو دیالێکتەی مەولەوی لە شیعرە سۆزییەکانیا بەکاری هێناوە بەتەواوی ناچێتەوە سەرنە گۆرانیی ئەسڵی و ئەشێوە دیالێکتی هەورامی و نە زەنگنە.

٣٤- چونکە دیالێکتی پێ ئاخاوتنی عەشرەتی زەنگنەیش لقێکە لە دیالێکتی گۆرانی و لەگەڵ دیالێکتی شیعرەکانی مەولەوی لە یەك ڕیشەو بنەچەن.

٣٥- ئەمین فەیزی بەگ: زاناو ئەدیب و ئەفسەرێکی لێهاتووی کوردو خەڵکی سلێمانی بووە، وەك لە لێکۆڵینەوەیەکی کاکەی فەللاحەوە دەرکەوێ لە ١٨٦٠ دا لە سلێمانی لە دایکبووە و لە ١٩٢٣ دا لە ئەستەمووڵ مردووە، کۆمەڵێ دانراوی بە تورکی هەیە، بە کوردییش (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد)ی نووسیوە کەلە چاپخانەی (تەرجومانی حەقیقەت) لە ئەستەمووڵ لە ١٣٣٩ ی ڕۆمییا لە چاپی داوە، شیعری بە کوردی و تورکی وفارسی هەیە، بۆ زانینی زیاتر لەبارەیەوە بڕوانەرە: ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبییاتی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا – ١٩٤١ و، هەردوو چاپی دووهەم و سێهەمی (ئەنجومەنی ئەدیبان) – سەیری پەراوێزی دادێ بکە –

ئەدیبانی کورد )[36] چەند پارچە شیعرێکی مەولەویی لەگەڵ چەند دێڕی لە باسی خۆی و هەورامانا بڵاوکردووەتەوەو ئیشارەتیشی بۆ ئەو چەند بەیتەی کردووە کە لەسەر شێوەی ( سۆنیت ) داینـاون و ئێمەیش پاشتر بەکەمێك لەسەر رۆشتنەوە لێی ئەدوێین.

یەکەمین بڵاو کردنەوەی شیعری مەولەوی، وەك دیوانە شیعر، با تەواویش نەبێ ئەوەی پیرەمێردە [37] کە شیعرەکانی مەولەوی بە شیعر هێناوەتە سەر دیالێکتی کرمانجیی خواروو وبەناوی ( ئەسڵ و ڕۆح ) ی مەولەوی لە دووبەرگدا لە چاپی داوە [38] . لە ساڵی /١٩٦١/ یشا باوکم، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، بە یارمەتیی من [39] ، لە ڕووی چەند دەسنووس دیوانی مەولەویی لەگەڵ لێکدانەوەیەکی پوختی واتاو تاکە تاکەی وشەکانی شیعرەکانی، لە کتێبێکی ( ٥٦٨ ) لا پەڕەییدا بڵاوکردەوە [40] ، ئەم چاپەی باوکم، جارێکی تر لە ساڵەکانی حەفتادا لە ئێران بە ئۆفێست لە چاپ دراوەتەوە [41] پاش ئەمە سدیقی سەفیزادەی

---

٣٦– ئەم کتێبە، جگە لە چاپی یەکەمی کە دیارە بە چاودێریی ئەمین فەیزی بەگ خۆی تەواوبووە، تا ئێستا دووجاری تریش لە چاپ دراوەتەوە، جارێکیان لە لایەن کاکەی فەللاحەوەو جارەکەی تریشیان لەلایەن لیژنەی وێژەو کەلەپوورەوە لە دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق لە بەغدا، هەردوو چاپەکەیەتی سەرەتایەك و چاپەکەی کۆڕ کۆمەڵێ پەراوێزیشی لەگەڵە. 36

٣٧– پیرەمێرد: حاجی تۆفیق؛ شاعیرو رۆژنامەنووس و خاوەنی رۆژنامەگەلی (ژیان) و (ژیانەوە)و (ژین) و کۆمەڵێ بەرهەمی جۆربەجۆری ئەدەبی، دەورێکی دیاری لە

نوێکردنەوەی شیعری کوردی و بنیاتنانی ئەدەبی نوێی کورد لە ناوچەی سلێمانی و تێکڕای کوردستانی عێراق و ژیانی رۆژنامەنووسیی کوردیدا بووە.

لەساڵی ١٨٦٧ دا لە سلێمانی هاتووەتە دنیاوەو لە ١٩٥٠ دا هەرلەوێ کۆچی دوایی کردووە، بۆ زانینی پتر لە بارەی خۆی و شیعریەوە، بڕوانە (محمەد ڕەسووڵ هاوار، پیرەمێردی نەمر، بەغدا، چاپخانەی (ئەلعانی) ١٩٧٠.

٣٨– سلێمانی، چاپخانەی ژیان، بەرگی یەکەم ١٩٣٥ بەرگی دووهەم ١٩٤٠.

٣٩– پارمەتیی من لەئامادەکردنی دیوانی مەولەویدا بە شەرحەکەی باوکمەوە بۆ چاپ، بریتی بووە لە نووسنەوەی دیوانەکەو لێکدانەوەکانی باوکم و داڕشتنەوەی زمانە ئەدەبییەکەو سەرپەرشتی کردنی لە چاپدانی.

٤٠– دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو لەسەر نووسینی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیش، بەغدا ، چاپخانەی (ئەننەجاح) ، ١٩٦١.

٤١– ئەم چاپەم نەدیوە تا بتوانم دەستنیشانی کەم لەچ ساڵێکا لەچاپ دراوەتەوە، بەڵام ئەزانم کەوا لە لایەن کتێبخانەی (سەیدیان)ەوە لە مەهاباد لەچاپ دراوەتەوە.

بۆرەکەییش، بە پشت بەستن بەدەسنوسێکی یەحیای مەعریفەت کەلە کتێبخانەی دانشگای تارانا هەڵگیراوە و لەڕووی دەسنووسی مەولەوی خۆی و لەسەردەمی ژیانی خۆیان نووسراوەتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێ بۆ بەشێ لە وشەکانی شیعرەکان و دەرخستنی ئەو بەراورد کاری یەتێکستۆلۆگی - یانەی لە پەراوێزی دەسنووسەکەوە نووسراون، چاپێکی تری دیوانی مەولەویی لە ١٩٩٠ دا بلآوکردۆتەوە[42]، (محەمەد ئەمین حەبیبی ئەردەلآنیش) لەساڵی /١٩٩١/ دا بەرگی یەکەمی دیوانی مەولەویی لەگەڵ وەرگێڕانیا بە شیعر بۆ دیالێکتی کرمانجیی خواروو، بلآوکردووەتەوە، ئێمەیش کەرەستەی پێویستی ئەوەمان کۆکردۆتەوە[43]، ئەگەر بۆمان ڕێکەوێ جارێکی ترو بە شێوەیەکی تێرو تەسەلترو تەواوترو پوختترو زانستی یانە تر، ئەم دیوانە نازدارەی مەولەوی بلآوبکەینەوەو چەردەیەکی تر حەقی خۆی بدەینەوە دەست و بەوە وەفای ڕۆشنبیرانی کورد بۆ یادی ئەم شاعیرە مەزنەی گەلەکەمان بخەینە ڕوو[44].

## کۆلینەوە لە شیعری مەولەوی:

تا ئێستا گەلێ بابەتی لێکدانەوەو هەلسەنگاندن لەلایەن گەلێ لە بنووسان و توێژەرەوانی کوردەوە، ژ لەدوو توێی هەندێ کتێبی ئەدەب و مێژووی ئەدەبدا چ لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارو ڕۆژنامەکان، لەبارەی شیعری مەولەوی یەوە نووسراوە، لەناو ئەوانەدا

٤٢- دیوانی مەولەوی، ساغکردنەوەی سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)، (تاران - چاپخانەی حەیدەری ، ١٣٦٩-١٩٩٠)، ئەم چاپە لەبەرئەوەی لە ڕووی دەسنوسێکی سەردەمی مەولەوی خۆیا لەچاپ دراوە، ئەبێ هەموو شیعرەکانی مەولەویی نەگرتبێتە خۆی.

٤٣- دیوانی مەولەوی، لەلایەن موحەمەد ئەمینی ئەردەلآنییەوە بە شیعر گۆڕراوەتە سەر دیالێکتی کرمانجیی خواروو، بەرگی یەکەم - بەغدا - چاپخانەی (مونیر) - ١٩٩١.

٤٤-بەم بۆنەیەوە، بلآوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە بە هەل ئەزانم ڕووی دەمم بکەمە هەر برادەرێ دەسنوسێکی هەموو یا بەشێ یا تەنانەت پارچەیێ شیعری مەولەویی لابێ، ئەو دسنووسە یا هەرنەبێ فۆتۆیەکیمان بەناوو نیشانی باوکم لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدابۆ بنێرێ ڕوونووسی بکەین، پاشان بەوپەڕی سوپاسگوزارییەوە بۆی ئەگێڕینەوە.

**ئەم بابەتەیان نووسیوە، ناوی (ئەمین فەیزی بەك [45]، پیرەمێرد[46]، حسێن حوزنی موکریانی[47]،گۆران، [48] عەلائەدین سەججادی[49] مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس[50]، عەلی شێخ عومەری قەرەداغی [51]، سەیید تاهیری هاشمی [52]، موحەمەد سدیقی موفتی زادە [53]، د.**

---

٤٥- بڕوانەرە: ئەمین فەیزی ((بەگ)) ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد- ئەستەمبوڵ ڕەبیعەلئەوەلی ١٣٣٩ ی ڕۆمی، چاپخانەی (تەرجومانی حەقیقەت).

٤٦-پیرەمێرد کۆمەڵێ وتاری بەنرخی لەبارەی مەولەوییەوە لە ڕۆژنامەکانی خۆی و لە هەندێ لە گۆڤارە کوردییەکانا بڵاوکردووەتەوە، بەداخەوە ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەم لەبەردەستا نین تا بتوانم ئەو وتارانەی لێرەدا دەسنیشان بکەم.

٤٧- بڕوانەرە: حسێن حوزنی موکریانی، مەلا عەبدوڕڕەحیم، مەولەوی، مەعدووم، گۆڤاری (ڕووناکی)، هەولێر، ژمارە ٧- سالی یەکەم، ل ٦-٨، شەممە ٢٨ ی ئازاری ١٩٣٦.

٤٨- بڕوانەرە: گۆران ، لەبەرهەمەکانی دوێنێمان، مەولەوی و شیعری موناسەبەت، ڕۆژنامەی (هەولێر)، ژمارە ٧، ٨، ١٠ی سالی یەکەم، کانوونی دووەمی ١٩٥١. ئەم وتارە جارێکی تریش لەلایەن ئەحمەد غەفوورەوە لەژمارە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ ی گۆڤاری (بەیان) بڵاوکراوەتەوە کە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا بڵاوی ئەکاتەوە.

٤٩- بڕوانەرە: عەلائەددین سەججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا ، ١٩٥٢، چاپخانەی مەعاریف، چاپی یەکەم، ل ٢٤٧-٢٧٦ " بەغدا - ١٩٧١، چاپخانەی مەعاریف، چاپی دووەم، ل ٢٧٦-٣٠٦.

٥٠- بڕوانەرە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دیوانی مەولەوی، بەغدا، ١٩١٦، چاپخانەی (ئەننەجاح)" هەروەها بڕوانەرە: یادی مەردان، بەرگی دووهەم بەغدا ،١٩٨٣ ، ل ٣٦٢- ٤٨٧

٥١- بڕوانەرە: عەلیی شێخ عومەری قەرەداغی، مەولەوی سروشت، بەغدا - ١٩٧٨، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

٥٢- سەیید تاهیری هاشمی گەلێ بابەتی دەسنووسی لە بارەی مەولەوییەوە هەیە کەوەختی خۆی ڕوونووسی بابەتێکیان ناردووە بۆ باوکم و ئێستا لای ئێمە هەلگیراوە، سەرەڕای ئەوە چەند وتاریشی لەم بارەوە لە هەندێ گۆڤاری کوردستانی ئێرانا بڵاوکردووەتەوە لەبەردەستما نەبوون تا ناوو ژمارەیان لێرەدا بنووسم، بە داخەوە هەل ومەرجی ژیانی ددەرفەتی ئەوەی نەدا، ئەم بابەتەنەی لە چوارچێوەی کتێبێکا لە چاپ بدا، هیوامان وایە پاشماوەکانی ئەم ئەرکە ئەدەبییە نەتەوەییە پشتگوێ نەخەن.

٥٣- موحەمەد سدیقی موفتی زادە لەماوەی چوار سالا کۆمەلێ وتاری لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی ئێرانا لەبارەی مەولەوییەوە بڵاوکردووەتەوە، سەرەڕای ئەوە کە بیستوومە لێکدانەوەیەکی لەسەر ٢٥٠ پارچە شیعری مەولەوییش نووسیوەو بە مەولەوی زانێکی لێهاتوویش ناسراو بووە.

هیوادارین پاشماوەکانی ئەو شەرحەی و وتارەکانی لەبارەی مولەوییەوە بڵاوبکەنەوە.

عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ [54]، بەدەو [55] گەلێ کەسی تر لە ڕۆشنبیرانی کولاد دیارو لەبەرچاوە [56].

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨ دا دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی عێراق میهرەجانێکی ئەدەبیی بۆ یادکردنەوەی مەولەوی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە سلێمانی گێڕا، لەم میهرەجانەدا کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیرانی کورد وتارو لێکۆڵینەوەیان پێشکەش کرد، ئەو بابەتانەی لەم میهرەجانەدا خوێنرایەوە، لە ساڵی ١٩٨٩ دا لە دوو تویی کتێبێکی ( ٢٥٦ ) لاپەڕەییدا بەناوی ( میهرەجانی مەولەوی ) لە لایەن دەزگای ناوبراوەوە بڵاوکراوەیەوە [57].

هەروەها لە هاوینی ١٩٩٢ دا کۆبوونەیەکی گەورەی تر بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە شاری سەقزی کوردستانی ئێران بەناوی (کۆنگرەی قەدر لێگرتنی مەولەوی) ڕێکخرا، کۆمەڵێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کوردی کوردستانی ئێران و چەند کەسێکیش لە کوردستانی عێراقەوە تیا بەشداربوون و چەند پارچە شیعرو وتارگەلێکی زۆری پێوەندی دار بە گەلێ ڕووی ژیان و شیعر و بەرهەمی زانستیی مەولەوی یەوە تیا خوێنرانەوە و تێکڕای ئەو بابەتانە لە دوو تویی

---

٥٤– بڕوانەرە: د. عێزەددین مستەفا ڕەسووڵ ، مەولەوی و بەرهەمی و شتێك دەربارەی سروشت (لە چوارچێوەی کتێبی – میهرەجانی مەولەویدا – بەغدا، ١٠٨٩، چاپخانەی (ئەززەمان).

–

٥٦– بەرهەمی هەندێ لەمانە لە کتێبی (میهرەجانی مەولەوی) یا بڵاوکراوەتەوە کەلەم نامیلکەدا لێ دواوین، زۆریشی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان و تەنانەت عەرەبییەکانیشمانا بڵاوکراوەتەوە کە بەداخەوە دەسم نەیان نەگەیشتێ تا

بەسەریان بکەوەو نیشارەتیان بۆ بکەم، لە ڕاستییشا کاری وا پێویستی بە بوونی بیبلۆگرافیایەکی تایبەتیی بڵاوکراوەکانی ناو هەر کام لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەیە.

٥٧– میهرەجانی مەولەوی، کتێبی ژمارە (١)ی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا – ١٩٨٩، چاپخانەی (ئەززەمان).

کتێبێکا بە ناوی ( مجموعە مقالات وأشعار ) (کنگرء بزرگداشت مولـوی کرد ) لەلایەن دەستەی زانستیی ستادی بـەرپاکردنی کۆنگرەکـەوە لە هـاوینی ١٩٩٦دا بڵاوکرانەوە [58].

بەڵام ئەو کارەی لەگشت ئەم کاری لێکۆڵینەوەو لەسەر نووسینانەی لەمەڕ شیعری مەولەوی نووسراون بەربڵاوترو بەلای منەوە پڕ بایەختربێ، ئەو نامەی دوکتۆرایەیە کە شاعیرو ڕۆشنبیری کوردی کوردستانی عێراق (ئەنوەر قادر موحەمەد ) پلەی دوکتۆرای لە ئەنستیووتی ڕۆژهەڵات ناسیی لێنیگرادی سەر بەئەکادێمیای زانستەکانی سۆفیەت پێ وەرگرتووەو، وەرگێراوە کوردی یەکەی لە کتێبێکی (٢٨٩ ) لاپەڕەییدا بەناوی ( لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی ) لە ١٩٩٠ دا لە ستۆکهۆڵم لە سوید لە چاپ دراوە [59].

### شیعری کوردیی مەولەوی :

شیعری کوردیی مەولەوی، تێکڕایی لەسەر سەنێگێکی تایبەتی نەتەوەیی دانراوە کە هەر نیوە بەیتێکی لە دە بڕگە پێکدێ و لای سێ پێتی دوایی هەر نیوێکی و زۆرجار زیاتریشی چوار پێتی یا پێنج پێتی وەك یەکە، ئەم جۆرە شیعرە ئەو جۆرەیە بەشی هەرە زۆری شیعری دیالێکتی گۆرانیی پێ دانراوە کە کۆنترین شیعری کوردی تا ئێستا مابێتەوە، بەم دیالێکتەیە، ئەم جۆرە شیعرە، بەم سەنگەو بەم دە بڕگەیەی هەر نیوە بەیتێکیەوە، بۆ تێکڕای ئەو ئاوازو گۆرانی یانە دەست ئەدا کەلە ناوچەی گۆران و زۆر شوێنی ناوچەی ئێستای سۆران – کرمانجیی خواروو – کەجاران بە دیالێکتی گۆرانی دواون، ئەژەنرێن و ئەوترێن.

بەشێکی ئەم جۆرە شیعرە کوردی یەی مەولەوی ئەوەیە کە متێبی ( عەقیدەی مەرزییە ) کەیی پێ وتووە، ئەوی کەیشی ئەوەیە ئەکەوێتە چوارچێوەی (دیوانی مەولەوی ) یەوە

٥٨– مجموعە (مقالات واشعار کنگرء بزرگداشت مولوی کرد ، سقز، شـهریوو ١٣٧١، تدوین هیئت علمی برگزاری کنگره مولـوی، شهرکرد، شرکت تعاونی چاپ افست ، ١٣٧٥.

٥٩– ئەنوەر قادر محمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی ١٨٠٦–١٨٨٢ (بە دیالێکتی گۆرانی) ستۆکهۆڵم ١٩٩٠.

کەلەگەڵ ئەوەیش تا ئێستا چوار جار لەچاپ دراوە لەوە دڵنیانین هەموو شیعرەکانی گرتبێتەوەو تەها جارێکیشـیان ڕێبـازی تێکستۆلۆگیی – ئەویش بەش بەحاڵی تەنها ئەو نوسخەیەی ئەو جارە دیوانەکەی لە ڕوو لە چاپ دراوە – تیا ڕەچاوکراوە [60] لەبەرئەوەی تا ئێستا کیۆمالێکی تەواو بەهەموو ئەو شوێنانەدا نەکراوە گومانی بوونی شیعری مەولەوی یان تیا ئەبرێ.

بابەتی شیعری سۆزی بە کوردیی مەولەوی:

مەولەوی شیعری سۆزی بە کوردیی خۆیی لەگەڵ بابەتا بەکارهێناوە ڕووی دەم کردنە خوا، سۆز دەدەربڕین بۆ پیری دەستگیرو ڕێنومای، نامە بۆ دۆستان، سۆزی بۆ یارو گلەیی و گازندە لە دووریی ئەو، لاواندنەوەی بە کوڵی کۆچکردووان و بە تایبەتی دوو کەس: (عەنبەر خاتوونی خێزانی و ئەو ڕەحمانی کوڕی حاجی مەحموودی یارەویسی دۆست و برادەری وەسپی سروشتی وڵات و بەتایبەتی وەرزەکانی ساڵ و گەرمیان و کوێستان کردنی خێڵەکان و ڕۆیشتن و هاتنەوەو نەهاتنەوەی یاران و دۆستانی کە وابووە لەو وەرزی هاوینە خۆری یەدا کۆچی دوایی یان کرددووە یا لەبەر هۆیەك ماونەتەو شکاتی حاڵی خۆی و دەربڕینی دەردەدڵەکانی بەتایبـەتی هەژاری و پیری و کوێری و جەورو ستەمی زەمانەو مامەڵەی خراپی هەندێ کەس دەرهەقی مەولەوی لەگشت ئەم بابەتانەدا گەیشتووەتە پۆپەیەکی زۆر بەرزی دەربڕینی شیعری و بیری وردو وێنەی جوان و ڕازاوە و ناسکی وا کە مجار شاعیرانی تری کورد توانیبێتیان لەو مەیدانەدا شان بە شانی بوەستن. ڕاستگریی مەولەوی لەگەڵ خۆی و کوڵانی لەناوەوە، کارێکیان کردووە ئەوەندەی بتوانرێ خەیاڵی شیعری بە جوانی دەربڕبڕێ، بەئاسانی بە دەستیەوە هاتووە، بۆیە شیعری مەولەوی لەهەموو ئەو ناوچانەدا لێی تێ ئەگەن خۆشترین

---

٦٠– مەبەستم لە چاپەکەی سدیقی سەفی زادەی بۆرەکەییە، بگەڕێرەوە سەر پەراوێزی ژمارە (٤٢) و ئەو شوێنەی ئەم کتێبوولکەیەی ئەو پەراوێزەی لەسەر نووسراوە.

شیعرە لەسەر زمانی خەڵك لەبەر گوێیان و هەر بۆیەیشە لەسەردەمی مەولەوی خۆیەوە تا ئەمڕۆ خۆشترین و پڕ سۆزترین و دڵگیرترین ئاوازی کلاسیکی کوردیی وەك ( قەتارو، ئـــای ئـــای، خاوکـــەرو [61] . سیاچەمانەو، دەرەیی [62] ) کەلە ناوچەکانی ئێستا یا لەمەوپێش بە دیالێکتی گۆرانی — دووی کوردستانا لەسەر دەستەی گشت بەزم و ئاوازەمانن لە لایەن دەنگخۆشترین مەقامبێژانی کوردەوە بە شیعری مەولەوی وتراون و ئەوترێن.

مەولەوی وەك بەشی زۆری شاعیرانی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی گەلێ جار لە شیعرەکانیا پەنا ئەباتە بەر مەی و بەڵکو لە شیعری ئەما مەی کەرەستەیەکی سەرەکیی بینای شیعرە، مەولەوی کە داخی دڵی لە دووریی یار دەرنەبڕێ، یادۆستێکی کۆچی دوایی کردووی ئەلاوێنێتەوە یا لە ڕوو زەردیی گوناهباریی خۆی لە حوزووری خوادا ئەدوێ یا دەردە دڵەکانی خۆیمان بۆ ئەگێڕێتەوەو لێ ئەبێتەوە، ئەکەوێتە هەوڵی ئەوەی کارێك بکا ئەو ناڕەحەتی یانە لەیاد بەرێتەوەو ئەو زووخاوانەی ناو دەروونی بشواتەوە. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا پەنا ئەباتە بەر مەی بە فریا ڕەسی کاربەدەست ناسانی خۆیی ئەزانێ، وەك چۆن لەجیهانی مەحووسی ژیانمانا مەی ڕێگای ناسان و هەموو کەس دەس بەسەرا ڕۆیشتووی خۆ لەیادبردنەوەیە، لای ئەویش هەروا بەزمێك ئەنێتەوە مەیگێڕو مەی وپیاڵە و گۆرانی بێژ پەیدا ئەکا،دەفژەن وشمشاڵ لێدەر دائەنێ و کۆڕەکەیان پێ گەرم ئەکا، بەلام هەموو ئەمانە لای ئەم مەجازین و مەیگێڕ ئەو یارە ڕاستەقینەیە کە ئەتوانین بەخوا یا بە ڕێگای ڕاستی مەعنا لێ بدەینەوەو گۆرانی بێژو شمشاڵ لێدەر ئەو بانگ کەرەن و مەیەکەیشی ئەو مەیی

---

٦١– ئەمانە کۆمەڵە مەقامێکی کۆنی دڵگیری کوردین لە ناوچەکانی گل و داودە سەنگاوو تا دیوی قەرەداغ لەشارستانی کەرکووك و سلێمانی ئەوترێن و بەداخەوە تا ئێستا من پێی بزانم کارێکی زانستیی ئەوتۆ بۆ نووسنەوەی نۆتەکانیان و فێرکردنیان لە خوێندنگا مۆسیقایی یەکانمانا نەکراوەو، ئەگەر کار هەربەم جۆرە بڕوا مەترسیی فەوتان هەر هیچ نەبێ شێوانیان لێ ئەگرێ، بەتایبەتی کە ناوچەکانی وتنی ئەو مەقامانە لەم ساڵانەی دواییا مەینەتی زۆریان بەسەرهاتووەو دەیان لە لێزانەکانیان لەناوچوون.

٦٢– ئەم دوانەیش دوو ئاوازی کۆنی ناوچەی هەورامانن کە هەریەکە چەند جۆری جیاوازیان هەیەو، حاڵی ئەمانیش زۆر لە حاڵی چوارەکەی پێشوو باشتر نیە.

سۆفیانەو بێ ئاگابوون لە دنیاو توانەوە لە جیهانی بوونی هەمیشەییدایە جا بۆیە مەولەوی لەم بازنەیدا لەم جیهانە پڕ دەردو مەینەتەوە بۆ ئەو جیهانی حەسانەوەی بێ بڕوانەوەیەو بوون بە دڵۆپێ ئاو لە دەریای بوونی ڕاستەقینەدا، هونەرمەندێکە وەختە بڵێم بالا دەستی نی یەو شیعرێ نەڵێ لە ڕیزی سەردەستەی هەموو شیعری مە یخواری یە ..

لای مەولەوی سروشت و ئادەمیزادانی پاك هەردوو دیمەنی یەك ڕاستین، ئەولەهەر دیمەنێکی سروشتا، بەهاربێ یا پاییز، هاوین بێ یازستان، ڕوویەکی جوانیی موتڵەق ئەبینێ و پیشاندانی تابلۆی هەر وەرزێکا ئەم بینینی جوانیی موتڵەقەمان بۆ یەکالا ئەکاتەوە.

هەمان کات ئەو جوانیی موتڵەقە لەو مرۆیانەیشا بەدی ئەکا کە بەڕاستی لە واتای مرۆڤایەتی و دۆستایەتی گەیشتوون، ئەو کۆڕی یارانی لا دیمەنێکە لە دیمەنەکانی جوانیی سروشت و، بەشێکە لە جوانیی موتڵەق و تەناتەت لەژێر خاکیشا پاش حەسانەوەی هەمیشەیی یان، ئەم جوانییە موتڵەقەیان هەر بۆ ڤایلەو وەك جۆرێ لەباوەڕ بە بیری دوونا دوون، شنەی شینایی و گوڵاڵەی سوورو زەردی سەر ئارامگایان بە دیمەنێکی بەشی ئەوان لەو جوانییە موتڵەقەدا ئەبینێ و گشتیان ئەکا بەیەك چەپکە گوڵ و پێکەوەیان ئەبەستێ، سەیری ئەم بەهارنامەیەی بکەن کە دواییەکەی بە یەکگرتنەوەی جوانیی سروشت و جوانیی وەجدی نووستووانی پاکی ژێر گڵ دێنێ :

*نازك تەدارەك فەسڵ هەردەو کۆساران*

*گوڵ چون ڕووی ئازیز ئەزاکەت پۆشان*

*وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان*

*مدیان گۆڵاڵان نە پای دەر بەندان*

*ئەو یەکتەر وێنەی ئارەزوو مەندان*

*چ خاس خاس شنیۆ نە ئێوارانذا*

سەوزە وە ڕووی خاك جەرگەی یاراندا!
بوین ڕەعشەی وەجد دڵەی پاکشان
عەیان نە شنیای سەوزەی خاکشان
جەی گۆشە خاستەر نی یەن مەسکەنێ
ساقی گیان! ئامان خومار ئەشکەنێ!
هۆرێزە، سوبحەن، دڵ تازە خاوەن
شنۆی پای کاوەن، گۆشەی سەراوەن
سەوزەی خاك، پاك یاران هام فەرد
فرەمان وەفەرش بەزم وێمان کەرد
کەو سەوزەی ئێمەیچ نەکام هەردێ بۆ!
وەفەرش مەجلیس کام هام فەردێ بۆ! [63]

---

٦٣– واتە:
جوانە ڕازاندنەوەی وەرزی بەهاران
شیرینە ئارایشتی هەردەو کۆساران
گوڵ ، وەك ڕووی ئازیز، ئاسکیی لەبەرکردووە
بەفراو ، وەك سێلاوی دیدەی من، هاتووەتە جۆش
گوڵان، لە داوێنی دەربەندەکانا ،
وەك دۆستە ئارەزووی یەکتر کردووەکان ، ئەڕواننە یەك
ئای کە سەوزە گیان سەر ئارامگای دۆستان
ئێواران چەند خاس ئەشێنێن !
سەیری موچڕکەی دڵی پاکی ئەو ئارامگانشینانە کە
لەشنەی سەوزەی سەرخاکی ئارامگاکانیانەوە دیارە
نشینگەی لەمە چاکتر نی یە
کەواتە، کاکەی مەیگێڕ، پیاڵەیەکی خۆمارشکێنمان بدەرێ
(با لە خەوی غەفڵەت بە خەبەر بێین)
هەستە، بەیانی یە، دڵ تازەخەوە
شنەی داوێنی چیاو کێو ، کەناری شەتاوانە
ئێمە سەوزایی سەر گۆڕی هاوڕێیانمان

دیمەنێکی تری شیعری مەولەوی گواستنەوەیە لە زۆر لە پارچە شیعرەکانیا، لە ڕێگای پێوەندێکی زۆر ناسك و باریکەوە، لە مەحسووسەوە بۆ میتافیزیکاو لە ژیانی دنیای لەبەر جۆرەها هۆ پڕ لە دەردو کەسەرو مەینەتی لەش و دڵ و دەروونەوە بۆ ژیانێکی بێ ئازارو ناڕەحەتی کە مەولەوی، دیارە لەبەر ڕێ نەبردنی بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ناخۆشی یەکانی ژیانی ماتریالی و دروست کردنی ژیانێکی ئازاد و سەربەست بۆ ئادەکیزاد کە کەرامەتی بە پێی بارودۆخی سەردەم تیا بپارێزرێ، لەو ژیانە ئەبەدییەدا بەدی ئەکا کە هەموو خاوەن باوەڕان بە ژیانی پاش مەرگ، هەر لە سەرەتای مێژووەوە سەبووریی دڵی خۆیانی پێ ئەدەنەوەو، کە سۆفیەتیی ئیسلامییش، وەك دیاردەیەکی بەبەرکانێی سەلبی لە ڕووی مشەخۆری و دنیا پەرستیی حوکمڕانان و دەستوپێوەندەکانیانا، لەهەر بەرگ و سیپالێکا بووبن، هاتە ئاراوە، چەند ئەوەندەی تر تەشەنەی بەم ڕێبازەداو کارێکی کرد لە چوارچێوەیەکی فەلسەفیی ڕەنگ بۆ ڕێژاوو گەلی دوور ڕۆیشتووتر لەو مەودایەی ئایینە ئاسمانی یەکان خۆیان کە خاوەنی ئەو باوەڕەن بۆی چوون، کۆڕو کۆمەڵانێکی زۆری خەڵك بگرێتەوە.

یەکێتیــی ئادەمیزادو سروشــتیش بیرێکی ترە زۆر زەق بە شیعری مەولەوییەوە دیارەو دوایی زۆر پارچە شیعری خۆی بەوە ئەهێنێ، کە ئەمەیش دیمەنێکی بیری یەکێتیی گێتیی (وحدة الوجود) ەکە لەناو سۆفی یانا زۆر بڵاوبووەو مەولەویش، وەك سۆفییەکی ساف، یەکێ بووە لە هەڵگرانی.

---

زۆرکرد بە ڕایەخ بۆ بەزمی خۆمان و لەسەری دانیشتین
ئاخۆم سەوزایی سەر گۆڕی ئێمەش بکەوێتە کام هەردو،
بە ڕایەخی کۆڕی کام هاوڕێ بێ !
بڕوانەرە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دیوانی مەولەوی ، ل ٤٢١-٤٣٣

گیانی نارەزاییش لە کۆمەڵ و پێوەندییەکانی و سیستـمی کۆمەڵایەتیی فەرمانڕەواو پەسەندنەکردنی لە ناخەوەی زۆر داب و نەریتی باو، ئەمیش شناسنامەییکی تری کەم تا زۆر دیاری شیعری مەولەوییە، بەڵام لە هیچ کامێمیان ناگاتە ئەو تاقە بەیتەی کە ئەڵێ:

*وەخیلافەومن یاران سەرمەس*

*تەقازای زاتیی تەبعم، هرچی هەس*[64]

بەداخەوە، مەولەوی، وەك بڵێـی، پاش وتنی ئەم بەیتەی کە ئەوەندەی چەکوشێکی قورس بدرێ بەسەری هەرکەسێکا، قورسە، خۆیشی هاتووەتەوە سەرخۆی و لە بەیتەکانی تری پارچە شیعرەکەیا، لەسەر ڕێبازی ئەم بەیتە تاقانەیە بەردەوام نەبوە.

دواشت لەم مەیدانەدا بیڵێـم، ئەوەیە کە مەولەویش وەك هەموو ئەوانەی بیرکردنەوە لەم جیهانە سەرسامی کردوون و زۆریانی خستووەتە سەر ڕێگای پاکانەکردن لەهەموو ئەو شتانەی بە ڕێبازی خەڵکیانەوە ئەبەستێ و زۆریشیانی والێ کردووە ئەیانتوانیوە تا دوا قۆناغ ڕێگاکەیان ببڕن و پاشگەزبوونەتەوە، بەڵام تا ئێستاش کەسێ وەڵامێکی دڵ متمانە پێ کردووی ئەو پرسیارەی پێ ئەدراوەتەوە کەهەر لە سەرەتای مێژووەوە خاوەن بیرانی هەموو شوێنێکی تیا حەیران و سەراسیمەن، لە یەکێ لەو زمان هەڵکەوتنە بە دەگمەن و نایابانەدا کەپێ بە جگەری خۆیا ئەنێ تیایاناو زاتی ئەو ئەکا چی لە دڵیا بێ بێ پەردە بیدرکێنێ، ئەڵێ:

*هەرچی دیت وە چەم شی نە سەفەردا*

*هەرچی موینی هانە گوزەردا*

---

٦٤– واتە:

یارانی سەرمەستم ! هەرچی لەم جیهانەدا هەیەی ، پێچەوانەی ئەوەیە تەبیعەتی من بە گوێرەی خودێتیی خۆی ئەیەوێ

(بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٥٢).

*کەس حاڵی نەبی وە هیچ نەفاما*

*ئەو پەی چێش و پەرد، ئێد پەی چێش ئاما* [65]

یەکێ لە نیشانە زەقەکانی شیعری مەولەوی خۆ وڵاتێتیی ئەو وێنە شیعرییانەیە دروستیان ئەکا، ئەو لە کەرەستەی وڵاتی خۆی کە خوێندەوارە هاووڵاتەکانی زۆر باش ئەتوانن بیهێننەبەچاوی خۆیان و لێی تێ بگەنن، وێنەی بەرزو باڵای وامان لەو شێوەیەدا کە پێی ئەڵێن سەهلی مومتەنیع، واتە ئاسان بەڵام هەموو کەس دەست پێ نەگەیشتوو بۆ دروست ئەکا کە هەرچەند بەناو دیوانی شاعیرانی ترمانا بگەڕێین مەگەر بەدەگمەن چەردەیێ لەو یا پارچەیەکی ئەو وێنەیەمان بەرچنگ بکەوێ، با سەیرێکی ئەم چوارینەیەی بکەین و لێی وردببینەوە :

*باڵاخانەی چەم دیوانەکەی تۆ*

*بانەناو وەخاك ئاسانەکەی تۆ*

*تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تێشدا*

*ئازیز بۆ جارێ پا بنیە پێشدا* [66]

---

٦٥- واتە:
هەرچیت دی بە چاو ، ڕۆیی بۆ سەفەر
هەرچی ئەبینی ، وا لەسەر گوزەر
کەس حاڵی نەبوو ، هیچ کەس نەیفامی
ئەو بۆچی ڕۆیی و، ئەم بۆ هاتەدەر!
(بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٣٢-٥٣٣ )

٦٦- واتە باڵەخانەی چاوی ئەو کەسەی شێتی عەشقی تۆیە،
کە سەربانەی بە خۆڵی بەردەرگاکەی تۆ سواغ دراوە ،
دڵۆپە ، وێنەی تۆی تیا بێزار کردووە
ئازیز ! جارێ وەرە پێیەکی پیا بنێ بیکوتەرەوە با دڵۆپە نەکا
(بڕوانەرە): سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٣٩

مەولەوی هاتووە لەم چواترینەدا دیمەنی باڵەخانەیەکی بەرزی (ئاوێنە بندی) کوردەواریی لە حاڵی دڵۆپەکردن و پێویستی بە چوونە سەربان کوتاندنەوەی گڵەبارانا و هەڵمژیوەکەیا هێناوەتە بەرچاوی خوانایانی شیعرەکەی و، ئەڵێ:

باڵەخانەی چاوی ئەو کەسەی شێت بووە بۆت وەك عەودالْ کەوتووەتە دووت کە سەربانەکەی بە خاکی بەر کە وشکەنی تۆ گڵەبان کراوە، وەك چۆن دڵۆپە دانیشتووانی ژوورەکانی سەرەوەی باڵەخانە بێزارو نارەحەت ئەکا، ئاوا دڵۆپەی فرمێسك وێنەی هەمیشە نیشتەجێی تۆی تیا بێزارو نارەحەت کردووە، دە جارێ وەرە پێیەکی پیا بنێ، بەڵکو بەوهاتن و پێ پیانەنەت کزربێتەوەو دوایی بەگریانی لەبەر دەردی دووریم لێتەوە — بێنی، وەك چۆن بانگوش کەئەچێتە سەربان و قوڕی بانەکە ئەکوتێتەوەو بەوە دڵۆپەکەی ڕائەگرێ.

چەند پێك شوبهاندن لەم چوارینەدا هەیە؟

شوبهاندنی چاو لەوەدا کەلە بینای لەشی ئادەمیزاد یا سەری ئادەمیزاددا بە بەرزییەوەیە، بە ژوورەکانی سەرەوەی باڵاخانە کە بینایەکی بەرزە.

لەوەدا کەشتەکانی بە بەردەمیا تێ ئەپەڕن ڕەنگی تیا ئەدەنەوە بە ئاوێنە بەندی باڵاخانە کە هەرچی لەبەرانبەریا بێ یا لە بەرانبەریەوە تێپەڕێ ڕەنگی تیا ئەداتەوە.

لەوەدا کە وەك دۆست خۆی هەرکات لە باڵاخانەکەیایەتی و لێی نابڕێ، ئەمیش وێنەی دۆستی هەرگیز لێ نابڕێ.

لەوەدا کەلەتاو دووریی خودی دۆست لێی هەمیشە فرمێسك ئەڕێژێ وەك سەربانی باڵاخانە کە بانگوش نەچێتە سەری و نەیکوتێتەوەو نەیگێڕێ هەمیشە دڵۆپە ئەکا.

اش هەموو ئەمەیش سەیری ئەو بەراوردکردنە پڕ لەخۆیەکەم دانانەی کە چۆن خۆڵی بەرپێی دۆست ئەکا بە دەرمانی دەردی چاوی فرمێسك ڕشتووی خۆی و، چاوی خۆی کە ئازیزترین ئەندامی لەشیە لەگەڵ ئایەخترین شتی دۆست کە خۆڵی بەرپێیەتی، لە ئاستی

یەکا ڕانەگریٚ لەمەیش زیاتر ئەمەیشی بۆ خاتری خۆی ناویٚ تەنها بۆ ئەوەیەتی ویٚنەی دۆست لەناو چاویا بە دلۆپەی فرمیٚسکی بیٚزارنەبیٚ و خۆی هیچ مەبەست نییە .

ئەم ویٚنە چڕوپڕانە هەموو لە تاقە چوارینەیەکا کەهەر ئەوەندەیشمان بۆ لیٚ یەکالاٚ ئەکریٚتەوە بۆ خویٚندەواریٚ کە هەورامی یانە نەزانیٚ، بۆ خویٚندەواری هەورامی یانە زانیش زیاتری بەدەمەوەیە، چونکە وەك ئەگیٚڕنەوە، مەولەوی ئەم دوو بەیتەی کەلە چوارچیٚوەی پارچە شیعریٚکی زستانیدایە و دیارە باران و دلۆپەو بانگیٚڕانیش تاییەتی وەرزی زستانن، لە دیٚی تەویٚلەی هەورامان بۆ پیری دەستگیری وتووەو لەو ڕۆژانەدا لە هۆدەیەکی باڵەخانەیەکی خانەقای تەویٚلە میوان بووە کە بەسەر چەمی تەویٚلەوە دروستکراوەو، دوورنی یە لە ڕاستیدا باڵەخانەکەیش دلۆپەی کردبیٚ و مەولەوییش بە تیریٚ دوو نیشانەی شکاندبیٚ و هەردوو واتا دیارو وردەکەیشی مەبەست بوویٚ.

جا توخـوا لە دیمەنیٚکی لەبەرچاوی هەمووان بووی وەك دلۆپە کردنی زستانانی خانووی کوردەواریمانا، چ هونەرمەندیٚ لەمەولەوی بەولاوە ئەتوانیٚ لە تاقە دوو بەیتا تابلۆییٚ، بەڵکو پانۆرامایەکی وا چڕو پڕو خەستوخۆڵمان بۆ دروست بکا ؟ [67]

ئەمەیش چوارینەیەکی تر:

*هیچ کەس نەواچێو وەفەرهاد ڕەندەن*

*نەقش شیرینش نە ڕووی سەنگ کەندەن*

*دەك ڕیٚزان دەس با وەرجەگیان سەندەن ؟! [68]*

---

٦٧- چڕو پڕیی ئەو تابلۆیەی مەولەوی لە چوارچیٚوەی ئەم چوارینەدای گونجاندووە ، سەرو سەدایەکی گەورەی لەناو کۆڕی ئەدەبدۆستانی سەردەمی خۆیا بەرپاکردووە و هەموان بە ئافەرین .. ئافەرین بۆ کردنەوە لیٚی دواون، تەنانەت مەشهوورە فەرهاد میرزای حوکمڕانی قاجاری سنە کە زۆر بە قەدرو حورمەتەوە ڕوانیویەتە مەولەوی و شیعرەکانی بەرز هەڵسەنگاندووە، لەپاشی بیستنی ئەم چوارینە بە دواوە هەر بە (ئاغای باڵەخانەی چەم) بانگی لیٚ کردووە.

٦٨- واتە:

کەس بە فەرهادی دڵداری شیرین نەڵیٚ زیرەك بووە

چونکە نەخشی شرینی (یاری) لەسەر تاشەبەرد هەڵکەندووە

*کێ ئەڵماس لە ڕووی دیدەی وێش شەلدەن ؟!*

هەموان ئەزانن فەرهادی دڵداری شیرینی ئەرمەن، بە پیلانێکی خوسرەوی پەروێز، کە ئەویش هەروەك فەرهاد حەزی لە شیرین بووەو ویستوویەتی دەستی بەسەرابگرێ، هاتووە ئەخشی شرینی لەسەر تاشەبەردەکانی بێستوون هەڵکەندووەو، هەر کەلەوکارەیشی ئەبێتەوە کە خوسرەو چاوەڕوانی ئەکردووە بتوانێ تەواوی بکا، بە پیلانێکی تر کە هەر خوسرەو بۆی ناوەتەوە، خۆی کوشتووە، جا مەولەوی ئەڵێ: دەك دەستەکانی فەرهاد داڕزێن ! ئەگەر ئەو بە ڕاستی عاشقی شیرین بووە، ئەبوو شیرین بە چاوی خۆی بزانێ و هەمیشە لە پێش چاوی بێ، کە بەچاوی خۆیشی زانی، ئیتر چۆن دێ ئەڵماس بە تاشەبەردی بێستوونا بێنێ و وێنەی فەرهادی لێ هەڵبکەنێ کەبەوکارە ئەڵماس بە چاوی خۆیا دینێ !

لە دیوانی مەولەویدا گەلێ وێنەی شیعریی تری وا هەن کەبە ڕاستی دڵی دڵدارانی ئەدەب گرەویدەی خۆیان ئەکەون و بۆ لای خۆیانیان ڕائەکێشن.

بەداخەوە لێرەدا مەودلی ئەوەمان نییە هەندێکیان بخەینە پێش چاو، سەد بریا کەسانێکی مەولەوی زان و بەزمانانی بێگانە ئاشنامان بۆ هەڵکەوتنایە هەڵبژاردەیەکی دیوانی مەولەوییان وەرگێڕایەتە سەرئەو زمانانە تا دۆستانی دەرەوەمانیان لە شیعری ئەم شاعیرە مەزنەمان شارەزا بکردایە.

سۆنیت لە شیعری مەولەیدا:

مەولەوی،وەك تائێستا پێی زانرابێ،یەکەمین کەسە لەشیعری دیالێکتی گۆرانیدا شێوەی (سۆنیت)ی بەکارهێنابێ کە ئەوەیە قافیەی یەکەم و سێیەم نیوە بەیتی چوارینەی و قافیەی دووەم و چوارەم نیوەبەیتی وەك یەکن ، مەولەوی ئەم حاڵەتە کەبە شیعری خۆیا بە

---

دەك دەستەکانی داڕزێن بەرلەوەی گیانی دەرچێ
کێ چاوی خۆی داوەتە بەر نووکی ئەڵماس
(بڕوانەرە : سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٢١ )

تێکچوونی قافیەی خۆی ئەداتە قەڵەم و لە تاقە پارچە شیعرێکیا بەکاری هێناوەو، لەو پارچە شیعرەیا کەبەبۆنەی هاتنی بەهاریەوە داناوە واپیشان ئەدا کە بەهار سروشتی بە جارێ ڕازاندووەتەوە، کەچی خاکی بەختی ئەو هەر شۆرەزارەو گیای هیچ لێ ناڕوێ، لەبەرئەوە دەردی ئەوەندە گرانە تەنانەت قافیەی بەیتەکانی پارچە شیعرەکەیشی شێواندووە، ئەمجار بەشەش بەیتی لە شێوەی سۆنیت پارچە شیعرەکەی تەواوئەکا، نازانم لە زمانەکانی ترا سۆنیت چۆن بەکارهێنراوە، ئاخۆ ئەگەر نیوە بەیتەکانی قافیەیەکیان لابەری واتا تێك ئەچێ یانا، بەڵام لە بەکارهێنانەکەی مەولەویدا بە جۆرێکە ئەگەر بەیتە تاقەکان بکرێتەوە بە بەیتی تەواو و نیوە بەیتە جووتەکان بە بەیتی تەواو، هەر دوانێکیان بەیتێکی تەواویان لێ دەرئەچێ و مەعنا هیچ ناشێوێ، ئەمین فەیزی بەگ کەیەکەمین کەسە نیشارەتی بۆ ئەم جۆرە شیعرەی مەولەوی کردووە، وای لەبارەوە ئەڵێ : ((مەولەوی، بەموفتەزای ئەو مەوقیعە کە تێدا بووە، هیچ چاوی بە شیعری فەرەنگ نەکەوتووە، لەگەڵ ئەوەش لەسەر ئوسلوبی ئەوان شیعری نەزم کردووە، لە قیتعەیەکدا میسرەعی ئەو وەلی تەقفییە کردووە لەگەڵ میسرەعی سالیس و قافیەی میسرەعی سانی ڕێکخستووە لەگەڵ میسرەعی ڕابیع)) ئەنجا ئەڵێ : ((ئەم ئوسووڵە خیلافی ئوسووڵی شوعەرای ئێرانە، وە مەولەوی لە کەسی نەدیوە، مەحزەن بە حوسنی تەبیعەتی خۆی موناسبی زانیوەو ئیستیعمالی کردووە [69] ))، ئەم جۆرە شیعرە لە دیالێکتی کرمانجیی سەروویشا لای ئەحمەدی جزیری [70]

---

٦٩- بڕوانەرە: ئەمین فەیزی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨.

٧٠- مەلای جزیری: شاعیرێکی سۆفیی بالأ دەستی کوردیی دیالێکتی کرمانجیی سەرووە، لە سەدەی حەڤدەهەمدا ژیاوە ، دیوانێکی هەیە چەند جار لە چاپ دراوە، جارێکیان لەلایەن مەلا ئەحمەدی زڤنگییەوە لەگەڵ لێکدانەوەیەکی چڕو پڕا بە عەرەبی لە ١٩٥٨ دا لە قامیشلی لە سوریا و جارێکیش لەگەڵ لێکدانەوەیەکا بە کوردیی لە لایەن هەژاری شەرەفکەندیەوە لە ١٩٨٢ دا لە تاران لە نێوان ئەو دوو چاپەیشا چاپێکی ساڵی ١٩٧٧ ی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا هەیە سادق بەهادین ئامێدی بە بەراوردکردنی چاپەکەی زڤنگی چەند دەسنووس ئامادەی کردووە

هەیە، پاش سەردەمی مەولەوییش، لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووشا لەسەر دەستی شێخ نووری شێخ سالح [71] و گۆراندا [72] هێنراوەتە ناوەوەو باوێکی زۆری پەیدا کردووە .

ئەمەیش ئەو چەند بەیتەی مەولەوی شێوەی سۆنیتی تیایاندا بەکارهێناوە :

*مەنعم مەکەردێ، گرانەن دەردم*

*ئەر شێویا بۆ قافیەی فەردم*

*(( فەریاد جە شۆرەی ئەرز چارەی من ))*

*(( هەر سەوزەی مراد من نادیارەن ))*

*(( داد جە هەوای شووم بەد ستارەی من ))*

*(( هەرنەو گولاڵەی من نە پێوارەن ))*

*(( یا وەلوەلەی دەف شادەروێش، جۆشێ ))*

*(( بەو سەدای ڕیشەی دڵ ئاشناوە ))*

*(( یا جۆش سەمتوور موتریب، خرۆشێ ))*

*(( چەنی ئەی دوو فەرد جەسرەت مەعناوە ))*

*(( بەڵ سەوز ببۆ تۆم ئارەزووەکەی دڵ ))*

*(( های چەمە دەخیل، شەوێ، شەونمێ ))*

*(( بەڵ ڕوو بنمانۆ ئەو نازک نەوگوڵ ))*

*(( دەمە نەسیمێ، وادەی سوب دەمێ [73] ))*

---

٧١- شێخ نووریی شێخ سالح: شاعیرو یەکەمین پێشەنگی تازەکردنەوەی شیعری کوردی لە کوردستانی عێراق لە ١٨٦٩ دا لە سلێمانی لە دایك بووە و لە ١٩٥٨ دا هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە، دیوانی شیعری لەگەڵ پێشەنگییەکی چڕو پڕی لە بەرگێکی تایبەتیدا، لەلایەن (ئازاد عەبدولواحید)ەوە لە ١٩٨٥ دا لە بەغدا لەچاپ دراوە.

٧٢- گۆران : عەبدوڵڵا بەگی سولەیمان بەگی کاتب فارسی، درێژە پێدەرو تەاوکەری بزووتنەوەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی و شاعیری خەباتگێڕی ڕێگای ئاشتی و ئازادی ، لە ١٩٠٤ دا لە هەڵەبجە لە دایك بووەو، لە ١٩٦٢ دا لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، دیوانی شیعری لە لایەن بنووسی ئەم نامیلکەوە لە ساڵی ١٩٨٠ دا لەسەر ئەرکی یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەغدا لە چاپ دراوە.

ژیانی مەولەوی و پێوەندی شیعری بە ژیانیەوە:

مەولەوی، چ لەسەرەتای ژیانیا کە بەشێکی بە فەقێیەتییەوە بەسەربردووەو چ پاش بەمەلابوون و ئیجازە وەرگرتنی، بەشی زۆری تەمەنی بە کوێرەوەری و ناڕەحەتی و دەس تەنگی و جەوری زەمانەو دڵڕەقیی دەسەڵاتدارانی سەردەمەوە تێپەڕاندووە، هێشتا لە سەرەتای خوێندنیا بووە باوکی مردووە و لە پێناوی پەیداکردنی پاروە نانێکا بۆ براو خوشکە هەتیوکەوتووەکانی ناچار بووە دەسبەرداری خوێندنەکەی ببێ و دەسبداتە کاری پڕ ئەرکی نان لە قوڕگی زەوی دەرهێنان و تا وایان لێ نەهاتووە بتوانن خۆیان بژێێنن نەگەڕاوەتەوە سەر خوێندنەکەی، کە ئەمەیش وا ئەگەیەنێ ئەبێ بە گەورەیی خوێندنی تەواو کردبێ.

وەکو سەیید تاهیری هاشمییش ئەڵێ، لە قۆناغی دووەمی خوێندنیا کاتێ لە ( خانەگا )ی لای ( پاوە ) فەقێ بووە گرفتاری دڵداریەکی زۆر بەتین بووە، بەڵام تیا سەرنەکەوتووە

---

٧٣- واتە:

لێم مەگرن ، دەردم گرانە (یاران)
ئەگەر قافیەی شیعرم شێوانێ
هاوار لە شۆرەی زەویی بەختی من
هەر سەوزەی هیوای من نادیارە
داد لە هەوای شووم تاڵەی بەدی من
هەر نوێ گوڵاڵەی من لە پێوارە
هۆ زرەی دەفی شادەرویش جۆشێ
بەو سەدای ئاشنا بە ڕەو ڕیشەی دڵ
خرۆشێ، جۆشێ سازی بەزمگێڕ
لێل ئەم دوو بەیتە واتا خەمگینە
بەڵ ئارەزووی دڵ شین ببێ تۆوی
دەخیلتم ، ئەی چاو ، بەشو ، شەونمێ
بەڵکو ڕوو دەرخا ئەو ئاسکە گوڵە
ئەی دەم هەناسێ، دەمەو بەیانێ
(ڕەو : ڕەگ و. لێل : لەگەڵ . بەڵ : بەڵکو. هەناسێ : هەناسەیی).
(بڕوانەرە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٩-٧٠ ).

یارەکەی بە نسیب نەبوە [74] دیارە ئەبێ بەشێ لەو شیعری سۆزانەی بۆ دڵدارییەکی ناکامی وتوون، باس لەم دڵدارییەوەی بکەن [75].

پاش چەند ساڵێکی کەمی مەلایەتیش لە (چرۆسانە) و (گونە)ی نزیکی هەڵەبجە کەوادیارە کەمێ ژیانی تیابانا خۆش بووە، چونکە ناوچەکە لە ناوچەیەکی حاسڵخێز و بە

---

٧٤- بڕوانەرە: ئەنوەر قادر محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٨.

٧٥- ئەنوەر قادر محەمەد لای وایە لەوانەیە ئەو شیعرانەی مەولەوی کە باسی (قولەی قەزاڵە) ی تیا کردوون باس لەو دڵدارییە ناکامەی بکەن ، چونکە قولەی ناوبراو نەکەوێتە پشت (خانەگا) وە بڕوانەرە: ئەنوەر قادر محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

٧٦- شیعرەکان ئەمانەن:

وزان سوی وطن هجرت نمودم
خلافت از علی دانسته بودم
به تاثیر محمد اکمل
خلافت چون به عثمان شد محول
دل خویشاوند خود نعمت فزون کرد

واتە:

لەولای نیشتمانەوە کۆچم کرد
خەلیفەییم بەهیی عەلی ئەزانی
کە بەتەئسیری میری تەواو میر موحەمەد
خەلیفەیی سپێررابە عوسمان
دڵی خوێشەکانی ئیمەی پڕکرد لە خوێن و
خەڵات و بەراتی بۆ خزمەکانی خۆی فرەکرد

مەبەس لە (محەمەد) حەمە پاشای جاف و، لە (عەلی) شێخ عەلیی عەبابەیلێیی و لە (عوسمان) عوسمانی خاڵیە کە حەمەپاشا لە جێی شێخ عەلی کردبووی بە سەرکارو بۆ مەولەوی و خوێشانی چاك نەبوە (بڕوانەرە : مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، سەرچاوەی پێشوو، ل. م)

مەولەوی لەم شیعرە فرە ناسکانەیا نیشارەتی بۆ مەسەلەی خەلیفەیی عوسمانی کوڕی عەققان و ئەدانی خەلیفەیی بە عەلیی کوڕی ئەبووتالیبش کردووە و بە ڕوونی ئەوەی دەرخستووە کەلای وایە خەلیفەیی هەر هیچ نەبێ پاش کوژرانی عومەری کوڕی خەتتاب، بە حەقی عەلیی کوڕی ئەبوو تالیب زانیوەو، ئیشارەتی بۆ ئەوەیش کردووە کاتە سەردەمی عوسماندا خێڵی بەنی ئومەییە بوون بە خاوەنی هەموو شتێك و، هاشمییەکان دڵ بریندارکران.

ئەگەر ئەم سێ بەیتەی مەولەوی بۆ حەمەپاشای جاف نامەیشی لەگەڵ بووبێ، ئەبێ زۆر شتی باشتر ڕوون کردبێتەوە.

پیتەو تەنانەت مەولەوی باخێکیشی بۆ خۆی لە چرۆسانە ناشتووە، ئەڵێن ئێستایش ماوەو بە باخی مەولەوی بەناوبانگە، لە ئەنجامی هێرشی سوپای عوسمانیدا بۆ سەرناوچەکە بە مرازی چەکداماڵینی عەشیرەتی جاف و سووتاندنی دێهاتی ئەو ناوە، مەولەوییش بە ناچاری لەوێ هەڵکەنراوە و باری کردووە بۆ (شەمێران)و لەوێیش ژیان و گوزەرانی هەرخۆش بووە، چونکە کاروباری موڵکانە کۆکردنەوەی ئەو دەوروبەرە بۆ بەگزادەی جاف کە عوسمانییەکان تەرخانیان کردبوو بۆ یان، بەدەستی شێخ عەلیی عەبابەیلێی ناوێکەوە بووە کەلەگەڵ مەولەوی و خزمەکانی باش بووە، بەڵام پاشان کە حەمە پاشای جاف ئەم شێخ عەلییە لەسەر کاریی ئەو ناوچەیە لائەباو کارەکە بە یەکێکی تر ئەسپێرێ کە وەك شێخ عەلییە پێشووەکە لەگەڵ مەولەوی خزمانی ناجولێتەوە، گلۆڵەی مەولەوی لەو ناوچەیەدا ئەکەوێتە لێژی و نامەیەکی گلەیی ئامێز بە شیعری فارسی بۆ حە مە پاشا ئەنوسێ و بۆخۆیشی هەڵئەسێ ماڵی ئەباتەوە بۆ سەرشاتە کرین و ڕە قە ن و بێ پێزەکەی ماواو زێدی باوك و باپیری و، ئیتر لە وێوە سەرە تای هە ژاری و تەنگە دەستی و بێ دەرامەتیی دەس پێ ئەکا کە تادوا هە ناسەی ژیانی بە ردەوام بووە و گەیوەتە ڕادە یەك گەلێ ساڵ پارەی لەم و لە و قەرزکردووە و کوڕێکی خۆی ناردووە بۆ ناوچەی مایدە شت لە کوردستانی ئێران گەنم بکرێ و بە باری کەرو ئیستر بیهێنێتەوە بۆ ناندانی دیوە خانەکەی باوکی تا شەرمەزاری مێوان و ناوە ندو ڕەوەند نەبێ کە هەمیشە لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێ کردووە، بەڵام لەکەڵ ئەم باری سەختی گوزەرانەیشیا هەرگیز بیری لە وە نەکردۆتەوە بگوێزێتەوە بۆلای یەکێ لە وانەی هەمیشە پێشنیاریان بۆ ئەکرد بچێتە لایان و گفتیان ئەدایێ دێهات و زەویو زاری باشی بۆ تەرخان بکەن بۆ دابینکردنی ژیانێکی خۆش بۆی، وەك فەرهاد میرزای قاجارو میرزادە کانی سنە و کە سوکارە وەك خۆی هەژارو بێ دە رامەتەکانی بەجێ نەهێشتووە، هەربۆیەیش دەوڵەمەندێ لە نەوەی مەولەویدا پەیدا نەبوو، وادیارە مەولەوی تەنها لە سەردەمی قادربەگی کەیخوسرەو بەگی مامی محمود پاشا و عوسمان پاشای جافا بە تەواوی قەدرو

حورمەتی لێ گیراوەو گەرد لە ڕووی پێوەندی بە گەورە گەورانی جافەوە نەنیشتووە. چەند پارچە شیعری ناسکی لاواندنەوە، کە مەولەوی بەبۆنەی کۆچیی دوایی هەندێ لە بەگزادە جافەوە لە پیاوو لە ئافرەت و توونی ڕاستی ئەم بۆچونە ئەگەیەنن لەو لاواندنەوانەی پێشوو بەولاوە شیعری لاواندنەوەی تری بۆ هیچ کام لە جافەکان دیارنیە. نامەی پەخشانیش بۆحەمە پاشا هیچ دیارنی یەو نامەی بەشیعریش هەر ئەونامەیە کە دیارە گلەیی لابردنی شێخ عەلیی عەبابەیلێی لە سە رکاریی موڵکی شەمیرانی تیاکردووە لێی و پێشتر باسمان کرد، لە سەردەمی مە حمود پاشایشا کەدیارە زۆر حەزی لە شیعری مەولەوی کردووەو بەتاییەتی دیوانێکی نزیکە تەواوی ئەوی خستوەتە کەشکۆڵەکەیەوە کە بینووسێکی ئێجگار خەت شخۆش بۆی نووسیوەتەوە، چەند پارچە شیعرێکی ئێجگار زۆر ناسك و پڕ سۆز هەیە کە مەولەوی بۆ ئەوی ناردوون، بەلام لە هەمان کاتا لە نامەکانیشیا چەند نامەی بە فارسی هەن ئەوەی بە باشی لە بابەتی دوو توێیان بکا هەست بە گلەیی و گازندەیەکی زۆر خەشت و دڵ بریندارکەر ئەکا تیایانا.

بەداخەوە، شیعری مەولەویش، وەك شیعری هەموو شاعیرانی تری پێشووی کورد، کەمیان بۆنەو موناسەبەتی دانیان لە پاڵیانا نوسراوە، وانەبوایە شیعری مەولەوی کە لە دەردو کەسەری دڵی لێوان لێوەوەو، نامە نەزانراو بۆ کێ نوسراوەکانی گەلێك ڕووی ژیانی پڕ دەردوو ئازاریان بۆ ڕوون ئەکردینەوە، ئێستا هەرچارمان لە ووردبوونەوەیەکی زیرەکانەدایە لەو پارچە شیعرو نامانەی لەپاشی بەجێ ماون بیان کەین بەداری دەستمان لە گەڕانا بە دوای هەندێ شتی نەزانراو لە ژیانی پڕ تاڵ و سوێری مەولەویدا.

مەولەوە لەوکاتەوە گەڕاوەتەوە بۆ سەر شاتەو بۆ هەمیشە لەوێ سەقامگیربووە. ژیانی بەتەنگە دەستی و هەژاری و کوێرەوەری بەسەر بردووە، لە دوا ساڵەکانی ژیانیشیا چەند قات زیاتر لە جارا کوڵۆڵ بووە، لەم ساڵانەدا دوو سێ کارەساتی گەورەی بەسەرا هاتووە ئەتوانین بڵێین لەناو ئەم کارەساتانەدا لە گشتیان کاریگەرتر بۆ سەر دڵی مەولەوی کۆچی دوایی

عەنبەر خاتونی خێزانیەتی کە حەوت ساڵ پێش مەرگی ڕوویداوەو بەو چەند پارچە شیعرەدا لەلاواندنەوەیا وتویەتی. بۆمان دەرنەکەوێ ئەم خانمە خۆشەویستییەکی لە رادەبەدەری لە دڵیا بووە. ئەم عەنبەر خاتونە کچێ بووە لە بنەماڵەیەکی ئەوغانی کە لەسەردەمی بابانەکانا سەد ماڵێکیان، نازانم لەبەر چی هۆیەك هاتوونەتە کوردستان و لە و شارەزوورە نیشتەجێ بوون و لەوە ئەچێ کوڕە ئازاو جەنکاوەرەکانیان لە باری بابانەکانا چەك بەدەست بووبن[77]

لەمەوە بە دووری نازانم سەرەتای ناسیاوی پەیداکردنی مەولەوی لەگەڵ عەنبەر خاتوون بۆ ئەو ڕۆژانە بگەڕێتەوە کە دواقۆناغی فەقێ یەتیی لە سلێمانی بەسەر بردووەو لەگەڵ ئەحمد پاشای دوا میری بابان پێوەندی دۆستایەتییەکی پتەویان لە نێوانا بووەو لە وەوە لەگەڵ کوڕە یەلەیەلەکانی ئەو قەوغانییانەی لە دەرباری بابانەکانابوون ناسییاویی پەیداکردبێ و لەم ڕێگایەوە عەنبەر خاتونیشی ناسیبێ، بە هەرحاڵ خۆشەویستیی مەولەوی بۆ عەنبەر خاتوون خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر بەتین بووەو مەرگی ئەم خانمە ئازیزە کارێکی جەرك بڕو دلتەزێنی کردۆتە سەر ژیانی مەولەوی و زامێکی قوڵی هەرگیز سارێژنەبووی کردۆوەتە دلی و تادوا هەناسەی تەمەنی بەئازار ئەو زامەوە تلاوەتەوەو ئەو پارچە شیعرانەی پاش مەرگی عەنبەرخاتوونی وتوون لە سەر پاکی شیعری کوردیدا سەر دەستەی شیعری لاواندنەوە و شینن و شایانی ئەوەن کەسێکی شایستەو لێهاتوویان بۆ هەڵکەوێ بە بەراورد لەکەڵ نموونە باڵاو بڵندەکانی شیعری لاواندنەوە لە ئەدەبی کۆن و نوێی ڕۆژهەلات و جیهانا لێیان بکۆڵێتەوە.

والێرەدا یەکێ لەو حەوت پارچە شیننامانە ئەنووسینەوە کە مەولەوی بۆ عەنبەر خاتوونی وتوون:

---

٧٧- لەم بارەوە بڕوانەرە: پیرەمێر، دوانزە سوارەی مەریوان، سلێمانی ، چاپخانەی ژیان ١٩٣٥.

ئەدای چەشێویی حالآت جەستەم [78]
دووردن جە تەحریرخامەی شکستەم
بەلآم ( مەعدووم ) هەرس دیدەش جۆش وەردەن
ناعیلاج خامەش وەدەسگیرکەردەن
پەلە پەل پێکان پەل وەخامەدا
یەك فەردرەقەم کەردوە ڕووی نامەدا
ئیسە دیدەی دڵ دێوانەکەی وێت
نەبێخ ئاودا مگێلۆ پەرێت
ئەمەیش پارچەیەکی تریان:
گەردئالوودەن دەورمەزارلەیلێ
ئاوپاشی ومالآش لازمەن خەیلێ
خادمی توربەت نازك ئەنداما‌ن
پەی دیەو موژگای مەعدوومی ئاما‌ن
ئاوپاشیی، ڕەویەی دیەی نم دیدەم
مەلآش، وەزیفەی دیدەی نمیدەم
گەردێ نێ وە ڕووی یانەی نۆشەدا

---

٧٨-باسی پەشێویی ئەحواڵی لەشم
لەوەوە دوورە بەقەڵەمە شکاوەکەم بنووسرێتەوە
بەڵام (مەعدووم) فرمێسکی چاوی هاتۆتە کوڵ
ناچارخامەی کردووە بە دەسگیری خۆی
بەپەلە پەل دەستی بەخامەوە گیرکردو
تاقە بەیتێکی لەسەرڕووی قاغەزنووسی:
ئێستاچاوی دڵی ئەوەی شێت بووە بۆت
لە بنی دەریای فرمێسکابۆت ئەگەڕێ
بڕوانەرە:مە لاعە بدولکریمی مودەڕیس،سەرچاوەی پێشوو،ل٥٥-٥٦ .

یا خەوشێ وەحەوش عەنبەر بۆشەدا
پاس نازکیی لەیل یاگەی ویشەن
جای موشاهەدەی قەیش دڵ ڕێشەن
بەڵ باڵای ناڵاش و سەد خەم و چەم
(مەعدووم) تاو یاو دووری زۆر ئاوەرد
تاویا و بینای قسەی پەشێو کەرد
ماخۆلیای یاو ئینە خدێشەن
وەرنە ئەی خەیاڵ پەرێشان چێشەن
فەسڵ وەشڵ بەزم خاسەن نەدیمان
خاوێ بی ویەرد، دیمان، نەدیمان
بەتاڵەن هەوای دۆس کۆچ کەردە
مەحاڵەن ئامای عومر ویەردە
بنیش نە گێجاو دەریای بێ پەی دا
نە گۆشەی حوجرەی سەفینەی مەی دا
ڕووت ڕوون ئەو جیلوەی ستارەکەر ڕاس
با خوا وە ئیخلاس، ئاخودا مەناس
تا باد مراو نە پێوارەوە
کەی بدۆت ئاخر ئەو کەنارەوە [79]

---

٧٩- واتە:
دەوروبەری زیارەتگای لەیل تۆزاوییە
زۆر پێویستە ئاوپرژێن بکرێ و گسک بدرێ
خزمەت کردنی خاکی سەر گۆڕی ئاسک ئەندامان
شایانی چاوو برژانگی (مەعدوومی) یە
ئاوپرشێنی ڕەوشتی چاوە شێدارەکانمەوە،

کارەساتێکی کاریگەری تری دوا ساڵەکانی ژیانی مەولەوی کوێربوونیەتی کە دوو ساڵ پێش مەرگی بووە کوێربوون ئەگەر بەش بە حاڵی هەر مرۆیەك کارەساتێکی سەخت و گەورەبێ و لە نیعمەتی دیتن بێ بەشی بکا، بەش بە حاڵی زاناو ڕۆشنبیرێکی وەك مەولەوی کە لە خوێندنەوەو نوسین و هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی دابڕیوە کە بە چاوی ساغەوە ئەکرێن و، تا ڕادەیەکی زۆر کۆمەڵی فەقێ و مریدو مەنسووبی تەریقەت و هاودەمـــانی ئەدەبی و لێ دوورخستووەتەوەو باری گرانی هەژارییشـــی چەند قات لەسەر شان قورستر کردووە، دەردێکی گەلێ گرانتربووە.

---

ماڵینیشی ئەرکی برژانگە تەڕەکانمە
با تۆزێ نەیەت بە ڕووی ماللّی نوێیا
با پوش و پەلاشێ نەکەوێ لەبەرماڵی عەنبەر بۆیا
ڕاگرتنی ناسکیی لەیل لە جێی خۆیایەتی
چونکە دیدگای قەیسی دڵ بریندارە
بەڵکو بالآی ڕازاوەی، بەسەد سەر بۆ ئەوی کردن و چەمینەوە
بێ خەم و خەفەت، بە چاوی سەر یابە چاوی دڵ ، ببینمەوە
(مەعدووم) ! تاوی (تا)ی دووری زۆری هێنا
توایەوەو کەوتە قسە بزرکاندن
ماخۆلانی تا ئەمە خوویەتی
ئەگینا ئەم خەیاڵە پرژو بلآوانە چین
وەرزی گەیشتن بە بەزمی ئاهەنگی یارانی تایبەتی
خەوێ بوو، بەسەرچوو، دیمان ، نەدیمان

مەولەوی ئەوەندەی لە دیوانەکەیا بۆ ئێمە مابێتەوە، ئەم کارەساتی کوێربوونەی لە تەنها دوو پارچە شیعریا بۆ نەوەکانی پاشەوە خستووەتە سەرکاغەز، لە یەکەمی ئەم دوو پارچە شیعرەدا لەوانەی باش قەدری زانست و هونەری ئەویان زانیوە، زۆر بە خەستی دەری ئەخا لە بارێکی دەروونیــی چەند ناڕەحەت و دژوارا ئەژی .. ئەڵێ : ئەمویست لە پێشانا باسی ناڕەحەتی و زەلیلی و کلۆلیی خۆمت بۆ بکەم تا ئەیگەیەنمە سەر کوێربوونەکەم، بەڵام کۆستەکەم

---

ئارەزووکردنی دۆستی کۆچ کردوو پووچ و بەتاڵە
گەڕانەوەی عومری بەسەرچوو، مەحاڵە
بۆیە، لە گێژاوی دەریای بێ بنی ( قەدەرا )
لە سووچێکی ژووری کەشتیی سەرخۆشیدا، داکەوە
ڕووت، تەنها بۆ تیشکی ئەستێرە هەڵبڕە
لەگەڵ خوا بێ گەرد بەو کەشتییەوان مەناسە
چاوەڕوان بە کەی بای ئاوات
لە نادیارەوە هەڵ ئەکاو ئە تخاتە لاوە
( بڕوانەرە: سەرچاوەی پێوو، ل ٣٦٣-٣٦٥ )

ئەوەندە قورس بوو هەرلەسەرەتاوە ناچاری کردم بێمە سەرباسی دوایی یەکەی و باسی کوێربوونەکەمم کرد..

ئەوجا کە هەرچی لە دنیایە بەو باسی چلەپۆپەی کارەساتەی برایەوە، کەمێ هێدی ئەبێتەوەو هۆشێکی دێتەوە بە بەراو چەردەیێ لەو ئەنجامانەمان بۆ ئەخاتە ڕوو کە بەهۆی کارەساتی کوێربوونەکەیــەوە ڕوویــان داوە. لە پارچەی دووهەمیشیانا لەسەرەتـادا هەر لەسەر ئەم شێوەیە ئەڕواو، پاشان ئەڵێ کوێربوونی من ئاسانە: ئەوەی مایەی ناڕەحەتییە بۆم ئەوەیە دۆست و برادەرانم ناڕەحەتن بۆم .. جا، وەك هەر موسوڵمانێکی ڕاستی بەقەزاو قەدەر ڕازی، جاری ملکەچیی خۆی بە خواستی خوداوەند ئەداو بە سێ چوار بەیتی وا تۆزێ سەبووری بە دڵی بدەن، دوایی بە پارچە شیعرەکەی دێنێ، با گوێی بۆ شل کەین بزانین لە پارچەی یەکەمیا ئەڵێ چی؟

*بینایی دیدەم تۆ وە سلامەت*
*دیدەنیی دیدار کەوت ئەو قیامەت*
*ئەربینش نی یەن هەی ئاوات وازم*
*بازهەر تەسکینەن، گۆش وە ئاوازم*
*وە دڵدا تەفسیل زەلیلی و یەرد*
*چێش جە ئەوەڵدا ئاخرش ئاوەرد*
*باز بێ تاقەتیم نە ڕووی پەردەوە*
*دەرگای گوزەرگای چەند فەرد کەردەوە*
*هۆرێزاو پێچ وەرد دووی کووورەی دەروون*
*ئاو ئاوەرد، بەڵ هوون نە دیدەی گەردوون*
*ڕێزان جە سەردا بلێسەم کەم بێ*
*ئەسباب تەحریر ئەی چەند فەرد جەم بی:*
*باز چێش بۆ یاران دەروون پڕ داخەن*
*ئەغیاران دەکاخ دڵ وە پەرداخەن*

سەرد بی یەن گەرمیی شەوق هام فەردان
گەرمەن سەردیی زەوق شەوق هام دەردان
ڕێزان سەوزەی گوڵ مەعاریف وە گڵ
چۆڵ بی یەن چەمەن جە سۆزەی بولبول
نیگای ئیلتیفات گۆشەی چەم کەمەن
ڕووی دەشت سەفای ئەهل دڵ تەمەن
حەڵقیەی خەقیەی زیکر ناڵەی هەزار ڕەنگ
چون حەڵقەی زیکر ناڵەی وێرانان دڵ تەنگ
مشیۆ جە گرد لا، زاری و شیوەن بۆ
جە کام لا؟ ئێستە، پەی کێ؟ پەی دیدەی (مەعدووم)
چێش بی یەن؟ بی یەن جە دیدە مەحرووم
یانێ های ڕاسەن، یا قسەی ناسەن
دیارەن کردەی چە پگەرد هەرپاسەن[80]

---

٨٠- واتە :
بینایی دیدەم ، تۆ خۆش بی
دیتنی دیاری تۆ کەوتە ئەو دنیا
ئەی بە ئاوات خوازراوەکەم، ئەگەر بینینم نەمابێ،
هێشتا هەر شتێ هەیە دڵمی پێ داسوکنێ
ئەتوانم گوێم لە دەنگتەوە بێ
خەیاڵی بە درێژی باس کردنی زەلیلیی خۆمم لە دڵا بوو،
کەچی هەر لەسەرەتاوە مەسەلەکە بڕایەوە
بەلاّم هێشتایش بێ تاقەتیم لەو دێوی پەردەوە،
ڕێگای تێپەڕبوونی چەند بەیتێکی بۆ کردمەوە
دووکەڵی کوورەی دەروونم هەستاو لوولی خوارد
لەسەرەوە ڕژایە خوارەوە، بڵێسەم هێور بووەوە
هۆی نووسینی ئەم چەند بەیتەم لا کۆبووەوە:
هۆی چی بێ یاران دەروون پڕ داخە

کارەساتێکی ناخۆشی تریش لە ژیانی مەولەویدا سووتانی کتێبخانەکەیەتی کە لە ئەنجامی شەڕێکی نێونا خێڵی ئیمامی و تاوەگۆزیدا پریشکی ئاگری شەڕ کە پرەکەی مەولەوییشی گرتووەتەوەو ئاگر بەربووەتە کتێبخانەکەی.

ئاخۆ ئەم کتێبخانەیەی مەولەوی چینی تیا بووبێ و سووتابێ ؛ گومانی تیا نییە نوسخەی هەموو دانراوە ئایینی یەکانی و دیوانی شیعرەکانی تیا سووتاوەو بەهۆی ئەوەوە هەر پارچە شیعرێکی کە پێتر خەڵك نەیاننوسیبێتەوەو مەولەوی خۆیشی لەبەری نەبووبێ، سووتاوەو فەوتاوە، ئەوەتا مەولەوی خۆی لەم بارەوە ئەڵێ:

*دەمەی هەناسەی گەرم نارەکەم*

*ئە کوورەی دەروون پڕ چەخارەکەم*

---

ڕووی دەشتی خۆشی ئەهلی دڵ تەم دایگرتووە

ئەڵقەی بە نهێنی ناوی خوا هێنان و ناڵەی هەزار ڕەنگ

وەك ئەڵقەی دەرگای وێرانە ماڵان دڵ تەنگە

ئەشێ لە هەموو لایێ زاری و شین بێ

لە کام لا؟ لای دۆس . کام دۆس؟ دۆسی وەك تۆ

کەی؟ ئێستە . بۆ کێ ؟ بۆ دیدەی مەعدووم

---

دەماخی دڵی بێگانەکانیش قۆزو پەرداخە

گەرمیی سۆزی هاوڕێیان ساردبووەتەوە

بەڵام ساردیی زەوقی کۆڕی هاودەردان گەرمە

کەڵای سەوزی گوڵی زانست وەریوەتە ناوخۆڵ

چیمەن چۆڵ بووە لە سۆزی بولبول

بە گۆشەی چاو لاکردنەوەی یاران کەم بووتەوە

چی ڕووی داوە؟ بێ بەش بووە لە بینایی

*ئایردان حوجرەی دڵەی پڕ دەردم*

*سۆچیای کتاو مەجمووعەی فەردم*[81]

لەمە بەولاوە هیچ نیشانەیەکی ئەوەمان بەدەستەوە نییە کتێبی دانراوی تری لەوانەی ناومان هێنان بەولاوەی بووبێ و ەلو کارەساتەدا سووتابێ و لای کەسی تر نەبووبێ، ئەگینا لە یەکێ لە دانراوە ماوەکانیا ئیشارەتێکی بۆ ئەکرا، بەلاَم بێ گومان نوسخە ئەسڵی یەکانی خۆی تیابوون و سووتاون و لەو نوسخە ئەسلییانەیا پەراوێزی زۆریش بووە کەبەشێکی زۆری لە نوسخە مەلاو فەقێی ئەم لاو ئەولادا نەنووسراوەتەوەو لەو کارەساتەدا فەوتاوە، ئەگینا هەر هیچ نەبێ نوسخەیێ دوان لەو دانراوانەی بە دەستخەتی خۆی لە لایەکەوە سەریان هەڵئەدا، هەروا دیارە ئەبێ کتێبخانەکەیشی بە نیشانەی ئەو ئاگادارییە زۆرەی لە زانستە ئیسلامییەکان کەلە دانراوەکانی و لە پەراوێزەکانیانەوە دەرئەکەوێ، کتێبی نایابی زۆری تیابووبێ، سوتابن، بەهەرحاڵ ئەم کارەساتەیش یەکێ بووە لەو دەردومەینەتیانەی لە دووا

---

٨١- واتە:

ها ڕاستە، یا قسەو باسی خەڵکە

دیارە کرداری گەردوونی چەپگەرد هەروایە

(بڕوانەرە: سەرچاوەی پێوو ، ل ٦٥-٦٨)

واتە:

تینی هەناسەی گەرمی ئاگرم

لەتەنووری کوورەی دەروونە پڕ لەزووخاوە کەمەوە

ئاگری بەرداوەتەوە حوجرەی دڵەی پڕ دەردم

کتێبی کۆمەڵەی شیعری سووتاندووم

(بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٤)

بابا مەردۆخی ڕۆحانی ئەڵێ : مەولەوی هەمووساڵێ گەرمیان و کوێستانی کردووەو، ئەو ڕووداوەی لە یەکێ لەو سەفەرانەیا لێ ڕووداوە. بڕوانەرە : بابا مردوخ روحانی (شیوا)، تاریخ مشاهیر کرد، جلد اول ، تهران ١٣٦٤ ، چاپخانە پنگوئن .

ساڵەکانی تەمەنیا بەسەری هاتووە، پارچە شیعرێکی پڕ نیشارەتیشی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە کە پێشتر دوو بەیتیمان نووسیەوە.

سەربارو دوا چۆڕی ئەم ناڕەحەتیانەیش پشت شکانیەتی بەهۆی ئەوەوە کە بە کوێری سواری سوڵاخێك بووەو لە شوێنیکەوە چووە بۆ شوێنك و لە شوێنێکی ڕێگەکەدا لقە درەختێکی لاربووە پێویست بووە سوار ئاگای لە خۆی بێ تا خۆی لێ لابدات، لە گەڕانەوەدا کە ئەگەنە نزیکی شوێنی درەختە لارەکە مەولەوی کە سواری وڵاخ بووەو کابرایەك جڵەوی وڵاخەکەی ڕاکیشاوە، بە کابرا ئەڵێ: ئاگات لێ بێ کە گەیشتینە لای لقە درەختە لارەکە ئاگادارم کە ئەوەك خۆمی پیا بدەم و بکەومە خوارەوە، کابراش ئەڵێ: بەڵێ، بەلام کە ئەگەنە لای لقە درەختەکە کابرا لە بیری ئابێ ئاگاداری کاتەوەو مەولەوی لە پڕ خۆی ئەدا بە لقە درەختەکەداو لە وڵاخەکەی بەرئەبێتەوەو پشتی ئەشکێ و هەڵی ئەگرن و ئەییەنەوە بۆماڵەوەو لەئەنجامی ئەو ڕووداوەدا لە ساڵی ١٨٨٢ یا ١٨٨٣ دا کۆچی دوایی ئەکاو تۆماری ژیانی ئە پێچرێتەوە.

# دوو وشەی تر بۆ مەولەوی

د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ

سالی ١٩٨٨ – لە میهرەجانی مەولەویدا وتارێکم بەناوی (مەولەوی و شتێك دەربارەی سروشت)ەوە خوێندەوە. ئەوە چیمکێك بوو لە بارەی بەرهەمی مەولەوییەوە. ئێستاش لە خوێندنەوەیەکی تری دیوانی مەولەوی چەند چمکێکی تر دەخەینە ڕوو یا لێی دەکۆڵینەوە، چونکە جیهانی مەولەوی لای من ئەوەندە فراوانە کە بە وتارێك و دوو تەواو نابێت، بەڵکو دانیشتن و خەریك بوونێکی وەك ئەوەی خانی دەوێ، بەلاّم کە زەنگی میهرەجان لێئەدەت و پێم دەڵێن: "شا بێ شالیار نابێ"، ئەوا دەبێ چەند سەرنجێکم هەبێتوو جیابن لەوەی برایانی تر دەریان بڕیوەو بە پێی ئەو ئەرکەی بە میهرەجاندا پێم سپێدراوە پێشتردیوومن.

یەکەم تێبینیم لەبارەی (مەولەوی و ڕەمەزان)ە.

وا مانگی ڕەمەزانەو هەر کەسە جە جۆرێك لێ ئەدوێ، دیارە لە خوێندنەوەی دیوانی مەولەوی دا، ئالەم مانگەدا هەموو کەس بێ ئەوەی مەبەسیشی بێت، جارێکی تریش ئەو قەسیدەیە دەخوێنێتەوە کە مەولەوی بۆ ئەم مانگەی نوسیووە، لەبەرئەوە لەجێگەی خۆیدایە کە باس لەئەنجام و تێبینی ئەو خوێندنەوەیە بگەین.

مەولەوی قەسیدەیەك – یا غەزەلێکی هەشت دێڕی لە شەوێکی جەژنی ڕەمەزاندا وتوە کە بەم دێڕە دەست پێ دەکان.

*ڕەمەزان تلووع سوبح شادی شەن*

*شەوال شام شووم نامرادیشەن*

پیرەمێرد لە ڕۆحی مەولەوی دا ئەو قەسیدەیەی بەم جۆرە وەرگێڕاوەتە سەر شێوەی هاودەمی ئەدەبیا تمان:

*ڕەمەزان حلوەی ڕۆژی شادییەت*

*شەوال شامی شووم نامرادیەتی*

*دەردەدار شەوار ئامنیش زام سەخت*

*بێ تالح شەوال، ئای منیش بەدبەخت*

باس بای ڕەمەزانە، بەڵام با لە وردەکاری مەولەوی بدوێین بنەڕەتی بیرەکە ئەوەیە کە هەزار ساڵ زیاتر خەڵکی ڕەمەزانیان گرتووەو شاعیرانی وڵاتی ئیسلام لە هەزار تەل و دەنگ ستایشی ئەو مانگەیان کردووە، بەڵام ئەم بیرەی مەولەوییان نەهاتووە بە بیردا، ئەویش ئەوەیە وەك مامۆستا مەلا عبدولکەریمی مودەڕیس لە پەراوێزی ئەم قەسیدەیەدا نووسیویەتی:

(ڕەمەزان کاتی دەرکەوتنی بەرەبەیانی شادییەتی، چونکی ڕۆژی جەژن لە ڕۆژەکانی خۆی نیە، کەچی بەناوی ئەویشەوە دەردەچی، شەشەڵانیش ئێوارەی ئەگبەتی بەناوات نەگەیشتنیەتی، چونکە ڕۆژی جەژن لە ڕۆژەکانی ئەوە کەچی خەڵکی لێیان دابڕیوەو داویانە بە ڕەمەزان). واتە : سەری مانگ هی شەشەڵانە، کەچی خۆشیەکەی بۆ بێگانەیە کە ڕەمەزانە، ئازیزیش قیبلەی منە، کەچی وەفای بۆ بەتکارانە.

*مانگ مانگی شەوال، جەژنی ڕەمەزان*

*دۆست، دۆستی منەو کەیف بۆ ڕەقیبان*

ئەم جۆرە بیرو ووردییە، توانایی و بلیمەتی مەولەویمان بۆ دەرئەخەن یا بە واتەی ڕەخنەگرانی ئەم سەردەمەی ئەوروپا (ماستەر- ی – وەستایی) مەولەویمان بۆ دەرئەخەن.

مەولەوی زۆر وەستایانە توانیویەتی سوود لەو کەرەستانە ببینێ کە لەبەر دەستیدایە، هەرچەندە ئەم جۆرە ووردی و وەستاییە بەتایبەتی لەم پارچەیەدا لەوە دەچی کە شاعیرە کلاسیکیەکان خۆیان پێوە خەریك کردووە، کەوا کاتی زۆر بووە بەرئەسەر کە تەژبیهی یا جی

ناسێ یا تەورییەکی تازە بدۆزنەوە، ئەمیش وەك دیارە بیری خۆی تەواو خستۆتە کار کەلەو بەداوی یەکدا هاتنەی ڕەمەزان و شەشەلأن شتێکی تازە بدۆزێتەوە، بەلأم ئەم وردەکاریانە کە لە چەند پارچەیەکدا ببینرێت، مەولەوی ناباتەوە ڕیزی شاعیرانی کلاسیکی، چونکە ئەو مەولەوییەی بە هاتنەوە سەرکێشی دەچەنجەیی کێشەکانی تر هیجای هۆنراوەی کوردی — یا بەبەردەوام لەسەریان —لەو ڕشتەی عەرووزی عەرەبیە لایدا کی شاعیرانی کلاسکی لەسەری ڕۆشتوون، ئەو مەولەوییە چوارچێوەی بەلاغەت " یا ڕوانبێژی و وشەڕازاندنەوە" واتە محسناتی لەفزی — ی عەرەبیشی شکاندو بنەڕەتی هۆنراوەکانی خەیاڵ و بیری فراوانی شاعیرانی ڕۆمانتیکیەو خەوی خۆشی ڕۆمانتکیە پێشکەوتنخوازەکانە بە دوا ڕۆژی گەشەوەو وەرسی پیشاندانوو ناخ دەربرینە لەدەست ڕابردووی چەوت و ئێستای نا هەموار.

ئەگەر لەهۆنراوەی مەولەوی دا ئەم چەشنە وردەکاریانە ببینین دەتوانین بیانکەین بە بەڵگە بۆ شتێکی تر، بۆ ئەوەی مەولەوی لە بێ توانایی بی دەستەلأتی نیە و لەوەنیە کە بەسەر کێش و قافیەو بەلاغە کۆناکەدا زاڵ نەبووبێ، کە هاتۆتە ڕیزی شاعیرانی ڕۆمانتیکیەوە، بەڵکو مەولەوی هەر بلیمەتەو هەر وەستایەو توانای بلیمەتی وای لێ کردووە هەنگاو بەرەو پێش بنێت و لە هەر دوو چەشنە شیعرەکەدا هەر وەستابێت، چونکە ڕایەك لەبارەی شیعری تازەوە هەیە، بەتایبەتی لای ئەو ڕەخنە گرە عەرەبانەی کە هێشتا باوەڕیان بە شیعری کۆن هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو شاعیرانەی لەسەر پێڕەوی تازە دەڕۆن دەسەلأتی ئەوەیان نیە لەسەر پێڕەوی کۆن شیعر بڵێن، لەبەر ئەوە ڕوویان کردووەتە شیعری تازەو دەسەلأتی خۆیان بەم شتە ئاسانە تاقیدەکەنەوە، کە ئەو زاڵ بوونەی بەسەر کێش و قافیەدا ناوێ ( تێبینی : محمەد ساڵح دیلانی شاعیری گەورەی خۆشمان ڕای وابووە ).

ڕەنگە لە شیعری عەرەبیدا ئەمە ڕاست بێت و بەسەر زۆر لە شاعیرانی بابەتی تازەدا دێتە دی، بەلأم لەوێشدا دیسانەوە ئەمە بەرانبەر بەکەسانی وەك: بەدر شاکیر السیاب و عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی و شاعیرانی مهجەر ناوترێت، چونکە هەموو ئەو شاعیرانە خەیاڵی

شیعری ڕۆمانتکیان کردووە بەهۆی دەربڕین و بە وەستایی لەو مەیدانەدا هاتوونەتە پێشەوەو دەسەلآت و بەهرەی خۆیان پیشان داوە، کە ئەم جۆرە خەیاڵە لە شیعری کلاسیکدا نابینرێت.

بۆ شیعری کوردیش – دیارە ئەم قسەیە بەهیچ جۆرێك لەبارەی مەولەوی و گۆرانەوە ناکرێت، هەروەها لەبارەی دەستەیەکی تر لە شاعیرانی دوای گۆران و ئێستامان، ئەمە ناوترێ، چونە ئەو شاعیرانە بەخەیاڵ و پتەوی هۆنراوەکانیان و بەهەنگاونانی گەلێکیان بەرەو ئەدەبێکی راستەقینەی ریالیستی ( واتە: واقعی ) خۆیان بە شاعیری پیشانی خەڵك داوەو ئەوەیان سەلماندووەو کەوا لەم بابەتە تازەیەی هۆنراوەی کوردیشدا هەروەستاو توانان، خۆنەویش هەیە کە هەندێ لە شاعیرانی ئەمڕۆمان لە مەیدانی بابەتی کۆنی شیعریشدا دەسەلآت و بەهرەی خۆیان دەرخستووە.

مەولەوی لە کۆنداو گۆران لەسەدەی بیستەمدا کارێکی سەیریان کردووەتە سەر شاعیرا نمان بەجۆرێك زۆر جار بێ ئەوەی هەست بەخۆیان بکەن کارو تەئسیری شیعری مەولەوی و گۆران لە دێری هەڵبەستیاندا دیارە، مەولەوی وتویەتی:

*ئاخ من و شەوال هەردوو هام فەردین*
*هەردوو گرفتار ئیش یەك دەردین*

پیرەمێرد لە ڕۆحی مەولەویدا بەم چەشنە دای ڕشتۆتەوە:

*ئای من و شەوال هەردووك هام فەردین*
*هەم دوو گرفتار یەك ئاهی سەردین*

ئایا بێکەس هەستی بە مەولەوی خۆی یا رۆحەکەی کردووە کە دەڵێ:

*ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین*
*هەردوو گرفتار یەك ئاهی سەردین*

وائەزانم کارتێ کردنی مەولەوی و گۆران تا چەند سەدەی تر لە دێری هەڵبەستی کوردیدا هەردەمێنی.

لەمیهرەجانی ساڵی ١٩٨٨ ی مەولەوی دا باسی ئەوەم کردبوو کە لای مەولەوی سروشتی کوردستان هەر لە بەهاردا جوان نیە، بەڵکو ڕەنگە مەولەوی تاقە کەس بێت، کە جوانی لە هەر چوار وەرزی ساڵدا ببینێ و کوردستانی لە چوار وەرزدا لا جوان بێت، تەنانەت لە لوتکەی ناخۆشی و شینیش دا کە دەگاتە لوتکە، ئەوە لای ئەو لوتکەی چیایەو بەناو فرمێسکی چاودا دیمەنی کوردستان لێل نابێت و جوانیەکەی هەر دیارە، ئەوە بوو وتمان لە شین نامەی (مورثیە) شدا هەر دیمەنی سروشتی ولاتی هێنایەوە بەرچاوی خۆی، ئەگەر لە هۆنراوەی کلاسیکیدا پایز کرابێت بە وێنەی مەرگ و ماتەم و هاوینە بەوێنەی سك سووتان و جەرگ هەڵقرچان، ئەوا مەولەوی لە شین و ماتەمیشدا هەر ئاڵودەی بەهاری ولاتەو ڕێگەیەك هەر دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بێتە سەر باس و وەفی بەهار، ئەمەیش لەو دوو شیننامەیەدا بوو کە بۆ خاڵی و بۆ خاتوو: عەنبەری خێزانی کردبوو و لە و میهرەجانەدا باس کرا، لێرەدا دەبێ نیشارەت بۆ ئەو شیننامەیەش بکەین بۆ ئامینە خانی کچی قادر بەگی کەی خوسرەو بەگی جافی نووسیوەو ئەمە سەرەتاکەیەتی:

*ماتەمی و وەهار؟ بێ شەوقی و ئەو گوڵ*

*مەلولی گوڵزار؟ بێزەوقی و بوڵ بوڵ؟*

پیرەمێر بەم چەشنەی داڕشتۆتەوە:

*ماتەمی و بەهار؟ بێ شەوقی و نۆ گوڵ*

*مەلولی و گوڵزار؟ بێزەوقی و بول بول*

*بەیانیان بۆنی نەسیم وەك جاران*

*نادا لە تاخی دەماخی یاران*

*ئاخۆ لەم سەروەخت قەزای بەهاردا*

*کام تەم لەهەردەی قەزا دیاردا*

*سەدای هەی دییای شەیوەن هەرزانە*
*سلاّی وای ویلاّی باران تەرزانە*
*گوڵشەنی شای گوڵ ئەنداما‌ن*
*وەیشوومە خستیە بەرگەلاّرێزان*
*ئەو بالاّی ئالاّی وێنەی سەهـ سەروو*
*سەد دڵ هێلانەی لێکردو وەك تەزروو*
*هەڵکەندراو ڕووخا لەگەڵ ئاخ وئۆی*
*تەزرووی نیشتە ژێر سێبەری خۆی*
*ئای بە ڕەزای شەنگ، عەن بەربۆی شەو ڕەنگ*
*بوو بە تاتای تاش ئەل حەد سەرای سەنگ*

**پاشان دەڵێت:**
*نێرگز وا چاوی ئەروانێ وگەشە*
*تۆچاوت لێك نا، ئەی بەختم ڕەشە*

**مەولەوی لێرەدا هەر یەکسەر بە بەهار دەست پێدەکات و شین و ماتەمی بۆیە لاگرانە چونکە لەگەڵ بەهاردا ناگونجی، کە شای فەسلاّنەو بە تەواوی بە سەر هەست و نەست و هۆشی مەولەوی دا زاڵ بوو.**

* * *

**" دەنگ " و" ڕەنگ "و " هەست" لەو شتانەن کە ڕەخنەی هاوچەرخ و هەندێ ڕێبازی نوێ یا مۆدیۆنیزمی ئەدەبی بایەخی زۆریان پێدەدەن، بۆ بەرەو پیرچوونی ئەو ڕێبازانە نەبێ، هەر بۆ دیتنی هەندێك لایەنی وردی شیعری مەولەوی بێت، باس لە " هەست" دەکەین لای مەولەوی.**

لە باسی شیعری عەرەبیدا دەوترا، ئەبو نوئاس وتویەتی:

الا تسقني خمرا وقل لي هي الخمر

ولا تسقني سرا اذا امكن الجهر

( واتە: مەی بدەرێ و پێم بلێ ئەوە مەیە، بەدزیەوە مەم دەری ئەگەر توانیت بە ئاشککرا بەم دەیتێ ).

لەلێکدانەوەی ئەم دێڕدا دەوترا لەبەر ئەوە دەڵێ "پێم بلێ" چونکە بە دەم تامی مەی دەکات، بە لوت بۆنی دەکات، بە چاو دەی بینی، بە دەست دەگرێ، هەر گوێچکە ماوە لەناو " پێنج هەست " ی مرۆڤدا کە بەشداری خۆشی و چێژی ئەو مەیە نەبێت، دە" پێم بلێ" با گوێچکەکەیش بەشداربێت.

لە باسی شیعری نوێی کوردیدا لەم بارەیەوە لای پارچەی" ئاواتی دووری"ی گۆران دەوەستاین و پە نجەمان بۆ شەش هەستی مرۆڤ رادەکێشا:

*ئەی چاوا چەشنی بازی قەفەز هەڵوەری پەرت.*

*ئەی گوێ!زەلیلی چاوم و بەرتۆ پەنا ئەبەم!*

*ئەی حیسی شاما! لەچاو و لە گوێچکە مەی ئوسم،*

*ئەی لامیسە؟ ئەگەر چی نەبوو دەنگ و، ڕەنگ و، بۆ*

*ئەی خاطیراتی گوزەشتەم، دەخیلی تۆم!*

لێرەدا " تام" جێگەی نەبۆوە، بە شێوەی ئەم ڕەخنەگرانە دەبێ بلێین.

چاو ⟸ گوێ، بۆن ⟸ هەست( لەس ) ⟸ یادگاز ( هەستی شەشەم )

لە نێوان ئەبو نوناسو گۆراندا زۆر بەلای مەولەویدا ڕۆیشتوین، بەلام هەستمان بەم جۆرە وردی و قوڵی ڕۆچونەی دا بەناو جوانی هەست بە جوانی و هەمەڕەنگی و هەمەچەشتی جوانیدا نەکردووە.

مەولەوی دەڵێ:

*بۆی ( عەنبەر ) نەتۆی دەماخم دوور کەرد*

*فەرسەتش ئاورد هەوای وەبای دەرد*

لێرەدا بە ( بۆن ) دەست پێدەکات، لەوشەی ( عەنبەر )دا ( تەوریە )یەك هەیە، هەم بۆنی خۆشی ( عەنبەر )، هەم بۆنی ( عەنبەر ) خاتوونی خێزانی.

*دێتەسەر " گوێ " و " بیست "*

*ئەی چی! وەبێ بەزم یارانی جانی*

*کام سەفا مەندەن پەیزیندەگانی*

*ئەم "تام کردن" ی لە بیرچووبوو:*

*چوون مەزاق تاڵەن جەگردی لاوە*

*بۆ شیرینی یەك دوو تەواوە*

پاش ئەوە دێتە سەر دیتن و "چاو" و "بیستن"و "گوێ" پێکەوە:

*نەچەم، نەد یەدەن ئازیز بێگەرد*

*نە گۆش نە صەدای یاران هام فەرد*

ئینجا دێتەوە سەر تام و هەمووی بەتوندی و بەسەختی و بە لاوەستانی زیاترو فراوانترەوە دەبەستێ بەهەستی دەروونەوە کە هەموو هەستەکانی یەك خستوەو لە چمکێکەوە بەستراوە بە یادگارو هەستی شەشەمەوە:

*شیرنیی ئیفتار جەلام تاڵییەن*

*جام نە جەماعەت دۆسان خالییەن*

*جەشووم پڕ شووم ئەلحەذ سەرای خەم*

*جە سەروازی هوون جۆی سەر چەمەی چەم*

واتە هەر بە پێی ئەو ڕەخنە نووسانەی وتمان:

| بیستن ← | مەزاق ← | دیتن + بیستن ← | هەستی دەروون یادگارو |
| --- | --- | --- | --- |
| گوێ | (تاڵی – شیرینی) | چاو گوێ | هەستی شەشە |

بەلأم دەبێ لێرەدا لە " هەست پێکردوون ولامیسە" بپرسین، وابزانم لێرەدا ئەو پرسیارا لای ئێمە نا گونجێ چونکە باس لە شیعر دەکەین و ئەلە "مەنتیق" دەدوێین نە لە بایەلۆجی یا ئەنتۆمی " تەشریح" ئەوە بۆ مۆدێرنیستەکان بەجێ دێلم .

زۆر سۆفیزم و ئیستیلاحاتی سۆفێتی لای مەولەوی وەستاوم. وێنەکانی هەر وێنەکانی ئەوانە، هەر دوای ( مەقامات و ئەحوال ) کەوتنەو هەر دەجدە " وە" شەوق" وە" یەکێتی بوون – وجود " وتوانەوەو" شهود" ە. بەلأم لای ئەم لە زۆر شاعیری سۆفی جیا داڕشتنەوەی خۆی دەبینی

- کێوی تور ( طور )

*سۆزیام هەی سزیام وێنەی شوعلەی نور*

*بیم سورمەی سوبحان ئاوەردەی کۆی تـور*

یا لە سۆفێتی ئیسلامەوە بەرەو ئیستیلاحی زەردەشتی چوون:

*با کلافە بۆ، ئاخر لەوانم*

*خاك پای حەزرەت پیری موغانم*

*چوون دەف، بەرگ پۆس ئیرادەت پۆشم*

*غولاَم بەردەس حەلقە نەگۆشم*

مەولەوی نەقشبەندییە، بەلاَم لەلایەکەوەوشەی (دەروێش) بەکارهێنان کە بۆ قادرییانەو لە سنووری "دەف" چوونە دەرەوە کە تاقە ئامێری مۆسیقای بەکارهێنتووە لای نەقشبەندیەکان سەرنج ڕادەکێشی:

*ساقی، سادە خیل جام مەی وەکەف*

*دەروێش ئامەنەن کەفیْ نە ڕووی دەف*

* * *

ساقی، مەی هەی داد، موغەنی، چەنگیْ

نەی چی، های فەریاد، موتریب، ئاهەنگیْ

گەرمی مەی، نەواو کزەی دەف و نەی

تێکەڵ بۆ چەنی زایاڵەی وەی وەی

هەموو ئەو بابەتانەی لە ئەدیب یاتوو بابەت و ڕیْ ڕەوی دەدوێن لەسەر بناغەی بەرهەمە ئەدەبیکە خۆی دامەزراون.

جاری واهەیە شاعیر بیٚ ئەوەی هەست بە خۆی بکات دەبێت بە تیۆری دانەر چ بۆ بەلاغت و چ بۆ بابەتی ئەدبییات و لایەن و وردەکاری ئەو ئەدبییاتە بێت. لەبابەتی ناوەڕۆك و ڕوخسار دوان، واتە هەر بە ناوهێنانی ئەم دوو ئیستیلاحە لە ئەدەبی ئەوروپاشدا زۆر کۆن نیە، هەر وەك لە ئەدەبیات ناسی عەرەبیشدا بەو ناوەوە لە کۆندا نیە یا دەگمەنە، ڕەنگە لە لێکدانەوەکانی جاحیس (جاحیض) یا ئیبن عەبدی ڕەبە (ابن عبد ربە) دا بگەڕێت باسی وابدۆرزیتەوە کە لەو مەبەسە بدوێ، بەلاّم هەربەوناوەوە نا.

با ئەم دوو دێڕەی مەولەوی ببیستین بزانین باس لە ناوەڕۆك و رخسار ناکەن؟

*دیم نالّچەکەی داخ دڵەی پڕ جەهوون*

*شەقلش هانا ڕووی گەرد ڕای دەروون*

*مەنعەم مەرد دیٚ گرانەن دەردم*

*ئەرشێو بابو قافیەی فەردم*

ئایا ئەم باس لە باری دەروون و ساکۆلۆجی شاعیرە، یا بەستنی ناوەڕۆکە بەڕوخسارەوەو شاعیر دەزانی کە دەرد گران بوو توانای شاعیر کەم دەبێت و قافیەش دەشێوێت و ئەو پتەوی سواریەی پێوە نامێنێت، ئایا مەبەسی بە (قافیەی فەردم) هەر بابەتی (قافیە) یە یا هەموو شیعرەکانیەتی، بە هەمووحالّ دەتوانین لە شیعری مەولەویدا بۆ ئەم چەشنە بڕیارە تویۆریانە بگەڕێین.

هەر لەباسی (قافەی فەرد)ەوە دەتوانین شتیٚ بخەینە سەر لێدوانی قافیە لای مەولەوی.

دیارە زۆربەی شیعری مەولەوی قافیەی مەسنەوی هەیە، ئەمەیش خاسیەتی شیعری هەورامیەو خاسێتی شیعری نوێی کوردی شیعری نوێی ڕۆژهەلاّتە کە لە چوار چێوەی یەك قافیەی قەسیدەی کلاسیکی دەرچووە.

بەڵام مەولەوی وەستایانە، بێ زۆر لە خۆکردن، بێ ئەوەی ڕەوانەی شیعرەکانی لە کەدار بێت و ماندوویەتی پێوە دیار بێ، لەزۆر شوێندا، لەناو نیو دێردا لەنگەر گرتن، پشت بە سەجع بەستن، یا بەوتەی ئەمرۆ (قافیەی ناوەوە) بەجوانی بەکاردێنێت.

*ئەو سەبون و سفتەی پڕداخ، بێ پەرداخ*

*تۆ بۆی شنۆی بای ئێلاخ نە دەماخ*

یا:

*ملان، سەربەرزان، کۆساران، هەردان*

*بێ شەرتان، جەداخ وەفاتان مەردان*

بۆ ئەم نموونانە بگەڕێین لە شیعری مەولەویدا زۆرن.

مەولەوی هونەرمەندە، کامێراکەی ڕووبکاتە هەر شوێنێك وێنەیەك دەگرێت کەدیمەنی جوانی و هونەری تێدا بەدی بکەیت.

کەرەسەیەك کە بۆ شیعر نەشێت، یا لای ناشاعیرنەبێت بە شیعر، ئەم دەیکات بەشیعرو دیمەنی جوانی پێدەبەخێ، دەیکا بە شیعر، وردەشت بەکامێراکەی گەورە دەکات و ئەو شیعرە جوانانەی پێ دەبەخشێ بۆ نمونە:

کێ بێ داواتی جوتێ گۆرەوی لە هاوڕێیەکی بکات، ئەم دیمەنە جوانەی شیعری پێ ببەخشێت.

*جۆراب چوون من زامان ئەسرەفەتە*

*لەسەر پەنجەی پای ئیستیغنا کەفتەن*

*بەدبەختی چوون من تەن کەفتەی کۆیێ*

*یا خەیاڵ خامێ ئەبلەه چوون تۆیێ*

یا هەر سەیری ئەو پارچەیەی بکە کە چۆن تەزبیحێك وا بۆ جوان و گەورەدەکات و دەنکەکانی دەکات بە دەنکە دەنگەی شیعری جوان.

هەرچەندە شیعری مەولەوی زۆرتر لە بابەتی رۆمانتیکی و شیعری تازەوە نزیکە، لە زۆر پارچەیدا یەکێتی مانا لەتاقە دێڕێکدا نابینی، لە هەندێك شوێندا بە دوو دێر مانا دەدات بەدەستەوە کە ئەمە بۆ شیعری کۆن بە (تەضمین) ناوبراوەو لە شیعری کۆندا بەجوان نەزانراوە.

بەڵام لە زۆر پارچەدا بە چەند دێر یا غەزەلێك مانا تەواو دەکات کە ئەمە خاسیەتی شیعری تازەیە، لە پاڵ ئەم هەموو لایەنانەی تازەگەریشدا لەناو شیعری مەولەویدا دەتوانین بە دوای وردەکاری ڕەوان بێژی بەهەرسێ جۆرەکەیەوە بگەڕێن و نموونەی زۆر بهێنینەوە.

باوەڕناکەم مەولەوی ئاگای لە ئەحمەدی خانی کە لەوشەی (حاتەم) و (تەی-طي) ئەم چەند جۆرەی جیناسو تەورییەی دروست کردوەو بێگومان بیرەکەش دەچێتەوە سەر ئایەتی (ویوم نطوی السماء كطي السجل للكتب):

*شورەت نامەی نام حاتەمش کەرد گەی*

*کەرد وەکاسە کەل کاسەی کەلەی کەی*

دواشت: زۆر باسی شینەکانی مەولەوی دەکرێت بۆ عەنبەر خاتوونی خێزانی، زۆرتر هەرباسی جوانی و لێکچواندن و وێنەی شیعرو سۆزی دڵ دەکرێت لەم پارچانەدا، بەڵام دەکرێت لە کونجێکی ترەوە ئەم شتانەی مەولەوی ببینین؟

زۆر بۆ ئەم جۆرە شینە گەڕام، هەر لە ئەدەبیاتی کوردیدا نا ئەم چەشنە شینە لای شاعیرێکی عەرەب دی، کەوا بزانم (جەریر)ە کە بەژنەکەی دەڵێ:

لولا الحياء لهاجني استعبار

ولزرت قبرك والحبيب يزار

ئەو شاعیرە شەرم دەکات بچێتە سەر گۆڕی ژنەکەی یا خۆشەویستەکەی، بەڵام مەولەوی ئێمە ئەو هەموو سۆزە، ئەو هەموو دیمەنەی دڵ و هەناو سوتاویە دەردەبڕێ گۆڕی عەنبەر خاتوون بەفرمێسك ئاودەدات، شینی دەکات . ئەمە بە وێنەی وەفاو پیاوەتی دەزانێ، لای

شەرم نیە. ئەمە سۆزە، خۆشەویستییە، وەفاییە، بەڵام ئایا بە پێی بایەخەکانی ئەمرۆ ناتوانین بە بایەخدانی بزانین بەژن؟ ئایا دڵسۆزی پیاو نیە بۆ ژن؟ عەنبەر خاتوون لە شیعری مەولەویدا هەر پەیکەری جوانی نیە، هەر پەیوەندی خۆشەویستی و پەیوەندی ژن و مێردی نیە، بەڵکو هاوسەرو خۆشەویستی ژیانە: وێنەی هاوڕێیەو ئەو هاوڕێیە لە هەموو ئەو هاوڕێ وناسیاو کەسو کارە زیاترو بەرزترە کە مەولەوی لە مردنیاندا شینی بۆ کردووون.

ئایا ئەمە گەورەی و بایەخی ژن نیە، لای مەولەوی، لای شاعیر، لای کورد؟ وابزانم هەروایە.

# بۆ میهرەجانی شاعیری گەورەمان مەولەوی

# لە سلێمانی

نووسینی: د. انوەر قادر جاف

MAWLAWI.KRD

## بۆ میهرەجانی شاعیری گەورەمان مەولەوی
## لە سلێمانی

د. ئەنوەر قادر جاف

دوای سڵاو رێزی زۆر.. داوای لێبوردنتان لێدەکەم کە نەم توانی ئامادەبم و سوپاسی ئەو بەسەرکردنەوەو خوڵکە گەرمەی بەرێزتان و مامۆستا شێخ محمەدی شاکەلی وهەڵسوڕێنەرانی میهرەجانەکەدەکەم.

نامەوێ بیشارمەوە ئەم ئاوڕدانەوەیە مایەی شادی وپێزانینمە، لە وڵاتێکەوە ئەم لوتفە دەنوێنرێ. کەمن ممنونم ئەگەر مامۆستاو زاناکانی بەچاوی قوتابییەکەی جارانی خۆیانەوە سەیرم بکەن و ئێستەش دەرسی مەولەوی ناسینم پێبڵێن. هەر ئەمەیش زاتی نایە بەرم کە ئەم نامەیەتان بۆ ڕەوانە بکەم.

ئەڵبەتە دەشمەوێ هەر لەجوغزی باسی شیعرە لیریکیەکاندا مەولەویدا بێ.

تا ئێستەش دیوانی مەولەوی وەك ئەساس هەر چاپەکەی مامۆستا مەلا کەریمە، هەروەك ئاگاداریشین بابا گەورەو کاکە حمەو کاك فاتیحی ڕەحمەتی بەتەمابوون بەشێوەی دیوانی نالی و مەحوی و .. تا دیوانەکەی مەولەوی چاپ بکەنەوەو هەموو ئەو شیعرانەیش کە لە چاپی یەکەمدا نین و دواتر دەستیان کەوتون، بگرێتە خۆ، دواوایشیان کردووە کە خەڵك ئەگەر شیعری مەولەوییان لابێ کۆمەکیان بکەن. ئاشکرایشە ئەمە کاری ئەمان و زانایانی وەك ئەمانە ساخکردنەوەو لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەو پەراوێزو پێشەکی بۆ دیوانی مەولەوی نووسین هی ئەوە نیە کە سێ، کە شارەزاییەکی باشی شێوەی گۆرانی ( هەورامی ) و ئەدەبیاتی ڕۆژهەلات و بەتایبەتی ئەدەبی عەرەبی و فارسی و فەلسەفەو کلتوری ئیسلام و سوفیزم نەبێ، دەستی بداتێ، ئەوە با حەوسەلەو تاقەتی ئەیوبیش لەولاوە بوەستێ! بۆیە کارێکی چاکە ئەگەر میهرەجان بۆ ئەم مەبەستە ڕوو لە مامۆستا مەلا کەریم و کاکە حمە بڵێ

(بێگومان ئەگەر هەندێ تەگەرە رێ گرنەبن)، بازانایانی ئەم دیو ئەودیو ئەگەر بخوازن لەم پرۆژەیەدا هاوكاری بكەن بەتایبەتیش ئێستا زروفێكی لەبار هەیە بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەودیو دەفەتی گەڕان و پشكنینی كتێبخانەی بنەماڵەی زانیاران و تەنانەت مۆزێ وكتێبخانەی شارەكانی ئەودیویش هەیە بۆ دەست خستنی بەیازوو دەست نووسی شیعری مەولەوی. ئەنجامدانی كارێكی وا ئاسۆیەكی بەرینتر لە بەردەم زانایانی كامڵ و ئەوەی تازەشدا دەرەخسێنێ بۆ لێكۆڵینەوەی زانستی و ئەكادیمی لە شیعرەكانی مەولەویدا.

لەگەڵ ئەوەشدا بە گوێرەی بارو زروفی ئەدەبیاتی كوردی، بایەخ بە شیعرەكانی مەولەوی دراوە، بەڵام مەولەوی ناسی تازە بەتازە هەنكاو دەنێ، دەیان لێكۆڵینەوەی زانستیش دەڕۆستی بەتەواوی كلوری شیعری مەولەوی دانە بەر رۆشنایینایەن.

چەردەیەك لە شیعری ناو دیوانەكەی مەولەوی ساخ نەبوونەتەوە بۆ كێن، كەسێ شارەزای شێوەو ستیلی شیعری مەولەوی ببێ و خۆی بۆ لێكۆڵینەوەی ئەم بابەتە تەرخان بكا دەتوانێ ساخیان بكاتەوەو گەلێ لایەن و لا پەڕەی بەرهەمو شیعری مەولەویمان بۆ ڕونبكاتەوە.

دیارە مەولەوی لەلای خۆیەوە، هەوڵی ئەوەی داوە كە قاوخی شێوەی گۆرانی بشكێنێ و بەوشەو زاراوەی شێوەی سۆرانی دەوڵەمەندی بكاو تەنانەت لێشی نزیك بخاتەوەو دوورنیە هەولی هێنانە ناوی زمانێكی ستاندارت – زمانێكی ئەدەبی یەكگرتوودابێ. ڕەنگە چاوەڕێ ئەوە نەبووبێ كە نالی زمانێكی دی ئەدەبیان دەهێنێتە ناو ناوان. ئەمە هەروەك زمانەوان هەروەهاش ئەدەب ناس و هەر كەسەش لە ڕوانگەی خۆیەوە دەتوانن بیكەنە بابەتی باس و لێكۆڵینەوە كاتی خۆی من خۆم لەم باسە لێلكردو بەقەرەیدا نەچووم، نەبادا ڕۆژهەلاتناسیكی كینە لە دڵم لێ پەیدا ببێ و بە " تای فەرتووتی نەیی" دوو سێ نیشانەی فۆنەتیكیەوە بكەوێتە سات و سەودای ڕۆحم و بلێ: شێوەی گۆرانی و شیعری مەولەوی و كوردی نین، ئەها خۆشت دەنووسیت چی كردووە! چونكە زمانەوانی ئەوروپایی واهەن كە باس لە بنەمای گۆرانی دەكەن لە پێكهاتی دیالێكی سۆرانیدا ئەم بیروڕایەش لە لایەن زمانەوانە كوردەكانەوە بەرپەرچدەدرێتەوە. فەرهەنگی شیعری مەولەوی لە زۆر ڕووەوە لە شاعیرانی

تری گۆرانی هەمەرەنگ ترو دەوڵەمەندتره .چ وەك زمان و چ وەك ئینسکبوپدیا ئامێزی.
ئەمەش هەر بابەتێکی لە گەڵێ لایەنەوە بایەخدارو سەرەنج راکێشە.

مەولەوی و دەسەڵات:

با پێشکەکی واز لە ئەیاری و ناحەزی سۆفیەکان بێنین لە دەستەلات. وەك بەڵگەو نامە و گێرانەوەی دەمی و سەرچاوەکان باسی دەکەن، بابانی و ئەردەلآنیەکان رێزێکی زۆریان لە مەولەوی کردووە پێشنیاری پلەوپایەیان بۆکردووە،بەڵام بۆچی ئەم رەتی کردوونەتەوەو هەر لە زێدو ناوچەکەی خۆیدا لەناو کەسوکارە رەنگ کێشەکەیدا ماوەتەوەو گوزەرانی سەختی خۆی بەسەربردووە ؟ ئەی چۆن لەو هەموو سکاڵاو دادوو بێدادەی ناو دیوانەکەی بگەین؟ دەڵێ:

*چەرخ چەپ چەنیم راز بەستەن کەڵەك*

*مەرمن سەنگم دان وەمینای فەلەك*

*من ئەچێرەکەی هەزار زام دەردەم*

*هەر زامی پەوێش زووخاو سەرکەردە .( دیوانی مەولەوی ل ١٩٩ )*

*چ داوانییوەن مەکەردێن چەنی؟*

*بازدێم نیم رەمەق هەی جار یۆهەن. ( دیوانی مەولەوی / ل ٥١-٥٢ )*

راستە مەولەوی رێزی بۆ بەگ زادە جامفەکان هەبووەو نامەو شیعری بۆ نووسیون، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ هەموویاندا وەك یەك نەبووە، بۆنموونە شیعری بۆ هەندێکیان ئەوەندە بەسۆز نین وەك ئەو دوو شیننامەیەی بۆ قادربەگی کەی خوسرەو بەگی نوسیون و قادر بەگ بە بینایی دیدەی دەروێشان – هەژاران ناودەبا، یان ئەو شیعرەی ئەمنە خانی کچی، کە خوشکی شیری مەولەوی بووە. هەروەها ئەو شیعرانەی بۆ شێخەکانی هەورامان بنوسیوون، سەرجەم پڕن لە سۆزو دڵسۆزی دەربڕین، هەرچەندە جارو بار لێرەش هەربۆنی گلەی یان ساردی

کەوتنەبەین هەیە، یان مەولەوییەکی نەقشی بۆ ئەو پەیوەندیە چاکەی لەگەڵ شێخە گەورەکانی قادریشدا هەبووە؟

لە شیعرەکانی مەولەویشدا هەست بە نامۆی کردن هەیەو تانەت زۆر جار هەناسەیەکی عەدەمییانەش لە قوڵایی شیعرەکانیەوە بەرز دەبێتەوە، بەلام هەمیشە پاساوێکی ئدیالی نۆقرەیەکی گیانی و بەرچاو ڕوونبوونەوەیەکی لا پەیدادەبێت.

ئایا هەڵوێستی مەولەوی لە دەستەڵات. سا ئایینی یا دنیایی چۆن بووە؟ ئەی ئەحمەدی خانی یان نالی لەم ڕووەوە هەڵوێستیان چۆن بووە؟ پێم وایە ئەمانە بابەتی بەراوردو توێژینەوەی سەرەنج ڕاکێشبن.

دیاردەیەکی سەرەنج ڕاکێشی دی ئەوەیە کە ئەهلی هەق مەولەوی بە وەلی و موقەدەس و چاو کراوە دەزانن و ڕێزی تایبەتیان بۆی هەیە. ئەمەیش شیعرێکی لەسەر مەزاری باوە یادگار نووسیوە. بڵێی مەولەوی " سەرئەنجام" و دەفتەرە ئاینیەکانی یارسان – هەلی هەقی دیبێ؟

بیروڕای واهەیە کە کەژی شا هۆزێدی ئاوازوو هۆنراوەکانی ئێرانە، ئەهلی هەقیش پەیوەندیان بەم مەڵبەندەوە هەیە، دوورنیە چ گۆرانی و ئاواز چ شیعری ئایینی و فۆلکلۆری ئەم ناوچەیە بووبنە سەرچاوەی هەندێ کاریگەی لە بەرهەمی مەولەوی دا، وا وردە وردە هەلی هەقەکان نوسین و نامیلکەو کتێب دەربارەی ئایین و باوەڕیان بلاو دەکەنەوە بردنەوە سەر یەکو دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان ئەم دیاردە فکری و کلتوریانەدا، ئەرکی زانایان و شارەزایانی دنیایی ڕووناك بیری کوردییە.

لایەنە هونەری و ئیستێتیکییەکانی شیعری مەولەوی:

کومپۆزیسیای شیعری مەولەوی – بونیەی شیعرەکانی جیاوازی لەگەڵ هی شاعیرانی تردا.

ستیمی وێنەکانی.. کە پڕن لەوێنەی تازەو زۆر جار نائاسایی و تەنانەت سیریالییانەش..

چڕکردنەوەی زمان. مۆنتێرو مەقەستکاری کردنی، نەقاڕی و مشتو مالکردنی. فڕیدانی هەندێ شت کە لەزمانی پەخشاندا بەکاردێن.

دەربڕینی تابلۆی شیعری بەتەنیا دێڕێك یان چەند دێڕێك.

زاو زێ کردن بە ئیستیعارەو بەکارهێنانی ئالی گۆلیاو تابلۆی ئالی گۆلیا.

مەولەوی لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا یەك وەزنی فۆلکلۆی (٥+٥)ی بەکارهێناوە، بەلام خۆی کەرتی کردوون و وەستانی تێدا دروست کردوون و ئەو هەموو جۆش و خرۆشە مۆسیقایەی بێ بەخشیون.

**مەولەوی و نیگارکێشی شیعری:**

شیعرەکانی مەولەوی وەك مۆردێرین ترین شیعری شاعیرە مەزنەکانی دنیا، هەموو حەواسی مرۆڤ دەبزوێنن: دەنگ، ڕەنگ، بۆن.. زۆر جار لە غەزەلێکی کرت دا هەموویان بۆ ئەم ئەرکە هونەرییە دەخاتەکار.

ئەمانە هەندێکن لەو سەرەباس و خواسانەی کە فۆرمی شیعرەکانی مەولەوی دەگرنەوەو دوایی خوێندنەوەی دیوانەکەی لە بیری مرۆڤدا پزیسکە دەدەن و چەندەهای تریش. نازانم کام شاعیری بەخێر! هێشتا هەر لاوی کورد، دەستی داوەتە دیوانەکەی مەولەوی و توانیویەتی بیکا بە سەرچاوەیەکی هونەری بۆ خۆی؟

من لەو باوەڕەدام بە بێ مەولەوی، گۆران ئەو شاعیرە مەزنە نەدەبوو، گۆران ئەوەندە هونەرمەندانە سودی لە مەولەوی وەرگرتووە، کەدەبێ تاو تۆی قوڵی شیعرەکانی بکەی بۆنەوەی جێپەنجەو تنسیری مەولەوییان تێدا بەدی بکەین، مەسەلەکە لای پیرەمێرد شێوەیەکی تری وەرگرتووەو لە "لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی ..." دا ئەمە

ڕوونکردۆتەوە بێجگە لەمە پیرەمێرد 1 بۆ هەندێ لایەنی ئەو پەیامە ڕۆشنبیریەی ئەنجامی دا. سوجی لە سەرجەم شیعری گۆرانی و مەولەوی بینیوەو زاخاوی شیعرەکانی پێداوەتەوە.

هەر لەبینۆگەی ئەم کاریگەرییەوە میتۆدێکی دنیای ئەدەبناسیی تازەی ئەوروپایی هەیە کە پێی دەڵێن " ئینتەرتێکستۆیل" ( پەیوەندی نێوان دەقە ئەدەبییەکان). ئەمە چەندە بەشێکە لە ئەدەبی بەراوردکاری، بەڵام بەرتەسك و سنووردارترە لەو . بۆ نموونە:

دەتوانرێ دەقی شیعرێکی حافز .. هی مەولەوی .. هی گۆران یان هی شاعیرانی دی پێ بەراورد بکرێت.

گومان لەوەدا نییە کە شیعری مەولەوی تەئسیری ئەدەبیاتی فارسی بە تایبەتی شیعری حافزو مەولانای ڕومی و کەلیمی هەمەدانی .. پێوەدیارە.

بەتایبەتیش حافز. من کەرەسەو ماتریالێکی زۆرم لەم ڕووەوە کۆکردۆتەوە. بەداخەوە، نە لە نامەکەمدا ( چونکە دەبووایە لە ٢٠٠ لاپەڕە زیاتر نەبێ) و نە لە کاتی چاپی کتێبی " لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی " دا نەمتوانی جێگەی بکەمەوە. لەو بەشە کورتەدا کە بەراوردی هەندێ بەیتی حافزو مەولەوی و لەیەکچوونی مۆتیڤەکانیانە، من وتوومە هەندێ لە بەیتەکانی مەولەوی شیرینتر دەربڕدراوی، لەکاتی موناقەشەی نامەکەدا لە کۆلێجی ڕۆژهەڵاتناسیی زانکۆی لینینگراد، (چونکە دەبووایە بێجگە لە ئینستیتووتەکەی خۆم دەزگایەکی ئیختساسیی تر ئەمە بکات).

پرۆفیسۆرێکی پیرەژن کە دیاربوو " زەرنگەر نەبوو " لێم ڕا پەری و وتی: حافزو مەولانا پێش مەولەوی بوون و ئەم لە ئەوانی وەرگرتووە، مامۆستای مامۆستاکەم.

ئا. ن. بۆڵدرێڤ، سەیرێکی ئەوی کردو ڕووی دەمی کردە خەڵکەکەو هەندێ وەسپی نامەکەی کردو وتی: " بەداخەوە، تا ئێستە ئێمە ئاگامان لەم جیهانە دەوڵەمەندە – لە

---

١– هەر جێی خۆیەتی لێرەدا باسی وتاری " ئارەززیەکی پەسەند" ی پیرەمێرد بکەین کەلە ژمارە ٣ مارتی ١٩٤٥ ی گۆڤاری " گەلاوێژ" دا بلاْوکراوەتەوەو ویستوویەتی: گولکۆی کۆنی مەولەوی تازەبکاتەوە. ئەو ئاواتەی وا هاتە دی.

شیعری مەولەوی نەبووە. من پێم وایە شیعری مەولەوی لووتکەیەکی بەرزی شیعری ئینسانییە" هۆڵەکە بۆ چەند دەقیقەیەك خامۆش بوو.

چونکە وەك دەیانگوت، بۆڵدرێڤ و ئەو زانایانەی تریش هی ئەوە نەبوون ستایش و مەتحی خۆرایی ببەشنەوە.

مامۆستاکەم ز.ن ڤەرەژێکینا، کە ئێرانیستێکی ناسراو وگەلی کارو لێکۆڵینەوەی زانستیی دەربارەی شیعری فارسی هەیە، شەیدای شیعری مەولەوی بووبوو. بە تەمابووین دیوانەکەی بکەین بە ڕووسی و ئەو پێشکەکیی بۆ بنووسێ، چۆن پێشکەکیی بۆ دووا تەرجەمەی ڕووسیی شیعرەکانی خەیام نووسی بوو، بەڵام سەرینەگرت.

## مەولەوی و سۆفیزم:

دیارە ناتوانرێ باسی مەولەوی و شیعری بە بێ سۆفیزم بکرێ. ئەم مریدی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان بووە و توێژاڵێکی سۆفییانە سەرجەمی شیعرە لیریکییـــەکانی گرتۆتەوە. کۆمەڵێ زاراو و تەعبیری سۆفییانەو بیری وەحدەتولوجوودیشی لابەرچاو دەکەوێ، بەڵام مەولەوی نەهاتووە شیعرەکانی بکاتە فەرهەنگێکی پڕ لە زارەوەو شیعری بخاتە دووای بیرە سۆفییەکانی، بەڵکو لای ئەم شیعر ئەسا سە.

بەرەو بنەوای چوون و دۆزینەوەی بنەماو کۆنسێپتی نەقشبەندی خالیدیی موجەدیدی لە شیعرەکانی مەولەویدا بابەتێکی ئەمەندە بە پێزو دڵراکێشە کە بۆ کەسی خۆی دنیایەکە پڕ لە شۆرو شەیدایی و سەوداسەری توێژینەوەو دۆزینەوە.

یەکێك لە هەرە سیفەتە دیارەکانی مەولەوی چ وەك ئینسان و چ وەك شاعیر، چۆن هەندێ لە شاعیرە گەورەو دەگمەنەکانی دنیا، نەبوونی ناکۆکییە لە نێوان ژیانی ڕۆژانەو هەڵسوکەوت و شیعرەکانیدا.

شیعرەکانی مەولەوی لەو جۆرەن کە گیانێکی هەمیشە زیندوو و نەمریان هەیە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە شاعیر لە خەڵوەتگایەکی دوورە پەرێزدا بووەو خۆی لە مێژووو

ڕۆژگارەکەی دابڕیوە، ئەم ! شیعرەکانی مەولەوی تەنانەت لەو یۆتۆپیایانەشدا، کە هەندێ لە بیریارە هومانیستەکانی دنیا بۆ مرۆڤایەتییان دارشتووە، لەوێ کە هیچ جۆرە چەوسانەوەیەك نامێنێ، هەر شا شیعر دەبن. لەوێش مرۆڤ هەر ڕوو بەڕووی ئەو کێشانەی وەك دڵەڕاوکەی زاتیی مرۆڤ. خۆشەویستی، ژیان و مردن – ئەو باسانەی وا مەولەوییان خەریککردووە – دەبێتەوە.

مەولەوی لە بۆنەو گیروگرفتی ئاسایی لە خەم و ئەندێشەی خۆی و خەڵك لەو باس و خواسانەی، کە لەیەکەم نیگادا، هەندێکیان لاوەکی و ڕۆژانە بەر زەین دەکەون، ئەم شیعرە هەردەم زیندوانەی بۆ خوڵقاندووین.

ژیاننامەونامەکانی مەولەوی ئاوێنەی هەڵوێستی ڕاستگۆیانەی ئەون، ئەوەتە لەو نامەیەدا کە بۆ فەخرولعولەمای ئاشنای نووسیوە، ڕەخنەیەکی توندو تیژ لە شێخ یوسف دەگرێ و دەڵێ، کە ئەم شێخ یوسفە ئاوێرێ ڕاستی و هەق بە دەسەڵاتدار بڵێ .. بەڵام ئەو (واتە مەولەوی) ئەگەر ژەهر خوواردوو و شەهیدیشی بکەن و سەری بکەن بە نووکی نیزەوە هەر هەقپەستەو داکۆکی لەهەق و ڕاستی دەکات.

مەولەوی وەك هەموو ئینتیلیکتوێڵ و شاعیر و زانایەکی سەرباشقەی ڕۆژگاری خۆی ئایینێکی تایبەت بە خۆی (ئەڵبەتە مەبەستم لە مانای حەرفیی ئایین نییە)، بینۆگەو دنیای خۆی جوغزێکی تایبەتی بۆ پەیوەندییە دنیایی و ڕۆحییەکانی هەبووە، ئەی ئەمەش خەسیەت و سیمای بە دیمەنی شاعیرو نووسەرو ڕووناکبیرە هەڵکەوتووەکانی دنیا نییە؟

لە کۆتاییدا هیوادارم بەم چەند لاپەڕە کورت و ناتەواو و بەپەلە نووسراوە وەختم بە فیڕۆنەدابن کەلە چوارچێوەی بەرنامەی میهرەجانەکەی ئێوەدا بایەخێکیان هەبێ.

داوای سەرکەوتن بۆ میهرەجانەکە دەکەم و دڵنیام کارو لێکۆڵینەوەی بە پێزو زانستی و چاکی لێ بە ئەنجام دێ. ئەمەش دەبێتە پرۆژەیەکی دانسقەو بەرز لەم هەوڵ و کۆششە کولتوورییەی کە کوردستانی خوارووی گرتۆتەوە، لەگەڵ ئەو هەموو گیروگرفتە ناوەکی و دەرەکییانەدا کە کارێکی نالەباریان کردۆتە سەر بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلەکەمان،

دۆست و دوژمن دەزانن کە ئێستە ڕێنێنساس و بووژانەوەیەکی لەچاو خۆیدا، بەرفراوانی شارستانی و ڕۆشنبیری و ژیاری و ئاوەدانکردنەوە ئەو هەرێمەی گرتۆتەوە. میلۆنەها مرۆڤی کوردو ڕۆڵانی گەلانی چەوساوە چاویان بڕیوەتە ئەو ئەزموونە .. دەبا لە پێناوی بەرەو پێشەوە بردن و سەرکەتنیدا ئەوەی دەشێ و ناشێ بکرێ. تەنانەت ئەگەر پێ لە ڕۆحی خۆنانیشی تێدا بێ، دەبا لە دوای ئەو هەموو ڕەنج و خوێن و قوربانیی ساڵەهای ساڵە، وڵاتی دادپەروەری و دیموکراتییەت و فرەدەنگی و ڕەنگی بنیات بنێن. وڵاتێ کە سیاسییەکی بەرەی ئۆپۆ زسیۆن، هونەرمەند و شاعیرو نووسەرانی ئەترس و دردۆنگ و قەڵەم تیژو ڕەخنەگر تێیدا تووشی ڕاونان و گرتن و کوشتن و مێژوو بێهوودەیی و ماڵوێرانی لە دوابوونی سەلماندووە، هێز سیاسییەککانمان لە حەیاتی ڕۆشنبیری و ئاوەنکردنەوەو بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی خەلکدا کێبڕکێبکەن. ئاشکراو ڕوونە کە ئەمە دابینکەری ئەك هەر دەستەلآت بەلکو متمانەو بڕوای لەدلەوەی خەلکی کوردستانی ستەمدیدەشە.

دەبا هەرنەمربێ یادو شیعری مەولەوی ! دەبا هەر ئازادو ڕوو لە شارستانیەت بێ وڵات و زێدی مەولەوی ..

دەبا هەر ئەبەزو سەرکەوتوویێ گەلی مەولەوی !

# چەند وێنەیەکی
# گەشتەوەرزی ناخی مەولەوی

عوسمان محمەد هەورامی

MAWLAWI.KRD

# چەند وێنەیەی گەشتە وەرزی ناخی مەولەوی

عوسمان محەمەد هەورانی

پێشەکی:

گومان لەوەدا نییە کە (حەزرەتی مەولەوی) یەکێکە لە ئەستێرە زۆر ورشەدارەکانی بەختی سەرفرازیی عوسمانی ئەدەبی ئەمری کوردو، لەشەوەزنگی ئەنگوستەچاودا هەمیشە جریوەی دێت و دەدرەوشێتەوە ..

(حەزرەتی مەولەوی) دێوانەی ئەراگێڵەو بولبولئاسا بە بالآی نازدارە هەرگیز ئەمرەکەیدا هەڵدەدات .. هیچ چەپەکێکی زێدە پیرۆزەکەی نابوێرێت، بێ ئەوەی بە هیچ جۆرێك هەست بە پەستی و ماندووبوون بکات کڕنووشی بەردەوام بۆ ڕووگەی سەرچاوەی سرووشتی ئەبڕاوەی دەبات و هەمیشە خۆی دەهاوێتە نامێزی کوردستانی ئەخشین و شیرین .. بە ڕاستی هەر بەهرەی سروشتیی ئەو بووە توانیویەتی بە هۆنراوەی ڕەوان و دوور لە گرێ و قۆرت ئەخشینترین وێنەی قووڵ و کاریگەری بەرجەستە بکات و ببێتە پێشەنگی مەزن و پێشیاوی سەردەمانێکی دوورودرێژ، ئەوەتا تاکو ئەم سەردەمەش هیچ هۆزان ڤانێك لەو بوارە بەرینەدا ئەیگەیشتووەتێ، کەس ئەیتوانیوە وەك ئەو سەردەقشکێن بێ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی نڤانێك کە مەولەوی بە سروشێکی یەزدانی هۆنراوەی مرواری و گەوهەر ئاسان دارشتووەو پەروەردەی بەهرەیەکی پڕ لەسەمەرەی ئەمرو بێکۆتابووە، دوور لە خۆگوشین و خۆکردی، وەکو کانیاوی سازگاری بەهارانی لوتکەو بنارەکان، ڕوون و ڕەوان هۆنراوەی پوختەی هەست و دڵی ناسك و سادەی هەڵرشتووەو تا هەتایە ملوێنکی نازدارانی گیانی و تەزبیحی ژماردنی ترپەو خورپەی ناخی شەیدایانەو ژمارە نهێنییە بێ کۆتاکانی ئەودیو پەردەی پەنهان و بوونی پێدەژمێرن .. بۆیە هەرکەسێ بە گیان و ڕەوان هۆگرو وا بەستەی جیهانە جوان و دلگیرەکەی حەزرەتی مەولەوی ببێ، هەمیشە خۆشترین گولاوی ژینی ئەمر لە

بەرزە فرێدا دەدرێت بەناخی هەست و بوونیاو ناتوانێ بێ ئەو خەلاتە مەزنە دەربەرێت، هەر لەبەرئەمەشە پەروانە ئاسا بەدەوراندەوری گەرمە کۆڕی هەمیشەیی ئەم سەرمەشقە مەزنەدا حاڵدەکات و لە سەرچاوەی سۆزی یەزدانی دەنۆشی و هەرگیز دەسبەرداری نابێت.

دیارە گەشتوگوزاری کوردستانی بەهەشت و بەرینیش لە هەر چوار وەرزدا ئاواتێکی پیرۆزی دڵە شەیداکانەو بە تاسەوە چاوەڕوانن: خۆنەگەر ڕابەر (حەزرەتی مەولەوی) بێت و بە هۆنراوەی تەڕو پاراوی پڕ لەئاوازو مۆسیقای سروشتی و خۆماڵی بانگهێشتمان بکات، ئەوە سەرانسەر ڕووناکیی بان ڕوناکییەو گەشەی ناخ و هەناوە

((زستانە گەشت))

مەولەوی بە سۆزو هانای گیان و هەناوەوە، بە ئەشقی زۆر قووڵی دەروونەوە، بە وێنەی دێوانەو سەوداسەری ئازداری گیانی، دەمەوبەیان ڕووی قیبلەنمای دڵی بە کوڵی دەکاتە وارگەی بەرینی و ۆخی دەگەیەنێتە ئەودیو پەردەی پەنهانی سروشتی دلکێش .. زستانە، تا چاوبڕکات هەموولایەك بەفرو سەهۆڵەندانەو ڕەشایی بە دەرەوە نییە. ڕێبەرندانەو بێجگە لە ئەدێشەی وردبینی (مەولەوی) ئاشنا بە نهێنییەکانی جوانیی سروشتی مەست و خومار، هیچ بەهرەیەکی تر ناتوانێ بە وێنەی ئەو لەم دیمەنە دلکێش و ڕەنگینە وێنەیەکی گەشبێن و گونجاو بنەخشێنێت، سەهۆڵبەندانی سەراپا جەستە تەزێن بکاتە نیگارێکی وا ئەخشێن کە هەموو شەیدایەك بۆی بە ئاواتەوە بێ.

بەڵێ زستانە، هەرچی دوندو گەوەو چەم و دۆڵ وو لاپاڵ و سەر ئەشکەوتان و بەرئەشکەوتان هەن لە بەفرالیپاولیین، لوتکەو قووچی چیاکان سەراپا کەیلن، سەریان لە کەشکەلان گیرە، ئەوەندەی ترو وەك دڵە سپییەکان، شەیدایانی یەکلاوەبوو، ڕاست و دروست دەنوێنــن .. وەرزی پیت و فەڕە، دایکی سروشتەو داڵدەی بژێوی و هانایە.

چ وەستاباشییەك لە سەرانسەری گەردووندا هەبێ بتوانێ بەم شێوەیە ئەم هەموو چیاو سەرکەشانەو تاقچەو ئاوئەشکەوتە بڵندەکان سپیکاری بکات و هەست و ئەست لە ستیانا

مەست و سەشاد بێت ! ئەمە هەر لە توانای خودی ئەو بێهاوتایەدایە کە بۆ خۆی ئەم نەخشە نەخشینەی دارشتووە:

*بەنا باشیی بورج بەرزە دیاران*

*سفیدکاری کەرد تاقچەی موغاران*

مەولەوی بە سروشت و لەناخەوە شەیدای وابەستەی نیشتمانە نازدارەکەیەتی، لەگەڵ هەموو هەناسەیەکدا دووجار کڕنووشی بۆ دەبات و لە قووڵایی دڵیەوە سۆزی خۆی بۆ دەردەبڕێت. ئەو نەبێ کێ بەم جۆرە وێنەی جوانیی بەرجەستەکراوی زستانی دەربڕیوە!..

ئەوەتا لەناخەوە کەوتۆتە سەرنجدان: دارنەمامە ناسك و بڵندەکان باڵای بەلەنجەولاری ئازیزی گیانی بەرجەستە دەکەن، زریان و کزەی زستان زەرنگەری هونەرمەندو کارامەن، پەنجەی پڕ لە بەهرەو خونەریان لە کاردایە، لەکەرەستەی سادەی سروشتی پڕ لە ئەفسوونی دڵکێش ورشەدارترین پۆشاك و بریسکەدارترین گوارە و خشڵ بۆ نەونەمامەکان دەسازێنێ، بەڵێ مەولەوی بەچاوی دڵ دەڕوانێتە سەهۆڵ و چلوورەی ئاوێزانی قەدوباڵاو لق و پۆپی نەمامەکان و دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| *چ شیرین زەرگەر* | *تۆفی هەوای سەرد* |
| *گۆشوارە ئەگۆش* | *نەونەمامان کەرد!* |

ئەم هۆزانڤانە بەتوانایە، بۆتەنها چرکەو هەنایەکیش نازداری گیانیی خۆی فەرامۆش ناکات و لەناو گلێنەی چاویدا دەیپارێزێت، پتر بەوە شادە لە هەموو دیمەن و وێنە ڕەنگینە دانسقەکانداڕەنگیداوەتەوە و ئاوێنەی باڵانمای هەردەم شەوقیداتەوە.

وەك دەبینین مەلی ئەندێشەی فراوانی بەرزەفڕەو بۆ دوورترین بینۆگەی بێسنوور دەڕوانی و فریشتەکان کەژاوەی بووکی سروشتی ڕازاوەیان بە باڵە بریسکەدارەکانیان هەڵگرتووە، هێورو نەرم ونیان ڕێدەکەن، بۆ ئەوەی هەڵبژاردەی بارەگای یەزدان دیمەنی جوان و بەژنی خۆی ببینێ، وەستای بێهاوتا کەوتۆتەکار، لەسەهۆڵی ڕوون و بێگەرد پڕ بە ئاسۆی فراوان

مەزنتیرن ئاوێنەی باڵانما دروستکراوە، تەمیش وەك هەناسەی هەناوی شەیدا ئەم لاو ئەو لای تەنیوەو ڕەنگینترین چوارچێوەو باڵاپۆشی پێکهێناوە: بە ڕاستی ئەم هەموو تەدارەکە نایابە هەرشایانی بووکی دەگمەنی ئەندێشەی ناسك و نازداری مەولەوییە:

*پەی نیگای باڵای محبووبی بێگەرد*

*یەخ ئاینە گرت، تەم چارشێو ئاوەرد*

کەواتە بە ئاواتی دڵ کەش و هەوا لەبارە، نازدار دانسقەو هەڵبژاردەیە، شوێنیش ئەوەندە نایاب و هەڵکەوتووە لەم زەمینەدا وێنەی نییە، واتە جێی خۆیەتی دڵ ئارەزووی ئاهەنگ و بادەگێڕو شووشەو جامی هەرگیز نەمرو نەبڕاوە بکات، بانگی سەودا بدات و بڵێ:

*ئەی مەحبووبی خاس، بینای تەمام*

*مەنالو پەی بەزم ساقی و شیشەوجام*

مەولەوی لەناو شەختەو گەردەلوول و گێجی بەفری کاوەو کاوی لوتکەی کوێستانەکاندا تکا لە جامگێڕی ئاواتی دەکات که بە هیچ جۆرێك ساردی نەنوێنێ و گوێ نەداتە بەستەڵەکی چلەی سەرسەخت، بە بانگی دڵ هاواری لێدەکات کە گوێ نەداتێ و بێباکانە جامی مەی گیانبەخش پێشکەش بە کۆڕی دەروونپاکان بکات، چونکە دیارە بە نۆشینی ئەو چەشنە مەیە ئەوەندەی تر کەش و هەوا لەباردەبێت و ژیانی نەبڕاوە سەرهەڵدەدات:

*ساقی باك نییەن جە سەردیی دەی، دەی*

*هەوا وەشکەرەن ئەشنەی نۆشای مەی*

خۆ ئەگەر مەیگێڕی زانا بە دەردی دەروون و ئاخی شەیدایانی وا بەستەی کۆڕی ورشەی بارەگای ئەشقی ئەمر درەنگ نەکات و فریای دێوانە سەوداسەرەکان بکەوێت و مەی حەوت ساڵەی چاوەڕوانکراو ببەخشێتەوە، ئەوە ئیتر گەورە ئاوات و ئامانجی هەموو پابەندانی ئەڵقەی یاران و نازداران دێتە دی، بەرلە هەموویان پێشەنگی کۆڕ، کە مەولەوییە، لە گوزە

رگەی ئەشقی دروست و پاکژەوە، بە جامی بادەی لە بن نەهاتووی هەمیشە پڕەوە هەوارگەی ئەمر ڕێبازی دڵ دەگرێتەبەر ..

*دێرەن، با ئێمەیچ ئەی گوزەردەوە*

*جامێ وە دەس نێین، دەس وە سەردەوە*

جا گەر خوا بیکات و بەم چەشنە باردۆخی زستان لەباربێت و هەلی ڕەخساو بلوێ، بەڕاستی هەموو ئەویندارانی وا بەستە خوازیای دەبن ..

لە هۆنراوەیەکی تری زستانیدا مەولەوی چەند وێنەیەکی دیکەی زۆر کاریگەری زستان دەکێشێ .. بێجگە لە خۆی چ شەیدایەك هێندەی ئەو دڵۆپەی ناڵۆزگەرو قورِو لی-تەی وارگەی خۆشەویستی ئەمەکدارو پڕ مەیلی دڵ و دەروونی خۆی لە گیانی شیرینی خۆشتر بوێت و ئەوپەڕی شانازیی پێوە بکات! .. بەڵێ، بەم شێوەیە لە نامەیەکی بۆتەی جۆشها وردوویدا بۆ شێخ ( بەهادینی تەوێڵە ) هەستی خۆی دەردەبڕی و ڕوونیدەکاتەوە لە دڵۆپەکردنی ژوورەکەی سەخڵەت نییە، بەڵکو ئەم هەل و دەرفەتە بە بوارێکی زۆر ڕەخساو دەزانێ بۆ ناردنی نامەی پڕ لە هەستی خۆشەویستی ڕاست و قووڵ لە باڵەنەیەکی خانەقای تەوێڵەوە بۆ خەڵوەتگەی شێخ و پیرو ڕابەری :

*یا شێخ هەرگاوان مەیلەکەی لەیلێ*

*سەر بەسەر وەگیان هەرزانەن خەیلێ*

مەولەوی بۆ چارەسەری کەف و کوڵی دڵی پڕ لە جۆشی هەڵچووی دەگەڕێت، جەستەی پڕ لە کڵپەی ناهەموارو داماوەو جێ بە خۆی ناگرێت، تەنیا چارەسەر هە ئەوەیە بچێتە ناخی هەست و بۆچوونی پەڕەوازیەوە، هۆنراوەیەکی هەناو تاوێن هەڵێنجێنێ بۆ دامرکاندنی کوورەی لە ڕادەبەدەر گەرمی دەروونی. دوای ڕامانێکی دوورو درێژ بۆی دەردەکەوێت هەمان هۆنراوەشە وێنە تەزێنەرەکانی زستانی سەهۆڵبەندان و شەختە بەرجەستە دەکات :

*جۆشی کوورەی مەیلی دڵستانییەن*

*دەواش هەوای فەرد زمستانییەن ..*

پڕ بە واتای ڕێبەندان هەموو لایەك بەستەڵەكەو كەس ناوێرێ درز بە دەركە بدات و سەردەربێنێ، لەبەرئەوە بە ناچاری پەنا دەباتە بەردڵی بێنارامی، سا بەڵكو بتوانێت بەو داماوەدا نامەیەك ڕەوانە بكات : هەموو بوونی لە پڕ دائەخورپێ و لەبەرخۆیەوە دەڵێ :

باشە، وا بە دڵدا نامەم نارد، بێگومان بەرگەی ئەم هەموو بەستەڵەك و سەرماو زەبرە ناگرێت، خۆ ئەگەر بێت و بڕوات گەڕانەوەی بۆ نییە! .. جا باشتر وایە پەنا بۆ كزە با بەرێت، خۆ دیارە ئەو كزەبایەش لەسەرمانا تەزیوە، بۆیە بۆ ئەوەی پێی گۆ بكات و بتوانێت زوو بەزوو گوزەربكات، مەولەوی داوای لێدەكات پەنجەكانی پێی بخاتە ناوجەرگەی دڵە پڕ لە بوركانەكەیەوە تاكو گەرمیان بێتەوەو وەخۆكەون:

*ئەسیم پەنجەی پات ئەو سەردی كێشان*

*بدارەش ئەتۆی دڵ دەروونرپێشان*

دوای پەنابردنە بەر كزەبای تەزیوی زستانە، مەولەوی بە بانگەوازی دڵ تكای لێدەكات هەر گەیشتە بەرەوەبە ئالەو كرووزەوە دووتاك هۆنراوەی دڵتاوێن پێشكەش بە نازداری دانسقەو مەزن و بالای بكات و پێی بڵێ : باڵەخانەی سەرچەمەكە، كە ئێستا شێت و شەیداكەی ئەشقی تۆی تێدایە، بە وێنەی چاوە هەمیشە تەڕەكانی وا دڵۆپە دەكات، نە لەم لاوە ئارامێك هەیە نە لەولاوە دەتوانێ پەیوەندییی ڕەوانی لەگەڵ ڕابەرەكەیدا بكات. دیاریشە بانیچەی ژوورەكەو دیدە پڕ لە گلاراوەكانی بە خاكی دەرگا ئەءكت ماڵە كێشراون، سا ئازیز زەحمەت بكێشەو بفەرموو لایەكی لێبكەرەوە فریایكەوە، تەنیا جارێك سینە پێسسەكیان پیا بێنە، با لە لایەكەوە فرمێسكی چاوەكانی بوەستێت و لە لایەكی دیكەشەوە دڵۆپەی باڵەخانەی چەم بگیرسێتەوەو كۆتایی بێت، ئەویش لە هەردوو سەرەوە ئارام و ئاسوودەبێت :

*باڵەخانەی چەم دێوانەكەی تۆ*

*با نەناو وەخاك ئاسانەكەی تۆ*

*تكەش عاجز كەرد خەیاڵت تێشدا*

*ئازیز بو جارێ پا بنیە پێشدا*

## بەهارە گەشت

وەرزی بەهار، سەرانسەر وەرزی ئەوینی کلپەدارو گەشانەوەی لالەزارو نالەی دڵی دڵدارو چریکەی ناخی بولبولی بەهرەدارە، لەسەردا هارەی بەفراوە، لە دامێندا گریەو زاریی شەیدای زەدەو داماوەو دەڕوانێتە ترۆپکی هونەری سروشتی مەست و خومار، حەزرەتی مەولەویش پێشڕەوی دەروونرێشانە، بە تین و گوڕی ئەشقەوە کوڕی وا بەستەو شەیدایانی سەرچاوە ئاسای کوێستانە سازگارەکان بەرەو دوندی ڕەنگین دەبات و لەبادەی ئەشقی لوتکەو سەرچاوەو گوڵاڵە ئاڵو واڵەکان جامی سروش بەخشیان بە زرنگەو سازو بەزمی هەناوی وروژاوەوە بۆ دەگێڕێ، تاکو ئەوەندەی ترو هەتا هەتایە گیرۆدەی بەندی ئەوینی پیرۆزبن و بەتەواوەتی ئاوێتەو ئاوێزانی تان و پۆین .

هێندەی ژمارەی دڵی دڵداران، چرۆ و گوڵاڵە و هەڵاڵەو گوڵی سەرا پا کوردستان، مەولەوی بە هۆنراوەی ناسك و پاراوی پەڕی دڵناسای وێنەی هەمەڕەنگ و کاریگەری سروشتی ڕەنگینی کێشاوە، لەم دەرفەتە کەمەشدا تەنها چەند وێنەیەك بەسەردەکەینەوە.

لە بینۆگەی ورشەداری تایبەتەوە دەڕوانێتە بارەگای گەردوون و چاوەڕێی مزگێنی سەرەتای گەشانەوەی ژینی نوێ و بەهارە، تاکو ئەویش مژە بەهەموو یارانی ڕێبازی هاودەرد بدات و شادی ببێتە ئازیزە میوانیان و کەمێك خەمی پەنگ خواردوویان بەبا دەن و هەناسەیەکی شادی هەڵمژن، هەوەتا بە بانگەوای دەروونی، قاوی ڕەوان بە هاوڕازان دەگەیەنێ، سەرپۆشی لوتکەش وێنەی مانگی یەك شەوەی کێشاوە، کەواتە سەرەتای مانگی ئەشق و شادی و ئاهەنگی دڵانە گەرمەوەرزی سەیران و گەشتە، : تکا لە یاران دەکات سەیری سەربەرزان بکەن و بە چاوی خۆیان ببینن:

*بەرزان هیلال پاروارواں قەراردا*

*غورەی شەهری شۆر دڵاں دیاردا*

دەبا یارانی هاودەم بەرەو سەیرانی کوێستانی گەشاوەو بەهرە بەخش بەڕێ بن، تێر تێر بڕواننە ئەو دیمەنە دڵکێشانەو ئەوەندەی تر سروش لە ئەشقە ئەمرەکەی کوردستانی

شیرین وەربگرن، دیارە چیمەنی فەرشی سروشت لە هەموولایەکەوە شوێنی حەسانەوەو ئارامگرتنی نازداران بێت، گوڵان جا میمەی ڕوون و دانسقەیان ئامادەکردبێ، کەبەیەك نیگای چێژی ناوی ژیان دەزێتە زار، بولبولانی گەرو زولاڵیش بەم دیمەنە ڕەنگینە ئەوەندەی تر نووقمی دەریایی مەستی بن و چریکەی ڕیشە کێشیان هەڵبڕیبێ، دیارە جەستەی کۆڕی یارانی سەودا سەریش بەجاری داماگو زەبون دەبێت و یەك پارچە لە پەلو پۆ دەکەوێت:

*سەوزەو ستەن فەرش ئەو چەمەن دەس دەس*

*گوڵان جام وەدەس بڵ باڵێ سەرمەس*

حەزرەتی مەولەوی بۆخۆی وا بەستەی چاوەی ڕوونی بەردەوامی هۆنراوە بووەو چۆنی ویستبێ بەو چەشنە پەیکەر سازی نەخشینی لە بواری هۆنراوەی بەرزو بالأدا نواندووە.. کاتێ خۆی لەناو مێرگی گوڵانەی ئەو باهاری خەندەران و خوماردا، لەناوچەرگەی ئاسکترین کۆڕو سازگارترین سەرچاوەو چەشنەو خۆشبۆترین بۆناو بلندترین عەرشی پەروەردگارا بینیوە، یەکەو راست بالا گەردانی ئەو وێنەیە بووە کە هەمیشە بەگیان دلبەنگی بووە، بۆیە دەفەرموویت:

گوڵاکان هەر بەوێنە گۆناو ڕوومەتی نازدارەکەم ئاسکترین جوانیان پۆشیوە، بەفراوەکانیش بەوێنەی لافاوی فرمێسکی سەر ڕێژی چاوەکانم هاتوونەتە جۆش و خرۆش، نی ئەوە نییە لەبەر دووری نازدارو نەدیتنی، هیچ کاتێ فرمێسکی دیدەم کۆتایی بۆنیە:

*گوڵ چوون ڕووی ئازیز نەزاتەت پۆشان*

*وە فراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان*

لە گەرمەی تافی هەڵچوونی کەف و کوڕی سەرچاوەی زەڵمیشدا مەولەوی بۆتە میوانی ئامێزو ئەشقە ئەمرەکەو ئاوێزانی وروژانی باری دەرونی سەر ڕەوێلی دێوانەکانی وارگەی سەودای پاکژو بێگەر بووە، باری ئاهەمواری تاڤگەی زەڵمی بەرجەستەی سەرەڕۆو بێ ئارامی خۆیدا بەدیکردووە، لە وێنەیەکی هۆنراوەی دیکەدا، زۆر داهێنەرانەو بە لێهاتوویی دەگمەن و ئاسکی ئاخییەوە ئەم دیمەنە دلگیرە بەرجەستە دەکات..

بەرە بەیانی بەهارەو گەرمەی سەیرانە، جۆش و خرۆشی دڵی بۆتە ئاساش بەرەبۆتە ویژەی شەیدایان، هەرچی گوڵ و گژوگیا و چرۆی هەردوو کێوە، بە وێنەی دیدەی وشکەو نەبووی بێخەوان و شەو بێدارن نمی شەونمی ورشەدار کەوتۆتە سەر گۆنایان:

*وەهارەن، سەیرەن، سەوزەی دیاران*

*ئەم کەوت ئەدیدەش چوون شەو بێداران ..*

بۆ حەوانەوەی دڵ شەکەت بووەکانی کاروانی بێبەرو دوای ئەوینی تاسەر، گوڵەکان ڕازاوە ترین سەیوان و خێوەتی دانیقەیان هەڵداوە، فریشتەی شادی باڵی بەسەر هەموو لایەکا کێشاوە:

*پەی دڵەی مانیای دەروون مەلاڵان*

*سایە بەستەوە خەیمەی گوڵاڵان*

مەولەوی پتر ئاوێزانی کەژەکان دەبێت و سەرنجی دەوروبەری ژین بەخش دەدات و بانگی هەناوی پڕ لە ئەوینی، بەخۆشیەوە هەستی دەرونی دەردەبڕێت و دەڵێ: بەخ بەخ لەشنەی ڕەوان بەخشی سەر لوتکەکان، خەی لە ئلرەو هاژەی تاڤگەی زیوی گەش و ڕوون و ئاوی کەری چەمی زەڵم :.. لە هەمان کاتیشدا پیرۆزبایی خۆی بەرانبەر بە چەرخ وخولاو خولی سەرچاوەی چەرخ، واتە زەڵم، دەردەبڕێ، کە بەردەوام و بێ ماندووبوون، بە ئەشقی لە ڕادە بەدەر، بێ پەروا، دێوانەکەی سەودا سەئاسا خۆی دەدات بەدارو بەردو تاوێرو لا پاڵی شاخدا، شەکەتی و بێزاری و نوجدانی بۆنییە، لەهەمان کاتدا هەموو توانجو پلارو ئاو ئاتۆرەو خەوشێکی وەلا ئاون و سەرقاڵ و جەنجاڵی جستەی پڕ جۆشی ئاوبۆتەی ئەشقی بالای یەکلایی و ڕەوان و دروستی خۆیەتی ئاگای لە دەوروبەر نییە:

*های جەشنوی وەش روح ئەفزای تـاوان*

*ئـای جەشاحەی تـاف سافی سەرەوان*

*ئەك چوون تـافی چەم تـەڕ ئەسرینی چەرخ*

*(( بارەکەللە )) چەرخ، هەی ئافەرین چەرخ*

*چەنی جەهەستی ونیت تـەواسایت*

*چەنی جوشی ئەشق مەجنوون سایت*

*بدیە چوون هوردان وەنام و ئەنگدا*

*بنیەروا مدو وێش وەرووی سەنگدا:*

تا ئێرە لەگەڵ هەندێ وێنەی بەهارا گەشتی خەندە ئامێزی مەولەویدا بووین، ئێستاش نۆرەی ئەوە هاتووە لە خەمی گەورەو گەورە کۆستی دا بەشداربین، چەند ئاهێکی جەرگ بڕ هەڵکێشین و بە خوڕ فرمێسکی گەرمیش هەڵڕێژین . .

ئەوەندەی ئەم شاعیرە هەست ناسکە چێژو بۆی خۆشی و شادیی لە بەهار بینیوە، بەچەندان هەزار ئەوەندە کسپەو کزەی جەرگ بڕدڵە د پەڕی گوڵناسکەی گۆناو دەرکردووە، بەزامی چارەسەرنەکراوی ناهەموارەوە تلاوەتەوەو بەناڵەی دەروونی بانیچەی عەرشی بەرینی شەقکردووە.

چەندە ستەمە سەر ئەڵقەیەکی کۆڕی شەیدایانی وەك مەولەوی، لە گەرمەی ئەو بەهارو وەرزی گوڵ گەشتا خۆشەویستترین ئازیزی گیانیی، مەزن ترین و پیرۆزترین سەرچاوەی سروشی هۆنراوەو نووسینی، لانی بەرینی ئارام و هەست و دەروونی، هاوسەرو هاوڕازی خەڵوەتگەی پیریی، هاوڕێ کاروانی تەمەنی دووروودێژی، لە ئاخروئۆخری دوا ساڵەکانی ژیانیدا ( عەنبەر خاتوون )ی سەراپا عەنبەر بۆ دوا جار چاوە جوانەکانی لێك نێو گەورەترین کۆستی بکەوێت و جیهانی رۆشنی لێبێتە شەوە زەنگی نوتەك و گلکۆکەی بکاتە هەوارگەی هەمیشەیی و شەو ڕۆژ بە دیاریەوە دانیشێ و هەر ئاهی ساردی جگەر تاوێن

هەڵکێشیٚ، کسپەی بگاتە کەشکەلاوان و بە ناسۆرەوە بلێ : بۆچی نەبێ لەم هەموو سەر زەمین و دەوروبەرەدا تەنها هەر بەختی من پێچەوانە بێ و لە هەمووان کولۆلترو بەدبەختتربم .. ئەی ئەوە نیە لەگەرمە وەرزی گوڵانی ڕازاوەو تریفانەوەی سروشتە نازدارەکەی کوردستاندا، لەنەو بەهاری دیداری خۆشەویستاندا گوڵی ژینم هەڵوەری؟! .. دەی گەلی یاران، ئێوەو خواتان لەکام سەرداماو کێ وەرزی وا بەرپێچ و کە چرەفتاری دیوە؟!..

مشیۆ تاڵەی من خیلافنەنگێزبو

وەرنەکەی، کی دی وەهار گوڵرێز بو؟!..

شیاوی گوتنە حەزرەتی مەولەوی چەندان سۆگوارو شیوەنی بە کوڵی هەناو تەزێنی بۆ هاوسەرە دڵسۆزە مشورخۆرو پاڵ پشت و ئەمەکدارەکەی دارشتوون و بە بانگی بەرز تەختی گەردوونی هەژان دووە، لەو تەمەنە زۆر و بەساڵا چووەدا بە چەشنێك لاواندوویەتیوە، هیچ مەجنونێك بۆ لیل، هیچ ( وەلی ) یەك بۆ شەم و هیچ شەیدایەکی دێوانە بۆ نازدارەکەی نەیکردووە، ئەوەشمان لەیاد بێ لەو سەردەمانەداو بە پێی دابونەریتی کۆمەڵ نەکراوەو نەشیاوەو بۆ پیاوی پیاوانە نەهاتووە لە بەرچاوی خەڵك تەنیا ناخێکیش بۆ کەیبانووی کۆچکردووی هەڵکێشێ: بەڵام مەولەوی ڕێچکەی شکاندووە، هەموو توانج و پلارو قسەلۆکێکی وەلا ناوە، بەو هەموو پلەو پایە زانستی و خواناسی و کۆمەڵایەتییەوە، لە دڵی بێگەردو ناخی راست و دروستییەوە، دوور لەگشت ڕووپا مایەك بانگەوازی لانەوێرانی خۆی بەرز کردۆتەوەو بە گوێی هەموو لایەکیدا داوە ماڵ وێرانی تەنیا بەرۆکی ئەوی گرتووە، ناتوانێ پەنا بەرێتە بەر هیچ کەس و دامێنی بگرێت و هیچ کەسیش ناتوانێ فریایی بکەوێت:

*یانە وێرانی هەر بەمن ئامان*

*مەتاوو گرتەی کەسێونی دامان:*

کەسێك بەم چەشنە گەورە کۆستی بکەوێت، هەڵبەتە سەرا پا ژینی ئاوەژوو دەبێت و سەری لێدەشێوێ .. جەستەی مەولەویش لەم دەردە ناهەموارە بەدەرنیە، والێکدانەوەی، گفتوگۆو گوزارەی، هەموو ڕێچکەی ژینی بەجاریٚ ژێرو زەبەر بوون و تەواوداماگە .. لێقەومانی سەرەو پیری لە هەموو دەردێك پتر مرۆڤ کۆمڕدەکات و نووچی پێدەدات، دیارە زۆر تر ئەوانە هەستی پێ دەکەن لە نزیکەوە زەدە بووبن، ژاراوەکەیان چەشتبێت و بەدەستیەوە گێن گلیان خواردبێ: خۆنەك وەك ئەم دانا بەتوانا ئەمرەمان، ئەوەتا بە زاری خۆی پێدێت حاڵی ئەوەندە ژلۆقو شڕە تەنانەت سەورای هۆنراوەی شێواوەو بۆچوونەکانی بێ سەرو بەرن، چونکە کێڵگەی بەختی شۆڕبۆوەو هیچ بەرهەمێکی نیە و سەرا پا وشك و برنگە و شینایی تێدا بەدی ناکرێت، ئەستێرەی چارەنووسیشی نادیارو چەپەکە، هەر خونچەی ئاواتی ئەو پێوارەو سەری دەرنەهێناوەو بە نائومێدی ماوەتەوە : بۆیە ڕوو دەکاتە کۆڕی یارانی هاوڕازو تکایان لێدەکات کە لێی نەگرن، چونکە دەردی گەلێك گرانەو چارەسەریش زۆر سەخت و پەنهانە:

*مەتام مەکەردی، گرانەن دەردم*

*ئەرشێو یابوو قافیەی فەردم*

*فەریاد جەشۆرەی ئەرزی چارەی من*

*هەر سەوزەی موراد من نادیارەن*

*داد جەهەوای شووم بەد ستارەی من*

*هەر نەوگوڵاڵەی من نە پێوارەن :*

### هاوینە گەشت

قۆناغ بە قۆناغی وارگە پیرۆزەکانی حەزرەتی مەولەوی، هەمیشە لە نوێ تین و جۆششی ڕەوان نوێ دەکەنەوەو جامی بادەی ئەشقی نەبڕاوە پێشکەش بە هاودەردان، ئەم شاعیرە

بەهرەمەندەمان ئەوەندە کارامەی، تەنانەت لە گەرمەی قرچەی هاویندا چەندان تابلۆی زۆر کاریگەرو هەژێنەری گەرمەسێرمان بۆ دەنەخشێنێ.

واچلەی هاوینەو گەرما تینی سەندووە و ئاگر بارانە، ئەم وەرزە لە ناوچە گەرمە سێرەکاندا هاوتایی دڵ و دەروونی قرچۆلی مەولەوی دەکات، گەرما هێندە لە ڕادە بەدەرە، چیمەن و گوڵزارو هەموو لایەکی هەڵپڕووکاندوون، لە هەمان کاتیشا ژیلەمۆی بە لانەو هێلانەی دڵاندا وەشاندنەوەو چریکەی بولبولیش لە هیچ لایەکەوە نابیسترێ: مەولەوی بەر لە هەمووان هاوار دەکات و دەڵێت:

*هامن، ها، من وار گەرمیش جوش ئاوەرد*

*فەزای ئەزمی بەزم ئەوکولاڵان بەرد*

*بووڵ وەیانەی چەم ئەوگوڵاڵان شەند*

*چەمەن بێنەوای ناڵەی بلبل مەند..*

کە سەرنجی لاپاڵە سەختەکان دەدات و دەبینێ وا تاڵ تاڵی بە ڕەزای سەوزو جوانی سەر ئەشکەوتەکان ڕەنگ زەردو زەبوون و شێواون، هەر بە وێنەی زولفی نازدارانی ئازیەتبار ورشەو بریسکەی جارانیان نەماوەو بە گرەو گەردە لوولی گەردوون دەسکەنە کراون، ئەوەندەی تر دادەمێنێ و قرچەی هەناوی بلندتر دەبێ،

*تای بە ڕەزای شەنگ نە پای موغاران*

*شێونا چوون زولف تەعزیەداران*

سەرا پا وەرز هەر ئاگری ڕووتە، لە ئاسمانەوە گڕبارانەو دەوروبەری تەنیوە، دڵیش کلپەی بەرزەو بەختی سەرەنجامیش هەر گڕو کلپەی ناهەموارەو دەرەتان نەماوە: بۆیە لە ناخەوە، بێقووت و گرێ هاوار دەکات:

*هەوا ئایرین، سەروەخت ئایرین*

*دڵە ئایرین، بەدبەخت ئایرن..*

لە ئەنجامدا بە چاوی دڵ ناکامی خۆی دەبینێت و دەزانێ کەمێك سووتماکی دەمێنێتەوە، پاشان بادەگێڕیش بە جامی پڕی ئاگرینەوە دەچێتە سەری و فریای دەکەوێت:

*وەی یلێسەوە گەردنیم باقییەن*

*وادەی ئایرین بادەی ساقییەون*

کاتێکیش لە گەرمەی تینی هاویندا خاڵۆی گیانیی حەزرەتی مەولەوی، کە ئەحمەد بەگی کۆماسی بووە، دوورخراوەتەوە بۆ ناوچەی ڕەشت و گێلان، بە جارێ ئارام لە مەولەوی بڕاوە ڕەشە دووکەڵی هەناوی بەری ئاسمانی گرتووەو گلەیی بێکۆتای لە چەرخی چەپگەرد و خولی ناهەمواری ڕۆژگار کردووە: با گوێ لە ناڵەو دەنگی دەروونی بگرێ : ئەی چەرخی چەواشەو لاسارو کەچڕەفتار، جەرگت هەلا هەلابێ، ئەمە کاری کردەیە وا بەم چەشنە خاڵۆت لە من دابڕاندو دوورتخستەوە؟!

*جەرگت لەتلەت بۆ چەواشەی چەپگەرد*

*خاڵۆت جیاکەرد، یەکاربی تۆکەرد!*

پاشان بە پلارو توانج وگلەیی و بناشت بەردەبێتە دڵ و دەروونی خۆی و دەڵێ، ئێستا ئەو لەناو گرەی پڕووزێنەردا گیری خواردووەو داماوە، هەموو بوونی هەر ئازارو خەمە، کەچی تۆ بە شنەو بەفراوی کوێستان خۆمارو کەیلی، دەك کوێراییت دابێ ئەمە کەی مەرجی دۆستایەتی و ئەمەکدارییە! ..

*ئەو سەبوون سفتەی پەرِ داخ بنێپەرداخ*

*تۆ بۆی شنوی بای ئێلاخ نە دەماخ*

*چ وەختەی دڵەت جە شادی کەیلەن*

*دەك لێلاویت بۆ، یە وەفاو مەیلەن؟!*

*ئەو تەشنەی ڕای چۆڵ، سای گەردەن بێگەر*

*تۆ سێراو نە پای وەفراوانی سەرد*

## پاییزە گەشت

لە دوا وێستگەی بێکۆتای خولاو خولی وەرزە گەشتی دڵ و ڕەوانی (حەزرەتی مەولەوی)دا، لە وارگەی خەمگین و دڵگیری پاییزداین و بەهەموو هەست و بوونمانەوە گوێی بۆ شلدەکەین.

وا سەرەتای وەرزی خەزانی ڕەنگینە، وردە وردە کزەبای کوێستانەکان هەڵدەکات و پێشەنگی پاییز لەسەردا دێت. بەرگی سەوز دامێنی سروشت گوڵگوون و ڕەنگاو ڕەنگێکی خەمنامێزە، سیوەیل هەموولایەکی ڕەشتووەو لوتکەی هونەری بێهاوتای خۆی نواندووە، پەلك و پەلوپۆی ئەونەمامەکان کەوتوونەتە لەرزەو بەم شەماڵەوە دێن و دەچن، بەرە بەرە هەڵدەوەرێنە دامێنی ئەونەمامان، بە کاڵای زێڕباو ئەوەندەی تر ڕووی زەمینیان ڕازاندۆتەوە .. هەرچەندە دیمەن ئاڵووالآو زۆر دەگمەنە، لەگەڵ ئەوەشدا چرکەیەك لە کرۆکی دڵەوە بەرپا دەبێت و بە مووچرکەی داخورپین ئاخ دادەهێزرێت، چونکە هەوارگەی ئازدارانی باوان پەرانپەڕ سەرماوکزەی هەناو تەزێنە، هەر ئەندێشەی قووڵ و جەرگبڕە، هەموو دوندو سەرهەردەکان کپ و مات و چۆڵن، گشت لایەك بۆنی کەمتەرخەمی و بێمەیلی لەیل دەدات، بێگومان بەمەش ئەوەندەی تر هەناوی هۆزانڤان و هاوهەستانی پێپەست دەبێ:

*فەسڵی ئەو پاییز تازە کەردەن مەیل*

*شەماڵ هەرزانکەرد ڕەشتەی ئە سیوەیل*

*گێجی سەرکاوان جە سەردی بێن کەیل*

*بۆ مدان چوون بوی بێوەفایی لەیل . .*

لەوێنەو دیمەنێکی دیکەشدا مەولەوی هەرچاو لە ڕێیە، سا بەڵکو کۆچ و بنەوبارو تەلیتباری دۆستی گیانیی دەرکەوێت و هەموو بوونی ئارامبگرێت، دوای چاوەڕوانییەکی زۆرو وەدەرنەکەوتنی ئازیز، وای بۆ دەچێت سەر ڕەوێڵی ئاسکە ئەمامان هێشتا تاسەی هەوای هەوارگەی دامێنی نەکردووەو هیچ دەنگێکی نییە:

*زیلەی تەلیتبار کۆچی ئەوهالان*

*تەنسیرش نییەن ئیمسال چوون سالآن*
*یەقینەن سەرخێل نازك نەمامان*
*نەکەردەن هەوای هەوارگەی دامان*

پاشان چاو دەگێڕێت و بەدوای چاوەندازی نیازی خۆیدا وێڵە، دەڕوانێتە دەشت و دەۆ، هەردووکێو، کلآوەو کلآوی ترۆپکە سەرکەشەکان. کە دەبینێ هەوری نەوپاییز یەکە بە یەکەی وارگەکان بەسەردەکاتەوە، دەنالێنێ و بەوێنەی هەردوودیدەی فرمێسکی بەخوڕ دەبارێنێ، دڵنیادەبێت کە ئەویش وەك خۆی زەدەی دەردی دووری دابڕانەو بەدوای ئازیزدا وێڵە :

*هەوری نەو زار زار کلآوە و کلآو*
*مەگێلو، ئەسرین مەڕێزو وەتاو*
*ماچی ئەویچ دەرد هیجرانش وەردەن*
*یا چوون من بالآی ئازیز گمکەردەن . .*

مەولەوی گەلێك دەترسێ کە وەیشومەو کەش و هەوای ئالۆز کاربکەنەسەر تەندروستیی نازدارەکەی، ئارامی لەبەر دەبڕێت و گێنگڵ دەخوات، بە پەلە پڕوزێ و لەناخەوە بە هاواری گیانیی تکای لێدەکات دەسبەرداری کوێستان و هەوارگەی ساردو سڕبێت و بەرەو دامێنی گەرمەسێری خۆشەویستان بکەوێتە ڕێ، بە تایبەتی ئاسکۆڵە چاوبازەکان پۆل پۆل چاوەڕوانن بە دیداری شادبن :

*جەڵەو جەڵەو گەل سپی تەتاران*
*دیمی دیدەکەت وەچەم مداران*
*ئێلآخان سەردەن، بازەشان، ئامان*
*گەرمەسێر وەشەن، بورێ وەدامان . .*

**خوازیارم لە گەشتە نەبڕاوەکانی دڵی ( حەزرەتی مەولەوی ) دا سروەی شادی بووبێتەوە هاوڕازی گیانی هەمووان و هەمیشە سەر لە نوێ لە گەشتی سەرفرازی و بەختەوەریدا بین . .**

سەرچاوەکان :


١. پیرەمێرد نەمر، دیوانی مەولەوی، نەسڵ و ڕووح، دووبەش ( ١٩٣٥-١٩٤٠ )

٢. عەلائەددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم ( ١٩٧١ ).

٣. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دیوانی مەولەوی ( ١٩٦١ )

٤. ا.ب هەوری، مەولەوی، ( ١٩٧٢ )

٥. عەلی شێخ عومەر قەرەداغی، مەولەوی و سروشت، ( ١٩٧٨ ).

٦. د. ئەنوەر قادر جاف، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی/ نامەی دکتۆرا.

٧. عوسمان محەمەد هەورامی، کەشکۆڵی حاجی مەحموودی یارودیس، ( ١٩٩٨ ).

٨. هەندێك دەستنووس.


عوسمان محەمەد هەورامی

سلێمانی : ٢٠٠٠/٥/١٠

# دەرگایەك بۆ تێگەیشتن لە هۆنراوەكانی مەولەوی

رەئوف عوسمان

MAWLAWI.KRD

# دەرگایەك بۆ تێگەیشتن لە هۆنراوەكانی مەولەوی

نووسینی: ڕەنوف عوسمان

ئەگەر دەق دەسەلاتێکی ڕەهاو گرنگ بێت و سنووری گشت کات و جێگاکان ببەزێنێت، دیارە ئەو دەسەلاتە گرنگ و خەتەرناکە زادەی بیرو خۆرپەو ڕاچەنینی کۆمەڵێك نۆرگانی تایبەتی داهێنەرەو زۆر بە بەخشندەیی پێشکەشی خوێنەرو فەزای کاتەکانی دەکات و وەك ڕۆڵان دەڵێت، ئیتر جلەوی گرنگی دەقەکە دەدرێتە دەست خوێنەرو ئەویش بەئارەزووی مێك و دڵ، مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، واتە ئیتر خوێنەر دەبێتە خاوەن قەواڵەو نووسەریش لە دەرەوەی ئەو جوغزەدا بەسەرسامی یەوە لە نێوان ئەو دووحاڵەتە مۆلەقەبییەدا ڕادەمێنێ، خەم و خورپەی داهێنانەکانی دەکەوێتە بەر مەترسیترین سەفەری هات و نەهاتی هەڵچوون و داچوون، بێ ئەوەی لە توانای داهێنەردا هەبێت دڵۆپە ئاوی ڕایەکی نوێ برژێنێتە سەر ڕووبەری دەق، جگە لە ڕوونکردنەوەو لێکدانەوە! بەلام کاتێك کە نووسەر دەچێتە جوغزی فراوانی خوێنەر، دەشێت ببێتەوە خاوەن دەق، بەلام لەچوار چێوەیەکی چۆنیەتی ترداو بە بۆن و بەرامەیەکی تایبەت ترەوە، با لە ڕوانگەی خوێنەر لە لایەك و داهێنەر کە مەولەوی پایەبەرزە لە لایەکی ترەوە سەرنجێ بدەینە ئەو بونیادە ڕەخساوەی کەهەمیشە لە تازە بوونەوەو کاژ فرێداندایە، نەك بەتەنیا لەسەر هێڵی بەیانی کاتەکانی دوای ئەفراندندا، بەڵکو لە خودی چرکە بە سام و ژانە شیعریەکانی مەولەویدا، دیارە لە سەرتای تەقینەوەی کانیاوی داهێناندا چە پکێ بۆچون و خورپەی جیهانبینی نوێ سەردەردێنێ، بۆئەوەی خوێنەر پتر ئاشنابێت بەو جیهانی ئەفراندن و توانەوە لاهۆتیەی مەولەوی، دەبێت داهاتوو گەرایی لە گەشترین حالەتدا سەرچاوە بگرێت، ئێمە لەم ڕوانگەو پێودانگەوە هەوڵی دۆزینەوەی ئەم

کلیلانە دەدەین کە لەنزیکەوە بتوانین قەلاّی سەختی داهێنانەکانی مەولەوی بکەینەوەو تا چاویش بڕکات بە دوای هەتوانی زامەکانی و شەو دەستەواژەکاندا وێڵ بین، دیارە ئەم وێڵ بوون و کێومالّ کردنە بۆ کردنەوەی تەلیسمە داخراوەکانی خۆی لە خۆیدا رام کردنی قەلاّسەختەکانی دەقە، واتە دەقە نەمرەکانی مەولەوی ئێمە دەخوێننەوەو رامان دەکەن و گەنجینە زانیاریەکانی ناخمان دەهەژێنن و دەمانخەنە سەرفەزای جیهانێکی تایبەت بە هەموو جوانیەکی ئەفســــووناوییەوە، واتە ئەگەر خوێنەر گەنجینەیەکی پێش وەختەی ئەدەب لە مێشك و هەناویا نەبێت، دەق هەرچەندە بەهێزیش بێت، ئەو کاریگەریە هونەریەی نابێت، چونکە وەك هاوکێشەیەکی مردووی لێ دێت، من پێم وایە کلیلەکانی شیعری مەولەوی هەروا بە ئاسانی ناچنە گیرفانی هەموو خوێنەرێکەوە، تا لەم بوارانەدا زانیاریی وردی نەبێت.

١- بەلاغە: بە هەر سێ بابەتەکەیەوە (معانی- بیان- بدیع)، دیارە ئەم زانستانە فرە لك و پۆپن و لەگەلێك هونەری دەدەن، بەلاّم ئەوەی جێی سەرنجە ئەو شوێنانەی کە هونەرەکانی جناس، طباق ، توریە، تشبیە، حسن التعلیل، استعارەی تەخیلی، تیا بەکارهێناوە، زۆر سەرکەوتوە، چونکە هەست بە خۆنەزێت دان ناکرێت، لەلایەك و بەکارهێنانی ئەو هونەرانەش لە خزمەتی دەولەمەند کردنی واتاکەدا توظیف کراون و ئیشراقێکی واتایی قووڵیان بەخشیوە بە حاڵەتی لە دایك بوون و بزواندنی خورپە تایبەتیەکانی دڵی خوێنەر. لە بونیات نانی (توریە)دا مەولەوی زۆر بە لێزانانە کارەکەی ئەنجام دەدات، چونکە لە سەرەتادا خوێنەر ئەخاتە سەر کەلکەڵەی واتایەك و ئیتر وا هەست دەکات هەرچیەك دوای ئەوە بێت درێژە پێدانی ئەو واتتایەیە لەسەر هەمان پێودانگ، بەلاّم لە پڕێکا واتا سەرەکی و ویستراوەکەی خۆی سەرهەڵئەداو سەرهەڵدانەکەش دەبێتە وزەو

تینێکی نوێ و بارێکی سایکۆلۆژی، کە بریتیە لە کشفی دورگەیەکی نەزانراوی واتایەکی قووڵ و دڵۆڤانتر .

هەر بۆ نموونە مەولەوی دەڵێت:

*کوێستان خاڵ خاڵ بەفری ناچێتۆ*

*یارم تۆراوەو ئاشتی نابێتۆ*

خوێنەر لە سەرەتادا هەر نیوەی دوەمی بەیتەکە سەرنجی بە گەرمی ڕادەکێشێ، چونکە باس باسی یارو تۆران و ئاشت بوونەوەیە، دیارە ئەم حاڵەتە لەزەت ئامێزانە زمان حاڵی هەموو پەیوەندیەکی نێوان نێرو مێن، بەڵام خوێنەر کاتێك بە خۆی دەزانێت کە باس لە لێژبوونەوە گلۆڵەی تەمەن و دەرکەوتنی یەکێك لە دیاردەکانێتی، کە سپی هەڵگەڕانی سەرو ڕیشە، ئەرستۆ ڕای وایە کە یەکێك لە ئەرکە گەورەکانی شاعیر بەجوان و ئەوازە پیشاندانی حاڵەتە نێگەتیفەکانە، بۆ رام کردنی خوێنەرو دروست کردنی فەزایەکی پۆزەتیفی لە نێوان دەق و نووسەرو خوێنەردا، دیارە مەولەوی توانیوێتی ئەم مەبەستە دابین کات، بەوەی کە پیرێتی بەهەموو دیاردە دژواریەکانیەوە لێك بچوێنێ بە کوێستانی خاڵ خاڵ، واتە تێکەڵە لە نێوان ڕەش وسپیدا، واتە : بە جوان پیشاندانی ئەو حاڵەتە دژوارە. هەر لەهەمان بواری هونەریدا مەولەوی دەڵێت:

*قازان قەتاران قوڵنگان حەوایی*

*حەیفەن باڵاکەت شەو بەتەنهایی*

لەسەرەتادا سەرنج ڕاکێش نیوە دێڕی دوەمە، چونکە باس لە باڵای یارە، بەڵام بە تەنیایی! کەئەمە خۆی لە خۆیدا بزواندنی جۆرە هەستێکی تامەزرۆیی و دابڕانە لە نێوان

شاعیرو یارا، بەڵام لە واقیعدا باس لە مردنی یاردەکات، چۆن؟ لە نیوە دێڕی یەکەمدا، قازان واتە مەنجەڵ ڕیز کراوەو ئاویش گەرم کراوەو لە هەمان کاتیشدا پاچ و قوڵنگ بە ئاسمانەوەن و گۆری یار هەڵدەکەنن، هەر چەندە شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا (قازان قەتاران قوڵنگان حەوایی) زۆر هونەرمەندانە ویستویەتی خوێنەر بخاتە داوی فەزای (قازو قوڵنگەوە) کە دوو جۆر باڵندەن و لەبەهاراندا بە حەواوە ڕووەو کوێستان و ئێلاخ ڕەوەدەکەن، دیارە هەردوو حاڵەتەکە هەر ڕەون ئەمیان تەمەنی مرۆڤ و ئەویش باڵندە، بەلاغلیەکان هونەری (إستیغدام)، یان هەندێکیان (ئیعاء) یان داناوە بۆ ئەم جۆرە هونەرە، بەڵام نابێت خوێنەر ئەوە فەرامۆش بکات کە مەبەستە سەرەکیەکە هەر (توریە)یە، شاعیر لە نێوان ئەو دوو هونەرەوە (إستیغدام – توریە) توانوویشەتی کەرنەڤاڵی داب و نەرێتی بە خاك سپارنی مردوومان پیشانبدات، بەستنەوەی هەر دوو بەری بەیتەکە ئەو هەمبەریە (تەوازن) زەینیە لە زەمەنێکی بروسکەیدا هێندەی تر بارگە ئەکات، ئەوەی شیاوی وتنە چەتری تەمێکی قوڵی کێشە ئەنتۆلۆژیەکان نیشتووەتە سەر بەیتەکەو بە هیچ کلۆژێك لێی دانابڕێت، چونکە مردن ئەو قودرەتە ئەفساوناوییە کە هەموو شت دەبێت لەبەردەمیا چۆك دابداو هەڵبوەشێ، جگە لە خودی خۆی کە بووەتە تاپۆیەك و تارمایەکانی تر لە ترسی چنگ و پەلە خوێناویەکانی هەرگیز ئۆقرە ناگرن.

یەکێك لە بابەتە بەلاغیەکانی تری مەولەوی کە زۆر تیا سەرکەوتووە کورد بریە (الیجاز) واتە پێشکەش کردنی واتای فرەو زۆر بە وشەو دەستەواژەی کەم، لێرەدا دەتوانم ئەم دێڕەی کە باس لە میعراج دەکات بە جۆرە ئیعجازێکی دابنێم کە تا ئێستا لای هیچ شاعیرێکی تر نەمدیوە:

*چوو، بوو، دی، بیستی، کریا، دڕیاوە*

*هاتووەو حەڵقە هەر دەلەریاوە*

لە بواری لێکچوون و خوازەشدا (التشبیه والاستعارە) دا هێند سەرکەوتووە من بەتەنیا بەوەسفێکی گۆران حاڵەتەکە بەرجەستە دەکەم، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بابەت و لێکۆڵینەوەی زۆر و فرەلکی دەوێت، چونکە مەولەوی لە نێو شاعیران و ڕووناکبیراندا بە خاوەنی ئاسك ترین فراوانترین خەیاڵ ناسراوە، واتە یەکێکە لە وێنەگرە گەورەکا نمان.

٢- گۆران دەڵێت: (بەتایبەت لەمەدا بلیمەت مەولەوییە لەهەموو دێڕێکی هەڵبەستەکانیا بەردێك لە دێرە سەختەکانی کوردستان (لوتکەی ئاتەشگا) بە بازرەقە بەستن تل ئەبێتەوە، شەپۆلێك لە قەڵبەزەکەی سەرچاوەی زەڵم خۆی ئەدا بەسەر تاوەری بەرداو ئەبێ بەلافاوی کەفی شیر، پەڵە هەڵمێکی دووکەڵاوی لە سەهۆڵەکانی بۆمی زرێبار بەرز ئەبێتەوەو لەگەڵ هەناسەی ساردی مەولەوی خۆی بەری ئاسمان ئەگرێ).

٣- یەکێك لە دیاردەکانی تری هۆنراوەکانی مەولەوی ئەو مامەڵە وشیارانەیان لەگەڵ زمانی دەربڕیندا، بوونیادی زمان لای مەولەوی لەچەقی خاڵێکدا ڕانەوەستاوەو زەمەن و تاقیکردنەوەی سەرو مڕ هەمیشە لە خزمەتی بەکاربردنی وشەو ڕستەو دەستەواژەکاندایە، واتە کۆنترۆڵ کردنی یاسای ناوەوەو بەیتەکان حاڵەتێکی بونیاد گرتووی پێش ئەفراندن نیە، بەڵکو خودی شاعیر بۆتە مەوشورێك و لەنێوانیانەوە وشەو دەستەواژەکان بەرەنگاڵەی وە بەرهەمدێن و دەبنە چنراوێکی سفت و سۆڵ ئەم حاڵەتە خەسڵەتێکی ئیجابی بارە هونەری و زمانە شیعرەکەی مەولەوییە، دەوڵەمەندنی گەنجینەی وشەکانی، لە نێوەندی یەك لەهجەدا ئەچەقیوە، بەڵکو سودی لە زاراوە (لەهجە) کوردیەکان ئەبینیوەو کردویتیە میتۆدێکی تایبەتی شێوازی دەربڕین، تەنانەت زۆرجار ئەوەستاوەو توانیویەتی کۆمەڵێکی زۆر وشەی عەرەبی بکوردێنێ و جۆرە موسیکایەکیشی پێ ببەخشێ بکاتە موڵکی کورد وەك:

الوەدا =الوداع، سێڵاو = سیل، جەمینی = جەبهە، توغرا = تەغراء، عەزاو = عزاب، سەبر= صەبر، سەربسات = بساط، فام = فەهم، موبەت= نوبة، ئەروا = أرواح، فرسەتەش =

فرصه، تالەم = طالع، جەم = جەمع، نسیو = نصیب، شۆلە = شعلة، سوب = صبع، تەواف = طواف، زایفیم= فعیف.

٤- ئەگەر بمانەوێت بەراوردێك لەنێوان شێوازی دەربڕینی مەولەوی و خانای قوبادی یان بێسارانی یان هەر شاعیرێکی تری سەر بەزاراوەی گۆرانی بکەین زوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە موفرەداتی شیعری خانا هەورامیانە ترن لە مەولەوی و هەندێك جاران ئەوەی ئەم کردوویەتی ڕیزبەندی وشە گەلێکی گۆرانی و کرمانجی خوارەوە لە چوارچێوەی سینتاك و فۆنەتیك و گرامەری گۆرانیدا، وەك :

*پەلە پەی زەوق زامێ وەتیرت* *ئازار دابۆتای زوڵف زنجیرت*

*یان : شوان تاوەرۆ فکرم جەلاتەن* *رۆح رەوانم نە خاك پاتەن*

*یان: ئیمشەو دیارەن بانگم بێشەرمەن* *زدیالەی مەستور کەللەم وەگەرمەن*

*یان: بینای وەراست دڵەی پەڕ دەردم*

*ئای چەن سەرسخت بیم لوای نەمەردم*

*یان: من دەردم پەی کار ناز دڵگیرەن*

*دەوای زامانم زامداری ئێرەن*

ئەمانەو چەندەهای تر، ئەوەی شیاوی هێما بۆ کردنە بە پان و پۆڕی ئەو دیوانە گەورەیە تەنیا قەسیدەیەکی چوار بەیتی بە زاراوەی کرمانجی خواروی بە خێڵی تاوگۆزیەوە کە لکێکن لە جاف وتوو:

*تۆپلاخەی دووکەڵ هیجران دولبەر*

*جەم بووگە وەك هەور ئەروی سەقف سەر*

*حاشا خۆ رەنگم هیچ نەما گە پێ*

*سەرم وەکو تاس دەنگی لێوەتێ*

*کەی کەم ئێستەکەم خوێناو ئەکا شەست*

*لە دوو پلوسکەی چاو شۆڕاوگەی بەست*

*لافاو کوچەی جەستەی زوو خاڵی*

*هەرگاو هەستی هەرچی بوو ماڵی*

جگە لەم دیاردانەش مەولەوی زۆرجار یاری بە وشەکردووە بەتایبەت لە بواری بچوکردنەوەو کورت کردندا، وەك : شەوان تاوەڕۆ، واتە رۆژ، ئەرواح بۆتە ئەروا، جمح = جەم، صلاە = سلا، با ئەوەش لەیاد نەکەم کەئەو چامانەی لەسەردەمی پیریداو وتونی هەورامیانە ترن لەوانەی سەرەتان هەرچەندە نەدەبوو وابێ، چونکە لە سەردەمی پیریدا گەڕاوەتەوە سەر شاتەی زێدی کە بەکرمانجی خواروو دەپەیڤن بەلاّم لە لاوێتیدا لە سنەو ناوچەکانی سەر بەلەهجەی گۆران خوێندوویەتی و کاتی بەسەر بردووە، توێژەرەوە دەتوانێت لەم بوارەدا گەلێك شوفاتی نوێمان بۆدەستە بەر بکات.

لەم بواری زاراوە گۆڕکێیەدا پرسیارێك سەر دەردێنێ، کەتا ئێستا گەلێك تیا راماون و تەلیسمەکەیم بۆ نەشکاوە، ئەویش ئەوەیە کە بۆ مەولەوی شیعرە ویژدانی و زاتیە ئەوازەو دلۆڤانەکانی بە شێوازی گۆرانی نووسیوە بەلاّم ئەقیدە مەرزیەکەی کە بریتیە لە (٢٠٣١) بەیتە شیعرو لەگەڵ لێکدانەوەکەی کاك فاتح عەبدولکەریم دا کە (٨٦٨) لا پەڕەی گرتۆتە بە زارەوەی جافی تاوگۆزیی نووسیوە؟ یان (فوائح)ە کەی کە (٥٢٦) بەیتە بەفارسی دایناوە؟ یان (الفضیلة) کەی بە عەرەبی هۆنیویەتەوە ؟ یان زووبدەی عەقیدەو عەقیدەکەشی هەر بە زاراوەی جافی تاوگۆزی هۆنیوەتەوە؟ دیارە ئەم کتێبە بریتین لە هەزارەها بەیت و هەموشیان باس لە، عەقایدو، فناء، عرض، کشف، دلیل، خاص، عام،ترجیح، تغلیب و باس کردن لە رێبازەکانی مالیکی، حەنبەلی، اشعری، شافعی، بۆ ئەم کتێبە عەقاندیانەی بە زاراوەی گۆرانی نەنوسیوە؟

با بڵێین مەولەوی تەواوکەرو کۆڵەکەیەکی قەف ئەستووری ئەدەبی گۆرانی و سەردەمی ئەردەڵانییەو کاریگەرێتی باوی ئەو ئەدەبە لەو ناوچەیەدا فرەبووەو مەولەوی ئەیتوانیوە لەدەستی قوتار بێت؟ باشە خۆ لەو سەردەمەدا نالی و مەولەوی کوردی و مەحویش ئەستێرە گەشەی درەوشاوەبوون و جێی برواش نیە مەولەوی ئەیناسیبن؟! تر بڵێی وەڵامی یەکێك لە پرسیارەکان وا بکەوێتەوە کە مەولەوی لە ناوچەکەی خۆی دڵنیا نەبووبێت کە هەورامی نازانن و ویستبێتی لەو ڕێگایەوە خزمەتێك بەوانیش بکات؟! یان ئەو کاتانەی کە تەدریسی کردووە سەرنجی بۆنەوە ڕاکێشرابێت کە قوتابیەکانی پێویستی فیکری و ئەقیدەیە بەو جۆرە بابەتە هەیە؟ یان بە پێچەوانەوە؟

کێ ئەڵێت لە ژێرداواو توجیهی شێخی ضیاء الدین یان هەر خۆشەویستێکی تری بەو لەهجەیە نوسیبێتیەوە؟

تۆ بڵێی مەولەوی هێند زاڵ نەبووبێت بەسەر زاراوەی گۆرانیدا هەتا ئەقیدەکانی پێ بنوسێتەوە؟! خودی زاراوەی گۆرانی لە وزەی دا نەبێت ئەو واتا قووڵ و فرە لکانەی ئەعیدەو کەلام و ئەصول بگرێتە خۆی؟

ئەوەندەی من هەست پێبکەم مەولەوی ئەم کتێبانەی لەسەردەمی تەدریس و وانە وتنەوەدا داناوە کە دەکاتە تەمەنی هەڵکشاو. دیارە لەو تەمەنەدا لە زێدی خۆیدا بووەو هەر لەوێش وانەی وتۆتەوەو قوتابیەکانیشی خەڵکی لای خۆیان بوون، یان بەلایەنی کەم زۆر بەیان بەو زاراوە زۆر ناوچەیە دواوەن نە گۆرانی، کەواتە ئەو حاڵەتە وای لێکردووە کە بەو زاراوە ئەم ئەزمانە دابنێ، بەهەرحاڵ مەرج نیە ئەمەش وابێ، لە ڕاستیدا ئەمانە هەموو دەستی پرسیارن و بەئەڵقە ڕێزی مەبەستەوە ئەلکێن و لێی جیانابنەوەو تا ئێستاش ئەو دەرگایە بەداخراوی ماوەتەوەو بە هیوای توێژەرەوەی داهاتوو دەسپێرین! با ئەوەش نەبوێرم کە یەکێك لە هەرە بلیمەتی و زیرەکیە کەم وێنەکانی مەولەوی لەوەدا دەبینم کە بۆ یەکەم جار

لە مێژووی ئەدەب و زانستی کوردیدا توانیویەتی بابەتەکانی (فلسەفە – عقائد – أصول – کلام) بە زاراوەیەکی ئاخاوتنی دواکەوتویی تیرەیەکی جافی وەك تاوگۆزی تۆماربکات!!

٥- لە بواری شیعری قول و پڕ مانادا کە ئەمە زیاتر بۆ لای پلاسك دەچێت چونکە پەیوەندی بە هۆش و بیرکردنەوەی سەرو مڕ هەیە، مەولەوی هەندێك چوارینەو دێڕە شیعری بەهێزی ئەو تۆی هەیە کە جێگای سەر سورمانی هاوڕێکانی بووەو تا ئێستاش کاریگەرێتی خۆیان بۆ ئەم چەرخە هەر ماوەو مرۆڤ نەك لێی نابێزێت بەڵکو بە پیریشیەوە دەچێت، چونکە کردنەوەی قفلی ئەو تەلیسم و نهێنیانە خۆی لە خۆیدا جۆرە لەزەتێك دەبەخشێت بە خوێنەرو پەنجەرەیەکی جوان ناسی و جیهان بینی و سنوور بەزاندنی زات لە بەردەمدا ئاوالە دەکات، هەر بۆنموونە:

*قەلای ویرم سەیل هوناو بەردەبێ*

*بورج ئاگایم ویران کەرد دەبێ*

*کێشك چی خەیاڵ خەم فام سەندە بێ*

*دووکان چەی بەدەن بێ کەس مەندەبێ*

یان دەڵێت:

*دیدەم (ڕێژاوە)د، ڕووخسارم (زەردەن)ن*

*جە مەداخ (یاران)، (بیران) م کەردەن ی*

یان دەڵێت:

*سەروەبان عەین عەینم خەم وەردەن*

*هون چوون چەشمەین عەین نەعەین سەرکەردەن*

*یاند دەردو ئاهم عەین کەردەن بێ نور*

*وەختەن هەشت کەم بۆ نە پە نجەی مەشهور*

**یان دەڵێت:**

*سفیدی و ئاوەرد سیایی و پێرەشت*

*هەفتم کەردەوە، ڕوونیام لە هەشت*

**یان دەڵێت:**

*شنۆی ڕەشەبای زوو سان هیجران*

*سەر چلەی عەیشم کەردەن وە بولیا*

**٦- هۆنراوەکانی مەولەوی سیخناخن لە ناوی زۆربەی جێگاو شوێنەکانی ئەو دەڤەرەی کە تیا ژیاوەو هاتووچۆی تیا کردووە، دیارە ئەمە بەڵگەی شارەزایی و جوگرافی ناسی بووە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو شوێنانە بە شێوەیەك توضیف کراون کە وەك بەشێکی ئۆرگانی قەزای چەمەکانیان دلۆڤانتر کردوە، تا نجەرو سیراوانی خەم تەیمی برینی هەوکردوی دڵی مەولەوی بوون، گەرمە سێر لای مەولەوی سەری پڕ لە خەیاڵ و ئەفراندنی لە باوەشی ئێلاّخدا ئۆقرەی گرتوەو هەمیشە دەمی لە مەمکی کانیاوەکانیا بوە، وەر من و شەمێران خەمە ئەبەدیەکانی مەولەوییان چڕتر کردۆتەوە، داخ و کەسەری مرۆڤی کورد لە هەردەی دووجەیلا کە بەبێ ئەوایی سەری ناوەتەوە، هێندەی تر دڵی داوە بە چلاّکی خەمدا، ئەمە جگە لە بەکاربردنی ناوی هەموو جۆرە شەماڵ و باو شنەیەك کە لە کوردستاندا هەیە وەك سەبوون، کزە، ئەسیم، شەماڵ، زلان، ڕەشەبا، گەردەلوول، دیارە مەدلوولی ئەم وشانە لە نێو فەزای بەیتەکاندا دەشێت خۆی بۆ خۆی ئازوقەی بابەتێکی سەربەخۆبێت، چونکە دابڕکردنی وشەو ڕستە لە سیاق دەکاتە دەست نانەبینی هونەری شیعر.**

مەولەوی هەر لە شنینەوەی چڵەوەنەوشەیەکی کاوانەوە تا لەلاینەوەی چڵە گیایەك ڕاچەنیوەو ڕاچڵەکیوە ...! شوێن فرینی باڵندەیەکی کۆچەری کەوتوەو گەڕاوەتەوە پەژارەو چاوەڕوان بووە، لەگەڵ کۆچی گەرمیان و کوێستانی خێڵاتی جافدا، سەرەڕێیانی لێگرتوون و یەك یەك سەر ژمارەی کردوون، بزانێ کامیان تەمە !.. ڕیشەی جەرگ و پەردەی دڵی خۆی بۆ کردن و بە نوشتەی چاوەزارو بەقوڵ و مەچەکی کچە جوانەکانی جافەوە بەستووە...! لە بچوکترین و دوورترین خەم و کۆستی ئازیزانیا کسپەو زام گەیوەتە دڵی ئەم و فرمێسکی شیعری لە خەمبارو کۆست کەوتووەکان زۆرتروو بەسۆی هەڵرشتووە .. کە ڕوومەتە سپی و سافەکانی (شێخ عەزیزی جانەوەری – هاوڕێی) ئاوڵە دەرنەکات؟ وشەکانی ئەم ڕوومەتی خۆیان ئەڕنن..! گوێی لە خوڕەی و قەڵبەزەی ئاوی دوورترین و تەنگ ترین دەربەندو گەروو بووە..!)

وەك وتم مەولەوی لە بواری شیعری قوڵ و پڕمانادا تا بۆی کرابێت چاوەڕی بەهرەو توانای ئاوداوەو، دیارە لەم حاڵەتەدا کێشە هەمبەریەکەی نێوان نوسەرو خوێنەر تێك دەچێت و سەنگایی نووسەر لەسەر ڕووبەری بونیاتە شیعریەکەیە پتر دەبێت، دیار ئەم حاڵەتە لای فۆکۆو مسدی و حسان متمام بە پۆزەتیف دادەنرێت چونکە هەوڵێکە بۆ پتر توندو تۆڵکردنی پێگەی خانەکانی زمان و مشت و ماڵ کردنی ڕادەی هەڵسوکەوتی بیری خوێنەرو جیاکردنەوەی سنوورەکانی داهێنەر وەك هەر بوونەوەرێك کە بەدوای دوورگەیەکدا بگەڕێت کە خەم و حەزە ونبووەکانی لە گێژەنی داهێنانا نەوازە سەر تەڵەکاندا بدۆزێتەوەو لەو ڕێگایەشەوە بەدەست هێنانی تەجەللای ئەمری بەدەست بێنێ، دیارە ڕۆشتن و پێداگرتن لەسەر ئەم تەوەرە کێشەیەکی قووڵ لە نێوان بونیادی شیعر کە دەکاتە مەولەوی و خوێنەردا دێتەکایەوە، دیارە مەولەوی لەو ئاقارەدا خۆی نەداوەتە دەم شەپۆلی ویستی خوێنەرو کۆوە، بەمەبەستی بەرگری کردن لە زادی خودی خۆی، لە نێوان ئەو دەقە ئەمرانەوە، کە تائێستاش

سەرپۆشی غافڵ گیری خوێنەری پێوەیەو لەگەڵ هەموو خوێندنەوەیەکی نوێژدا جیهانێکی نوێ تر لە بەردیدو بۆچوونەکا نماندا ئاوالە بکات.

٧- لە دیوانی مەولەویدا ناوی هەموو ئامێرە موسیکیەکانی ئەو سەردەم و دەڤەرە هێنراوە، بەلام لە بۆنەو کات گەلێکدا کە مەولەوی نوقمی خەمە ئەنتۆلۆژی و ئەبەدیەکانیەتی، ئەو ئامێرانە ئاوازێکی بۆ دەچڕن کە بێشکەی ئازارە هۆش ئامێزەکانی رائەژەنن، لێرەدا دەشێت ئەم تەنیا دێرە پیشان دام کە وێنەیەکی شیعری ئێجگار ئەمرەو هێندەی تر مەولەوی بەرەو ئەستێرە درەوشاوەکانی ئەفراندن هەڵدەکێشێت:

*مطرب یەکمان بالأی خەم وەردەم*

*یەتار ئەسرین خەم کۆک ئاوەردەم*

واتە (کاکەی ئاهەنگ گێڕ، بگرە ئەوە بالأی چەنیوەم بیکە بەکەمان، ئەوەش فرمێسکی چۆراوگە بەستوو کە خەم کۆکی کردووە بیکە بەتار).

٨- تاوتوکردنی ئەم سەروسەری دیوانەکە گەلێك کلیلی تر ئەداتە دەست خوێنەر وەك بەکارهێنانی کۆمەڵێك زاراوەی مەنتیق و کلام و نوحو و صرف و هێماکردن بۆ ڕووداوە مێژووەکان و ئاییتە قورئانیەکان و بابەتە شەرعی و فەلسەفیەکان و هەروەها (تضمین) کردنی شیعری شاعیرانی کەوناو خێنانیشیان لەم لاو لادا، هەروەها ناوهێنانی هەندێ کتێب و بابەتی زانستی و زاراوەی زانستە ئیسلامیەکانی وەك: بقاء، عرض، کشف، برهان، دلیل، ترجیح، تغلیب، ئیشراق..

٩- یەکێك لەو واتاو بابەتانەی کە ئەمری ئەبەخشن بە هۆنراوە، پەنجەرە خستنە سەر پشتە بەرەو پانتاییەکانی تەلیسمی تەنتۆلۆژیا و عەدەم و بوون و ئەفوسوونی ئەم گەردوون و بونەوەرە، دیارترین خاڵە بەهێزەکانی داستانی کلکامیش ئەو کێشە مەزنەی نێوان بوون و نەبوونە کە ئەنکیدۆ شانی داوەتەبەرو وێلی ئاوی ئەمرییە، لە ئەدەبی کوردیا کەمتر

شاعیرەکانمان دەستیان بۆ ئەم بابەتە گرنگ و خەتەرناکە بردووە، جگە لەچەند نمونەیەکی سەرپێی ئەم لاو لانەبێت! بەڵام سەرنجدان لەو هۆنراوەنەی کە بە جیهانی بوون، دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە زۆربەی هەرە زۆریان تەرخانن بۆ ئەم کێشە مرۆڤیەتیە چارەنووس سازەی کە تەرخان بۆ خولانەوە لەو بازنە گرنگەدا، هەر لە گۆتەوە هەتا ئەبو لعەلای موعەری و مەولانای رۆمی و حافز .. هتد یەکێك لە هۆنراوە سەر تەڵەکانی گۆران بەشێکە لەو پرسیارە ئەبەدی و بێ وەڵامانەی کە ئاراستەی چارەنووسی مرۆڤ و ڕەوتی ژیان و تاك کراوەو هەتا ئێستاش لە ئاسمانی دیوانەکەیا هەر ئەجریوێنێ.

*بەلام رۆلە، کە تۆ ئێستا لە فەجری زیندەگا ئیتای*
*لەبەر دەرگای تەلیسمی بەختی مەجهول و نیهانیتای*
*بەچی مەعلوم بە شوێنی هی منا ئەژێ چەمی عومرت؟*
*سەراسەر پێکەنین و خورەمی نابێ خەمی عومرت.*
*بەلێ، بەرخم! ئەگەرچی هەر وەکو یەك ژینی گشت لایە*
*لەبەینی بێشکەو قەبرا، برینی عەینی رێگایە!*
*هەموو هەر قافلەی بێ ئیختارین سەرزەمینێکین*
*هەموو دێین و دەڕۆین .. تا کوو ئەگەین، یەعنی ئیتر ئەمرین*
*وەلێ کۆچی ژیان کۆچێکی پڕسیحرو پڕ ئەفسونە*
*لەیەك سەرچاوە دوو قەترە : یەکێ لێلە یەکێ ڕوونە!*
*هەیە وەك من بە سەر دڕکا ئەنێ هەنگاوی ئاوارە*
*هەیە هی وایش کە فەرشی ژێری پێی ئاوریشمی گوڵزارە!*

بە پان و پۆڕی هەموو بەرهەمەکانی ئیلیا ئەبو مازی هۆنراوەی تەلاسیم جێگای سەرنج و گوێپێدانی نووسەرو خوێنەرانەوە، چونکە لەدەرگای کێشە خەتەرناکەکانی ئەتۆلۆژیای داوە، شاعیرانی کورد ئەگەر ویستبێتیان ڕووەو بە جیهانی بوون هەنگاو بنێن، یان بە لایەنی کەمەوە لە قۆزاغەی ناوچەیەتی قوتاربن و هەناسەیەکی مەودایەکی فروانتر وەرگرن، لە محلیەتەوە قۆناخ بە قۆناخ هەنگاویان ناوە، دیارە هەنگاوەکانیش چوون یەك نەبووە! بەهەرحاڵ لە نیوەی ڕێگا، تەمەن و مەرگ، یان سستی هەنگاو لاوازی دەربڕینی مەحلیەتەکە، دەرفەتی نەدانەتێ، بەلاَم ئەوەی کە جێی سەرنجە مەولەوی لە هەر دوو بوارەکەدا یان لە هەردوو بەری هاوکێشەکە واتە محەویەت کە دەکات وێنەگرتنی سروشتی بەهەشتینی کوردستان و ژیانی پڕلە مەینەتی مرۆڤی کوردو لەلاکەی تریشەوە واتە ئەوبەری هاوکێشەکە، کە دەرگا کردنەوەیە لەبەر دەم تەلیسمی ژیان و وەلاَمدانەوەی گەلێك نێهنی گەردوون لە ڕووانگەی (ئەشعارییەکی ماتریکی)یەوە، دیارە ئەم دوو لایەنە گرنگە هێندەی تر مەولەویان بەرەو ئەستێرە گەشاوە جیهانیەکان هەڵکێشاوە با ئەوەش نەبوێرن کە هەرچی محەلیەتەکەی مەولەویشە بە جۆرێ باوەشی بە سروشتی بەهەشتی کوردستاندا کردووە، کە پێکراڵە بۆتەی ئەوینێکی لاهۆ تیانەدا تواونەتەوەو کەسیان بێ ئەوی تر نەك نایانکرێت بەتەنیا بەڵکو ناناسرێنەوە، دەشێت ئەم حاڵەتە جیاکرێتەوە لە هەندێ محلەیەتی تەنگە نەفەس، کە جووینەوەی کۆمەڵێك تابلۆی میناتۆڕ ئاسایی ئەو تۆیە کە زۆر جار وێنەکانی بە تۆپزی پێکەوە لکێنراون، لە چوارچێوەی خوازە (إستعارە) گەلێکی نەساچاودا، کە دیاردەی زۆری لەخۆ کردن ونەزێت دانی نەك شاعیر بەتەنیا بەڵکو خوێنەریشی پێوە دیارە، جگە لەمەشیان زۆر جاران موفرەداتی سروشت بەجۆرێ مامەڵەی لەگەڵ دەکرد، کە سێبەری واتا قوڵ و دلۆڤانەکان هەڵئەبرسکێ لە نێو ئەم وێنە داتاشراوانەدا، ئەمە لەکاتێکدا کە هۆنراوەی ڕەسەن دەشێت بە لایەنی کەمەوە چەتری کۆمەڵێك ئیحاو خورپەی ستاتیکا

برژێنێتە ڕۆحی خوێنەرەوەو هارمۆنیای دلۆڤان ترین هێوربوونەوەی دڵە ڕاوکێ پێببخشێت، وەك مەولەوی کردوویەتی، نەك نەین و خانەکانی مێشکی خوێنەر بکرێتە کێڵگەی تاقیکردنەوەو، یاری کردن بە موفرەداتی سروشت، لە چوار چێوەی خوازە گەلێکی یەك لە دوای یەکی تەم نەرەو هیوەیدا، خوێنەر بخرێتەوە جەرو مەنگەنەی تەجریداتی دوور لە گیانی شیعرەوە.

# هێماسازی
# لەناو شیعرەکانی مەولەوی دا

حەمەکەریم هەورامی

## هێماسازی لە ناو شیعرەکانی مەولەوی دا

حەمەکەریم هەورامی ( ٢٧٠٠ك -٢٠٠٠ز)

**چەند تێبینەیەکی پێویست :**

١- سەرتاپای دیوانەکەی مەولەوی، گوڵزارێکە لەسەر کوورەی ئاگری ئازاروغەم ڕوودراوە .. چامەکانی باڵاخانەی ئایری برینە گەشەکانی بەیتەکانیەتی، فەردەکانی دەمەی هەناسەی ئەو دەردانەن کە زاخاویان شەتاوەی کردووە ... ئەو ئازارانەی کەبە کۆڵ چامەکانی مەولەوی دا دراون، ئازاری ئەو سەردەمەی کوردن و لە دەقەری تاوگۆزیدا تەریدەبوون و ئاگریان بەرداوەتە خەرمانەی دڵ و دەروونی مەولەوی .. ئازارەکان قەف قەف بەرزبوونەوە، منارەیەکی ورشەداریان بۆ فیکرو ئەدەبی کوردی بیناکرد، ئەوەی دیوانی مەولەوی بخوێنێتەوە، بۆی دەردەکەوێ مەولەوی شاعیر دروستبووی ئەو ئازارانەیە .. دەردو غەم و حەسرەت جۆشیان داوەو پاڵفتەیان کردووەو کردوویانە بەسەر قافڵەی شاعیران و دانایانی کورد ..

ئەوەی لە دیوانەکەی مەولەوی بتۆژێتەوە، دەزانێ مەولەوی گیرۆدەی ئەڤین و ناوێنەی بێ گەردی سروشت بووە، لە باڵەخانەی چەمی ئەودا خەمەکان قۆڵی دەسماڵیان هەڵداوەو سەر چۆپییان کێشاوەو خۆیان ئارایش کردووە .. ئیتر چ پێویستی بەوە نەبوە، یەکێکی لاوەکی بێت و ئاگری سروش بەرداتە کوورەی دەروونە پڕ جەخارەکەی .. خۆ ئەگەر پەنای بۆ لای ئەم و ئەو بردبێ تەنها بۆ ساتۆرکردنی ئازاری زامەکان و دامرکاندن و خەفەکردنی ئاگری ئەڤین بووە ..

زانایەکی فەرەنسی وتوویەتی (ئەوەی مرۆڤی پایە بڵندو ئەمر دروست دەکات تەنها ئازارو غەمە ..) .

مەولەوی یەك ئاوابوو بێ ئیتر چ لازمە بڵێین مەولەوی سروشی لەم و لەوەوە وەرگرتووە..

٢- گریمان مەولەوی لە دوا قۆناغی ژیانیدا، بەو هەموو زانست و زانیارییەوە خۆی بچوك کردەوەو خۆی ئاخنیە کونجێکی تاریکی خانەقای سۆفیانەوە، بووبە سۆفی، ئایا بوونی خۆی بە سۆفی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەدەبەکەی بخەینە ناوخانەی سۆفینیزمەوە؟ ..

ئەوەی لە دیوانەکەیدا هەیە، سەر لەبەری بەر ئەدەبی ڕۆمانسیەت دەکەوێ، ئەگەر دەتانەوێ نمونە لە ئەدەبی ڕۆمانسی کوردی دا بێننەوە یەکسەر هەر بەیتێکی دەگری ئەوە.. لە چەند شوێنێکی کەمدا نەبێ بە پێی بۆنەو موناسەبە ئاماژەی بۆ مەسلەکی سۆفیانە کردووە، کە لێرەدا جێی باسکردنیان نییە، شتێکی تری وای تیا نییە کە تۆ بڵێی ئەم چامەیە، یان ئەم چەند بەیتە بەر ئەدەبی سۆفیالیزمی دەکەوێ .ز دیارە ئەدەبی سۆفییەتی ئەدەبێکی مەسلەکیانەی تایبەتەو پێناوسەو نیشانەو مۆرکی جیاکەرەوەی خۆی هەیە..

هەندێ جاریش لە گێژەنەی مەسلەکیەتی خۆی دەترازێ و ورێنەی بێ سەروبەر دەکات و دەکەوێتە نا ( ظلماتی ) شەتەحاتەوە، کەی ئەدەبی مەولەوی وایە ..!

ڕۆچون بەناو ئەندێشەی هەمە ڕەنگداو فڕین بەناو گەردوونی بێ پایانی مانادا، مانای سۆفیاتی نییە ..

بۆیە لێرەدا من بە هەلی دەزانم، داوا لەو بەڕێزانە بکەم کەلەسەر مەولەوی دەتۆژنەوە باسەر لە نوێ بە خوێندنەوەو پیاچوونەوەیەکی لەسەرخۆ سەیرو بینای ئەو ئەدەبە بکەنەوە .. با لەوە زیاتر ئەو شەقامەی کە پتر لە چل ساڵە مامۆستای گەورەو دانا (عبدالکریم مدریس ) بۆ ڕەوتی شیعرەکانی مەولەوی تەختی کردووە، لەوە زیاتر نەیکوتینەوە ..

ڕاستە ئێمە چەند هەوڵ بدەین لە جوغزی شێوەی ڕاڤە کردنەکەی مامۆستای پایەدار دەرناچین و هەموویان لەو مەیدانەدا مل کەچی ئەوین و، هەموو نووسەرانی کورد منەتباری ئەو بنەماڵەن بەلام ئەمە مانای ئەوە نییە، هەر بەو چاوەوە بڕوانینە مەولەوی و ئەدەبەککەی، لەوانەشە ڕوانین لەو گۆشە نیگایەوە ببێتە مایەی کەمکردنەوەی پایەی

مەولەوی، وەك شاعیرێکی گەورەو مەلایەکی داناو زانا .. ئەگەر وا بکەین مەولەوی لەناو یەك تیلمەی قەتیس ماودا رادەگرین و خۆشمان لەو ئاسانەدا فێری دەستەوسانی دەبین ..

٣- ئەگەر مەولەوی بەڕەچەڵەك بچێتەوە سەر ( مەلا ئەبوبەکری چۆڕی )، ئەویش ئەوەی ( پیر خدری شاهۆ) بێ، ئەگەر وابێ دەبێ مەولەوی بە ڕەچەڵەك کوردێکی هەورامی ڕەسەن بێ، چونکە پیرخدری شاهۆ یەکێك بووە لە ئەوەت و نۆ پیرەی هەورامان، ڕەچەڵەك هەڵۆیەکی پەروازە بووی بیابان نەبووە.. خۆ ئەگەر وابێ یان وانەبێ هیچ شتێك لە مەیدانی ئەدەبی مەولەوی دا ناگۆڕێ، بەڵام لە ڕەوتی نێژوو و وردەکاری دیرۆکی زاناو شاعیرێکی وادا نرخێکی ترو مانایەکی تر دەبەخشێ، ئەوکاتەش مەولەوی نابێتە وەچەی بازێکی ڕەتێزاوی بیابان، بەڵکو هەر ئەو هەڵۆیەیە کە جێواری ڕاستەقینەی بەر کەمەری شاهۆیەو سەرچلی ڕۆمانسیەتەو، دەفڕێ و بێ ئارامییەکەی کلپەی ئاگری ئەو ئازارو غەمانەیە کە بەربووەتە بەیتەکانی ..

لە کۆتایی ئەو چەند تێبینی یەدا.. ئەم پرسیارانە ئاراستەی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە لەسەر مەولەوی دەکۆڵنەوە، ئەرێ ڕاستە مەولەوی سۆفی بووە؟ کام مەولەوی ؟ مەولەوی لە تافی لاوێتیدا؟ مەولەوی پاش ئیجازە وەرگرتنی مەلایەتی ؟ یان پێشی مەلایەتی؟ مەولەوی لەکاتی پیری دا؟ یان لە تافی کەنفت بوونیا؟ ئەی شیعرەکانی بەرهەمی کام تاف لەو تافانەن..؟

ئایا مەرجە، شاعیرێك کەبوو بە شۆفی، شیعرەکانیشی کەمەند بەندی ڕێبازی سۆفیالیزم بن ؟

پێناسەیەکی خێرای هێماسازی :

هێماسازی لە ئەدەبدا، ڕێبازێکی جوانکارییە.

نووسەر یان شاعیر بە هۆی بەکارهێنانی چەند هێماو ڕەمزێکەوە، بابەتەکەی خۆی بە مەبەستی بەتینکردن و ڕۆچون بەناو مەملەکەتی ئەندێشەو مانادا چڕ دەکاتەوە، بەهۆی

هێما بەکارهێنانەوە بابەتە سەرەکییەکەی خۆی بە چەندان بابەتی ترەوە دەبەستێتەوەو دەیانکاتە پاڵپشت و دیوی ناوەوەی بابەتەکەی و ئارەزووەکانی خوێنەر یان پێ دەبزوێنێ، بابەتە سەرەکییەکەو ئەوانەی کە بە هێماسازی دەبنە دیوی ناوەوەی بابەتەکە دیماودیم دەبن، وەك دوو هێڵی هاوجووت، بەرامبەر بەیەك هاوتەریب دەبن و پەیوەندییەکی میکانیزمی لە نێوانیاندا دروست دەبێ، شەوق و تاسەیەکی تەلیسماوی دەخەنە ناو دڵی خوێنەرو گوێگرەوە و ئاسۆیەکی پڕ کەیل و فراوانی ئەندێشەی هەمەڕەنگەش بۆ ڕەوتی چامەو بەیتەکان لە هۆش و ئاوەزدا دەکەنەوەو نایەڵن هزرو سۆز لێك جیا ببنەوەو لەسەریەك تیلمە ڕەوت بکەن یان هەراسان بن.

شاعیری بەهرەدار هەندێ جار بابەتە سەرەکییەکەی بەر جەستە دەکات و، بابەتە بە هێما ناوەخەنکراوەکە لە پشتەوە حەشار دەداو دەیکاتە سێبەرو پێوەری بابەتەکە، هەندێ جاریش جێ گۆڕکێ دەکەن، بەڵام تا هێماکان بەرەو کزی نەچن لە یەکتری دانابڕێن ..

ئەو جۆرە هونەرە بەو مۆرك و نیشانانەوە، تەنها خوێنەری شارەزا پەی بە هەردوو دیوەکەی دەبات و دەزانێ بەرەو کوێ جەڵەوی هۆش و سۆز ڕادەکێشن ..

لە ئەدەبی کوردی دا نموونەی ئەو جۆرە هونەرە زۆرە، ئەخاسمە لە شیعردا، بە تایبەتیش لە شیعرەکانی مەولەوی دا .. چامەکانی بەیتەکانی بەو جۆرە هێماسازییە ئارایش دراون ..

ئەو هێماشازییە ئەوەندەی تر برینە هەڵقرچاوەکانی ناو تاوە سوورەوەبووی مەینەتەکانی ئەو کاتەی لە سنگی ئەودا هێناوەتە سۆو .. شیعرەکانی ئەو بلوورە بێ گەردانەن کەلە بەزمی یاراندا دەماو دەم دەکەن .. قاڵبووی شەرارەی ناو ئەو کوورەی دەروونەن نەك دووی هەناسەی کەسانێکی تر ..

خوشك و برایانی ئازیز ..

دیوانەکەی مەولەوی پڕیەتی لە نموونەی هێماسازی، ئێمە لێرەدا چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو :

١- مردنی عەنبەر خاتون و عاشووراو کارەساتەکەی حسەین :

مەولەوی لە یادی مردنی (عەنبەر خخاتوون)ی خێزانیدا کە لە مانگی موحەڕەمدا کۆچی دوایی کردووە، سەرجەمی ئەو کارەساتەی خۆی کە بەسەریا هات، بە هەموو ئێش و ئازارو غەم و حەسرەتێکییەوە، بە دیمەنە گشتییەکەی ڕووداوەکەی حەزرەتی (حسەین) لەمانگی موحەڕەمدا دە چوێنێ و لە پاڵ کارەساتەکەی خۆیدا هێمایەکی گشتی بە هۆی چەند نیشانەیەکەوە بۆ پێکهاتەی تراژیدیاکەی (حسەین) لەو مانگەدا دەکات.

بەو هێماسازییە دوو دیو بۆ چامەکەی دروست دەکات .

لە دیوی دەرەوە ڕووداوەکەی خۆی بۆمان دەخاتە ڕوو، لە دیوی ناوەشەوە کارەساتە مێژوویی یەکەی ئەومان دەخاتەوە یاد .. سەر لەبەری چامەکەی بە هێما سازی گوڵ چن کردووەو، لەشکری ڕەش پۆشی غەمان و ئاه و ناڵەی ئازارە ئەزەلییەکانی کردووە بە کەژاوەیەکی جەنائیزی تراژیدی لە تەك کاروانی دابڕان و نەمانی هەتا هەتایی خستوەتە ڕێ..

لەهەر بەیتێکی ئەو چامەدا هێمایەکی تایبەتیش بۆ چەمکێك یان گۆشەیەك لەو کارەساتە بەکارهاتووە.

ئەوەبوو بە فرمانی ((یەزیدی کوڕی معاویە)) ((عبیداللهی کوڕی زیاد)) لە مانگی موحەڕەم دا لە دەشتی (کەربەلا) حسەینی کوشت و سەرەکەی لە لاشەکەی کردەوە و بردی بۆ شام بۆ (یەزید) وشەی (عاشوورا،؟ موحەڕەم، کەربەلا، یەزید، زیاد، حسەین، سەر، لاشە ..) سەرتاپای چامەکەیان تەنیوەو وەك نیشانە بۆ بەرو پشتی گشت ڕووداوەکەو چمکە تایبەتییەکانی ... با گوێ لە ماتەمینی عەنبەر خاتوون بگرین :

*((شورای عاشوورا دیسان بەزمش بەست*

*موحەڕەم ئاما (مەحرەم) شی نەدەست*

هەتا دەڵێ: *ڕو (حسەین) ئاسا فەردا کەڕو بۆ*

*داخوم سەر جەکۆ، لاشەم، جەکۆبۆ ))(١)*

لە کۆتایی چامەکەدا، دڵی عەنبەر خاتوون دەداتەوەو دەدڵێ :

ئەی ئازیزە کۆچکردەکەم مردن ئایەتێکی ئەزەلییەو تاکە کراس نییە تەنها بەباڵای تۆو حسەیندا بڕابێ، منیش تاکە کەس نیم کۆسم کەوتبێ ... بەیانی کە ڕۆژی نێو نیگای حسەین درەوشایەوە، کێ دەزانێ منیش لە کوێ دەمرم و سەرم لە کوێ دەبێ و لاشەم لە کوێ دەکەوێ ..

٢- سوڵتان مەحموود و ئەیازی هامراز :

مەولەوی لە چامەیەکی دا کە لە وەڵامدانەوەی نامەیەکی ((مەحموود پاشای جاف)) دا نووسیویە لە یەکەم بەیتی چامەکەیدا، بەناوی دوو کەسی ناوداری بۆ مەبەستێکی تایبەت وەك هێما بەکارهێناون ! (مەحمود) و (ئەیاز) مەبەستی دەرەکی لە (مەحموود) دا (مەحموود پاشای جاف)ە لە (ئەیاز)یش مەبەستی خۆیەتی .. هێمای بەو (مەحموو) و (ئەیاز)ە بۆ (سوڵتان مەحموود)ی غەزنەوی و بۆ (ئەیاز) ی وەزیری کردووەو کە مەبەستە ناوەکییەکەیەتی .. دەڵێ :

*(ئەیاز هامراز ئاڵەو ئاخ و دوود*

*عەرزش هەن وەخاك ئاسانەی مەحموود)(٢)*

مەبەستی ئەدەبی لەم هێما سازییەدا لە لایەکەوە پلەو پایە بەرزکردنەوەی (مەحموود پاشای جاف)ە لە لایەکی ترەوە تاوا ئەزانرێ کە مەدحی دەکات خۆی لە ئاسانەیدا کەم دەکاتەوە .. بۆیە خۆی بە (ئەیاز) ی داناو هامرازی (سوڵتان مەحموود) داناوەو (مەحموود پاشا) شی کردووە بە (مەحموودی غەزنەوی) .. کە ئەو ئەیاز بێ هەڵبەتە نامەکەی پڕ لە پەندو ماریفەتە .. مەولەوی ئەو وردەکارییەی بەکارهێناوە، تاکەس نەڵێ، سەیرکە لە کۆتایی چامەکەدا خۆی بەرامبەر بە مەحموود پاشا چەماندووەتەوە .. وەك دەڵێ:

*(وەختێ گۆشەی شار خامۆشان بۆ جێم*

*نەبوون وەتصدیع هامسایان وێم)*

لە شوێنێکی تری دیوانەکەیدا هەمان هێما بۆ هەمان مەبەست دەخاتەوە کارو مەبەستەکە قووڵتر دەکاتەوەو دەڵێ :

*پایتەخت مەحموود دار السلامەن*

*منیچ کەمێ فام ئەیاز جەلامەن . (٣)*

ئەگەر (مەحموود پاشای جاف) (سوڵتان مەحموودی غەزنەوی) یەو بەغدای بە پایتەختی خۆی کردووەو خۆی بە پاشا دەزانێ خۆ منیش لەو کەمتر نیم پاشای حیکمەت و زانستم، خۆم بە ئەیازی دانا دەزانم ..

لێرەدا مەولەوی ئەزاکەتێکی زۆر جوانی نواندووە کە خۆی بە مەحموود پاشاوە نووساندوە، دەبێ مەحموود پاشاش ئەیازێکی ڕاوێژکارو زانای هەبێ لە هەمان کاتدا ئاماژەی تیایە کە نیشتەنی مەحموود پاشا لە بەغداو دەوروبەری بەغدایە .. کە مۆڵکی خۆیۆو با پیرانیەتی .. زانایانی ڕەوانبێژی بەو جۆرە شێوازە دەڵێن ((توریە — پۆشین)).

٣- مەسەلەی ((قالوا بلی)):

بە پێی باوەڕی ئایینی ئیسلام، خوای مەزن پاش ئەوەی هەموو گەردوون و ماسوتی دامەزراندو هەموو گیان لە بەرانی ئافەریدە کرد ((گیانی)) هەموو ئادەمزادی لەبەردەم بارەگای خواستی خۆیدا کۆکردنەوەو ڕووی تێ کردن و فەرمووی (الست بربکم؟) واتە ئایا من خواوەندی ئێوە نیم ؟

ئەوانەی کە وتیان (بلی) ئەوانەبوون بە خاوەن باوەڕو ئیمانداری ڕووی دنیا، ئەوانەش کە وتیان (نعم) بوون بە خوا نەناس و گومڕا ..

هەندێ لە ئەهلی ((تصوف)) دەڵێن : کە خوای گەورە ئەو پرسیارەی لە (ئەزەل) دا ئاراستەی گیانی هەموو ئادەمیزاد کرد، لەوکاتەدا ئەوانە ببوون بە سێ بەشەوە، هەندێکیان

وتیان (بلی) و هەندێکی تریان وتیان (نعم) بەشی سێیەمیش هەبوون ئەم بەشە بە نووری پاکی یەزدان کەیل ببوون و لە ناو (الله)دا نوقوم ببوون و ئاگایان لە پرسارەکە نەبوو، ئەمانە ئەهلی ماناو ((تصوف)) بوون خوا هەر لەو ڕۆژەوە (حەرەجی) لەسەر هەڵگرتوون و لەسەریان نەبوو وەڵام بدەنەوە.

مەولەوی لە چەند چامەیەکدا گەلێ جار هێما بۆ ئەو مەسەلەیە دەکات کە پێی دەوترێ (ڕۆژی قالوا بلی).

لەوەڵامدانەوەی نامەیەکی (شێخ سراج الدین)دا، مەولەوی وەك هێما ئاماژەی بە ڕۆژی (قالوا بلی) کردووە، پێی ڕادەگەیێنێتی کە کەم مەیل نییە، هەر لەو ڕۆژەوە، مەیلی لای ئەوەو گیانفدایەتی، دەڵێ:

*((شێخ دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی*

*یاگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی*

*جە شەو هەوارگەی فەنا وی یەردە*

*پای هەردەی بەقا یا تاغگە کەردە))*

تا دەڵێ:

*پەی کەسێ خاسەن نامەی جە حوب کەیل*

*تازە بسانۆ وضوء جە جۆی مەیل*

*خۆ من هەر جە زوو وە دیدەت مەستم*

*من جان فیداکەم ڕۆکەی (الست) م (٤)*

هەروەها لە چامەیەکی تردا ڕوودەکاتە (سعد شیرازی) و هەمان هێما بەکاردێنێتەوەو ئاماژەیەکی ئاستەم بۆ هەڵوێستی صوفییەکان لە ڕۆژی (قالوا بلی) دا دەاکت و دەڵێ:

*خواجەی سەر حەڵقەی بەزمەکەی ( الست )*

*دەماخ وەنەشئەی بادەی فەتا مەست*     *( ٥ )*

٤- قەزاوقەدەر:

مەولەوی لە هەندێ چامەدا بۆ ڕازاندنەوەو قووڵکردنەوەی ئەو فیکرەیەی کەلە دوو توێی (فەرد)ە کانیدا هەیە (قوزاوقەدەر)ی وەك هێما بەکارهێناوە .. بەڵام چۆن بەکارهێنانێك! ...

با بزنین (قەززاوقەدەر) بە پێی ئەو ڕێبازە کە مەولەوی وەك مەلایەکی کورد لەسەری بووە، چۆن پێناسەکراون:

(القضاء – قەزا) بریتییە لە (ئیرادەو خواستی ئەزەلی خوا لەسەر حاڵ و جۆرو بوونی ئەو شتانە کە لە (مالا یزال) دا بڕیاری پێ دەرچوون و لە ( ما یزال) دا دێنە دی.

(القدر – قەدەر)یش بریتییە لە: (ئیجادو دروستکردنی ئەو شتانە کە لەکاتی خۆیدا لەسەر ئەو ئەندازەیە کە بڕیاری لەسەر دراوە) . ( ٦ )

لەم چەند بەیتەی خوارەوەدا کە مەولەوی تیایایدا هێمای بۆ قەزاو قەدەر کردووە، بۆ فیکرەیەکە بڕوا ناکەم هیچ شاعیرێك توانیبێتی بەو شێوە ساناو ئاسانە بیری بگاتە ئەو ڕادەو ئەو هونەرە باڵایەی پێ ئەنجام بدات:

وا مامۆستایەك خەریکە دەرس بە کچێکی شۆخ و جوان دەدا .. مەولەوی ڕوودەکاتە ئەو مامۆستایەو پێی دەڵێ :

تۆ ئەگەر پیاوێکی سەرسەخت و مامۆستایەکی بەد بەخت نەبی دەرس بەو کچە نادەیت .. ئەی نازانی ئەو کچە نازدارە چاومەستە لە قوتابخانەی ڕۆژی ئەزەلدا بە نێو نیگای جوانی خۆی منداڵی (قەزا) فێردەکردو بەتیلایی چاوە مەستەکانی هەر لەو قوتابخانەدا سزای

هەتەر ( عەجول )ی منداڵی ( قەدەر )ی دەدا؟ بە نووکی برژانگە تیژەکانیشی تەگبیری بۆ ڕاست پێکان و ڕێك نەنگاوتن و لانەدانی تیری قەدەر دەکرد؟ ..

ئیتر یەکێك کە خۆی مامۆستاو تالیم دەری قوتابخانەی قەزاو قەدەر بووبێ، خۆ خەریك کردن لەگەڵیّ دا بێهودەیەو، کەواتە ئەی مامۆستا خەیاڵت خاوەو بەد بەختی کە ئەو حەقیقەتە نازانی ..

*مامۆستای شیرین شۆخی دیدەمەست*

*جە مەکتەب خانەی مەدرەسەی ( الست )*

*دیدەش مەکتەبی قەدەر سزادا*

*نیم نیگاش تالیم — طفل —ی قەزادا*

*سەرنووکی موژەش مەکەردش تەقریر*

*ڕاستی پەی تیر، تەبیری تەقدیر*

*تۆ پەی ( تعلیم )ش نەڕای جەختەنی*

*ئەڵبەت یا سەرسەخت یا بەد بەختەنی* ٤١٨-٤١٩

٥- پیرەژنێکی دڵسۆز :

لە میتۆلۆژیای میزۆپۆتامیای کۆن و لە تەورات و قورئاندا چیرۆکی (یوسفی کوڕی یەعقوبی کەنعانی ) هەیە .. براکانی بۆسەر نوگم بوونی فڕێیان داوەتە ناو بیرێکەوە، کاروانێکی هۆزی ئیسماعیلیان دۆزیویانەتەوەو بردوویانە بۆ شاری ( مەمفیس — میسر ) لەوێ وەك بەندەیەك بۆ فرۆشتن لە بازاڕی بەندە فرۆشاندا هەراجیان کردووە..

یوسف تا یڵێی جوان و شەنگ بوو .. لە شاردا جاڕدراوە کە گەنجێکی هەرزەکار دەفرۆشرێ لە جوانیدا بێ وێنەیە .. ئەوەی توانای کڕینی هەبوو بە خۆی و سامانییەوە ڕووی دەکردە ئەو مەیدانە، ئەوەش توانای نەبوو، بۆ سەیری نێو نیگای پاکی بەرەو هەمان مەیدان دەڕۆیشت ..

پیرە ژنێکیش هەر بەو نیازەوە بە خۆی و هەندێ داوو دەزوو کتوکوڵکەوە ڕوو دەکاتە ئەو مەیدانە.. چی بکات هەر ئەوەندە سامانی هەیە، گرنگ بە لای ئەوەوە دڵسۆزی و عیشقە، دیتن و شادبوونە بە نێو نیگای ئەو جوانە .. خۆ ئەگەر توانی بەو چەند کلافە دەزووە بیکڕێ ئەوە دەرفەتێکەو لە ژیانی دا جارێکی تر دووبارە نابێتەوە ..

ئەمە چیرۆکی یوسف و پیرەژنەکەبووو، مەولەوی شاعیرو هونەرمەند، ئەم لایەنە میتۆلۆژییەی لەناو دیمەنێکی هۆنراوەیدا لە بۆنەیەکی کوردەواریدا خستووەتە ڕوو، یەکێك لە دۆستە دوورەکانی مەولەوی دوای چەند ساڵێکی غەریبی دەگەڕێتەوە ناوشار، هەر بابای خاوەن دیوەخان و سامانە پێشوازی دەکات و دەیباتە ماڵی خۆی .. مەولەوی وەك ئەوان خاوەن سامان نییە، بەلام دڵسۆزەو ئەو دۆستەیەکی و ڕۆژگارێکە چاوەڕوانی دیداریەتی .. ئیتر هاتووە لەناو چەند بەیتە شیعرێکی ناسکدا هێمای بۆ چیرۆکەکەی یوسف و هەڵوێستی پیرەژنە دڵسۆزەکە کردووەو لە ڕووی ( بێلافی – تەوازوع )ەوە لەو گوزەرەدا هەڵوێستی خۆی بە هەڵوێستی ئەو پیرەژنە چواندووە:

*ئازیزم ئامای، ئای بێ قەرار وێم*
*ئای ئای چەمەڕا ، ئای انتظار وێم*
*مەوتەنەکەی چەم دیدەش ها نەڕێت*
*غەریبی تاکەی بۆوە ماوات وێت*

*های ساقی ! بازار جیلوەی دڵدارەن*
*سەودای خرێدار، دانەی دیدارەن*
*یەکی وەمایەی گەنج (کەی) دەوە*
*چون منیچ وەتای فەرتووت نەیەوە*

*ئەرصەد هەرکەسێ پەی وێش وەراوەن*

*وە قیمەت نییەن، اخلاص حەساوەن*

*هەتا دەڵێ:*

*با کلاَفە بۆ، ئاخر لەوانم*

*خاك پای حەزرەت پیر موغانم* ٤٧-٤٨

٦- مار – گەنجینە – تەلەسم

لە فۆلکلۆرو میتۆلۆژیای کوردی دا هاتووە دەڵێ :

*گەنجە، لە دەوری مارە*

*شەرابە، پڕ خومارە*

*گوڵە لە دەوری خارە*

*تەلەسە،، زۆر بەتتارە*

لە هەر شوێنێکدا کووپە زێڕ حەشار درابێ، سمۆرە لەسەری دادەنیشێ، لەهەر شوێنێکیش خەزنەی شاراوە هەبێ، گوایا مار لەسەری پەپکە دەکات . ئەگەر خەزێنەیەکیش لەناو شوێنەوارو کۆشك و سەرای دێریندا هەبێ، دوو شمشێری تەلیسماوی لەسەر دەرگای ئەو کۆشکەن پارێزگاری لەو گەنجینە دەکەن .. تەلیسم ناسەکان دەڵێن : تەلیسم تێکەڵاو بوونی دوو هێزی جیاوازن، هێزی ئاسمانی و هێزی زەمینی، هەردووکیان ئەو شمشێرانە دەحوڵێنن، ئەوەی نزیکی دەرگای ئەو گەنجینە بکەوێ دەیکەن بە دوو لەتەوە، بەلاَم ئەوەی نهێنی ئەو تەلیسمە بزانێ دەتوانێ بەتاڵی بکاتەوە .. ئەمە لایەکی ئەو میتۆلۆژیایەیە کە مەولەوی وەك هێما بەکاری هێناوە، لایەکی تری ئەوەیە، جاران و ئێستاش لە کوردواری دا

زۆر کەس بووە هەوڵی داوە بەهەر جۆربێ ڕەچەڵەکی خۆی بباتەوە سەر عەرەب، لەوێشەوە بۆسەر ئیمامی عەلی .. ئیتر (ناتۆر)ێکی بۆ خۆی سازداوەو نانی لە پاڵدا خواردووە، لە ئایندەشدا بە تەمای شەفاعەت و خۆرە پێش کردن بووە .. ئیتر هەربابا بووە ( ڕەچەڵەکی ) بۆ خۆی دروست دەکردو پەڕۆیەکی سەوزی دەبەست، خۆ ئەگەر (ڕەچەڵەکە)کەی لە دایك وباوکەوە بوایە ئاوکاتە دەبووە عەیارە بیست و چوارو پەڕۆکەی لەسەرو پشتی دەبەست، دەبوو بە ئەسڵ زادە، ئەمە جاران وابوو، ڕۆژگارەکەی تۆقێنەربوو...

( شێخ عبدالصمد ) ناوێ دەبێ ئەو پیاوە ئیدعای سەییدی کردووە، دیارە پیاوێکی چاك بووە .. خەڵکی ( پاوە ) بووە، بەرەو شاری کرماشان ڕێ دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی تەدارەك ( جەهاو )ی بووك بکرێ وببێ بە زاوە، لە ڕێیدا مار پێوەی دەدا .. مەولەوی لە نامەیەك کە بەو بۆنەوە دەینووسێ .. دەڵێ:

*تۆ ئەو گوڵ باغ مصطفوی بی*

*گەنج خەزانەی مرتضوی بی*

*گوڵ عادەتشەن بێ خار نمەبۆ*

*گەنج ڕەویەشەن بێ مار نمەبۆ* (٨)

لەو دوو بەیتەدا مەولەوی ئاماژەی بە گەنجینە و مارکردووە، هێماسازییە، بۆ مەسەلەی تەلیسم و شارو گەنجینەی حەشاردراوی ناو ئەو شارە .. ئەو ( شێخ عبدالصمد )ە خۆی بە گوڵی باخچەی پێغەمبەر زانیوە، ئەوەتانێ پێی دەڵێ، ئەگەر گوڵی، گوڵ بێ دڕك نابێ، مەبەستی کەڵبەی ژەهراوی مارەکەیە، خۆ ئەگەر لەسەر خەزێنەی شاراوەی حەزرەتی ( عەلی )یش دانیشتووی گەنجینە بێ مار نابێ .. بە پێی فەرموودەی پێغەمبەر کەدەڵێ : ( من شاری زانستم و عەلی دەرگاکەیەتی ) ئەو مارە کە پێوەی داوە ماری سەر دەرگای ئەو شارەیە کە

خوزنێنەکەی دەپارێزێ .. دیارە (شێخ عبدالصمد) نهێنی ئەو تەلەسمەی نەزانیوە، بۆیە پێوەی داوە ..

ئەگەر ترسی مەولەوی لە دڵمدا نەبوایە، من لێرەدا دەمووت مەولەوی لە پەنای ئەو هێماسازییەدا (پلار)ێکی ناسکەی درەنگ هەست پێکراوی لە قوڵایی بەیتەکاندا ناواخن کردووە ..

دیارە (ئەحمەد پریسی) کە هاودەمی مەولەوی بووە، هەستی بەو (پلارە) کردووە، بۆیە لە دووبەیتی رۆح سووکدا ئەو بەیتەی مەولەوی رادەگرێ و دەڵێ :

*نە، نە، ئەو مارە هەر ماری غاربێ*

*پەی پا پۆشی پاش وە انتظاربێ*

واتە: نەخێر رەنگە ئەو مارە کە پێوەی داوە، ئەو مارە نەبێ، مارێکی ترە : مارەکەی ئەشکەوتی (ثور) بووە، کە هاتبوو بۆ زیارەتی پێغەمبەر (د.خ) ئەبوبکر لێی نەگەڕاو دای بە قاچییەوە .. ئەمە هاتبوو زیارەتی قاچی (شێخ عبدالصمد) بکاو ماچی کرد .. ئەمیش لە بنەوە پلارەکەی خەست کردووەتەوە، هەردووکیان هونەرێکی ناسك و باڵایان نەخشاندووە .. ئەو پلارێکی بۆ ناواخن کردووە، ئەم تەوسێکی بۆ وەشاندووە.

٧- شەوی بەران :

شەوی بەرات رێکەوتی (١٥)ی شەعبانەو هەندێکە لە کۆنە میتۆلۆژیانە کوردی ، لەوانەشە لە ئایینی زەردەشتەوە هاتبێ .. لەو شەوەدا گوایا دەفتەری (ئەجەل) دێتە پێشەوەو هەموو مان و نەمان وهات و نەهاتێك ئامار دەکرێ، لە ئەدەبیاتی ئیسلامیشدا دارێك لە (لوح المحفوظ) دا هەیە پێی دەڵێن : (تووبا) چەند زیندەوەر هەن ئەوەندە گەڵای پێوەیە لەسەر هەر گەڵایەك ناوی زیندەوەر هەیە .. هەر مرۆڤێك یان هەر زیندەوەرێك کە

دەمرێ گەڵاکەی دەکەوێتە خوارەوەو رزق و رۆزی لەوکاتەوە لەناو دەفتەری ( میرزای ئەجەل ) کە خوایە لە شەوی بەراتدا ڕەش دەکرێتەوەو دەشێ بمرێ، ئەوەش کەلەدیك دەبێ لەسەر پەڕەی ئەو دەفتەرەو گەڵای ئەو دارە ناوی دەنووسرێ، مەولەوی لە دوو بەیتە شیعری دا هێما بۆ ئەو شتانە دەکات و دەڵێ :

*ئەهات و ئەهات دڵ ماتەن ئیمشەو*

*ئەڵبەت شنۆی شەو بەراتەن ئیمشەو*

*سیاهەی دەفتەر میرزای ئەزەلەن*

*زیادی و نوقسان رزق و ئەجەلەن*

تا دەڵێ :

*وەڵگ زیندەگیم هاوە هەوارە*

*دیما دیم شەن وەبای فەناوە*

*ئەلوەدای تەئریخ کامەرا نیمەن*

*نیشانەی ئاخر زیندەگا نیمەن .. ( ٩ )*

بەڵێ لەو شەوەدا بڕیاری مان و نەمان، بڕینی رزق و رۆژی درێ، گەڵای ژیانی بەڵێ لەو شەوەدا دەکەوێتە خوارەوە ..

داخۆ گەڵای ژیانی مەولەوی لەو شەوەدا ڕەوشی چۆن بووبێ؟ ...

خۆی وەڵامان دەداتەوەو دەڵێ :

*وەڵگ زیندەگیم هاوە هەواوە*

*دیما دیمشەن وەبای فەناوە*

واتە گەڵای تەمەنم لەرە لەریەتی، هەر وەبزانە کەوتە خوارەوەو منیش بارم کرد ..

٨- ئاوی حەیات :

ئاو حەیات و زیندووبوونەوە، لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا گۆشەیەکی بەرفراوانی پڕ کردووەتەوە، گوایا ئەوئاوە سەرچاوەکەی تاریکستانەو هەرکەسێ لێی بخواتەوە هەرگیز نامرێ، وا دەگێڕنەوە کە (خدر) کەبە (جەرجیس پێغەمبەر) لای مەسیحیان ناودەبرێ، لەو ئاوەی خواردووەتەوە .. بۆیە هەمیشە زیندووە لە میتۆلۆژیای کوردەواری دا هەیە کە گوایا ئەو (ئەسکەندەر)ە کە ناوی لە قورئاندا هاتووە، پوورزای (خدر) بووە، بە شوێن ئاوی حەیاتدا گەڕاوە، (خدر) شوێنەکەی پێ زانیوە، بەڵام پێی نەوتووە .. بۆیە ئەسکەندەر مردو (خدر) هەر زیندووە! مەولەوی لە وەسفی خانمێکی گەرمیانی دا، هێمای بۆ ئەو ئاوی حەیاتە کردووە، ئەو خانمە دەسماڵێکی ڕەشی لە گەردنی بلوورینی سپی ئاڵاندووە، گەردنی سپیی لە تۆی ڕەشی دەسماڵە ئاڵاوەکەی گەردنی وەك مینای بێ گەرد دەدرەوشێتەوە، ئەو گەردنە سپییە لە تۆی ئەو دەسماڵە ڕەشەدا، ئەو دیمەنە بە سەرچاوەی ئاوی حەیات کە ظلماتە و گەردنە سپییەکەی بەو ئاوە دەچوێنێ و دەڵێ :

*نە تۆی تاریکی تای شەدەی بێ گەرد* *

*لە طافەت چون ئاو حەیات مەوج مەوەرد* (١٠)

لە شوێنێکی تردا، باسی کڵۆڵی و ناتەسەری خۆی و برادەرێکی دەکات و دەڵێ: (ئەمە ژیانە و هەموو ئازارو غەمە، بەڵام من و تۆو و بەڵاو ئازار چەشتن لە یەکتر جیا نابینەوەو لە کۆڵ یەکتری نابینەوە، ئێش و ئازار وەك کاڵایەك هەر لە ئەزەلەوە بەباڵاماندا بڕاون هەرسێکمان من و تۆو ئێش و ئازار پێکەوە ئاوی حەیاتمان خواردووەتەوە :

*من وتۆ، بەڵاو زام مان ئاوردەن*

*نە چەشمەی حەیات ئاومان وەردەن* (١١)

---

* ئەم چامەیە هەر لەسەرەوە دەخوێنرێتەوە ..

لە چامەیەکی تردا، وەك بەکارهێنانی هێما ئاماژە بۆ ئاوی زیندووبوونەوە دەکات و جۆرە میترلۆژیایەکی کوردەواریمان دەخاتەوە یادو دەڵێ :

*تۆ ئێستە تەشریف ئازیزی گیانی*

*سفتەن وەتەئثیر ئاوی حەیوانی*

واتە: هاتنەوەی دۆست ئەوەندە دوورە وەك سووتاو بە ئاوی حەیات زیندوو بکرێتەوە وایە، کە ئەدەس دەکەون نە سوودیشی هەیە .. گوایا سووتاو ئەگەر ئاوی حەیاتی پێ بدرێ زیندوو دەبێتەوە !..

لە شوێنێکی تردا بە شێوازێکی ناسکتر هێما بۆ هەمان شت دەکاتەوە .. دەڵێ:

*چێش خضر نامەی تۆش ئاوردەوە*

*دەك رستگار بۆ، ئیحیام کەردەوە*

مەولەوی سووتاوی هەواڵ نەزانینی برادەرەکەی بوو، کە نامەی برادەرەکەی بۆهات، نامەکە ئاوی حەیات بوو، خوێندییەوە، نۆشی و زیندووی کردەوە .. دەستی نزاکردن بۆ تەتەری نامەکە بەرزدەکاتەوە، چونکە لەو سووتانەکە مردنی بە دواوە بوو، ڕزگاری کردوو زیندووی کردەوە ..

٩- وشترێکی زەبەللاح و کونە دەرزییەك:

لە قورئاندا لە سوورەتی (الغاشیه) دا خوا فەرموویەتی (أفلا ینظـرون الی الابل کیف خلقت والی السماء کیف رفعت ..) لەئایەتێکی تردا سەبارەت بە وشتر فەرموویەتی (ولا یدخلون الجنة حتی یلج الجمل فی سم الخیاط ..)، واتە هەرکاتێ وشتر بەو زەبەللاحییە بەکونی دەرزی دروماندا چوو، هەڵبەتە ئەو کاتەش قورەیشییە کافرەکانیش دەچنە بەهەشت، مەولەوی لە دوو بەیتە شیعری تا بڵێی ناسکدا هێما بۆ ئەو وشترە زەبەللاحەو ئەو

کونە دەرزیەی کردووە، ئەو هێماسازییەو ئەو خەیاڵە ورد مەگەر هەر لە توانای مەولەویدا بێ ..

هەواڵ بۆبرادەرێکی دەنێرێ و دەڵێ : وشتر یەکەم شتە کە خوای گەورە سەرنجی ئادەمیزادی بۆ ڕاکێشاوە کە بیر لە گەورەیی و توانای خوا بکاتەوە، ئەو وشترە بەو زەبەللاحییە ئەگەر بێت و بە خەویش تۆزێك لە مەینەت باری و ئازارەکانی من بچێژێ، ئەوەندە باریك و لاواز دەبێ نەك جارێ سەدجار بە کونی ئەو دەرزیا دەچێ، یان نەك جارێ سەد جار دووپاتی بکەیتەوە هەر بە کونی ئەو دەرزیا دەچێ، ئەو کاتەش لە دەشتی مەحشەردا جیاوازی لە نێوان کافرو موسوڵماندا بۆ چوونە بەهەشت نامێنێ و دەرگاواز دەبێ و هەموو دەچنە بەهەشت .. ئەوەتانێ دەڵێ:

*ئیبتیدا مەعروض پەی ئەزەر وەخەو*

*گەر وینۆ گەردێ دەردی سەختی ئەو*

*گەر صەد جارێ بۆ ئەونەمام ئەودەشت*

*فەرقێ نمە بۆپەی لوای بەهەشت* (١٢)

١٠-قەقنەش و سەمەندەر :

قەقنەش باڵندەیەکی خەیاڵییە، گوایا لە دەنووکیا چەندان کونی وەك کونی شمشاڵ هەن، هەر کونێکەوە، چەندا ئاوازو مەقام و ئەوا دەرچەدچن، هەر دەخوێنێ تا ئەگری تێ بەر دەبێ و لە شوێن ئاگرەکەدا هێلکە دەکات و دەبنە بێوو، لەناو ئەو ئاگرەدا بێچووەکانی پێدەگەن ..

سەمەندەریش : جانەوەرێکە لە مارمێلك دەچێ لەناو وشکانیدا دەژی، ئەگەر ئاگری لێ نزیك بێتەوە، ماددەیەك لە لەشی دێتە دەرێ و ئاگرەکەی پێ دەکوژێنێتەوە، لەبەر ئەوە بووە بەهێما بۆ ئەو جانەوەرانەی کە ئاگر کاریان تێ ناکات ..

مەولەوی لە دەست ئێش و ئازاری خۆی سەرسام ماوە .. بۆ دامرکاندنەوەی ئەو ئازارە گڕ تێ بەربووانەی، هیچ چارەیەکی بۆ نادۆزێتەوە پەنابردن نەبێ بەر ئاوازو ئەوای نەی .. وەك دەڵێ:

*بەڵ ناکا نەی چی بەیۆ جەلاوە*

*وە مەقامەکەی قەقنەس ئاساوە*

*بەزمێمان جەم بۆ چون هەردە جاران*

*بنۆشین جامێ وەیاد یاران* (٦٧)

یان دەڵێ :

*تۆیچ ئینسافت بۆ هەنی وەسەن وەس*

*باللە جە دووریت هابیم وەقەقنەس*

لەبارەی سەمەندەریشەوە دەڵێ :

*دڵ یەند جۆش گەرمی خەمان دان پێدا*

*سەمەندەر لانەش مەگێرۆ تێدا*

بەلای مەولەوییەوە، دەبێ سەمەندەریش وەك قەقنەس هێلانە لەناو ئاگردا بکات .. چونکە دەڵێ: (سەمەندەر لانەش مەگێڕۆ تێدا ..)) واتە دڵم بووە بە کوورەی گەرمی خەمان هەر ئەوەندە بزانە سەمەندەر لانەی تیاکرد ..

داخۆ جگە لە مەولەوی بلیمەت کام شاعیری تر توانیبێتی ئاوا کوورەی دەروونی گڕگرتووی پڕ جەخاری بکاتە هێلانەی قەقنەس و سەمەندەر؟ .. داخۆ چ شاعیرێکی تر هەبێ، ئەو هەموو پە پوولە ڕەنگینانەی شیعر لەناو کوورخانی گڕگرتوویا باڵیان بنەخشێنێ و ئاوی حەیات و نەمری بە بەریاندا بکات ..

ئەی ئافەرین ئاگر، ئەی ئافەرین ئێش و ئازار چ پیاوێکی ناودارو نەمرتان بۆ کورد خوڵقان.

٨- گیان ( رۆح ) :

لە بیروباوەڕی کوردەواریدا وا باوەڕە کە ( گیان ) لە لەشی مرۆڤدا وەك مێشە هەنگەو گەلێ جار لە لەشی جیادەبێتەوە، بەتایبەتی لە وەختی خەوتندا .. هەر کاتێککیش مرۆڤ کە مرد بە یەکجاری لە لەشی جیا دەبێتەوە ..

لە لای ئەهلی حەق ( گیان ) تیشکێکی بێ گەردی خواییە (( دووناودوون )) دەکات، واتە ئەو گیانە دەکرێتەوە بە بەر لاشەیەکی تردا لە قەبارەیەکی تردا قەبارەی مرۆڤێکی تردا خۆی دەنوێنێتەوە .. ( ١٦ ) .

لە چیرۆکی بەر ئاگردانی کوردەواریشدا هاتووە کە گوایا دوو زەلام پاش ماندووبوون لە شوێنێکدا ڕادەکێشن، یەکێکیان خەوی لێ دەکەوێ، لەکاتی خەوەکەیدا، برادەرەکەی دەبینێ مێشێك لە کونە لووتییەوە دێتە دەرەوە، دەفڕێ و دەڕوا بەسەر کەڵەکێکەوە دەنیشێتەوەو دەچێتە ناوی، ئەوەندەی پێ ناچێ دەگەڕێتەوەو دەچێتەوە ناو لەشی کابراو دەپژمێ و بە ئاگادێتەوە .. دەست بەجێ بە برادەرەکەی دەڵێ : خەونێکی سەیرم دی، لەو خەوەدا چوومە ناو شاخێك لە ناویدا گەنجینەیەك حەشاردرابوو.. برادەرەکەی کە گوێی لەو خەونە بوو، چوو کەڵەکەکەی هەڵدایەوە، دی کوپەڵە زێڕێك لە ناویایە ..

بەلای موسوڵمانانیشەوە گیان لەناو لەشدا وەك باڵندەی ناو قەفەس وایە .. هەرکات مرۆڤ کە مرد گیانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بارەگای یەزدان، وا بەناوبانگە خوای گەورە کە ئادەمی دروست کرد، فەرمانی بە گیان دا کە بچێتە ناو لەشیەوە، ئەویش زۆر پێی ناڕەحەت بوو، لە خوا پاڕایەوەو وتی :

*خوایا ناچمە ناو ئەو قەفەسی تۆکون تێ*

*ئەگەر بە ئاگری غضب هەموو پەڕو باڵم بسووتێ*

مەولەوی لەچەند شوێنێکی دیوانەکەیدا لەچەند بەیتە شیعرێکدا هێمای بۆ ئەو بیرو رایە کردووە .. بە جۆرێکی وەهایە خەیاڵ تیا کەیل دەبێ و هونەر پێی مەست دەبێ ...

سەیرکەن مەولەوی بلیمەت چۆن هەنگەکەی رۆح پەروازە دەکات و بە زوڵفی پڕ گوڵی لەیلەوە دەینیشێنێتەوەو ئاوارەو شیلە دێنێتەوەو دەیکاتە تیرە شانەی ناو کلوورەی دڵ ..

*هەنگەکەی رۆحم پەرواز کەردەوە*

*ئاوارەش جە زوڵف لەیل ئاوردەوە*

*جە شیرینی زوڵف ئەو لەیلی پڕ گوڵ*

*تیرە شانەشدا نە کلوورەی دڵ .. ( ١٧ )*

مەسەلەی گیان کە لەم بەیتانەدا بە ئاستەم هێمای بۆ کراوە لە بەیتێکی تردا مەولەوی بە ئاشکرا هێمای بەو چەشنەی سەرەوە کە وتمان بۆ کردووەو دەڵێ:

*خەیر، واللا تا گیان نە تۆی قەفەس بۆ*

*کەم کەم ئامۆشۆی ئامای نەفەس بۆ ( ١٨ )*

١٠-ئەنگوستیلەی نگین و جامی جەم و خەسرەووشیرین :

مەولەوی لە چامەی ((چەرخ هەر ئەوچەرخەن)) دا کە باسی چەرخی گەردوونی تیا دەکات، هێمای بۆ چەند شتێکی مێژوویی و ئەفسووناوی کردووەو چامەکەی پێیان گەیاندووەتە سەر لووتکەی جوانی و هونەر ..

هێمای بە ((خاتەم)) و ((جامی جەم)) و ((خەسرەو وشیرین)) و ((حاتەم))و ((کەی)) و چەند شتێکی تر کردووە .. هەریەك بۆ مەبەستێکی تایبەتی بەکارهێناوە، لە کۆتاییدا هەمووی خڕ کردوونەتەوەو مەبەستە سەرەکییەکەی چامەکەی لێ پێك هێناون .

ئەنگوستیلە کە بەعەرەبی پێی دەڵێن ((خاتم)) مەولەوی بەو (خاتم)ە لە هۆشی خوێنەردا دوو مانای بزواندووە.

یەکەم: ئەنگوستیلە ئەفسووناوییەکەی سلێمان پێغەمبەر کە ئەنگوستیلەی نگین و پێغەمبەرایەتی بووە.

دووەم: هێنانەوە یادی کۆتایی هاتنی زنجیرەی پێغەمبەران و خەتم بوونیان بە پێغەمبەری موسوڵمانان، (جامی جەم)یش ئەو ئاوێنەبووە کە گوایە (جەمشید) کە پاشایەکی ئێرانی بووە لە شوێنێکی بەرزدا دایناوەو لە دوورەوە لەشکری دوژمنی تیا بەدی کردووە.

(خەسرەو و شیرین) هەم ناوی چیرۆك و داستانێکی دڵداری کۆنی کوردەو پاش (نیظامی گەنجەوی) خانای قوبادی بە کوردی هۆنیویەتەوە .. هەم ناوی دوو دڵداری ئەو داستانەن (حاتم) یش نازناوی (عبداللەی تایی)یە کە پیاوێکی عەرەبەو بە بەخشین و جوامێری ناوی دەرکردووە .

(کەی) یەکێکە لە پاشا دەسەڵاتدارەکانی ئێران ..

مەولەوی لەو چامەیدا کۆمەڵە ڕووداوێکی دێرین لەگەڵ چەند بەندو باوێکی کوردەواریدا لە پشت مەبەستە گشتییەکەی چامەکەدا دەخاتەوە یادو پێمان دەڵێ:

ئەم چەرخە ناهەموارە وەك ئاشێك وەهایە و لەگەڕ ناکەوێ و دانی دەوێ .. ئەو خەڵکە بە گەداو دەوڵەمەندو پاشاو دڵدارو بێ دڵەوە هەموویان دانی ئەون و دەیانهاڕێ .. هەر ئەو ئەنگوستیلەی نگینی سلێمان پێغەمبەری هێناو دەساو دەس گواستیەوە تا گەیاندییە سەر (خاتم الانبیاء).

هەر ئەو چەرخە بوو (جەم)ی خاوەن (جام)ی دا بەسەر جەمشیداو ئەویشی کرد بە تەوقێك خستییە گەردنی خەڵکەوە، ئەم چەرخە بەمەوە ڕانەوەستا، بەزم و گەمەی بە خەسرەو و سیرین کردو شیرین و فەرهادی دایە بەر گاڵتەو گەپی خۆی و بەسە ر یەکیاندا

خوانی میهرەبانی (حاتەم)یشی پێچایەوەو کەللەسەری (کەیخەسرەو)ی کردە کۆچەڵە شکاوێك و فرێی داو هەمووی بە گەرووی ئەو ئاشەدا – هێمایە بۆ مردن – کردن و هەمووی هاڕین و مەحفی کردنەوە .

*چەرخ هەر ئەو چەرخەن تا ئاوەردو بەرد*
*دەس ئەو دەس نگین تا خاتەم ئاوەرد*
*دا بەزم خوسرەو شیرین وەهەم دا*
*جامدا وەسەرجەم، جەم وەسەرجەم دا*
*شۆرەت نامەی نام حاتەمش کەرد طەی*
*کەرد وە کاسە کەل کاسەی کەلەی کەی*
*ساقی گەرد ئارد یاران هام فەرد*
*مدۆ نە دەماخ ئاسیای چەپ گەرد*
*صەدای ئاسیاو چی مەیۆ پەیاپەی*
*ئاسیاو خاڵی یەن ئەوبەتەن سادەی* (١٩)

ئەوەیە ئەندێشەی ڕەنگین، ئەوەیە چامەی هەرزەکارو قاڵدراوی ناو کورخان و جۆش دراو بە ئێش و ئازار، ئەوەیە خاڵۆی ڕێبواری شیعری کوردیی سنور بەزێن و ڕۆژگار بە کۆڵدادراو، ئاوا دیرۆك لە ئاسانەی شیعردا ملی ناو زەبوونی خۆی کەچ دەکات ..

ئەوە لە کوێوە ئەو هەموو کەرەسەی کەرنەڤاڵ و زیل و زەوارەی ڕۆژگاری فەرهاد کوژی هێناو ئەو شوورای چامەیەی پێ نەخشان؟ سەیرکەن ئەو چەرخە چۆن دەڕێسێ و دێنێ و دەهاڕێ بەسەر دەردی بێ دەرماندا دەخولێتەوە.. ئەوە چۆن ئەو ئەنگوستیلەی نگینەی کردە پەنجەی کرۆمۆسۆماتی وشەو پشت بە پشت گواستی یەوە؟ لەم لاشەوە دڵی شیرینی کردە

کەروێشکێکی ڕەتاوی نێوان ئاسمان بەرزو زەمین نزمی پڕ گوڵزاری فەرهادی ڕەندو خەسرەوی لەو نێوانەدا دنیای لێ بوو بە چەرمی چۆلەکەو بە گەرووی ئاشدا درا ..

سەیرکەن سوڵتان ئالۆشی دەستەڵات چۆن هەرەس دێنێ و دەیدات بەسەر لیتاوی لبیدۆداو ئاش بەتالی بۆ دەکات .. حاتەم و ئەم جەم و ئەو جەم لەناو دۆڵیدانی ئەم ئاشەدا چۆن لوول دران و تۆزەکەیان بە کە پووی ئاگادارانذا درا..

سەیری ئەم کۆچەڵە شرە ناکەن ئەمە کاسەی کەللەی (کەی)یە وا لە گۆڕستانی مردووەکاندا بەجێ ماوەو داخۆ چەند زوخاوی لێ ڕژاوە، چەندان کرم و مار یارییان تیا کردووە ..

ئەمە گەردوونە، گۆناو گۆنە .. ئاشی هاڕینی ئاوەتەوە، مەبەستی هاڕینەو هیچی تر، هەر هاوار دەکاو دەڵێ (هەی ئاش خاڵیەن نۆ بەتەن سادەی) هەموو شتێ دەهاڕی و خۆیشی دەسوی، خەڕەکە داوی دەوێ، ئاشە، ئاوی دەوێ، ئەوەی دەرەقەتی نەیە تەنیا خواو شیعرەکانی مەولەوین هەر دەمێنن و ئاسوون ..

۱۲- فووکردن بە کەڕەناجا !

خوا لە قورئاندا لەچەند شوێنێکدا باسی (نەفخی صوری) کردووە، نەفخی صور، یانی فووکردن بەکەڕەنادا لە سورەتی (الزمر) ئایەتی (۱۹) دا هاتووە (فاذا نفخ في الصور فصعق من في السماوات ومن في الارض الا ماشا ٱللّهَ ثم نفخ فيه أخرى فاذا هم قيام ينظرون) ...

هەروەها لە سورەتی (ق) لە ئایەتی (۱۹) هاتووە (ونفخ في الصور ذلك يوم الوعيد) ..

ئیسرافیل یەکێکە لەو چوار فریشتەیە کە (عەرشی ڕەحمانیان) بەسەر شانەوەیە، لەو ڕۆژەوە خوا ئیسرافیلی دروستکردووە، کەڕەنا (صور – ناقور) یەکی بەدەمەوەیە، ئەو کەڕەنایە بە قەد ژمارەی گیانلەبەران کونی تیایە. دووجار فوو بەو کەڕەنادا دەکات،

بەیەکەم فوو هەموو گیانلەبەران دەمرن، هەرچی کەژو کێوو دەیا هەن هەموو مەحف دەبنەوە، لە فووی دووەمدا هەموو دەشێنەوە، واتە زیندوو دەبنەوە ..

هەندێ لەزانایان دەڵێن سێ جار فوو بەو کەرەنادا دەکرێ، لە فووی یەکەمدا، هەموو زیندەوەران تووشی سەرگەردانی وێلی و لێوە دەبن، لە فووی دووەمدا، هەموو دەمرن، بە سێیەم هەموو زیندوودەبنەوە ..

مەولەوی بە وەفاتی عەنبەرخاتوون ئازارەکانی شەتاوەیان دەکەن وایان سەرگەردان کردووە، هەموو دەردێکیان لێ وەرگرتووەو ئەمە قیامەتەو بۆ ئەو قەوماوە .. مردن و زیندووبوونەوەی بە ئەوای نەی و نالەی شمشاڵ نەبێ هیچ چارەسەرێکی تری بۆ بەدی ناکات، یەکێکیان کوورەی ئازارەکانی ئاوبدات و بیتوێنێتەوە، ئەویتریان سەر لە نوێ زیندووی بکاتەوە ..

*مشیو نالەی من خیلاف ئەنگێزبۆ*

*وەرنە کەی ؟ کێ دی ؟ وەهار گوڵ ڕێز بۆ*

هەتا دەڵێ:

*چون مەزاق نالەن جە گردین لاوە*

*بۆ وەشیرینی یەك دوو نەواوە*

*یەکی یەکجاری تاو نۆمەوە*

*ئەو یەك لاونوم، یا ونۆمەوە (٢٠)*

برایانی ئازیز.. ئەمە چەند نموونەیەکی هێماسازی بوون هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، دیوانەکەی مەولەوی سەرتاسەری بە شێوازی هێماسازی تەنراوە .. هێماکان لە پشت بابەتە سەرەکییەکەی چامەکانەوە، چەندان ڕووداو و داب و نەریت وبیروباوەڕی میتۆلۆژی لە

هۆش و دڵی خوێنەردا، دەبزوێنن و لە داوێنی هۆش و ئەزموونی دا خۆیان دەنوێنن و بابەتە سەرەکییەکە ڕەنگ ڕێژی خۆیان دەکەن.

ئەو نموونانەی سەرەوە لەناوچامەکاندا مەبەستی سەرەکی نین، بولکو هێمان وەك ملوانکەی مرواری لە گەردنی بەیتەکان کراون و ئەوەندەی تر چامەکانی ڕازاندووەتەوە ..

**حەمەکەریم هەورامی – هەولێر**

سەرچاوەکان:

١- دیوانی مەولەوی – لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدریس ل (٣٤٠) بەغدا چاپخانەی (النجاح) ١٩٦١.

٢- هەمان سەرچاوە. ل (٤٣).

٣- - - ل (١٧٦).

٤- - - ل (٣٢٢).

٥- - - ل (٢٨٠).

٦- عقیدەی مرضیە، شەرح و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریم مدرس

٧- دیوانی مەولەوی لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریم مدرس ل (٤١٨-٤١٩)

٨- - - - - ل (١١٨).

٩- - - - - ل (٤٤٤)

١٠- - - - - ل (٢٠٣).

١١- - - - - ل (٢٣٠)

١٢- - - - - ل (٣٣٢)

١٣- - - - - ل (٣٣١)

١٤- - - - - ل (٣٠)

١٥- - - - - ل (٢٣٨)

١٦- تەماشای کاکەییەکان بکە، نوسینی حەمە ئەمین هەورامانی ل ( )

١٧- دیوانی مەولەوی شەرح و لێکدانەوەی (مەلا عبدالکریم مدرس) ل (٣٠)

١٨- - - ( - - -) ل (٢٣٨)

١٩- - - ( - - -) ل (؟)

٢٠- - - ( - - -) ل (٣٧٢)

٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (١٩٩)

٢٢- - - - - ل (٦٦)

# چەند لایەنێکی کۆمەڵایەتی لە ژیان و شیعرەکانی مەولەوی تاوگۆزی دا

د. ئیبراهیم قادر

# چەند لایەنێکی کۆمەڵایەتی لە ژیان و شیعرەکانی مەولەوی تاوگۆزی دا

د. ابراهیم قادر محمد

پێشەکی :

ئەم چەند لاپەڕیە هەوڵی ئەوە دەدات کە لەناو گوڵشەنی شیعرەکانییەوە چاوێك بە ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتی مەولەوی دا بخشێنێت، لەگەڵ ئەوەدا کە زانیاری وردو تەواوی دتیکۆمینیت کراو لەبەر دەستدا نییە : چ لە ڕووی هەموو شیعرەکانییەوە، یان ڕووداوەکانی ژیانی : جگە لەو چەند ڕووداوەی پێشەنگی دیوانەکەی وەرگێڕانەکەی بۆ سۆرانی کەئەمانیش زۆرێك لە ژیانی مەولەوی ناگرنەخۆ، بەڵام هەر چۆنێك بێت تا ئەو کاتەی کەزانیاری دی بەدەست دەکەوێت جێگەی بایەخن!.

ئەم نووسینە بە پلەی یەکەم، کەڵکی لە بۆنەی گوتنی شیعرەکان وەرگرتووە، پاشتریش لە خودی دەقە شیعرییەکان .. بەو هیوایەی توانرابێت مەبەست بە دەستەو بدات، ئەم کارەیش بدات، ئەم کارەیش بەهۆی دەرخستنی چەند لایەنێکی گرنگی کۆمەڵایەتی لە ژیانی مەولەویدا بەهۆی شیعرەکانییەوە ببێتە هەوڵێك بۆ پتر ناسینی مەولەوی تاوگۆزی وەك مرۆڤێك و دەرخستنی لایەنی کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانیدا.

بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی ژیانی مەولەوی و قۆناغی گەشەکردنی کۆمەڵی کوردەواری لەو ساڵانەدا لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە دەردەکەون، کە ئاشکرایە مەولەوی هاوچەرخی باردوخێکی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی وابووەدوور نزیك کاریان لە ژیان و بەرهەم بیرکردنەوەو هەڵوکەوتی مەولەوی کردووە.

دەسەلاتی ئیداری و فەرمانڕەوایی بە پلەی یەکەم و مەرکەزی لە ژێر سێبەری دەوڵەتی عوسمانی دا بووە، جگە لە میرنیشینی بابان لە سنووری سلێمانی داو میرنشینی ئەردەلان لە سنەدا .. کە لەناو ئەمانەیشدا خاوەن موڵك و بەگزادەو شێخی تەریقەت خاوەن دەسەلاتێکی ناوچەیی و ئایینی بوون.

لەو ناوچەیەدا کە مەولەوی هەر لەمنداڵییەوە تیایدا لە دایکبووەو ژیاوە تا کۆتایی ژیانی، تەریقەتی نەقشبەندی و قادری وەکو دوو دەسەلاتی ئایینی و سۆفیگەری لە کاردا بوون، بەگزادەی جافیش بە تایبەتی لە ناوچەی هەڵەبجەو شەمێران و تاوگۆزی دا خاوەن دەسەلات بوون، کە ژینگەی مەولەوی تاوگۆزی بوون! خێزان و بنەماڵەی مەولەوی لە بنەچەدا خوێندەوارو زانستپەروەرو دینداربوون وخزمەتگوزاری خەڵکی بوون، بۆیە خەڵکیش ڕێزی تایبەتی لێیان ناوەو تا ڕۆژگاری ئەمڕۆیش ڕێزو خۆشەویستیەیەکەیان بەردەوامە.

مەولەوی، هەر لە منداڵییەوە لەناو توێژاڵێکی خوێندەوارو بەناگای سەردەمی خۆیدا ژیاوە، باوکی مەلابووەو دەرسی بە فەقێیان گوتووەو هەڵس و کەوتی لەگەڵ زانا ئایینی یەکاندا بووە، جگە لە گەورە پیاوانی ناوچەکە (( دینی و دنیایی ))، ئەم هەڵکەوتە خێزانی و کۆمەلایەتی و زانستی و دینییە جێ پەنجەی خۆی لە کەسێتی مەولەوی دا جێهێشتووە، کە ناشێت کاتێك لە شیعرەکانی مەولەوی دەکۆڵرێتەوە پشت گوێ بخرێت، چونکە بە هۆیە کەوتووەتە ناوکەش و هەوایەکی وەهاوە کە نەتوانێت کەسێکی گۆشە گیرو دوورە پەرێز بێت، چ لە منداڵی و لاوی و جۆرو پلەو پایەی کەسەکان و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردەواری بواری ئەوەیان بۆ مەولەوی ڕەخساندووە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لە هەمە جۆرو توێژاڵ چینی لەناوچە جۆراوجۆرەکانی مەڵبەندەکەیدا و کوردستاندا بناسێت و لەگەڵ هەندێکیاندا پێوەندییەکی تایبەتیش دروست ببێت کە زۆربەیان مەرگ کۆتایی بەو پێوەندییە هێناوە، شیعرەکانی مەولەوی بەڵگەی ئەم قسەن !.

لێرەوە هەوڵ دەدرێت کە باسی لەم لایەنانەی ژیانی کۆمەڵایەتی مەولەوی بکرێت :

١- بوێری و بڕوا بە خۆبوون و خاوەن هەڵوێستی.

٢- هاوڕێتی .

٣- مرۆڤدۆستی و ڕاسگۆیی لە شیعرەکانیدا.

٤- ناموبوون لە ژیاندا .

١- بوێری و بڕاو بە خۆبوون و خاوەن هەڵوێستی :

لە ژیانی مەولەوی دا خاوەن هەڵوێست بوون و دەربارى نەبوونی دەردەخەن و بەڵگەی سەربەرزی و ئازایەتی و لە خۆڕابینینی مەولەوی بوون، ریابازو چاپلوس نەبووە، ئەوەی باوەڕی پێی بووبێت کردوویەتی و لەهیچ کەس و لایەککەوە بیرو بۆچوون و هەڵوێستی بەسەردا نەسەپێنراوە، مەولەوی لە هەڵوێستە کتوپڕو ناکاوەکانی ژیانیدا خاوەن بەدیهەو حازر وەڵام بووە.

هەرچەند نموونەیە تەنیا لە یەکێکیاندا چەند دێڕێکی بە فارسی گوتراوی مەولەوی تیادایە : بەڵام تیشك دەگرنە لایەنەکانی ژیانە کۆمەڵاتییەکەی پێویستی سەپاندنی کە باسیان لێوە بکرێت ...

لەوکاتەدا کە مەولەوی لە ( شەمێران ) مەلابووە، محەمەد پاشای جاف سەرکارەکەی کە ناوی ( شێخ عەلی عەبابەیلێ )یی بووە بە ( عوسمانی خاڵە ) دەگۆڕێت.

ئەمەیش مامەڵەی لەگەڵ مەولەوی و خزمەکانیدا باش نەبووە: بۆیە بار دەکات و دەچێتەوە بۆ ( سەرشاتە ) ی ( تاوگۆزی )، پاشتر حەمە پاشا گلەیی لێدەکات .. مەولەوی بەم چەند دێڕە شیعرە فارسییە وەڵامی داوەتەوە:

*وزان سوی وطن هجرت نمودم*

*خلافت از علی دانسته بودم*

*بە تـا پیر محمد میر اکمل*

*خلافت چون بە عثمان شد محول*

*دل خویشان ما را پر ز خون کرد*

*بە خویشاوند خود نعمت فزون کرد* (د.ل : ل،م)

ئەم ڕووداوە ملکەچ نەکردنە بۆ ناخۆشییەك کە توانیبێتی تێیدا نەژی ... با بە هەژاری بژێت، بەڵام بە خاواستی خۆی و بێ زەبرو زەنگ !!

بە ڕووداوێکی تردا کە جووتیارێك لە (سەرچنار) دێتە پێش (ئەحمەد پاشای بابان) و گلەیی لەیەکێك لە پیاوەکانی پاشا دەکات کە زەوییەکەی داگیرکردووە، مەولەوی نۆرەبڕ لە پاشا دەکات و خۆی لە جووتیارەکە تۆرە دەکات، جووتیارەکە بەسەرسامییەوە بە مەولەوی دەڵێت :

-کابرا! لای خۆت تۆ مەلایت و پیاوی دینی ! کە تکایەکەم بۆ ناکەیت و چاکەی پێناکرێت بۆچی خرا پەی لەگەڵ دەکەیت؟

- مردووت مرێ، من لەبەر بێ عەقڵی تۆ تووڕە بووم، ئاخر تۆ نەتبیستووە: دنیا مەزرەعەی ئاخیرەتە، ئێستا پاشا ئەگەر بە جووتی بێگاری زەویی داگیرکراو نەکێڵێت و نەیکات بە تەڕەکاڵ بۆ دیوەخان، دنیای چۆن ئەبێ بە مەزرەعەکەی قیامەتی ؟

کە پاشا ئەم قسەیە لە مەولەوی ئەبیستێت شەرمەزار ئەبێ و ئەڵێ :

-مەولەوی ! تکا ئەکەم بەسیەتی .. کابرا برۆ زەوی خۆت بۆ خۆت، هەر پیاوێکی من هات بەلاتا دەری بکەو گوێی مەدەرێ . (د. لا: ع)

هەروەها وەڵامەکەی بۆ (غولام شاخان – والی سنە ..) و ئەو دوو نامەیە کەبە داخەوە ئەوانیش – بە فارس –ین و بە پەخشان بۆ (فەرهاد میرزای قاجاری) و (مەلا محەمەدی

صالحی- فخر العلما ) ناردبوونی و وەڵامێکی ڕوون و بوێرانەی زانستییانەی قایلکەری تیادابووە لە بارەی مەسەلەیەکی مەزهەبییەوە.

لەم وەڵامانەدا مەولەوی بوێرانەو دوور لە ریایی وەڵامەکان دەداتەوە. (وەرگێڕانە سۆرانییەکەی محەمەد ئەمینی ئەردەلانی – ل، ٤٠٥ )

٢-هاوڕێتیی : ئەو پێوەندییەی نێوان ئەندامانی کۆمەڵە کەلە دەرەوەی بازنەی خزمایەتی و خێزان و خوێنەوەیە : وا دەبێت دووبرا، یان دوو خوشك، یان خوشك و برایەك پێوەندییەکەیان لە سنووری خوشك و برایی دەردەچێت و دەپەڕێتەوە ناو پەڕێزی ( هاوڕێتی ) یەوە کە پێوەندییەکی گیانی و دەروونییەو ڕێزو چێژی تایبەتی خۆی هەیەو یەکێکە لە ڕاگرەکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان کە ئەندامانی کۆمەڵگە تۆشی دەبن و هەوێنێکە بۆ ئاسودەی و بەختاری و پێکەوە ژیان .

بە پێی شیعرەکانی دیوانی مەولەوی، سەید عبدوالڕەحیمی مەولەوی تاوگۆزی کەسێکی خاوەن پێوەندیەکی کۆمەڵایەتی بە تین و بەهێز بووە و زۆری غەل و قەسیدە بۆ ئەم پێوەندیە تەرخان کردووەو زمان حاڵی مەولەویین.

زۆرن ئەوانەی کە هاوڕێتیان لەگەڵیدا هەبووە .. نامە شیعرەیەکانی مەولەوی پەردە لەسەر ئەم لایەنەی ژیانی مەولەوی و کەسێتییەکەی لادەدەن : چونکە سەردەمی مەولەوی جگە لە بارە کۆمەڵایەتیەکەو توندوتۆڵی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری، خوێندن لە مزگەوتەکاندا هۆیەك بووە بۆ دروستبوونی هاوڕێیەتی: چونکە دەستووری فەقییەتی ئەو پێکەوە ژیانەی لە حوجرەکاندا سە پاندووە لەگەڵ تێکەڵاوبوونی ژمارەیەکی زۆری فەقێ لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە لەو گەڕانە بەردەوامەیاندا بە دوای مامۆستای چاك و جێگەو ڕێگەی خۆش و شارو گوندی دڵگیردا .. کەبووەتە هۆی دروست

بوونی هاوڕێیەتی زۆرو لە تەمەنی جۆراوجۆردا .. مزگەوتەکان جگە لەوەی شوێنێکی پیرۆزن بۆ خودا قەرستی، مەلبەندێکی کۆمەلایەتیش بوون ..

مەولەوی تاوگۆزیش وەك هەر فەقێیەکی کوردی سەدەی نۆزدە خۆی لەناو ئەو کۆمەلگە زانستیە – کۆمەلایەتیەدا دیوەتەوەو فرەکەسی ناسیوەو لەگەڵ زۆریاندا پێوەندی گیانی دروست کردووە کە تاکو مردنیش بەردەوام بووە چ بەسەر لەیەکتریدان بووبێت یان نامە گۆڕینەوە .. گەشتی ژیانی مەولەوی لە جیهانی فێربوون و فەقێیەتیدا لەماڵی خۆیانەوە لە (بێژاوە) ی نزیك (هەلە بجە) لای باوکی دەست پێدەکات ... و زۆر شوێن دەگۆڕێن، ژمارەی ئەو خەلکانەی کە مەولەوی ناسیبونی وخۆشەویستی و برادەرایەتی لە نێوانیان و مەولەویدا هەبووە، نیشانەی بەهێزی ئەم پێوەندییە کۆمەلایەتیەی مەولەوی، کە دوور نیە بگوترێت هیچ شاعیرێکی تری هاوچەرخی مەولەوی پێوەندیەکی لەم جۆرەی نەبووەو نامەی شیعری ئەم رووبەرەی لە ناو شیعرەکانیدا نەگرتوەتەوە (( بە شیعر نامە نووسین لە ئەدەبی کوردیدا زۆر باو نەبووە، کەچی ئەم بابەتە لە شیعری مەولەویدا زۆر بە فراوان و گەشەی سەندووە، ٨٨ غەزەلی وای هەیە کە دەکاتە (٤١٪)ی سەرجەمی غەزەلەکانی و (٨٥٠) بەیتە (لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی ١٨٠٦-١٨٨٢، ئەنوەر قادر محەمەد – ١٩٩٠ ستۆکهۆلم – ل ١٨٧ ئەم پێوەندیە بە تینەی مەولەوی لە هەموو کەسێکی سەردەمی نەوەشاوەتەوەو کەسیش وەك مەولەوی ناوبانگی دەرنەکردووە، لەسنە لە مزگەوتی (دارنەحسان) حوجرەیەك هەبووە بەناوی (حوجرەی مەولەوی) کە ژووری ژمارە (١٩) ی مزگەوتەکە بوووە (دیوانی مەولەوی – وەرگێراو بۆ سۆرانی، محەحەد ئەمینی ئەردەلانی – ل ٢٤).

یەکێك لەو کەسانەی کە مەولەوی بە شیعر گفتوگۆی لەگەلدا کردوون و نامەی شیعریان گۆڕیوەتەوە ( شێخ عەزیزی جانەوەری ) یە، کە لەفەقێیەتیدا لەسنە پێکەوە لە مزگەوتی (دارنەحسان) خوێندویانە. لێرەدا سەرەتا وەك و نمونەیەك ئەو غەزەلەی کە مەولەوی بە

بۆنەی جودا بوونەوەی لە شێخ عەزیزو چوونی بۆ (بانە) بۆ خوێندن نوسیویەتی دەخەینە ڕوو، پاشان سێ غەزەلی تری – کە لە شوێنی خۆیدا باس دەکرێت، ئەم نوسینەش تەنیا بەمەبەستی دەرخستنی ڕێزی هاوڕێیەتی لای مەولەوی کە چۆن بووەتە هەوێنی شیعری لای مەولەوی و زۆرشتی نایاب و جوانی تێیاندا چاندووە، نموونەی تر هەن کە بۆ کەسانی دی گوتراون: بەڵام وردەکاریەکانی ناو شیعرەکەو بەرز سەیرکردنی هاوڕێیەتی و خەم خواردن بۆ جودابوونەوەو لێکدابڕانی دوو هاوەڵ فەقێی کورد ئەم نموونەیەی لەبەر تر دانا.

سەرەتای غەزەلەکە ئامادەبوونێکی بۆ سەفر پێوە دیارە، شێوەی بانگکردن و داخوازیەکەی مەولەوی لە شێخ عەزیزو هەواڵ پێدانەکەی کە نیازی ڕۆیشتنییەتی بۆ (بانە)، ئەوە دەردەخەن کە مەولەوی چووبێتە بەردەرگای ژوورەکەی شێخ و ئەویش خەریکی کارێك بووبێت .. بۆیە داوای ئاوڕدانەوەی لێ دەکات دوای هەواڵی ڕۆیشتنەکەی:

*ئازیز دیارەن، وادەی لوامەن*

*ئەلوەدای ئاخر ئەوە ئامامەن*

*دەولەتەکەی وەصڵ پانە زەواڵەن*

*جاریۆتەر دیدەن باڵات مەحاڵەن (د. ل : ٥)*

*سا دڵم وەش کەر وەئیلتیفاتێ*

*بدبە وەلاوە، بوونێنووت ساتێ (د. ل: ٦)*

مەولەوی وشەی (ئازیز)ی بەکارهێناوە، کەلە زۆر شوێنی تریشدا بەکاری هێناوە، بەڵام لێرەدا پێش بەکارهێنانیەتی بۆ (عەنبەر خاتوون) بەو پێیەی کە مەولەوی لە (چرۆستانە)ی (ئەوڕۆڵی) دا کەبووە بە مەلا ژنی هێناوە ! ( محەد ئەمینی ئەردەڵانی، دیوانی مەولەوی وەرگێراو بۆ سۆرانی – ل ٨)، کەواتە نیشانەی ڕێزلێنانی زۆرە بۆ بانکراوەکە..

دیواین خواحافیزی مەولەوی لە ( نازیز شێخ عەزیز )و کێ دەزانێت پاشە ڕۆژ چۆن دەبێت؟ پلەی خۆشەویستیەکەی زۆر بالاَ دەبینرێت بەوەی کە گەیاندوویەتی پایەی ( دەوڵەتەکەی وەصڵ ) و بەرەو کۆتایی و برانەوە چوونیشی ئەم هەڵوێستەی سەپاندووە، کە چاوەڕێی ئاوەڕدانەوەیەك بێت لە شێخ تاکو تەنیا بۆ ساتێکیش بووە سەیری بکات. مەولەوی لە بانگکردنەکەدا پانای بردووەتە بەر هەستی بیستن و بەرانبەرەکەی پێ ئاگادار کردووەتەوە، خۆیشی ئامادەیە کەبەهەستی بینینی چاو تێر سەیری بکات کە دوو هۆی بەیەك گەیشتن و گەیاندنی مەبەستن: چونکە دەنگ و وێنە لەو دوو ڕێگەیەوە هەردووك تۆمار دەبن و دەمێننەوەو گە نجینە دەکرێن و کاتی تەنیایی دەبنەوە خۆراکی دڵ و مێشك، لە دێڕێکی تردا پەنادەباتەوە بەر گوێ و داوا لە شێخ دەکات کە :

*بابە بۆ شنۆی شیرین رازەکەت*

*گۆش دەرۆ لادێ مەینەت گازەکەت (د. ل :٦)*

ئەمجارەیان خۆی دەیەوێت گوێی لە دەنگی هاوڕێکەی بێت: بۆیە تکای لێدەکات کە شنەی ڕازو قسە شیرینەکەی بدات بە گوێدا .. دەورەکەی گۆڕییەوە، ئەم بوو بە گەنجینە بۆ دەنگی ئەو، لێی دەخوازێت کە گوێ لە مەینەتدا ژیاوەکەی خۆی بگرێت کە گازی لێگیراوە .. هەر لە ئێستاوە کە هێشتا دوور نەکەوتووەتەوە،مەولەوی کەوتووەتە ناو خەم و پەژارەی دوورکەوتنەوەو ئەم لێك جوودا بوونەوەیەی زۆر لاگرانە : بۆیە دەڵێت :

*ئاخر سەفەرەن، راخەیلێ دوورەن*

*مەنزل بێ پایان تۆشە زەرورەن*

دوا سەفەری ژیانی مرۆڤ تەنیا ( مردنە ): کەچی مەولەوی ئەم سەفەرەی خۆی بۆ ( بانە ) بە دواهین سەفەر لە قەڵەم دەدات: هەرچەندە ئەگەری مان و درێژەی ژیانی تیادایەو کەس نازانێت کەی و لە کوێ دوا هەناسەدەدات: بەلاَم لەبەرئەوەی کە ئەگەری ئەوەی یەکتری

ئەبیننەوە هەیە ئەم ناوەی لێناوە، هەر چەندە ئەم دێڕە شیعرە کە باس لە ( ئاخر سەفەر) دەکات و مەنزڵ ( قۆناغەکانی ئەم سەفەرە ) ئەبڕاوەن زەین بۆ ئەوەیش دەچێت کە تەنیا واتا هەنووکیەکەی مەبەست نەبووبێت و مردنەکەیش بایەخی هەبێت لەگەڵ مەبەستە ئاشکراکەدا، ئەوەتا باس لە تۆشە ( توێشو = کردەوە = یادگار ) دەکات بۆ ئەم ژیانەو ئەو ژیانەیش کە چوونە بارەگای خودا پێتووێشو گرانە : چونکە ( بانە ) قۆناغێکی هێندە دوور نیە کە بەبێ پایان ناودەبرێت .. ئەم شێوازی مەولەوییە کە واتای نزیك و دوور لەزۆربەی بەیتەکانیدا دەمەزرێنێت ( توضیف ) کە هونەری ( تەورییە )ی ڕەوانبێژییە، کەواتە واتا دوورەکەی سەفەرکردنە بۆ ئەو دونیا .. بەڵام لە دێڕە شیعری دوای ئەودا واتاکە ڕوونتر دەبێتەوە کە مەبەست سەفەرەکەی ( بانە )یە : چونکە توێشەکە دیاری دەکات:

*دینت کۆشەی چەم، مەیلت تۆشەی دڵ*

*ڕازت تۆشەی بۆش، مەنزڵ وەمەنزڵ* ( د. ل ٦: )

دیسانەوە پەنا دەباتەوە بەر هەردوو هەستی ( بینین – بیستن ) کەچاوو گوێیە .. چاو بۆ سەیرکردن و گوێ بۆ بیستنی دەنگەکەی .. لە بنیات و فۆرمی شیعرەکەگا دووبارەکردنەوەیەکی تیادایە کە مەبەستی خۆی هەیە ! مەولەوی لە بەیتی ( ٧،٦ ) دا بەیتەکانی ( ٢، ٣، ٤، ٥ ) ی بەشێوەیەکی دی دووبارە گوتووەتەوە کە هەمان واتاو مەبەستی چوار دێڕەکەی یەکەمی هێناوە لەناو دوو بەیتدا دارشتووەتەوەدو جەختی لەسەر چاو، گوێ، دڵ، دووریی ڕێگا کردووەتەوە .. بە بۆچوونێك ئەم جەخت کردن ودووبارەکردنەوە جگە لەوەی شێوازی شیعری شاعیرن، بایەخدانێکی لە ڕادە بەدەریشە بۆ گەورەیی ئەم پێوەندییەی نێوان مەولەوی، شێخ عەزیز، نیشانەی ڕاستگۆیی مەولەوییە لەو هەست دەربڕینەدا بەرامبەر بە هاوەڵێکی، لەلایەکی تریشەوە پاڵنەرو خورپە شیعرییەکە توانیویانە دەربڕی خواستی مەولەوی بن و خیانەتی نەکەن لەو نیهادە پاکەیدا .. لەلایەکی تریشەوە دڵ بۆ ئەوە دەچێت

کە ڕەنگە ئەم جەخت کردن و دووبارە کردنەوەیە لە ئەنجامی ئەوەدا بووبێت کە ئازیز گوێی پێنەدابێت و ئەمیش وەك برینشکەی سەرساج برژابێت .. ڕەنگە بگوترێت دڵعا جزییەك هەبووبێت! کە شیاو نییە: چونکە پێوەندیی مەولەوی، شێخ عەزیز لە نامەی تریشدا بەردەوام بووە، هەرچەندە مێژووی نامەکان نازانرێن، بەلام بۆنەکان دەریدەخەن، دەشێت کە شێخ عەزیز حەزی نەکردبێت مەولەوی بڕوات بۆ بانەو لێی دووربکەوێتەوە: بۆیە لالوت بووە، کەلەو جەخت کردن و دووبارە کردنەوەیەدا دڵ بۆی دەچێت: بەلام بە لای زۆرەوە حەزنەکردنە بە ڕۆیشتنەکەی .. ! مەولەوی واز ناهێنێت و سوورە لەسەر داخوازی خۆی:

*کێ زانۆ بۆ ئەی دنیای بادی؟* *

*بابیۆ ئەبەین گەردی ئازادی!* (د. ل: ٦)

هەروابووە کەس نازانێت کەی و لە کوێ کۆتایی بە ژیانی دێت، بۆیە بە نازو خۆشەویستییەوە داوای گەردنی یەك ئازادکردنی لێ بکات .. کەلە خۆیدا ڕەوشتێکی کوردانەیە .. بە پێی زاراوەکەی لە زمانی کوردیدا و بۆنەو گوتنی بە جێهێنانی .. لە دینی ئیسلامی پیرۆزیشدا جەختی لەسەرکراوە و بە مەرجێکی ئیمانداری و دڵپاکی و لە خوداترسی دانراوە، بەتایبەتی لە جەژنەکاندا و بە هەمیشەو بەردەوامیش لە ژیانی ڕۆژانەدا .. بەلام لێرەدا مەولەوی لە ڕووی هاوەڵی و خۆشەویستی و داب و نەریتەوە ڕووی لێناوە، کە ئەم بەیتە لە غەزەلەکە دەشێت بە شابەیت دابنرێت ... لە ڕووی کاریگەری و قورسیەکەیەوە لەسەر ڕووبەری گشتی غەزەلەکە: هەرچەندە گەردی ئازادی دوای دڵئازاری و لەیەك زیزبوون و دلگرانی و دەنگ دابڕین باوترە، وەك لەوەی لێرەدا مەولەوی مەبەستیەتی، کە تەنیا لێکجودابوونەوەیەو لێکدوورکەوتنەوەیە: بەلام مەبەستی مەولەوی لێرەدا دەرخستنی پلەی

---

* (بادی) و (فانی) نووسراوە لە وەرگێڕانەکەی .

دڵڕاگرتنی خۆیەتی بۆ شێخ عەزیز، نەك ڕوودانیان، بەوەدا كە مەولەوی كۆمەڵە ئەگەرێك دەخاتە بەردەم، كە دەشێت بووبن لە شیعرەكەدا یەك یەك ڕێزی كردوون :

*من شەوێ ناڵەم جۆش ئاوەردە بۆ*

*سەگی ئاسانەت بێدار كەردە بۆ*

*یا ئاستە بۆ سەیل دیدەم، ئەفەسێ*

*نەسیم گەرد پات بەرۆ پەی كەسێ* (د. ل : ٦)

ئەوپەڕی ڕێز گرتن و خاكساری و پارێزگاری و پەیڕەوكردنی نەریتی پێكەوە ژیانە لە نێوان دووكەسدا، بە پێی دین و دنیا، وەك لە قەسیدەی (های شەماڵ چەند جار ڕای كەردەنی، د.ل :٤٩٣) دا هاتووە لە ژووری ژمارە (١٩) ی دار الاحسان دا بوون كەبە (حوجرەی مەولەوی) ناسراوە! لەم سەفەرەدا مەولەوی دەیەوێت گەردنی یەك ئازاد بكەن، ئەوەك شەوێك ناڵەو هاواری بەرزبووبێت خەوی لە شێخ عەزیز گرتبێت كە شەماڵ تۆزی پێی شێخ بەرێت بۆ خۆشەویستێكی، كە لە بارە ڕاستەقینەكەی دەرەوەی ئەدەب و شیعردا دوورەو دەبێت بیخەینە ڕیزی دەستی ڕێز لێنان و خۆشەویستی زیاد، ئەگەر نەچێتە قاڵبی وشەكاری و پێ لێهەڵبڕین .. ئەم ڕێزلێنانە لەسەردەمی خۆیدا كارێكی گران نەبووەو ڕەوشتێكی كۆمەڵایەتی بووە بە تایبەتی لەناو كۆڕی فەقێكانی كوردستاندا، نەكو وەك ئەم سەردەمە جەنجاڵە كە زۆربەی بەها كۆمەڵایەتییەكان پێشێلكراون و لێكترازاون ..! ئەم دوو دێڕەو غەزەلەكە هەمووی دیار خەری دەروون پاكی و كراوەیی خۆشەویستیە لە نێوان دوو فەقێی خودا پەرست و عاشق و سەوداسەری زانست و ڕاگری پێوەندییە مرۆڤانەكان .. كە بەقەدەر پیرۆزی زانستەكەیان ڕێزیان لە پیرۆزیی هاوڕێتییەكەیان گرتووە.

دیارە مەولەوی ترسی ئەوەی هەیە شێخ عەزیز لەکاتی سەیرکردنیدا لە لایەن مەولەوییەوە ئازاری بووبێت و ژێر پێی شێخ عەزیز لەبەسەر ڕووی مەولەویدا ڕۆیشتنی برژانگەکانی پێدا چەقی بێت و ئازاری بووبێت.

*جەمینت زەحمەت نیگام کێشابۆ*

*کەف پات وەخار دیدەم ئێشابۆ* (د. ل: ٧)

ئەم خاکسارییە : نەك ریاو چاپلوسی و لەخشتەبردن! خۆشەویستیەکی گیانییە، لە جودا بوونەوەدا بیر لەم شتە وردانە بکرێتەوە، دەبێت لە پێکەوە ژیاندا چ جۆرە پێوەندییەکیان هەبووبێت ؟ لەمەیش لەبەرتر ئەو دڵپاکییەی مەولەوی کە پێش ئەوەی داوای گەردن ئازادی لە بەرامبەر بکات :

*تۆ بویەر جەمن، من زوویەردم*

*هیممەت بۆ، ها ژار مەحرومیت وەردم* (د. ل :٨)

پەیڕەوێکی ئیماندارانەیەو خودای گەورەیش لە بەخشندەیی خۆی بەندەکانی بێبەش نەکردووە .. لە دوای ئەم بەیتە پارچە شیعرەکە بەرەو کۆتایی دەڕوات و خەمی هەڵی پێکگەیشتنەوەو نەگەیشتنەوەو دۆعا خوازی یەکجاری لە ئاستی شیعرەکەدان :

*ئەر فرسەتش دا پەی دڵ خەمینت*

*عومرێ دووبارەن جاریۆتەر دینت*

*وەرناستش، ئازیز! تۆ وەسەلامەت*

*دیدەن دیار کەوت ئەو قیامەت* (د. ل: ٩)

بە پێی نامە شیعرییە ئالوگۆڕکراوەکانی نێوان مەولەوی –شێخ عەزیزی جانەوەرییدا ئەوە دەردەکەوێت کە پێوەندییەکەیان بەردەوام بوودو هاوڕێتی یەکەیان درێژەی کێشاوە! هەرچەندە لەم نووسینەدا چوار پارچە شیعر کراوە بە نموونەی ئەو خۆشەویستییە وەکو لە دیوانەکەی و وەرگێڕانەکەیدا بۆ سۆرانی ( محەمەد ئەمینی ئەردەلانی )* و هەروەها لە لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، ئەنوەر قادر محەمەد دا هاتوون، ڕەنگە لە داهاتوودا ببن: بەلام بەلای زۆرەوە ئەم نموونانە بۆ ئەم مەبەستەی ئەم چەند لاپەڕەیەو ناسینی مەولەوی کارێکی باش دەکەن و دەدەن بە دەستەوە !

قەسیدەی ( های شەماڵ چەندجار راطەی کەردەنی )، ( دڵ : ٤٩٣ )

باس لەو ئەخۆشییە دەکات کە تووشی شێخ عەزیز بووە ( ناوڵە )، ئەم قەسیدەیە ئەم خالانە ڕوون دەکاتەوە :

١ ) قەسیدەکە دوای چوونی مەولەوی بۆ ( بانە ) گوتراوە، بۆ تووشی ئاوڵە بوونی شێخ عەزیز.

٢ ) شێخ عەزیز لەهەر ئەو ژوورەدایە کە ناوی حوجرەی مەولەوییە لە مزگەوتی دار الاحسان ژووری ژمارە ( ٩ ) !

٣ ) پێدەچێت مەولەوی کاتی خۆی دۆعا خوازییەکەی هەر لەو ژوورەدا لە شێخ عەزیز کردبێت لە پارچە شیعری ( ئازیز دیارەن وادەی لوامەن ) . ( د.ل : ٥ )دا ! نەك لە دوو ژووری جودا بووبن ! هەربۆیەش گوتبووی :

*من شەوێ ئاڵەی جۆش ئاوەردە بۆ*

*سەگی ئاسانەت بێدار کەردە بۆ ( د.ل : ٦ )*

کە ئەو لێك نزیکبوونە پیشاندەدات ..

---

* وەرگێڕانی دیوانی مەولەوی بۆ سەرزاری بابانی .

قەسیدەی ( های شەماڵ چەندجار ... ) دەیسەلمێنێت کە دۆعا خوازییەکەی مەولەوی لە شێخ عەزیز لە خۆشەویستی و دۆستایەتی و لەدڵی یەکدا شیرین بوونەوە بووە : نەك لە ئەگەری دڵگرانییەوە بووبێت !

بەردەوامیی ئەو خۆشەویستی و هاوڕێیەتییە دەردەخات کەلە نێوان مەولەوی، شێخ عەزیزدا هەبووە، لێرەشدا شێخ عەزیز هەر بە ( ئازیز ) ناوبراوە .

مەولەوی لەسەرەتای قەسیدەکەیدا دەریخستووە کە نە مەولەوی و نە ئازیز (شێخ عەزیز )وەك جاران نین

*نە ئەم جارەی من چون ئەو جارانەن*

*نە ئازیز وینەی ئیفتەر یارانەن* *(د.ل : ٤٩٣)*

لە دوای ئەم بەیتەوە مەولەوی وەسپێکی زۆر جوانی شێخ عەزیز دەکات و شوێن و ڕێگەو پلەو پایەی لای هاوەڵەکانی دەردەخات بە ( سعد الاکبر )و ( خورشید – خۆر) ناوی دەبات و گەلێك واتای بەرزی داوەتە پاڵی :

*مانە گۆشەی ئەوج خانەی شەرەفدا*

*نوور ئەخشانیشەن وەهەر تەرەفدا*

*طلووع و غروب صوب ئێوارانەن*

*مەعاش و سەبات دەردەدارانەن* *(د.ل : ٤٩٥)*

ئەم وەسپە بەرزە گەرموگوڕی و توندو تۆڵی هاوڕێیەتیەکەی مەولەوی/ شێخ عەزیز بە ئاشکرا باس دەکات کەیەك کیانن و لە دوو جەستەدان .. با لەیەکیش دوور بووبن، لەم وەسفەیدا مەولەوی ڕۆڵی کامیرایەتی سینەکایی دەگێڕێت کە بەم وردییە لە نزیکەوە بە

گرتەی سینەمایی جۆراو جۆر وێنەی شێخ عەزیزی گوتووەو حاڵی پەشێوی خۆی و ناڕەحەنییەکەی ئەوی بەم شێوە دەربڕیوە :

*بەڵام من جەستەم خەیلێ بەد حاڵەن*

*لاڵ بوون مالوومەن ئەو نەوەبالەن*     (د.ل : ٤٩٦)

باری دەروونی خۆی زۆر بە ناڕەحەتی دەردەخات، ئەویش لەبەر بێ حاڵی و نەخۆشییەکەی شێخ عەزیز .. لە دوای ئەم بەیتەوە هەم وەکو حاڵزانێك کە ئەو سینەمایی ئاساییش وێنەی شێخمان بە چەند گرتەیەك پیشان دەدات.

*یانێ ئەو باڵای تووڵ عەر عەر تەرز*

*مەشنێو وەباد صوب سەحەری لەرز*

*چێن کەفتەن نە ڕووی پێشانیش چون سیم*

*چون زنجیرەی ئاو وەشنۆی نەسیم*

*نیم نیگاش هەوەس دڵ دۆزیش نیەن*

*نازش دڵ بەریش جەخاتر شی یەن*

*ئاوڵەش وردان لاڵ یەمانی*

*وێنەی گۆیی ( حوباب ) ئاو حەیوانی*

*باغ مەحبووبیش جەسەرتا دامان*

*جەوەیش وەی دەردخەزانش ئامان*  (د. ل:٤٩٦)

لەم چەند بەیتەدا مەولەوی وێنە باڵای بەرزی بۆتە عەرعەری شێخ عەزیز دەگرێت لە دوورەوە (بابە،سنە) وەکو ئەوە وایە کە لەبەردەمیدا وەستابێت و کامێرەی سینەمایی بەچاوەوە بێت، ئەم وێنەگرتنە سینەماییەی مەولەوی لەم قەسیدەیەدا هەمان وێنەگرتنێتی

بۆ زەماوەندەکەی محمود پاشی جاف کە مەولەوی لە ماڵی خۆیەوە دوور بە دوور وەسپی هەڵپەڕکێکەی کردووە، (بڕوانە: سیناریۆ لەشیعرەکانی مەولەوی تاوگۆزیدا، د. ئیبراهیم قادر محمەد –گۆڤاری زانکۆی دهۆك، با ٢، ژ-٦، ١٩٩٩، ل ٨٤١) بەگرتەیەکی گشتی (L. S) بالأیی وێنە گرتووە، پاشان هاتووەتە سەردەم و چاوی بەگرتەیەکی نزیك(C. U) وێنەی گرتووە کە لۆچەتانی ئارەقەی تامی تێزاون.. ئەوسا دانەی بلۆقەی ئاوڵەکەی وەکو دڵۆپەی باران چواندووە .. دواتر بووە سەرچاوانی کە خەوڵکی پێڵ و جووڵاندنیان نەماوە لە تاواندوویەتی و ئازارو وەکو نێرگز خەوتوون .... و لە حەڵەتی زۆر ئالەباریدایە.

ئەم بەوردی ڕۆچوونە لە وێنەگرتنی شێخدا لەو دوورەوە لەلایەن یادو زەینی مەولەوییەوە جگە لەراست گۆیی و پڕ خۆشەویستی بۆشێخ عەزیز. دێرە شیعرەکەی لە مەڕ خودا حافیزیەکەی پارچە شیعری (ئازیز دیارەن، وادەی لوامەن، (د. ل: ٦) وەبیر دەهێنێتەوە کە زۆر بەتاسەوە گرتبووی:

*سا دڵم وەش کەر وەئیلتیفاتێ*

*بدیە وەلاوە، بووی ئۆت ساتێ*

*دینت ئۆشەی چەم، ملت ئۆشەی دڵ*

*ڕازت ئۆشەی گۆش، مەنزڵ وە مەنزڵ* (د. ل: ٦)

کەواتە مەولەوی لەو دوورەشەوە هێندە لە بیری و یادی شێخ عەزیزدایە کە وردەکاریەکانی دەم و چاویشی لەبیرە ..! هیچی لە دەست نایەت و ناتوانێ بڕوا بۆلای: بۆیە دەخیلی شەماڵ دەبێت کە بچێتە خزمەتی حاڵی مەولەوی بۆ باس بکات و پێی بڵێ ئەگەر پرسیاری لەمن کرد:

*بدیە نەرگ سان جە شەونم بین کەیل*

*پەرسا: کۆن ؟ عەرز کەر: قەیسەکەی دوو جەی*

*هانا (بانە) دابیٚ کەس کەفتەبیٚ*

*دیاربیٚ ئازار ڕۆشنا فتەبیٚ (د. ل: ٤٩٧)*

*هەربە شەماڵدا کەفارات بوونی بۆ دەنێرێت*

*واچە کەفارەت بەژن باڵآت بۆ*

*نەصیب ڕەقیب خاڵ ئاڵآت بۆ (د. ل:٤٩٧)*

داواش لە فەلەك دەكات كە دەس لەم بێویژدانی و ئازەردانە هەڵبگرێت..

غەزەلێكی تری مەولەوی بە مەطلەعی ((دیدەم نەونەمام ئەو تولْ ساوا، (د .ل :٢٤٦) كە سەلمێنەری پتەوی و بەهێزی ئەو پێوەندیەی نێوان مەولەوی و شێخ عەزیزە وەلآمی نامەیەكی شێخ عەزیزە كە مەولەوی بە شیعر وەلآمەكەی نوسیوەتەوە، بە داخەوە دەقی نامەكەی شێخ وەكو زۆری تری نامەو نامە شیعریەكانی كە بۆ مەولەوی هاتوون، كەمێكیان نەبێت لە دیوانەكەیدا نین ! ئەوەندە هەیە ئەم نامەیە بەڵگەی مانەوەو بەردەوامی هاوڕێیەتی یەكەیانەو لە ئاستێكی بەرز بڕوا بەككردندا، كە بنێرێت پارەی لێ داوابكات .. دیارە هەردووكیان هەر فەقێ بوون .. ئەوەندەی ناتوانرێت جەختی لەسەر بكرێت لە پێش نەخۆش كەوتن یان دوای نەخۆشیەكەی شێخ عەزیز بووە !؟

ئەم غەزەلە بۆچوونی ئەم نووسینە پتەوتر دەكات، كە مەولەوی كەسێكی هاوەڵ دۆست و هاوڕێ خۆشەویست بووە و ڕاستگۆ لە هەڵسوكەوت و شیعرەكانیدا : دەنا لەو هەموو بۆنەو لەو هەموو جۆرە وەلآمانەدا بەم ئاسكی و ڕەوانیە زمانی هەڵنەدەچەرخا و نەی دەتوانی بەم شێوەیە هەست دەربڕێت!، ئەم لێڕابینینەی شێخ لە مەولەوی جگە لە بەردەوامییەكەی ئەو هاوڕێیەتیە نیشانەی دڵ عاجز نەبوون و دڵ لەیەك نە ئێشانیان.

مەولەوی لە مەطلەعەکەدا شێخ بە ( دیدەم ) ناودەبات : نەك ( ئازیز ):

*دیدەم ئەونەمام ئەو تولْ ساوا*

*ئەمەت پەی خەرجی وەڵا مِن یاوە* ( د. ل: ٢٤٦ )

( ئەونەمام )، ( ئەوتولْ ساوا ) نیشانەن بۆ زۆر خۆشەویستی و دەلالەتێکی لە تەمەندا گەورەتر بوونی مەولەوی پێوەدیارە ! ئەمە بە مانگی چواندووە لەبەر ئەوەیە کە شایەمنی مانگانەشە :

*ئەمرت دلگیرەن، فەرموودەت خاسەن*

*بێ شك ماهەنی ماهانەت ڕاسەن* ( د. ل: ٢٤٦ )

دیسانەوە ڕێزو خۆشەویستی و لە دڵا بوون دەردەخەن و لە لایەکی تریشەوە مەبەستی نامەکەی شێخ داوای پارەی خەرجی کردن لەگەڵ مانگبوونیدا یەك دەکەوێتەوە ( ماهو ماهانە ) مانگە : بۆیە دەبێت پارەی مانگانە وەربگرێ گەورەی لە دڵدا و پارەی خۆشەویستی.. لە بەیتێکی تری غەزەلەکەدا مەولەوی باس لە دووری دەکات و باری دەروونی خۆی دەربڕیوە کە بووەتە هۆی پەرت و بڵاوبوونی بیرو هۆشی مەولەوی :

*بەڵام جگە دووریت هۆشم ڕەم کەردەن*

*ئاگاهیم نییەن چەن ڕۆ و یەردەن* ( د .ل: ٢٤٧ )

لەم بەیتەدا ئاماژەیەکی بۆ ئەو جوێ بوونەوەیەی مەولەی لە شێخ عەزیز تیادایە، کە نازانێت چەند ڕۆژ بەسەر ئەو لێك دابڕانەدا بەسەر چووە؟، چونکە وای لێهاتووە ژمارەی ڕۆژەکانی لەبیرچووەتەوە .. ئەم حاڵەتە دەرووتییە لە زۆر شوێنی شیعرەکانیدا لای مەولەوی دەرکەوتووە ( د. ل:٦٩ )، ئەو دووریەی وای لێکردووە کە وابزانێت لەوکاتەوە لە ( ماه ) ( شێخ عەزیز ) جوێ بووەتەوە مانگی نەدیووەو هەر بەدوای مانگی نوێدا وێڵە :

*هەرئید مزانۆ ئازیز گیان تۆ*

*ئەدیەئم وەچەم هەلأی ماه نۆ* (د. ل: ٢٤٧)

لێرەدا دەشێت بە دوو بۆچوون ئەم بەیتە لێکبدرێتەوە: یەکەمیان ماوەیەکی زۆر بەسەر جویْ بوونەوەکەی مەولەوی و شێخ عەزیزدا تێپەڕیووە .. ، دووەمیان ماوەکە کەمە : بەلاّم لەبەر کاریگەریی لێکدابڕنەکە وا بەم شێوەیە دەربڕرابێت کە زۆر لە مێژە لێکترازاون و یەکیان نەدیوە، لە بەیتێکی تردا دەکەوێتە بوارێکی تری ژیانەوە کە پێوەندە بە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی کوردستانەوە، بوونی خاوەن موڵك و جووتیار ( رایەت / رعییەت )، بۆیە پێی دەڵێت :

*شیرین رایەتم، خاصەی سەرکارم*

*بێ وادە زوڵمەن بەدەی ئازارم* (د. ل: ٢٤٧)

ڕەنگدانەوەیەکی ژیانی کۆمەلأیەتی کوردەواری گواستووەتەوە بۆ ناو شیعرەکەی، کە مەولەوی خۆی چوواندووەبە : جووتیارێکی گوێڕایەڵی ئاغا ( خاوەن موڵك ) و بەندەیەکی تایبەتی ئەو، ئیدی بۆ پەلەی لێدەکات و داوای مانگانەو پارەو خەرجی پێش هاتنی سەری مانگ (یان پێش حاصلاّت کۆکردنەوە) لێرەدا مەولەوی هەرچەندە وەك برا گەورەیەك و جێگەی پێداو پەرموونەوە داوای خەرجی لێکراوە لەلایەن شێخ عەزیزەوە : بەلاّم لە بەیتەکەدا پلەی خۆی دابەزاندووەتە ئەم ئاستەو شێخی بالأتر داناوەو ئەم لێی دەپارێتەوە !! لە دوابەیتدا هۆی ئەو داواکارییەی کە بە بێ وادە زوڵمەن بەدەی ئازارم، ناوی دەبات بەم شێوەیە پاساو دەداتەوە :

*هەرگادیم هیلال ئەو ئەبرۆی سیوەنگ*

*بەسیم ئەسرین، بە ئەشرەفی ڕەنگ* (د. ل :٢٤٧)

زوڵم لێ مەکە ! هەرکاتێك مانگم دی (کە خۆت مانگی)، واتە هەرکات خۆت هاتیت و چاوم بەو ئەبرۆ پەیوەستانەت کە هەردوو مانگی ڕۆشم بووەوە، ئەوا ئەو خەرجی و مانگانەیەت پێدەدەم کە بریتییە لە :

دانەی فرمێسکی زیوین و ڕەنگی زەردم لە دووریتدا کە وەکو (لیرەی ئەشرەفی) زەردی دووریتە پێشکەشت دەکەم .. ئەو پرسیارەی لێرەدا قیت دەبێتەوە ئەمەیە:

ئایا مەولەوی هیچی بۆ ناردووە؟ یان هەر بۆ وەزن و مۆسیقا و ڕازاندنەوەی شیعرەکە (ئەسرین، ئەشرەفی) هێناوەتە گۆڕێ ؟

هەرچەندە ئەم پرسیارە پێویستی بە دوادا چوونەو دەبێت پشت بە زانیاری ڕاست و دروست ببەسترێت: بەلام ئەوەندەی دەکرێت و دەشێت بگوترێت ئەوەیە یەکێك : ئەسرین بۆ دووری هاوەڵفەقێ و ئازیزو دیدەیەکی برێژێت و ڕەنگی بۆی زەردبووبێت ! دەبێت یەك دودانە لەو پارەی زیوو زێڕەی بۆ ئەو (ئازیزە) نەناردبێت ! بە بۆچوونم بێبەشی نەکردووەو تەنیا هەر بە شیعر دڵی ئاونەداوە: چونکە کەشی شیعرەکە وا دەخوازێت کەلە بریەتی ئەوەی بە زەقی بڵێت :

فەرموو ئەوە پارەی لە زیودروستکراو و ئەوەیش لیرەی زەرد ! پێی دەڵێت گیانم، فرمێسك و چاوم فیداتە ..

هەر بەم بۆنەیەوە جێگەی خۆیەتی کە بگوترێت : پێچەوانەی ئەو پارچە شیعرانەی تری مەولەوی بۆ شێخ عەزیز کە بە ( نازیز )* دەستیان پێکراوە، لێرەدا بە (( دیدە )) ناوی براوە و لە کۆتاییشدا ( ئەسرینی دیدەی ) بۆ دەکات بە دیاری .

ئەم پارچە شیعرەیش نموونەیەکی تری هاوەڵدرستی و ڕێزو خۆشەویستی و بە گەورە زانینی هاوڕێیەتییە لەلای مەولەوی و ناردنی نامەکەی شێخ ئەو پێوەندییەیان دەردەخات کە پێوەندییەکە بەردەوام بووە، هەروەها لە پارچەکانی تردا ئەم خۆشەویستییە زۆر ئاشکراتر دەردەکەوێت و لێرەدا هێندە بە بەس دەزانین بۆ ئەم بۆنەیە، لە خۆیدا ئەم بابەتە هەڵدەگرێت بکرێت بە باسێکی سەربەخۆی فراوانتر. نەک هەر لەگەڵ شێخ عەزیزدا : بەڵکو لەگەڵ (کۆماسی) و هەموو ئەوانەی تردا کە مەولەوی نامەی شیعریی وو هاوڕێتی لەگەڵدا گۆڕیونەتەوەو، نەک تەنیا لە لایەنە کۆمەلایەتییەکەی بکۆڵرێتەوە، بەڵکو لە گشت لایەنەکانی کۆڵینەوە لە شیعر ..

٣- مرۆڤدۆستی :

بە تەنگەوە هاتنی دڵی مرۆڤ و دڵراگرتن لە هەموو کەسێک ناوەشێتەوەو هەرکەس توانای بەسەردا ناشکێت، پێچەوانەی دڵڕە نجاندن و دڵشکێنی یە کە لای زۆر کەس ئاسانە ! گەر بێت و لەڕووی دین و دنیاوە لە پلەیەکی بەرزی خودا پەرستی یان کۆمەلایەتی وادا نەبێت کە لە شەڕو ئاشتیدا ڕێز بۆ بەرامبەرەکانی دابنێت، سنگی هێندە فراوان و دڵی ئەوەندە گەورە نەبێت کە بتوانێت خۆی بخواتەوەو لە هەردوو باردا ( دین و دنیا ) دەروونی ڕەشی نەفس و هەواو خۆ بە زلزانینی کۆرە نەکاتەوە هەرگیز ناتوانێت لە جیهانی مرۆڤدۆستیدا بستێک بۆ

* لەو دیوانەوە وەرگێڕدراوەکەی مەولەویدا بۆ سۆرانی ، محەمەد ئەمینی ئەردەڵانی ئاماژەی بەوە کردووە کە (نۆ) پارچە شیعر بۆ (نازین) نووسراوە لەم کتێبەدا (دیوانەکە) : کەچی تەنیا حەوت پارچەیان دۆزرانەوە .. لە (٣١ ، ٣٢ ، ٣٣ ، ٣٤ ، ٣٥ ، ٣٦ ، ٣٧ ).

پێشەوە بڕوات . ئەم ڕەوشتە ( مرۆڤدۆستی ) کۆمەڵایەتییە لەکاتی بوونیدا پلەو پایەو ڕێزی کەسەکە خۆی بەرز دەکاتەوە : ئەگەر لووت بەرزو لە خۆ ڕازیش بێت، ئەوا دەووربەری لە خۆی دەتۆرێنێت ..

مەولەوی، ئیماندارو شاعیرو مرۆڤدۆست، هەموو ڕەوشتەکانی لە خۆشەویستییەوە سەرچاوەیان گرتووە، ژیانی و شیعرەکانی پڕن لە نموونەی مرۆڤدۆستی بەو واتایەی کە نرخی بۆ بەرامبەرەکەی، وەك مرۆڤ داناوەو پرکێشی نەکردووەتە سەرکەس : ئەگەر مافیشی خورابێت!

یەکێك لەو نموونانەی ژیانی مەولەوی، ئەو ڕوو بەڕوو بوونەوەیەتی لەگەڵ ئەو کەسەدا کەلەسەفەری حەجدا لەبەغدا پارەکەی لێدزی و لە گەڕانەوەشدا لەناوخزمەکانیدا هەواڵی مردنی بڵاوکردووەتەوە، مەولەویش دوای ئەوەی بە هۆی ناسراوەکانییەوە لە بەغدا تەدارەکی گەڕانەوە پەیدا دەکات و دەگاتەوە ناوچەکەی خۆی ! کابرای دزە دێننە بەردەمی، لە بری هەموو تووڕەبوون و بە ڕوودا هەڵشاخان و سەرزەنشتکردنی ڕووی تێدەکات و پێی دەڵێت :

ڕۆڵە ! خوا ڕووی نەجەل ڕەش کا وامنی خەجاڵەتی لای تۆ کرد ..

خۆزگە بمردمایەو تۆم وابە ڕوو زەردی نەدیایە ..، (دیوانی مەولەوی، مەلا عەبدولکەریمی مدرس — ١٩٦١، ل:م)، لە گوڵشەنی شیعرەکانیشدا زۆر نموونەی ئەم مرۆڤدۆستی و ڕێز لە بەرامبەر گرتنەی دەردەکەوێت، لە وەڵامی بولبولی شاعیردا، وەکو خۆی دەڵێت: هام فەرد کەنامەیەکی شیعری گلەیی بۆ دەنووسێت: چونکە مەولەوی کچێکی هەبووە داویەتی بە شوو، بولولیش بە تەمای بووە، بەڵام لە دڵی خۆیدا !! ئەمە لە حاڵێکدایە کەلای مەولەوی نەیدرکاندووە، بولبول دەڵێت:

*نیشانەی ناوك نیگای نازاران*

*یانی سەر دەفتەر سوپای خەمباران*

*وەغەڵەت مەشهوور حاڵ زان دەوران*

*پەی وێت وەرپاکەر هەناسەی سەردان* (د. ل:١٧٢)

مەولەویش لە وەڵامیدا بەم نامە شیعرییە دەڵێت :

*چێشەن پەشێویم ! ماتەمی دڵەن ،*

*یاکزەی نامای نامەی بوڵبوڵەن؟* (د.ل : ١٧٢)

شاعیر لە خۆی دەپرسێت : کە نایا پەشێوییەکەی لەتەمیی دڵیەوەیە، یان بەهۆی هاتنی نامەکەی بولبولی هام فەردییەوەیە ؟ کزەی لە دڵی هەستاندووە! بۆیە بەهەموو دڵێکیەوە لە وەڵامی ئەو نامە شیعرییە پڕ گلەییەدا خودای دانای هەموو حاڵ و بارەکان بە شاهید دەگرێ و دەڵێت :

*شاهید دانای گردین ئەحواڵان*

*وەسەن پەی راسیی عەرزەی مەلالان*

ئەم شاهیدگرتنەی نە بۆ پاکانەیەو نە بۆ خۆ پەڕاندنەوەیە : بەڵکو بۆ دەرخستنی ڕاستییەکەیە، کە مەولەوی وەکو باوکی کچەکە هیچ ئاگای لەوە نەبووە کە بولبول نیازێکی وای بووبێت، ئەوەتا بولبول خۆی گووتویەتی :

وەغەڵەت مەشهوور حاڵزان دەردان (د. ل:١٧٢)

واتە مەولەوی بە هەڵە ناونراوە زانای حاڵی دەرداران : وانییە! ئاگای لە کەس نییە، بیبوایە بە حاڵی منی (بولبول) دەزانی ...

بۆیە مەولەوی بۆ ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەی بولبول دەڵێت :

*ئێش هام فەردم ئێش وێم زانان*

*دەرد هام دەردم دەردونیم زانان     (د. ل: ١٧٣)*

*بەڵام تۆ قەزاو بێ تەدبیریی وێت*

*کەردەن پێت نانا هەرچی کەردەن پێت*

هەرچەندە مەولەوی پێویست بەوەناکات دابەزێتە ئەم ئاستە بۆ دڵدانەوەی بولبول: ئەگەر لە ڕووی خاکساری و دڵراگرتن و ڕێز بۆ بەرامبەرەوە دانان نەبێت، نەبەدین و نە بەدنیا داب و نەریتی کۆمەڵایەتی داوای ئەم دڵدانەوەیەی بەم شێوەیە لێناکرێت، نەخاسمە ببێتە قەسیدەیەك ! ئەم بە خودا پەرموونەوەی مەولەوی پاساودانانو خۆدەربازکردن نییە، ئەگەر بخرێتە تەرازووی دنیابییەوە، دەیوایە مەولەوی باش باش خۆیشی تووڕەبکات و هەر وەڵامیشی دایەوە زۆر بە توندی و خێڵەکیبیانە دەمکوتی بکردایە : نەك هەرلەبەر ئەوەی ئاگای لە هیچ نەبووە، بەڵکو بەڵگە نەویستەکە کەسێك هاوڕێی باوکی کچێك بێت ئەگەر هاوتەمەن نەبن لە عومردا لێك نزیکن، دەبووا بولبول خۆی ڕێی بە خۆی نەدایە، کەچی هێشتا تووڕەیش بووەو دۆعای شەڕی لە مەولەوی کردووەو خۆی بە زۆر لێکراو زانیوە .. بەڵام مەولەوی خودای زاناو دانای بۆ دەکات بەشاهیدو زۆر بە دەماخ ساردییەوە قەسیدەیەکی بۆ دەنووسێت .. کە سەراپای قەسیدەکە نەرمی و نیانی و جڵەوی هۆش بەرنەدانەو مەولەوی ئۆبانەکەیشی دەخاتە ئەستۆی بولبول خۆی : چونکە هیچی بۆ مەولەوی (باوکی کچەکە) باس نەکردووە! سەرەڕای قەدەری خوایی .. کە مەیلی لێنەبووە ئەو کچە بدرێت بەو ... هەرچەندە لە وەڵامی نامەکەی مەولەویدا بولبول تۆمەتی خۆ وێڵ کردن دەداتە پاڵ مەولەوی و دەڵێت:

*ڕاستەن نەتیجەی قیاست سەختەن*

*مدعاتی ئیلزام خەصم بەد بەختەن*

*بەڵام دەعوات بەخت جە دەلالاتەن*

*قیاست مەجمووع موغالەگاتەن     (د. ل:١٧٧)*

بولبول لەهام فەردێکی مەولەوی پتر نییە! کەچی بەرامبەری لە مەولەوی گرتووە .. هەڵوێستی مەولەوی بە عورفی ئەمڕۆیش کە (١٢٠) ساڵێك بەسەر کۆچی دوایی مەولەویدا تێپەڕیوە، ئەگەر کەسێك بە نامە یان بە تەلەفۆنیش داواو خوازبێنی کچی خەڵکی بکات، بڕوا ناکەم کەلە مەولەوی هێدی ترو ئارام تر وەڵام بداتەوە :

*کەی تۆ خیاڵێت وە دەروون ئاوەرد*

*هانات کەرد ئەو من، من بێ مەیلیم کەرد*

*تا تە ئیشریێ بۆ پەرێ شەو نالەت*

*یا پەی هەناسەی سۆب دۆعاو لاڵەت* (د.ل :١٧٢)

گەر نیشانەی بڕوا بە خۆبوون و حەزنەکردن لە دڵنازاری و نەشکاندنەوەی خەڵکی نەبێت وەکو ئاماژەی پێکرا : نە وەڵامی دەویست، وەڵامیش ببووایە توندوتیژو بەشێوەی داشۆری و شکاندنەوە دەبوو، بەڵام ئەم ڕەوشتە زۆر لە مەولەوییەوە دوورە و ئەم گلەیی لێدەکات کە بۆ هانات بۆ من نەهێناوە، ئیتر من چی بکەم !! لە وەڵامی ئەو نزا سەختانەدا کە دژی مەولەوی دەیکات، مەولەوی هەر ئارامگرەو تەنیا بەوە وەڵامی دەداتەوە کە خۆش و ناخۆشی سەرچاوەکەیان یەکێکە و لای خوداوە دێن، بۆیە هیچ پاپای دۆعای شەڕکردنەکەی بولبول نییە .. ئەم قەسیدەیە و ئەم ڕووداوە سنگفراوانی و مرۆڤدۆستی یەکەی مەولەوی ئاشکراتر دەکەن: هەرچەندە مەولەوی خۆیشی لەگەڵ ئەحمەد پریسی دا کە شاعیرو خواپەرستێکی هاوکاتی مەولەوی بووەو لەیەك ناوچەدا بوون، ئەحمەد پریسی دوو خۆشکی هەبووە (لەیلێ و بەییجێ) مەولەوی لە دڵەوە حەزی لە (لەیلێ) کردووە بەڵام شووی کردووە، بەم فەردە ڕازی خۆی دەردەخات بۆ کاکی لەیلێ :

*قسەیە ئەکەم بەرێ و جێ وێ*

*کە لەیلێ نەوو، یا بەییجی وێ* (د.ل :٣٥٣)

ئەویش لە وەڵامیدا دەڵێت :

*قسەیەك نەكەی بێ ڕێ و جێ وێ*

*تۆ كە مەجنوونی، چۆن بەپیچێ وێ ؟*

دیارە ئەم ڕووداوەی ژیانی مەولەوی پێش ژن هێنانی بووە، هیچ دوورنییە جگە لە ڕەوشە مرۆڤانەكەی مەولەوی خۆی، ئەم ڕووداوەیش كاریگەرییەكی لەم وەڵامەیدا نەبووبێت بۆ بولبول !

شیعرەكانی مەولەوی ناوێنەی دەروونی خاوەنەكەین و لە زۆر بواری ژیانی كۆمەڵایەتیدا بوونەتە هۆی دەرخستنی ڕۆڵی مرۆڤانەو پڕ سۆزی شاعیر بۆ نرۆڤ لە سادی و خۆشی و خەم و پەژارەدا .. غەزەلی : ( كام سارا صەد ڕەنگ نوور پێداوە شتەن، ( د.ل: ٣٥٧ ) نموونەیەكی تری بایەخدانی مەولەوییە بە مرۆڤ، تەنانەت لەكاتی مردنیشدا كە ژیان لەسەر زەوی كۆتایی پێهاتووەو لەناو گۆڕدا بە پێی بۆچوونە ڕۆحییە ئاینییەكە مەولەوی زۆر پابەندییەتی لە بەردەوامی خۆی ناوەستێت و دەچێتە ژیان و تەمەنێكی ترەوە كە تەمەنی دوای مردن و هەق و حساب لەگەڵدا كردنە .. ئەوەتا لێرەدا مەولەوی ڕووی قسە دەكاتە ئیمامی گۆڕستانی — سەیید خەلیل — لە گەرمیان كە بەناوی سەید خەلیل خۆیەوەیەتی كە پیاوچاك و ئیمانداری‌كی پایە بەرزبووە ..

ئەم ڕووكردنە سەید خەلیل پاڕانەوەیە كە بۆ قادربەگی جاف، كە بە گوللەی وێڵ كوژاوەو لەو گۆڕستانەدا نێژراوە .. مەولەوی بەم زمانە دێتەگۆ:

*یەكێ جەدۆسان وەزام نۆوە*

*سەرنیان وەخاك ئاسانەی تۆوە* ( د.ل ٣٥٨ )

دواندنی سەید خەلیلی ئیمامزادەو ئیمامی گۆڕستانەكە وەكو زیندوویەكە و لەو بەتەنگەوە هەتنەی مەولەوییەوە بۆ قادربەگی كوژراو .. وەك مرۆڤێك .. با كردوویش بێت

هەرچەندە لێرەدا ڕووکراوەتە سەید خەلیل کەلە پشتی ئەمەوە مەبەستی لەخوای گەورەیە لەپلەی یەکەمدا ! تاوەکو ئاگای لەم (دۆستە) ی مەولەوییەوە بێت .. لە ڕووتێکردنەکەشیدا، داوای لێدەکات کە لێی ببورێت و گلەیی لێنەکات کە ئاشکرایە ئەمە لە دەستی سەید خەلیل نایەت و مەبەست خودای بەخشندەیە :

*میمانی غەریوکە ردم سەرای تۆن*

*موحتاج وە ڕێزەی سفرەی رجای تۆن*

*دریٚغی مەکەر ئامان سەد ئامان*

*مەقەرما میهمان بیٚ تۆشە ئامان* (د. ل: ٣٥٨)

پاڕانەوەیەکی پاك و خاوێنە لە دڵێکی پاك و خاوێنەوە، لە دڵی مرۆڤدۆستێکەوە کە هۆنینەوەی غەزەلەکە لە حاڵەتە شاعیرییەکەی مەولەوی تێپەڕ دەکات و دەگاتە پلەیەکی بەرزی مرۆڤدۆستی : دەنا بەو شێوەیە سکالاَو تکا بۆ کردوویەك ناکات، لە پاڕانەوەکەیشدا ئەوە دەردەکەوێت کە لایەنی خودا پەرستی بە دڵی مەولەوی نەبووە، دەنا نەیدەگوت :

یا خەلیل ! دەخیل کیٚ عادەت کەردەن

تۆشە وە دەرگای کەریمان بەردەن؟ (د. ل: ٣٥٨)

هەرچەندە مردنەکەی قادربەگ لە پێناوی کارێکی مرۆڤدۆستانەدا بووە، کەوتووەتە نێوان دوو تیرەوە کە ئاوبژییان بکات و لەکوشتار بیان وەستێنێت گوللەی وێڵ کوشتوویەتی .. هەرچەندە مرۆڤ هەرچی بکات هەر ئومێدی ئەو دنیا لە بازنەی (خەوف و ڕەجادایە) و کەس لە کردەوەی خۆی بۆ ڕۆژی حیساب دڵنیا نییە! بۆیەش مەولەوی تکا لە هەردوو خەلیل (خوداو، سەید خەلیل) دەکات کە بینووی بیٚ توێشەیی پیٚ نەگرن: کەی بووە بە عادەت خەڵکی ڕێبوار بۆ دیوەخانی خانەدانان ونان بدەکان خواردن لە تەك خۆی ببات ..

مرۆڤدۆستی مەولەوی لە ئەندازە بەدەرە، بەوەدا کە لاواندنەوەی زۆری هەیە بۆ کەسانێك کە مردوون، هەر لە منداڵی خۆیەوە تاکو هاوژین و کەسەناودارو ئاساییەکانی ناوچەکەی و ئەوانەی کە ئاسیبوونی ئەم هەستە مرۆڤانەو کۆمەڵایەتییەی مەولەوی پلەی مەولەوی و شیعرەکانی بەرزتر کردووەتەوە کە تەنیا شیعری بۆ خۆی نەگوتووە.

٤-نامۆبوون:

ئەگەر نامۆبوون (الاغتراب) ئەو هەستکردنەی تاك (فرد) بێت بە نابەرابەری باری ژیانی و پێرانەگەیشتنی و جیاوازی لە ئاست و پلەی ژیانیدا و خۆبینینەوە لە بازنەیەکی تەریك و نەگەیشتوو بە ئاوات و خۆزگەکاندا و بوونی بۆشاییەکی فراوان لە نێوان ئەو کەسەو ژیانە کۆمەڵاتییەکەیداو هەستکردن بە نائاشنایی لە ژیانداو لەگەڵ باردۆخی ژیاندا .. یاخود کەسەکە خۆی بەوە بزانێت کە ئەم و خەڵکی بۆشاییەکی فراوانیان لە نێواندا هەیەو ئەم ناگاتە خەڵکی: نەك وەکو رشکی (حسد) بون : بەڵکو وەکو بۆ هەڵکەوتن و ئەلوان و لەبارو نالەباربوونی گوزەرانی ژیانی رۆژانە ..

ئەوا لای مەولەوی و لە گوڵشەنی شیعرەکانیدا گەلێك نموونەی شیعری هەن کە ئەم هەستە لای مەولەوی دەردەبڕن .. باوەکی مەولەوی کەسێکی ئیمانداروو زۆر شارەزای بنەماکانی ئیمان و ئیمانداری بووە لە (اصـــول الفقه) و (کلام)دا وەك ئاشکرایە مامۆستای مامۆستایان بووە * و دانراوی وەك (عەقیدەی مەرزییە) بە کوردی و (فوائح) بە فارسی و (فضیلـة) بە عەرەبی بووە، جگە لەوەی لەسەر تەریقەتی سۆفیگەری نەقشبەندی و قادریش بووە: بەڵام ئەم هەستە لەناو شیعرەکایندا بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە و بە ئاشکرا هاواری ئەم نامۆبوونەی خۆی دەکات و لەتاویشدا هەر زوو پەنا دەباتە بەر ((نەی چی، دەف، ساقی، مەی، مغنی، مطرب)) و وەکو پەیڕەوکەرانی مەولانای رۆمی سوکنایی سێبوری دڵە

* دیوانی مەولەوی بە سۆرانی – محەمەد ئەمینی ئەردەلانی ، ل ١٩-٢٠

گڕگرتووەکەی لای ئەوانە دەداتەوەو هێوری دەکاتەوە .. ئەم بارە دەروونی و کۆمەڵایەتییە لای مەولەوی جێگەی پرسیارەو لەم چەند دێڕەیی پتر دەویت: بەڵام لێرەدا تەنیا بۆ خستنە ڕووی و ئاشناکردنی مەولەوی دۆستان و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ئاماژەی پێکراوە .. دەنا مەولەوی گۆشەگیرو نەدارو خاوەن کێشەی دەروونی تایبەت بە خۆی نەبووە، لەم نموونانەدا کە مشتێکن لە خەرمانێك بۆنێکی هەوای ڕۆح ئەفزای دەروونی مەولەوی دەکرێت و بەو خەمە خۆشە ئاو دەدرێتەوە :

*ئیمشەو دیارەن بانگم بێ شەرمەن*

*زایەڵەی سەمتوور کەڵلەم وەگەرمەن*

*صەدای زیل و بەم مەینەت صەد تەرزەن*

*خەفەت شادیشەن، خەم دەماخ بەرزەن* (د.ل : ٣١، ٣٢)

*هۆشم بێ هۆشەن، فامم قامەت قاخ*

*بۆی دووریی ئازیز مەیۆم نە دەماخ*

ئەو بێ حاڵیەی بۆ (ئازیز)ە چونکە لێی دوورە و پەرێشانە بۆی هەست بە نامۆیی کردنەکەی نەبوونی کەسێکە دڵی پێی بکرێتەوە کە نەهاتنەدی ئاواتە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکەیەو بووەتە هۆی ئەم هەستە .. بۆیە پەنا دەباتەبەر (نەی چی) :

*نەیچی ! دەنگەن سامەکەر دەنگ*

*فیدای پە نجەت بام، نەی باوەر وەدەنگ* (د.ل :٣٢)

بۆ سێبوری دڵ و هۆش و فام هەر هەموو لە (نەی) و (نەی چی) دۆست ترونزیکتری چنگ ناکەوێت .. تاوەکو:

*ئەو صەدای دەرد خەیلێ دڵکەش بۆ*

*دڵ، طفلان ئاسا بەڵکم دڵ وەش تۆ* (د. ل: ٣٢)

دڵێکی بە نەی و نەیچی خۆشە کە ئاوێك بکات بەو سۆزو گڕەی دەروونیدا لەو بێکەس و (ئازیز) دوورییەو کزەی بۆنی لە دوورەوە هاتووی هەموو شتەکانی لای مەولەوی نامۆکردووە بە هیچ ئاشنا نییە : مەگەر سەدای سەر تەرزی نەی ! بەوەش ڕەنگە دڵی دانەکەوێت، دیارە نەشبووە: دەنا نەیدەگوت :

*هەی پەشێوییی هۆش، هەی شێویان خام*

*هەی عەقڵ عەبەس، هەی خەیاڵ خام*

*من و دڵ وەشی و صەفایی کەردەن،*

*هوونیی یەکتەرین تاوەرۆی مەردەن* (د. ل :٢٣)

ئەم بارە گرانە ئاڵۆزەی دەروون و هۆش و فام و عەقڵ ... ناکرێت و ناشێت هەروا لە خۆوە بووبێت، ناشێت وەکو کەسێکی باوەڕ بە بێهودەیی و دەست لە دنیا شۆردووی هیچ لەباردا نەبووی دنیایەکی جەنجاڵ سەیری بکرێت، هەرچەندە ئەو گۆشەگیری و تەریك بوونەی سۆفییەکانیش زۆربەی لەو چارە پێ نەبوونە، یان نەتوانینی گۆڕینی باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵەوە هاتووەو سۆفیی گەیاندووەتە خەڵوەت و گۆشەگیری و لە خەڵك دابڕان، بەڵام لای مەولەوی لەو حاڵەدا نەبووەو نەبیستراوە کە مەولەوی وابووبێت، چونکە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مەولەوی بەڵگەن بۆ کۆمەڵایەتی بوونی مەولەوی، کەسێك مردووە فرمێسکی بۆ ڕشتووە، خۆشییەك بووە بۆی هۆنیوەتەوە، دۆست و ئازیزێکی دەرکەوتبێ، نامەی بۆ ناردبێت گەشاوەتەوە بەشداریی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵك بووە .. ئەو بارە دەروونییەی کەلەم غەزەلەدا دەری بڕیوە وتوشی نامۆیی بووە، هەر بە شەو نییە، بەڵکو بەردەوامییەکی پێوەیە :

*ئیمشەو وەهەرحاڵ شەو وەڕۆ بەروون*

*ئەی خوا سامەرگێ، سەحەر چێش کەروون؟* ( د.ل :٢٣ )

لەو پارچە شیعرەدا کە بە بۆنەی زەماوەندەکەی مەحموود پاشای جاف ەوە نووسیوویەتی دەڵێت :

*جەو بەزم شیرین منیش کەرودیاد*

*بەزمتان جەم بۆ دایم وەدڵشاد*

*من وێم زووم زانان تاڵەم پەشێوەن*

*ڕەفیقم مەینەت، نەنیسم دێوەن*

*خودا وەتۆش دان سەیر نەمامان*

*وەمن ڕەنگ زەردی ناڵەی بێسامان* ( د.ل : ٣٩١، ٣٩٣ )

ئەم بەراورد کردنەی مەولەوی و خوێندنەوەی لەم ژیانەدا .. نە لەڕووی رشکی بردنە بە مەحموود پاشاو خۆشیکەرانی دی، بەڵکو هەر وەکو خۆی دەڵێت : (( خۆم زووم زانی کە بەختم ڕەشبوو .. )) نەك هەر لە ڕووداوەدا، ئەوەتا لەم غەزەلەدا ئەم باری نامۆییە دووبارە جەختی لەسەرکراوەتەوە :

*ڕوی فکربەختتا سیای وێم کەرد !*

*پەی چێش هەر پەستی پەرێ من ئاوەرد*

*یاران گشت کەیف وەش، سەفا فراوان*

*یەك یەك وە ئەعلای مەقامان یاوان*

*گرد سەرشار مەی لە قانماوە*

*هەر من بەستەی خاك چەم ئەو دماوە* ( د.ل :٢٥٦ )

ئەم بەراوردکردنەی مەولەوی لە خۆیدا ناموبوونە لە ژیانیدا و گلەیی لە قەدەرو بەختی خۆی دەکات کە بۆچی هەر ئەم وابێت لەناو خەڵکی تردا ...

لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

*پەی کەسێ خاسەن هەوای سەیر باخ*

*ماسیوای مەعشووق نە بۆش ئاخ و داخ*

*من جفت مەعشووق دەرد هەمرازمەن*

*چون باز سەرچڵ وادەی بازمەن* (د.ل : ١١٢،١١٣)

ئەم نەچوونەی بۆ سەیری باخ و خۆشییە لە پای چی ..؟ بۆ ناچێت؟

چونکە هاوڕازی دەردو مەینەت و خەمە!

هەروەها لە پارچەیەکی تردا ژیانی خۆی بەراوردکردووە لەگەڵ (شێخ یوسفی نەوسمە)یدا دیسانەوە ئەم هەست بە جیاوازی و دوورییە دەکرێت :

*تۆ خاسەن نەوتووڵ سەروسەراوان*

*خەم مدەی وەباد شنۆی سەرکاوان*

*نەک چون پابەند قەڵای شاردەرد*

*جەی وەهار چون وەڵگ پایزان ڕەنگ زەرد* (د.ل: )

لەم غەزەلەشدا کە دەڵێت :

*من خەریک ئێش زام جیایی*

*نیشتەی گۆشەی تار مزگیی تەنیایی*

*گا مەشغووڵ زام، گا خەریک دەرد*

*گا ڕەفیق خەم، گا هەناسەی سەرد* (د.ل: ٣٩٨- ٣٩٠)

تا جەگاتە ئەوەی کە دەڵێت :

*ئەهاو زوانێ دڵداریم کەرۆ*

*ئەهاو قەتارێ دەس باریم دەرۆ ،*

*ئە حەکیمێوەن کەرۆ دەوای دەرد ،*

*ئە طەبیبێوەن جە دڵ لادۆ دەرد*

ئەم نموونانەو زۆر نموونەی دی بەڵگەی ئەو خۆ بەنامۆ بینینەی مەولەوی شاعیرن لەناو کۆمەڵگەو تەنانەت لەگەڵ هاوەڵەکانیشیدا کە زۆر نزیکن لێوەی ! ئەم باسە ( نامۆبوون ) پێویستی بەرۆچوونە خوارەوە هەیەو لێرەدا تەنیا بۆ ناشنابوون بەجیهانی دەروونی و رۆحی مەولەوی پەردەی لەسەر لادرا، بەو ئومێدەی بەندەی نووسەری ئەم چەند لاپەڕەیە یان هەر دڵسۆزو عاشقێکی گوڵشەنی مەولەوی خامەی لێبخاتە کارو گوڵچنی بکات و فراوانترو بیگەیەنێتە ئەنجام ..

تەواو

ابراهیم قادر محمد

( ئە نجام )

لەم چەند لاپەڕەیەدا کە چەد غەزەل و دێڕە شیعری مەولەوی تاوگۆزی تیادا کران بە نموونە، دەرکەوت کە ژیانی ککۆمەلایەتی مەولەوی ژیانێکی پڕ ڕووداو و کارەسات و خۆشی و ناخۆشییە، مەولەویش وەکو مرۆڤ و شاعیرێك و بیریارێکی کوردەواری هەروا بە سادەیی پێیدا گوزەری نەکردووە : بەڵکو زۆربەی کردوونەتە ملوانەکەی سمڵ و مێخەك و خونچەو ژیانی خۆی و کۆمەڵگەکەی و هاوەڵەکانیی ( هام فەردەکانی ) پێ ڕازاندوونەتەوە .. ئەویش دەرکەوت کە مەولەوی، بوێرو ئازاو قسە لە ڕووبووەو دەرباری نەبووە !

مرۆڤدۆستی و هاوریٚ خۆشەویست و هاوەڵ بەسەرکەرەوەو کۆمەڵ دۆست بووە : لەگەڵ ئەمانەشدا نامۆیی و نامۆبوون لە شیعرەکانیدا ئاشکرا دیارە .. ئەم کارەیش مەڵویەکە بۆ سەر شارای مەولەوی دۆستی و هەنگاونان بۆ ناسینی ئەو دەریا بێ بنە .. بەو هیوایە ...

سەرچاوەکان :

١. دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەغدا -١٩٦١

٢. لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، ئەنوەر قادر محەمەد، ستوکهۆڵم — ١٩٩٠

٣- دیوانی مەولەوی سید عبدالرحیمی معدومی لە لایەن محەمەد ئەمینی ئەردەڵانییەوە لە هەورامییەوە گۆڕاوە بۆ زاراوەی شۆرانی، ب ١، چ١، بەغدا، ١٩٩١.

# حەکیم مەولەوی کورد

محەمەد صالحی ئیبراهیمی

MAWLAWI.KRD

# حەکیم مەولەوی کورد

د. محمد صالح ابراهیمی / تاران — ئێران

دەڵێن : هونەروەر، تاریخی بۆنیە، کەی هات و کەی لە دنیا رۆیی، چونکا هونەروەری بەوزە، دەمێ دێتە دنیاو بۆ هەمیشە ناوی چاکی دەمێنێتەوە لۆچی شاعیری چینی دەڵێ : ئێمەی شاعیران لەگەڵ عەدەم دەجەنگین تا بهێنینە دی . مشت لە دیواری بێ دەنگی ئەدەین تا موسیقی لەبەرسیفدا بیسین و ببێنین، هەوای بێ ئاسۆ لە برِی کاغەزدا دەگوشین و لەهەوای دو تپلی دڵ، بین و سیلابێ هەڵ دەرِێژین، جا کەوابێ شیعر بزاوتنی بیرو ئەندێشەیە، هەلچونە، شۆروخەیاڵ هەڵخرِێنە، ماکسیم گۆرکی دەڵێ : هەر ئاسەوارێکی هونەری کە بە دروستی عەشق بە ئینسان و لەسەلامەتی ئەفس بێتە دی ئەگەر دژی بیروبرِوای ئێوەش بێ خۆشەو بۆ وەرگرتن دەبێ، هونەروەر بە هێنادی هونەری خۆی، قانون دائەنێ و بەهێزی بیری خۆی ( فورم، صـورەت، پاڵب ) دائەنێ، مەولەوی کورد لە تەرکیب سازی، تەسویر بەدیهێنان، تەشبیە، ئیستعارە، کەسایەتی دان بە ئەشیا، ئیهام و تەوریە بەکارهێناندا، کەم وێنەیە .

*باڵەخانەی چەم دیوانەکەی تو* — *بانەناو وەگڵ ئاستانەکەی تو*

*تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تیشدا* — *ئازیز بۆ جارێ پا بنیە پێشدا !!*

## ئیعتقادات و ئەندێشەی ئیسلامی حەکیم مەولەوی مەعدومی
## ( عیلمی کەلام یا ماوراء الطبیعة ) و
## هەندێ ئاماژە بە شەرح حاڵ و نوسراوەکانی

سەرداری عارفان و خواناسان و مێرخاسان و شت زانان پێشەوای خوو ئاکاو جوانان پیری دەستگیری شاری عیلم فەلسەفەو کەلام شارەزای دەستووری حەقیقەت و شەریعەت و قورئان، تشکدەری ئاسۆی بێ گومانی نمونەی یەکتا پەرستان و خوا خوازان مەولانا حەکیم مەولەوی مەعدومی کورد ( قدس سره العزیز ) دەفەرموێ :

بسم الله الرحمن الرحیم ( من تاه فیه نهیه* الحکیه ) [1]

*هەورەکەی رەحمەت رووی سەمای کەرەم*

*صەلات و سەلام کەی کەم ئێستەکەم*

*بێرێ و برێژێ و بدا وەهەمدا*

*وەسەر مەزرەعەی رۆحی خاتەمدا*

*سەروازکا، سەراو، وەهەر شەتاودا*

*وەسەر سەوزەی پاك ئاڵ و ئەصحاودا*

*تا بدا پرتەو، وەسەر، وەجودا*

*ئیمان لە ئەسرار، ئەهل شهودا*

---

*نهیه : ئەقڵ و ئاوەز

١- ئەم باسە بۆ گۆنگرەی رێزدانان و یادی مەولەوی کورد ئامادەکراوە کە لە شاری سەقز لە ١-٩ ی خەرمانانی ١٣٧١ ی هەتاوی پێکهاتبوو .

سەروەران زانایان هۆزانڤان و میوانانی بەڕێز، درودو ڕەحمەتی خواتان لەسەبێ، ئێمە دەمانەوێ هەندێ لە بارەی بیروباوەڕی حەکیم مەولەوی لە بابەت زانستی کەلام و ماورای تەبیعەت و خۆرسك بۆ ئێوەی بەڕێزان بدوێین :

مەولانا حەکیم مەولەوی مەعدومی لە بابەت ئەوە کە وجودی خوا ( اظهر اشیایە، یەعنی اظاهر بذاته وا بمظهر لغیره ) یەو خوایش عەینی وجودەو نیازی بە تاریف نیە، فەرمویەتی :

هۆنەوشیعر

١- *زهی نادان که او خورشید تابان* — *بنور شمع جوید در بیابان* [2]

*میان اهل دل ای دل، خودا را* — *خود ارادان ، تو مدلوا خدا را*

*پس انگه کو خدایی گر نبودی* — *بشو پس شد، بماکی ( رخ ) نمودی* [3]

٢- له بابەتە ڕوئیەتی خوای گەورەشدا دەڵێ :

٣- *شیعر :*

٤- *تفضل بالعجل بالکاس ساقی* — *صەفای ( مەی ) نماید وجه باقی*

٥- *زدیده زنگ ظلمت را زداید* — *دلم تصدیق رؤیت را نماید*

٦- *درا این نشاة یا مکانش بگویم* — *دران نشاه وقوعش را بجویم*

## حەکیم مەولەوی کورد کێیە ؟

ناوی سەید عەبدووڕەحیم ناودار بە حوسەینی کوڕی مەلا سەعید لەبەرەی مەلا یوسف جان کوڕی عەللامەی گەورەی کورد ( مەلا ئەبوبەکری [1] موصەنیفە کە دەچێتەوە سەر خواناسی مەزن سەید محەمەد زاهید ناودار بە ( پیرخدر –ی شاهۆیی ) [2].

---

2 – گۆیا ئەم شیعرەی لە شێخی (شەبوستەری) وەرگرتووە.

3 – ئیشارە بە ئایەتی (کن فیکون). الفوائح یا عەقیدەی فارسی مەولەوی کورد .

مەولەوی لە بنەماڵەیەکی زاناو بەرز لە ساڵی ١٢٢١ی کۆچی مانگی بە دایك بووەو نازناوی شیعری مەعدومی یەو لەناو خەڵکیشدا بە مەولەوی بەناوبانگە.

مەولەوی هەروەکو گشت مەلاو فەقێی ناو کوردەواری بە کوردستاندا دەگەڕێ و لای مەلاچاك و زاناکان لە هەورامان، مەریوان، سنە، سابلاغ و سولەیمانی، زانست و مەعارفی ئیسلامی دەخوێنێ دوای شارەزابوون لە صەرف، نەحو، بەلاغە، بەیان، مەنتیق و فەلسەفە، (فقە واصـول فقە) کەلام و تەفسیری قورئاندا، لای زانای گەورە : مەلا ڕەحمان نودشەیی موفتی سولەیمانی، ئەو زەمانە ئیجازەی عیلمی ئیفتاو ئیجتهادو تەدریسی مەعارف وەردەگرێ.

حەکیم مەولەوی کورد بە سەرنج دان و وردبوونەوە لە زانستی کەلام و ئارای مووتەکەللیمان کە زۆریشی حەز لە مەبانی و مەعارفی ئیسلامی کردووە، ئەوەیە کەلە مەبەستی ئیسلامی دا بۆتە خاوەن ئەزرە، هەرچەند مەولەوی لە زانستی کەلامدا تابیعی فێرگەی ئەشعری بووە، بەڵام لە زۆر مەسائیلدا ئەتیجەی (تتبعاتی) خۆی لە ڕستەو عبارەتی جوان و پرواتا بە پێچەوانەی، بیروڕای عامەی خەڵك بەیان کردووە.

دەگێڕنەوە : جارێکیان لە سنە غولامشاخان والی کوردستان (ئەمانەللاخان) واتای ئەم ئایەتەی لێ دەپرسێت (کل یوم هو في شان)[3] عەللامە مەولەوی لە صور جزئیات هەروەکو مێگەلە پەزێ لە بەرامبەر شواندا، لە بەرامبەری عیلمی خۆی ڕاگرتبوو و گۆچانی قەزایشی گرتبو بە دەسەوەو بە دەستی قودرەتی خۆی بە هۆی ئەو گۆچانە، هەریەکێ لەوانەی بۆ مەبەستێکی تایبەت دیاری و نیشانە کردبو، ئێستا هەموو ڕۆژێ هەرکات و ساتێ عەینەن بە پێی نیشانە گەلێ کە ئەو زەمانە دیاری کردبوو، کاروباری خۆی بە ئەنجام ئەگەیەنێ.

---

١- مەلا ئەبەکر چۆری بووە لەبەر ئەوەی کتێبی زۆر نووسیوە لە دنیای عوسمانیدا بە موصەنیف ناوداربووە

٢- شاهۆ کێوێکی بەرزو خۆش ئاوو هەوایە کە لە باشووری رۆژئاوای شاری سنەو باکووری رۆژئاوای کرماشاندایە.

3 - سورەی رەحمان ئایەتی ٢٩.

حەکیم مەولەوی کورد، زۆر وردبین بووەو جوانترین تەشبیهی لە هونەرو شیعری خۆیدا بەکاربردووە، بۆ وێنەکە فەرمویەتی : گوڵ چۆن ڕوی نازیز نەزاکەت پۆشان — وەفراوان چون سەیل دیدەی من جوشان .. کە لەم شیعرەدا تورت و نازکی و جووانی گوڵی بە جوانی و زەریفی گۆنەو ڕومەتی ئازیزەکەی ( تەشبیه ) کردووە، هەروا بەفراوی کوێستانی بە لافاوی ئەسرین و فرمێسکی ئەویندارەکەی دەشوبهێنێ .. دیارە کاتێ وردبینان ئەم شیعرەی مەولەوی ببینن ئیتر بۆ تەشبیهی عالی و بەرز و تەرز هەر بەم شیعرە وێنە دەهێننەوە و قەت نالێن: ( ابو حنیفه کابی یوسف ) دەگێڕنەوە ڕۆژێك خانمێکی جوانچاك داوای دۆعای چاوەزار لە مەولەوی دەکاو ئەمیش لەگەڵ دۆعاکەدا ئەم سێ شیعرەیشی بۆ دەنێرێ :

*تەعوێذ بەند ریشەی دڵەی سەد پاردم*

*بەرگش پەرەی جەرگ وە دەرد ئاواردم*

*تۆ یەند نازکیت جە حەد ویەردەن*

*بینایی خەیاڵ راگەش گوم کەردەن*

*سەفات خەیاڵەت دان وە جامی جەم*

*دیدەی بەد مەرعەکس وێش بدیۆ وەچەم*

یانی دەزوی دوعابەستنەکەت ڕەگی باریکی دڵی هەلاهەلامە . بەرگەکەیشی پەرەی جەگمە، ئەم نوشتە شتێکی.باوە، دەنا جوانی تۆ چاوی خەیاڵیش نایدۆزێتەوە، پاکی تۆ ئاوێنەی جەمشیدی کەم بایەخ کردووە، کە هەموو شتێکی لە خۆیدا ئەنوواند، دیارە بەم هەمووە جوانچاکییە کە خوا بە تۆی داوە، ئیتر چاوی پیس لەباتی ئەوەی لە تۆ کاربکا، هەڵ دەخزێ و دەگەڕێتەوە بۆ لای خۆی، خۆی دەنگێوێ [1]، مەولەوی زۆر باش توانیویەتی

١— دیوانی مەولەوی بە خۆش کردنی عەللامە ، مەلا کەریم مودەریس ئیمام شافعی ڕوژگار پەرەی ٢٣٢ چاپی ١٩٦١ — ز — (شەپۆل) .

کەسایەتی و ژیان بە ئەشیای بێ گیان و غەیری ئینسان بدا کە ئەمە خۆی جۆرێ ئیستعارەیە، ( کروچە ) لە پەراوەی ( جوان ناسی ) خۆیدا دەڵێ : خۆ ڕسك لە راست هونەردا ئەبلەیەو ئەگەر مرۆڤ ئەهێنێتە قسە، لانە، مەولەوی کورد زۆر چاك ئەم کارەی کردووە، کاتێ بە دەردەوە ڕوودەکاتە گوڵ و گیا و ئاوو ئەشیای خۆرسك و لێیان دەخوازێ چرۆ ئەدەن و روشت ئەکەن و لە غەمی ئەودا بەشداربن کەلە ئەویندارەکەی دوورکەوتۆتەوە.

*( مەشینە چین چین، چنور ئەکاوان*

*تۆ خوا ماتەم بەعازەی وەفراوان*

*ئەسیم وەس بویەر، وە کۆسارانـدا*

*وەسەن شانای وەڵگ وەدیاراندا )*

مەولەوی لە مەسایلی زانست و زانینی کەلام و مەبانی دینی و فەرهەنگ و معارفی ئیسلامیدا دەسەلاتێ زۆری هەبووە سەرەرای ئەوەی شاعیرێکی گەورەو ( بلا منازع )بووە، لە زانست و ( علومی مختلف اسلامیدا ) بیرە وەریەکی مەزن و پڕ مایە بووەو واژەی کوردی و فارسی و عەرەبی لە دەستیدا هەروەك مێو وابوە .

صەرفەنەزەر لە باسی فەلسەفی و کەلامی لەم بابەتەوە مەولەویبە بیرو مەشرەبی خۆی ئەم ئیدیعایە کە خوا رۆیت دەکرێ لە ڕێگای زەوق و کەشف و شهودو عیرفانیەوە، ئەزانێ ئەم جۆرە باسە با وەکو یەکێکە لە مەسەلە ئایینییە سەختەکان، بەلام لە بارەی شیعریشەوە پڕو تەژین لە واژەی جوان و لەسەر زار سوك و خۆش.

١- مەولەوی لە بابەت ( سەبەب و مسبب )ەوە ئەم قاعیدە عیلمییە بەم شیعرەجوان و ساکارو پڕ واتایانە دەڵێ :

*شیعر :*

| | |
|---|---|
| *فلأن باوکە، ئەوە لەئەولاد* | *لەدوای ئەولاد پێی دەڵێن : ئەحفاد* |
| *لە بوخارە هەور، لە هەورە مەطەر* | *لە مەطەر گیا سەر دێرێتە دەر* |
| *موقەددەم ناوی ئریاگە سەبەب* | *بە موئەخخەرەیان دەڵێن : موسەبەب* |
| *هەردوولا هەر خەڵق رەببی هادییە* | *سەبەبی یەتیان ئەمرێ عادییە* |
| *بە قوددرەتی حەق عادەت جارییە* | *ئەو دێتە وجود، ئەم دیارییە* |
| *( یمکن) ئار بۆی ئیحراق هەر ئەوێ* | *یا ئیحراق، وەبێ ئاگر هەڵکەوێ* |

هێمای ئەم رۆژگارەدا وشکەنەزانی وا هەیە، کاتێ باسی تەرتیبی هەڵم و هەورو باران و گیای لابکەی لەوانەیە بەکوفری بزانێ کەچی مەولەوی لەو رۆژگارەدا بەم جوانیە قسەی لێکردون و بەباشی تێمان دەگەیەنی ' و دەڵێ :

شعر :

| | |
|---|---|
| *هەردولا هەر خەڵق رەببی هادییە* | *سەبەبی یەتیان ئەمرێ عادییە* |

مەولەوی چەن شوێنەواری زانینی و زانستی زۆربەنرخی هەیە بەم ناوانەن :

١- مەنزومەیەك بەناوی الفضیلة بە زمانی عەرەبی لە ٢٠٣١ شیعردا کە لەساڵی ١٢٨٥ ی مانگیدا دایناوەو ئیمام شافعی رۆژگار : مامۆستا مەلا عبدالکەریم مودەریس شەرحێکی بەناوی (الوسیلة في شرح الفضیلة ) لەسەر نووسیوەو لە ١٩٧٢ ی زاینی لە بابەت عەقیدەو ئیدئۆژیکەوە بە شێوەی فەلسەفی و عیلمی کەرم و لێکدانەوەو بەیانی رێبازە جیاکان، وە تەحقیق لە بابەت خواناسیو عیرفان باس دەکاو سەرەتاکەی ئەمەیە :

*شیعر :*

| | |
|---|---|
| بسم الله الرحمن الرحيم | من تاه* فيه نهية الحكيم |

---

تاه : بیربکاتەوە – سەرگەردان ، متحیر شود – نهیە : ئەقل ، پایان ، ئەهی کردن . *

العقیدة المرضیة : لە ئەقایدو ئەصولی دینبە زبانی کوردی کەلە ٢٦٥٠ شیعردایە، ( محی الدین صبری نعیمی کانی مشکانی ) کورد لە سالی ١٣٥٢ مانگیدا لەگەڵ عیقدەی فارسی کە بە ( الفوائح ) ناسراوە لە بەرگێکدا لە میصر لەچاپی داون مەولەوی لەم رسالەدا، زانیاری کەلام و بیروباوەڕی ئیسلامی فێر خەڵك دەکا، بەڵام لەهەر لایەك سۆزێکی بۆ هاتبێ و دەریچەیەکی بۆ شیعر وتن بۆ کرابێتەوەو نوری خوای بە سەردابارییێ قەریحەی گوڵی کردووە و شابەیتی جوانی خولقاندووەو خوێنەریشی نوقمی دەریای بیری وردو جوانی خۆی کردووە.

٣- زۆر واتاو مەعنای پڕ واتای لەواژەی جوان و سادەو ڕوان و لەبار بەکارهێناوە، کە مرۆڤی زاناو شارەزا لەو کارە شاکارانەی مەولەوی مات دەبێ و سەری سوڕ دەمێنێ ئەمەیش سەرەتای عیقدەی مەرزییە :

*شیعر:*

*زویدەی عقیدەو خولاسەی کەلام* *هەر لە تۆو بۆ تۆس حەمدو ثە نای عام*

٤- الفوائح یان عقیده الفارسیه لە ٥٢٧ شیعرداو بەزمانی فارسییە، شیعرەکانی ئەم مەنزومە، وەك یوسف و زلیخای جامی لەسەر وەزنی (مفاعیلن، مفاعیلن، فعولن) دانراوەو یەکەم شیعری ئەمەیە :

*هۆنە*

*چو بینم در خود از بس روسیاهی* *نگنجد ای الهی، یا الهی*

لەم شیعرەدا دوو قاعیدەی عیلمی : ئیدای قەریب و ئیدای بەعید هەیە و ئاماژەیە بە ئایەتی ( نحن أقرب الیه من حبل الورید ) سەعدی شیرازیش فەرمویەتی :

*هۆنە :*

*دوست نزدیکتر از من بمن است* *وین عجب کە من از وی دورم*

٥- کۆمەڵە شیعرێك بەناوی دیوانی مەولەوی مەعدومی کورد، لە ٥٦٤ لاپەڕەدا کەلە لایەن مامۆستا مەلا کەریم مودەریس، مودەریس و خەتیبی مزگەوت و بارەگاو خانەقای

حەزرەتی غەوسی ئەعزەم (قدس سره) لە بەغدا شەرح کراوەو لە ١٣٨٠ی مانگی بە زمانی کوردی چاپ کراوەو بەم شیعرە دەسی پێ دەکا :

*ئیمشەو تەنیابی جەستەی زەبونم* *دیسان سەرواز کەرد دڵەی پڕ هونم*

٥- رسالەیێ لە بەیانی تەریقەی نەخشیدا بە زمانی فارسی .

بارى كۆمەلآيەتى مەولەوى :

مەولەوی هەروەك باقی شاعیران و بیروەران و زانایانی دنیا بە هەژاری و دەستەنگی ژیاوە، بەلآم زۆر قانع بووە و عیزەتی نەفسی زۆر بووەو قەت تەبعی لەتیف و هونەری زەریفی خۆی وەك هەندێ لە شاعیران بۆنان و ناوێك سەری، بۆ ئەمیرو پاشا ستەمکارەکان دانەنەواندووەو هونەری خۆی یە (ثە مەنی بەخس) نەفرۆشتووەو ئەم پەندە کوردییەی کردۆتە سەر مەشق بۆ خۆی کە دەڵێ : (بە هەڵۆیی مردن نەك پەنا بەقەلی ڕو ڕەش بردن) تەنانەت کاتێ عەنبەر خاتونی خێزانی کە یارو دڵسۆزو سەرچاوەی ئیلهامی شیعری بووە وەفاتی کردووە، مەولەوی هەر پەنای بە هونەرو سۆزی دەروونی خۆی بردووەو بەس .

هەروا کاتێ لە دواتەمەنیدا سۆمای لە دەس ئەدا گۆشەگیر دەبێ و پەنا دەباتە بەر هونەری خۆی و شکایەت لە رۆژگار دەکاو دەڵێ :

*هۆنە :*

*تەدریس وتەقدیس تە مجید بێ دەنگەن*

*حەسارەی تەقریر تەوحید بێ ڕەنگەن*

*پارچەی تالیفات شیخ موهاجیر* [1]

---

١- شێخ عبدوالقادر تختی کردستانی ناودار بە شێخ مهاجر یەکێ لە زاناکانی کەم وێنەی رۆژگاری خۆی بوە کە شەرحێکی فەیلەسوفانەو عالمانەی لە (تهذیب الکلام تفتارانی) کردووە ، حاشیە دیوانی مەولەوی پەڕەی ١٤٠. مەولەوی ئەم شیعرانەی بۆ عەللامەی شێخ وسیم ی برای شێخ موهاجیر نوسیوەو دەردە دڵی کردووە کە سۆمای چاوم لە دەس داوەو کەس نیە ئەو کتێبانە بە دەرس بڵێتەوە.

*گرانەن، نییەت موشتەری و تاجر*

*باڵ نمەدۆ تەیر تەحریر وەهەمدا*

*گا وەرووی رۆمدا، گا وەعەجەمدا*

*ئومەنای دەوڵەت جە گردین لاوە* [2]

*بە ئینتیزارەن چەم نە ڕووەی ڕاوە* [3]

*تەوانای وانای فەرمان نەمەندەن* [4]

*چە پەر بێ جوواو خەبەر پابەندەن* [5]

*سەهلەن بینایی دیدەی مەعدوم سەند*

*داخم هەر ئێدەن ئاخ پەی یاران مەند*

*بەڵام کێن بدۆنەی ڕاگوزەر دا*

*شان وەشان شێر قەزاو قەدەر دا*

*هەر شێرێ جە شیر شێران شیر وەردەن* [6]

*گەردەن پەی زەنجیر تەقدیر کەج کەردەن*

*بارێ ئەگەر هەور ئەلتاف باری*

*پەی مەدەد کاری وەدڵدا باری*

*دیدەی سەر ئەرشی دیدەی سپڕ کافین* [7]

*ئێد، دای موناقین ئەو دوای شافین* [8]

---

٢- امنای دولت از هر طرف ، در انتظارند.

٣- چشم براه من هستند. 3

٤- قدرت خواندن دەستور نمانده است . 4

٥- چاپەر بی جواب ماندو خەبەر نیز متوقف گشته زیرا نمی توانم به تقاضای رونەسای روم و عجم پاسخ دهم .

- خواردیان. 6

چاو باتن کافیه7

- دیوانی مەولەوی لاپەڕەی ١٤٤-١٣٩، چاوی سەر هۆی تاوانە ، چاوی باتن و سپڕ کافی و شافین8

مەولانا خالد نەقشبەندی کەبە نوسخەی جامیعە نوسخەی نابیغە ناودارە لە یەکێ لە ئەشعاری خۆیدا لە واژەی شی کە بە واتای (رۆیی) بەکاربراوە کەڵکی وەرگرتووەو لە بابەت هیجرەتی حەزرەتی رەسولەوە فەرمویەتی : (وە سێزدەهەنی نەو خۆر جەبینە – ڕاهی بی کۆچ کەرد شین وە مەدینە ؟ لە ١٣ ی مانگی مەولود لە رۆژی هەینی چۆتە شاری مەدینە.

## چەند مەسەلەی فەلسەفی و کەلامی، کە حەکیم مەولەوی لێیان کۆڵیوەتەوە:

١- لە زانستی کەلام و فەلسەفەی ئیسلامیدا مەسەلەیەك بەناوی (مناط احتیاج شی ء بعلت)هەیە موتەکەلیمان ئەقیدەیان وایە کە چۆن (شی ء) نەبوەو هاتۆتە بون یانی ؛ حادیس بوەو هاتۆتە وجود، نیازی بە عیللەت هەیە، جا کەوابێ ملاك نیازمەندی (حدوث)ە.

فەیلەسوفان دەڵێن : چۆن (شی ء مومکین) لە (حەد ذاتی خۆیدا ئیقتضای) بونی هەیە نەك ئیقتضای نەبون و نیستی (ولا اقتضای صرفە) کە وابێ ملاك نیازمەندی (امکان) ە .

هەندێ (حدوث وامکانیان) پێکەوە بە ملاك زانیوە، تاقمێ ئیمکانیان بە شەرتی (حدوث) بە ملاك داناوە، بەڵام فەیلەسوفان بڕوایان وایە کە هەر مومکینێك مەسبوق بە (مادە و مدتە) و لەدیوانی عەرەبی مەولەویدا ئاوا قسە لەوە دەکا :

*شیعر:*

| | |
|---|---|
| *کل من الحوادثات افتقر* | *لمادة ومدة کما ذکر* |
| *وحکمنا بان یحوج الممکن* | *الی المؤثر جلی بین* |
| *والخلف في علته استبانا* | *اکان ذی حودثا أم امکانا* |
| *أم ذین شطرا أو بشرط لاتبع* | *حقا من الاقوال بل ذاك اتبع* |

١- مەولەوی خۆی لە تەفسیری ئەم شیعردا فەرمویەتی :

ذهب الى الاول الحكما وبعض المتكلمين، والى اثاني قدما المتكلمين ولكل وجهة ....[1]

بەلأم لە واقیعدا : ذهب الى الاول قدماء المتكلمين والى الثاني الحكما وبعض المتكلمين .لەدیوانی کوردییەکەیشدا لەم بابەتەوە فەرمویەتی :

*شیعر :*

*پێی دەوێ پیێ ئەم بەحس و بەیانە عیللەت حدوس یا خەیر ئیمکانە*[2]

*یەکێکیچ دەڵێ : مەجموعیانە شەترەن ئەو شەرتەن راس کامیانە*[3]

٢- فەیلەسوفان لایان وایە هەر مەوجودێکی مومکین دارای دوو وجوب و دووئیمکانە، بیرو رای مەولەویش لە ریسالەی ئەلفەزیلەدا بەم جۆرە بەیان کراوە .

*شیعر :*

*وبو جوبين يحف الممكن بسابق ولاحق فبينوا*

*بانه ما لم يجب لم يوجد لاصل ترجيحهم المشيد*

*وانه حين الوجود امتنع عدمه لامتناع ان جمع*

*عدمه بذلك القرار وليس ذاك نافي اختيار*[4]

٣- لە تاریفی قدم زاتی وزەمانیدا کە یەکێ لە مەسایلی داغی فەلسەفی و جێ هەڵخلیسکانی بیرورای ( متفكران ) وبیرەوەرانە بەم جۆرە بە شیعر دەڵێ :

عدم مسبوقية قد يكحل بغير اوبعدم فالاول

---

١- الوسيله فی شرح الفضیلة لاپەڕەی ١٩٨.

2. بۆ رون کردنەوەی ئەم باسە لازمە بپرسین عیللەت حدوسە یا ئیمکانە.

3. ئەقیدەی مەرزیە چاپی میصر لاپەڕەی ٨ .

4. الوسيله لاپەڕەی ٢٠٥

| | |
|---|---|
| القدم الذاتی پم الثاني | مقرط بالقدم الزماتي |
| يمشي الحدوث مشيه فليوشم | بكونه مخالفا للقدم |
| ولا قديم عندنا بالذات | سوى جناب اللّه ذى الصفات [5] |

٤- لە تەقسیم و دابەش کردنی وجود بە واجب و مومکن لە نەقیدەی مەرزیەدا بە شیعر دەڵێ:

*عەقڵ صاحێب سودبۆ ئەدای مەقسود*

*لە دوای تەسەور مەعناکەی مەوجود*

یانی ئەقلی موفید بۆ ئەدای مەقصود لە دوای تەسەوری واتای بێژەو کەلیمەی وجودە .

| | |
|---|---|
| *قال: اموجود على نوعين* | *يانى ممعناه عن غير ذين* |
| *یەکێکیان ئەگەر تەعریفی دەکەی* | *ئەوەتە ئەزەر ئەباڵ زات خۆی* |
| *ئارەزوی عەدەم وەگشت گوزەردا* | *جائز نییە پێ بنێ وەسەردا* |

یانی : نەلە وجودی لەفظی نەلە وجودی زیهنیداو نەلە وجودی خاریجیدا جایز نیەعەدەم لە دەورویەری ئەو ( خوا ) دا پەیدا بێ .

| | |
|---|---|
| *دڵ لەم تەعریفە وا مەعلومییە* | *کەئەسلەن عەدەم بۆی جائز نییە* |
| *نەوع ئەولیان هەرواجب بزان* | *چونکە بۆ عەدەی ناوێ وەنیشان* [1] |
| *تلی خەتەرەی غەیریچ بێ تەرد* | *دەی پاچێ مەودای بورهانی تەوحید* [2] |
| *نەوع سانیمان هەرمومکینەو بەس* | *عەدەم وەك هەرەس هەر ئەو دەکا پەس* [3] |

---

– الوسیله لاپەڕەی ٢١٣ و ٢١٢ 5

– چونکا واجب نابێتە هەددەف و نیشان بۆ عەدەم. 1

– بورهانی تەوحید تاڵی خەتەرەی وجودی غەیری ئەو هەڵدەبرێ 2

–نەقیدەی مەرزیە لاپەڕەی ٨-٧ . 3

له بابەت تەوحید دا له تەقیدەی فارسیەکەیدا فەرمویەتی :

شیعر :

وجوب تام از وحدت نگردد | تعالی شانه عن ان تعدد
بکثرت در بود امکان افات | بل التوحید اسقاط الاضافات [4]
از آن سر زد ندا ، این ابتداهٔ | وزین بر پا صدا این انتهاهٔ
هنا چون ثمه از وی گشته مهجور | عرض چون جوهر از وی هست مهجور
هیولی نزد وی صورت ندارد | صورا نجا هیولی را گزارد
زمان را دوری از وی صد مکان است | مکان را دوری از وی صد زمان است [5]

٦ - له بابەت ئیمان بە خواو صیفات ی و ئەسمای ئەو بە شیعر دەڵێ :

رِدباریك واستدلال تاریك | فبارك رب این تاریك باریك
من با ناله بی پا چون درایم | مگر درگردن غیری درایم [6]
بگیریدم در این منزل سپردن | غنای نی سنای می بگردن
بزن نائی نواهای عیراقی | بده ساقی از آن صهبای باقی
بمستی تا در اید موبمویم | بپویم ره بخندم گه بمویم
بجویم باز از ان ابی بجویم | برویم بار دیگر خوش بگویم
چه ای ذات و چه چەگفتی | چه گفتی در چه افتی در چه افتی [7]

---

4 –حافظ شیرازی لسان الغیب لەم بارەوە فەرمویەتی :
ندایی امد از کنج خرابات | که التوحید اسقاط الاضافات
ئەشێ مەولەوی لەمی وەرگرتبێ

5 – الفوائح لاپەڕەی ١٣٦ و ١٣٥

6 – سعدی شیرازی می فرماید :
منبیچارە بیدل چون درایم | مگر در گردن غیری درایم
ئەشێ مەولەوی ئەمەی لەو وەرگرتبێ .

7 – الفوائح لاپەڕەی ١٣٥ و ١٣٤

٩- لە بابەت ئافەرینشەوە، بە پەیڕەوی کردن لە ئورئان و مەشرەبی عیرفانی بە سێ جۆر خەڵق کردن ئاماژە دەکا :

١- بەهۆی ئەمری (کن فیکون [2] ) لە واتای خەلق کردن لە نەبون و لە هیچەوە .

٢- خەڵق بە واتای سازدانی ئەجزا وەك : خلقی سبع سموات طباقا [2]

٣- سێوەم خەڵق بە وتای تەجەلی و زهور، بۆ وێنە مەولەوی فەرمویەتی :

شیعر :

همه اشیا امر ایا خلقند　　همه اینه اسمای حقند
چنان کاسما مجلای صفاتند　　صفاتش جملگی مرآت ذاتند [4]
ظهور وی بەشاني چون نشاید　　بەهر روزی بشانی اندر اید
زطور فلسفی بر طور حق أی　　بەثار صفاتش دیده بگشای
تمام عالم اعنی : ماسوی اللّه　　نبود اندر عدم از بود اطاه

١- کان اللّه ولم یکن معه شیء فەرمودەی پەیامبەر (د.خ) :

به اورنگ حدوپ از وی نشسته　　به او رنگ حنای بود بسته
نەمده در وساطت پانهاده　　نه دخلی بهر ماده روی داده [5]

لە دیوانی کوردی ئەقیدەی مەرزیەشدا فەرمویەتی :

شیعر :

ئەی گرد مەوجودێ جه تۆ گرت مایه　　مەوجود هەر تۆنی ماسیوا سایه
پەنهان بی تەنها وەحدەتت مەوج وەرد　　پەی شناسانی زهورێوت کەرد

---

– سورەی ال عمران 2
–سورەی ملك ئایەتی ٣ . 2
– الفوائح لاپەڕەی ١٧١ . 4
٥– الفوائح لاپەڕەی ١٤٢–١٤١–١٣٩ .

یانی : بۆ ئەوە بناسرێیت لەسەر زاتی خۆت، خۆت دەرخست .

١- ئەم شیعرە : پەنهان بی .. ئیشارە بە فەرمودەی ( کنت کـــنزا مخفیا فخلقت الخلق لکی اعرف ) دەکا.

*بە وێت جەی عالەم بێ بەقای ناسوت*

*وەی گرد جیلوەی وەرین نەشناسوت.*

یانی : لەم دنیا بێ بەفایەدا لەسەر زاتی خۆی زهورت کرد بە جۆرێ وا بەو هەموو جیلوەو تەجەلیاتەوە کە لە بەراکردت، تۆ نەناسمەوە.

*بەسەد جیلوەی تر بێ چون و چەنی　　شناسایی تۆم نمە بۆ هەنی* [6]

١٠- لە بابەت صیفاتی سەلبی خوا لە ئەقیدەی مەرزیەدا فەرمویەتی :

*شیعر :*

*سیفات سەلبی، نایەتە، دەفتەر　　ککون الله لیس بجوهر*

*لاکین تۆ زەریف، بێ ئەم پە نجانە　　هەر پەنج بزانە ئەسڵ گشتیانە*

*یەکێ قیدمە دوەم بەقایە　　قیدەم سەلب سەبق عەدەم مەعنایە*

یانی قەدیم وەك ئەزلی خوا، بەقا وەك ئەبەدی خوا .

لە بابەت سیفاتی ٣، ٤ و پێنجیشدا فەرمویەتی

*شیعر :*

*المخالفه للحوادثات　　سلب هاو مثلي ( دەگەڵ ) مخلوقات* [1]

*قیام بنفسه وصف چوارمین　　سلب احتیاج مانایە یەقین*

*موفتەقەر نییە رەببولکاینات　　نە بە مەحلات نەموخە سەسات*

---

- دیوانی مەولەوی لاپەڕەی ٥١ . 6

- لیس کمثله شی ء. 1

*پەنجوم خۆی مانای وەحدانییەتە* — *سەلب تەعەدود نەفی کەسرەتە*

*لە زات لە سیفات لە ئەحواڵدا* — *لە هەموو شەئن و هەموو حاڵدا*

لەو شوێنەی کە قەڵەم، زمان، نامەو بەیان لە پەسەندی خوا بە ناتەوان دەزانێ دەفەرموێ :

شیعر :

*چە جای دو زبانی مثل خامە*

*چە حد روسیاهی مثل نامە*

*کمی گوی و بسی بشنویسی بین*

*زبان و گوش و دیدە گویدت این* [2]

مەولەوی مەعدومی کورد لە باسی ئەسماو سیفاتی خوادا ڕێبازی ئەهلی کەلامی زانایانیکی وەك تەفتازانی، نەفەسی و شێخی توسی گرتۆتە بەرچاوو زۆر رون و مموستەدەل ئاماژە بە ئیختیلافی ئەبولحەسەنی ئەشعەری و ئەبولمەنصوری ما توریدی دەکا[3].

١٠-لە باسی جەبرو ئیختیارو بیروڕای مەولەوی لەم مەسەلەدا، ئەو باسی خەڵقی ئەفعال لە لایەن خوا یا مەخلوق، وە کەسبی ئەفعال وئیرادەو قودرەت، ئەگەر چی قەولی ئەشعەری کە موعتەقید بە خەلقی ئەفعالە لە تەرەف خواوە لە کاتی عەمەلی عەبدوکەسبی عەبددا، پەسەند ئەکاو قەولی ماتوریدی کە جەبری مەحزە بە

هەردودی ئەزانێ بەو حاڵەشەوە مەولەوی خۆی ( امر بین الامرین ) ی پێ باشە .

*شیعر :*

*اشعرت الی الاشعر الوحید* — *نفی ما ترید نحو ما ترید*

*وابەستە دەبێ ئیرادەی باری* — *بە بەعزێ ئەفعال بێ ئیختییاری 4*

---

– فوائح لاپەڕەی ١٧٢ . 2

– فوائح لاپەڕەی ١٤١-١٣٦ . 3

| | |
|---|---|
| بەندە ئیرادەی بۆی یا نەوێ | تێرنێتیە وجود پەکی ناکەوێ |
| ئەو فیعلە لادەو فریدەو کەنار | مەیکە بە دەلیل نەفی ئیختییار |
| بەڵێ بەعزێ فیعل بەندە دیارە | وجودی مەربوت بە ئیختیارە |
| یانی های فی العبد خالق مەعبود | ئیرادەی قودرەت تێربێتە وجود |
| ئەو ئیرادەیە کە پێی هاتە بەین | دەدا تەرجیحی یەك لە تەرەفەین |

لە پاشان دەڵێ : تەعەلوقی قودرەت بە فیعل لە ئیرادەوە سەرچاوە دەگرێ :

فیخلق الله ربنا المالك عادة ذا العقل عقیب ذلك [5]

بەلام هیچ یەك لەو ئەسبابە مەعمولیانە لە ئەنجامی کاردا (موئة ثیر) نین و (موئة ثیر)ی واقیعی هەر خوایە و بەس حەزرەتی مەولەوی لەم بابەتەوە دەڵێ :

هیچی مؤثر فی الوجود نیە سیوای قدرت ربّ البریة [6]

لا مؤثر في الوجود الا الله

لە حەدیسی قودسی دایە کە خوا فەرمویەتی : (کنت کنزا مخفیا فاحببت ان أعرف فخلقت الخلق لکي اعرف) و لەرئانیشدایە کەخوا فەرمویەتی : وما خلقت الجن والانس الا لیعبدون [1] لە بەشی یەکەمدا غایەت لە ئافەرینش ئەمەیە کە مەخلوق خالقی خۆی بناسێ و عیرفانی پێ پەیدا بکاو لە بەشی دووەمدا مەبەست و هەدەف لە خەلق کردن ئەوەیە، کە

---

– بەئەفعالی بەنی ئادەم تەعەلوق دەگرێ . 4

– ئەقیدەی مەرزیە لاپەڕەی ١١٠ 5

– ئەقیدەی مەرزیە لاپەڕەی ١١٠ و ١٠٨ 6

– سورەی الذاریات ئایەی ٥٦ 1

مەخلوق بەندەیی و عیبادەتی خواوخالقی بکا، حەزرەتی مەولەوی لە تەوجیهی ئەم دو واتا بە زاهیر موتەخالیفەدا فەرمویەتی :

لە کەی موناقات ( لکی اعرف ) چو دەسەمل لەگەڵ ( لیعبدون ) بو

یانی : لکەی دژایەتی واتای ( لکی اعرف ) لاچوو لەگەڵ واتای لیعبدون دا دەستەملان بون ئەم واتایە : کە هەردووکیان بە واتای عیرفان و ناسینی خودان .

* شاعیری خواناس و عارف و فەیلەسوف لای وایە عەشق و ئەوین، پیران جوان و شاد ڕادەگرێ مەبەست عەشقی حەقیقییە :

*شیعر:*

*چوززەی سەوزەی هەرد فەیز تۆ وەرۆ* [1]

*گەردش ئەشای کاو لوتف تۆ کەرۆ* [2]

*ئەواچی من پیر ئیفتادەی دڵ ڕیش*

*ئیسە چەنی مەیل ئازیزانم چێش* [3]

*تا یاران نیگای نیهانیشان بۆ*

*پیران مەشیو تاف جەوانیشان بۆ* [4]

*پەی چێش ؟ مەیل لەیل پیریش مەحاڵەن*

*سەندی باڵغیش سەد هەزارساڵەن* [5]

** حافظ شیرین وتار دەڵێ :*

*هرگز نمیرد انکه دلش زنده شد به عشق* *ثبت است بر جریده عالم دوام ما*

---

– وەرو بەواتای : بخوا 1

– کاو بەواتای دامێنەی کێو. 2

– چەکار 3

– تاف : سەرەتای گەنجی . 4

– دیوانی مەولەوی لاپەڕەی ٩٦–٩٥ 5

* سعدی شیرازیش فەرمویەتی :

*باد اگر در من اوفتد ببرد      که نمانده است زیر جامه تنی*

له بابەت وەسفی پێوەند لەگەڵ مەعشوقدا دەفەرموێ :

*ئازیز : تای ڕشتەی دڵەی خەم بێ شۆ      ئەزلیانه بەند تای ڕشتەکەی تۆ*

یانی : ئازیزم تالی ڕشتەی دڵی زۆر غەمبار، لەگەڵ تالی ڕشتەی زوڵفی تۆدا له ئەزلەوە تێك ئالاون و لێك جیانابنەوە .

هەر دوچەنی هەم پێچ وەردەن وەهەم      جیایی نه بەین مەحاڵەن ستەم [6]

له بابەت شەوی بەرات ( ١٥ شابان ) به بۆنەی چاوەڕوانی هاتنی دۆستەوە فەرمویەتی :

*هۆنه :*

*نەهات و نەهات دڵ ماتەن ئیمشەو      ئەڵبەت شنۆی شەو بەراتەن ئیمشەو*

*سیاهەی دەفتەر میرزای ئەززەلەن [1]      زیادی و نوقسان رزق و ئەجەلەن*

*ئەوها وەبەرات بێ ئەندازەوە      ئێد وه تەعلیقەی عومر تازەوە*

*کەسێ قوتش نوقڵ راز یاوەرەن      یەکێ زیندەگیش وەسڵ دڵبەرەن*

*ولگ زیندوگیم ها وەهەواوە      دیما دیم شەن وەبای فەناوە [2]*

*ئەلوەدای تاریخ کامەرانیمەن      نیشانەی ئاخر زیندە گانیمەن*

*یاران وییەردەن، نۆبەمەن دەی دەی      ئیسه وەکارەن ساقی ئەشنەی مەی*

*سادەی تای دوگمەی یەخەی دڵ پەسەند      ئازاد کەر چون بێ دەرەدان جەبەند [3]*

*له بابەت مەسەلەی وەحدەتی وجود دەڵێ :*

---

– سەخت دیوانی مەولەوی لاپەڕەی ٧٠-٦٩ 6

– میرزای ئەزەل : خوایه . 1

– ئەم لاو ئەولا . 2

– دیوانی مەولەوی لاپەڕەی ٤٤٦ و ٤٤٤ . 3

*هۆنە :*

*پەی کەسێ خاسەن هەوای سەیر باخ*      *ماسیوای مەعشوق نە بۆش ئاخ و داخ*

*من جفت مەعشوق دەرد هەمراز مەن*      *چون باز سەر چڵ وادەی بازمەن*

*لە واتای وردو جوان و دڵگیریشدا فەرمویەتی :*

*هۆنە :*

*چەنج بییەن ودشەش روکەردنە پەنج*

*حەریر نەمابەیەن بییەن گەوهەر سەنج*

*تا وەزوڵف و روی تۆ، تەماشامەن*

*ئەدای ئەمای فەرز سوبح و عیشامەن* [4]

حەزرەتی مەولەوی جارێکیان دەچێتە دیداری مەحمود پاشای جاف خانمێکی جوان و شۆخ و شەنگ گۆشەی دەواری ڕشی کۆچەری هەڵدەداتەوە دەڕوانێتە مەولەوی و هاوڕێکانی و ئەویش بالبداهە بەم شیعرە ئەو شانۆبە دەنوێنێ و دەڵێ :

*گۆشەی سیماڵ هورداو دییاوە*      *چون مانگ نە گۆشەی هەور سیاوە*

*بە خودای قەسەم پا سەم ئومێدەن*      *حور مقصورات فی الخیام ئێدەن* [5]

مەولەوی زاتێکی پڕ پیت و بەرەکەت بووە کە بەزانین و ژیری و پڕ ناوەزی ناودار بووە، ئەو زاتە مامۆستای شیعری کوردی هەورامی بووەو، وەك ئیجاز، ئیبداع، سهولت و ئیمتناع (سەهلی مومتەنیع) تباق و تەزاد، ئیرسالی مەسەل، تەناسوبی ئەلفاز، زەرافەت و لەتافەت و هێزو وزەی شوێن دانان لەسەر بیسەر .

---

4. – دیوانی مەولەوی لاپەڕەی ١٥٧ ئەمای نویژ

5. – دیوانی مەولەوی لاپەڕەی ٣٨٩

حەزرەتی مەولەوی لەبەرگی شیعرو غەزەلی کوردی واتای عیرفانی و فەلسەفی و غەرامی لەگەڵ تەشبیهات و ئیستعاراتی بەدیع و دڵ ڕفێن بە جۆرێکی زۆر جوان و دلگیر و دەستایانە ڕازاندوتەوەو لە قاڵبی داوە کەسەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، بەڵام شیعرە عەرەبی و فارسیەکانی وانین و واتای کردۆتە قوربانی صەنایعی لەفزی و بەتایبەت جیناس، جا لەبەر ئەمە عەیبی تەعقیدو غەرابەت و زەعفی تەءلیف لە شیعرە فارسی و عەرەبییەکاندا ئەبینرێ .

حەزرەتی مەولەوی لە ژیاندا توشی کەندو کۆسپێ زۆر بووە، وەك سوتانی ماڵ و هۆی ژیان و کتێبەکانی و مردنی عەنبەر خاتونی خێزانی، وەحەوت ساڵ بەر لە مردن سۆمای چاوی لەدەس داوەو لە ئاخریدا لە ئەسپ دەکەوێتە خوارێ و پاش چەند ڕۆژ لەساڵی ١٣٠٠ ی مانگی بارگەی بەرەو لای خوا تێکناوە، خوا غەرقی ڕەحمەتی خۆی بکا.

سەرچاوەکان :

١- ئەقیدەی مەرزیە کوردی حەکیم مەولەوی .

٢- ئەلفوائح یا ئەقیدەی فارسی .

٣- الوسیله فی شرح الفضیلة بە قەڵەمی مامۆستا کەریم مودەریس ( ئیمام شافیعی ) ئەم ڕۆژگارە .

٣- الفضیله بە زمانی عەرەبی نوسراوی مەولەوی .

٤- دیوانی کوردی حەکیم مەولەوی بە شەرح ولێکدانەوەی مامۆستا مەلا کەریم .

٥- مێژووی ئەدەبی کوردی لا پەڕەی ٢٧٦ تا ٢٤٧ نوسراوی عەلائەدین سەجادی ڕەحمەتی چاپی ١٩٥٢ ی زاینی بەغدا .

٦- گە نجینەی فەرهەنگ و زانست نوسراوی شە پۆل چاپی تاران ١٣٦٤ ی هەتاوی لا پەڕەی ٤٨٩ تا ٥١٩.

٧- ڕۆژنامەی کوردستان ساڵی ٤ ژمارەی ٢ لە ٢٦ گۆلانی ٢٥٧٤ کوردی و ١٣٤١ ی هەتاوی تا ژمارەی ٤٤ پانزدەی ئیسفەندی ١٣٤١ ی هەتاوی، ئەبێ بلێین : یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕۆژی چوارشەممە ١٥

ی گوڵانی ١٣٣٨ ی هەتاوی و ٦ مە ١٩٥٩ ی زایینی لە تاران لە چاپدراوەو لە ساڵی ١٣٤٢ ی هەتاویدا ٥ ژمارەی لێ چاپ کراوەو نیتر داخراوە .

٨- کۆواری کۆری زانیاری کورد بەرگی ٦ ساڵی ١٩٧٨ زانیی شارۆ یەك لە باغچەی ئەدەبی مەولەوی بە قەڵەمی محەمەد عەلی قەرەداغی لاپەڕەی ٢٦٦ تا ٢٢٦ .

٩- کۆواری تەحقیقاتی ئێرانی ج ٢ ساڵی ١٣٥٧ ه زانکۆی ئازەر ئابا دەگان لاپەڕەی ١٥٠ تا ١٨٨ تەحقیقاتی لە بابەت مەولەوی بە قەڵەمی دوکتور خەلیقی .

١٠-تاریخ مشاهیر کورد بەرگ ١ نوسراوی ئوستاد بابا مەردۆخ رۆحانی لە باسی مەولەوی مەعدومی لاپەڕەی ٤٦٦ تا ٤٧٣ چاپی سروش ١٣٦٤ .

١١- یاد داشتهای نوسەری ئەم دێڕانە .

١٢- ئەقیدەو ئارای موتەکەلیمان و حوکەماو موحەقیقین.

١٣- ئارای ئەشعری و ماتوریدی .

١٤- ئەقاید : تەفتازانی و خواجە ئەصیر توسی . ئەم وتارە بۆ کۆنگرەی ڕێزدانان و یادی مەولەوی کورد کە لە ١٠ تا ٩ ی خەرمانانی ١٣٧١ ی هەتاوی لە شاری فەرهەنگ پەروەری سەقز پێك هاتبوو ئامادەکراوە، هەروا لە ژمارەی ٢٢ تا ١٨ رۆژنامەی ئاوای کوردستان ساڵی ١٣٧٢ ی هەتاوی بە قەڵەمی ( شە پۆل ) لە چاپ دراوە .

دوکتور محمد صالح ئیبراهیمی ( شە پۆل )

# بۆ میهرەجانی مەولەوی

ڕەحیم لوقمانی

## بۆ میهرەجانی مەولەوی – سلێمانی

نیقاع لە شیعری مەولەویدا :

نووسینی : ڕەحیم لوقمانی – مامۆستای ئەدەبی فارسی /سنە

لەگەڵ ڕێزو سوپاس و خۆشەویستی بۆ میوانان و بەشدارانی ئەم میهرەجانەو وەزارەتی ڕۆشنبیری کە ئەم دەرفەتەیان بە ئێمەدا تا لێرە کۆببینەوە .

دەمەوێ بۆ سەرەتای وتارەکە بچمە سەر ڕاڤەکردنی کلیلی بابەتەکەو بە کورتەیەکی لەبارەوە دەست پێ بکەم.

ئیقاع لە وشەدا بە مانای هاودەنگی، تەبایی ئاواز، گونجاندن و گرفتارکردن هاتووە:

مۆسیقا : وشەیەکی یۆنانییە بۆ گۆرانی وتن و ساز لێدان بەکاردێ، هەروەها ئاواز و ئاهەنگێکە، غەم، ماتەم، شادی و ئۆخژن بە ناخدا بێنێ و هەستی مرۆڤ ڕاچڵەکێنێ .

شیعر لە یەکەم ساتی هاتنی لە نێو هەست و نەست و شعوری مرۆڤەوە لەگەڵ تیمی مۆسیقایی سەری هەڵداوە، دەتوانین بێژین مۆسیقاو شیعر گیانێکن لە دوو جەستەدا .

کۆنفۆشیوەس دەڵێ : خۆتان بە شیعر ڕابێنن کردارتان بە داب و ڕەسمی جوان بخەملێنن پەروەردەو زانیاریتان بە مۆسیقا تەواو بکەن، خەڵکی کەونارا شیعرو مۆسیقایان بە داهێنانی ئاسمانی زانیوە چینییان چیعریان بە بەسەرچاوەیەکی خوایی لە قەڵەم داوەو گوتویانە شاعیر چون داهێنەری جوانییە، ئیمە خودایەکە، یان پێغەمبەرێکە .

پێوەندی شیعرو مۆسیقا لە ڕوی وشەوە :

وشەی رۆمی''carminer'' هەم مانای شیعر دەدا هەم سیحرو جادوو، وشەی یۆنانی ((ode)) یانێ سروود و ئاواز، ئێستاش لە زمانی ئینگلیزیدا بە مانای قەسیدەیە.

وشەی ئەڵمانی ((lied)) یانی ئاوازو ئاهەنگ وشەی ئینگلیزی ((lay rune)) بە مانای شیعرو سروودە، لە زۆر زمانیشدا دەڵێن شیعر ریتم و ئیقاعە، ناڵێن نەزمە، عەرەب دەڵێن ((انشد شعرا)) فارسیش دەڵێن ((شعر سرودن)) یانی بە ئاوازکردنی شیعر یان شیعر چڕین .

یوەندی شیعرو مۆسیقا یانی پێوەندی وشەو ئیقاع و کەلامی بە ئاهەنگ، مۆسیقای کەلام لەناو دەنگی ژیان و تێکەڵاوی مرۆڤ وسروشتەوە سەری هەڵداوە، ئەم دوو هونەرەش زمانی هاوبەشی دیاردەکانی گیانی مرۆڤن، ئەو هۆیانەی مرۆیان بۆ شیعر وتن کێشاوە هەر ئەو هۆیانەن کە هانئیان داوە گۆرانی بڵێ و هەڵپەڕێ و کەلامی سیحراوی بێ .

لە شیعردا ئەوەی سۆزو حەزی بە روحی خوێنەر و بیسەر بەخشیوە، هەمان مۆسیقایە کە تێکەڵی ڕواڵەت و دەروونی شیعر بووە .

هەڵپەڕکێ کۆنترین زمانی مۆسیقایی گیانی ئینسانە کە بۆ دەرخستنی نیازو دنیای دەروون بەکاری هێناوە، جا کە هەڵپەڕکێ لەکەڵ وشەو کەلام تێکەڵ بوو گیانی تازەی بە بەردا کراو بوو بە زمانی هەست و سۆزی دەروون، لە کتێبە ئاسمانیەکاندا، کەلامی پیرۆز مۆسیقا و ئاوازی تایبەتیان لەگەڵدایە، هەر ئەمەش توانیویەتی لەگەڵ هزرو دەروونی ئینسانان پێوەند بگرێ، یەکەم شاعیری ئەجاتدەر ئەشۆ زەردەشتە کە بە پەیامی شاعیرانەو مۆسیقای وتاری خۆتی توانی ببێتە پێغەمبەرێکی مەزن .

کە شاعیرێك ویستبێتی بۆ هەر مەبەستێك هەست و خەیاڵی خۆی دەربڕێ، لە پێشدا هیچ بیری لە کێش و ئیقاعی شیعری نەکردووەتەوە، گۆتە دەڵێ : کێش و مۆسیقای شیعر لە ئەست و ناخی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ و کەس پێشەکی بیری لێ ناکاتەوە، با ئەوەش بێژم کەریتم و مۆسیقای وشە لە سیستەمی زمانی هەر نەتەوەیەکدا شتێکی جیاوازە پێش هەموو شتێك باری جوگرافیایی، مێژوویی و روحی نەتەوەیی دەستیان هەیە لە چۆنیەتی هارمۆنی وشەو شیعرو گۆرانی و هونەرەکانی دیکەی هەر میللەتێکدا .

بەم پێشەکیەوە دەلاقەی باسەکە دەکەمەوە، ئەو زاتە گەورەی مۆسیقای شیعر کە دەمانەوێ گوێ لە زایەڵەی روحی کوردانەی بگرین مەولەوی تاوگۆزییە. نەی و دەمەی زستان و خوڕەی شەتاوان و زرنگەی زەنگولاّن و .. هەرکام بە جۆرێك هەژاندوویانەو خستوویانەتە جەزبەی شیعرەوە .

با لە پەنجەرەی ئیقاعی شیعرەوە گوێ لە ترپەی دڵی ڕاگرین :

ئیقاعی دەرەوەی شیعری مەولەوی :

ئەم مۆسیقا لە شیعردا هەر هەمان کێشی عەرووز یان هیجاو بڕگەی خۆماڵین مەولەوی بەشێوەیەکی زانایانە کێشی دە بڕگەیی گۆرانی کوردی هەڵبژاردووەو بە زمانی سۆزی میللی قسەمان لەگەڵ دەکا، ئەمە لە کاتێکدایە کە شارەزای هەموو کێشە عەرووزییەکانە کە پێش خۆی شاعیرانی کوردو ئێرانی و عەرەب بەو ڕیتمانە شیعریان وتووە.

من چەند کەشکۆڵی کۆنم لە لایە کە کۆمەڵێك شیعری شاعیرانی هەورامی بێژی تێدایە، لەوانە شیعرو نووسراوی مەولەوی، هەر لەم کەشکۆڵەدا چەند بەیتێك شیعری فارسی وتووە کە لەسەر مۆسیقای کێشی عەرووزە بۆ نموونە :

*نهاده داغ بردل همچولاله* — *کند جا اندرون نی چو ناله*

*چو از دل برکشید ناگه نوایی* — *جدا برخیزد از هرنی صدایی ..*

بەلاّم کە بە کوردی دەنووسێ، زایەڵەی ناخی بەنەوایەك دەردەبڕێ کە بە رۆحی هەموومان ئاشنایە، کەچی مەولەوی بەسەر زمانی فارسی و عەرەبی دا دەستەلاّتی تەواوی بووەو شیعری هەردوو زمانی دیوە، بە تایبەت حافز کە زۆر کاری تێ کردووە، هەروەها بەرهەمی ئایینی بەزمان و شیعری عەرەبی هەن کەلە ئەدەبی عەرەبیش وێنەیان کەمە، بەلاّم لە باری مۆسیقای شیعرە کوردییەکانیەوە بە شارەزایی تەواو و بە ئانقەست ئەو ریتم و

ئیقاعەی هەڵبژاردووە، هەر دەنگ و ئاهەنگی شیعرەکان خۆیان هاواردەکەن شاعیر خەڵکی کوێیەو سروشتی وڵاتەکەی و حەزی و هەستی میللەتەکەی چۆنە ..

سەعدی شیرازی کە گەلێ وڵاتان و ژینگەی عەرەبان گەڕاوە و هەردەم لەسەفەردا بووە، زۆربەی ئیقاعی شیعرەکانیشی کەلەسەر کێشی عەرووزن ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنن ..

*ای ساربان اهستەران کارام جانم می رود*

*وان دل کەبا داشتم بادل ستانم می رود*

لە ڕووی هەواو مۆسیقای شیعرەوە خوێنەر وا هەست دەکا سواری وشترێک بووەو لەگەڵ کاروانی عەرەبان، ئەرم ئەرم بیابانێک دەپێوێ .

جگە لەوەش هەر زۆربەی کێشە عەرووزەکان لەناو چۆنیەتی ژیانی عەرەبی بیابانی و لەسەر ڕیتمی ڕەوتی وشترەکانیان پێک هاتووە .

بەڵام ئیقاعی دەرەوەی شیعری مەولەوی و دەنگی وشەکانی بە جیا جیاش تاییە تمەندیەکان و ڕوحسارو دیمەنی وڵاتەکەیمان پیشان ئەدات :

*وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن*

*هاژەی وەفراوەن، شاخەی شەتاوەن*

*سەنگەن، کۆسارەن، سەرکووەن، هەردەن*

*خەمەن، مەینەتەن، زوخاوەن دەردەن*

ئیقاعی ناوەوە:

هەموو دیاردەیەکی وەک هاوئاهەنگی یەکبوون وێک چوون ((جناس)) و دژایەتی دەنگ دارو بێ دەنگ کە لە شیعردا پێک دێن، مۆسیقای دەروونی شیعرن.

ئەم بەشە گرنگترین لایەنی مۆسیقایی شیعرو بنەمای جوانی ناسینی زۆربەی شاکارە ئەدەبییەکانە، زانایان و شیعر ناسان بۆ نیشاندانی لایەنەکانی ئیقاعی دەروونی شیعر ئەم وشانەیان بەکارهێناوە .

خۆش دەنگی (( euphony تونالیت ((tonality))و((musicality))کە هەرکام لەم وشانە لەزانستی مۆسیقادا ماناو مەبەستی تایبەتیان هەیە .

فورمالیستانی رووسی پێی دەڵێن (ئۆرکیستراسیون - orchestration)، یانی کۆمەڵێك ئامێری مۆسیقا کە پێکەوە بە هاودەنگی وتەبایی پارچە مۆسیقایەك لێدەن، با گوێ لە هارمۆنی چەند فەردێکی مەولەوی بگرین .

*یانەی دڵ ودفەیز رای مەولاناوا*

*تەوار تەرلان لان (مەولا ناوا)*

هاودەنگی مەولاناواو مەولان ناوا کە جیناسی تەواون، هەروەها تەوارو تەرلان و لان جۆرە مۆسیقایەکی لە زار سووك و لە دلان خۆش دەبەخشنە گوێ و هەستی بیسەرو خوێنەر .

*موتریب بۆ وەداد دلگیریمەوە*

*پیری ها ئاما وە پیریمەوە*

یری و پیری لێرەدا جیناسی تەواون کە لەگەڵ دلگیری دا مۆسیقایەکیان ساز کردووە، لە بارەی واتایشەوە موتریب کە دژی دلگیرییەو دلگیری لەگەڵ پیری و بە پیرەوەچوونی مەرگ جۆرێك هاومانی و پێوەندییان هەیە، ئاوازەو هەوایەك لە وشەکاندایە کە خوێنەرو بیسەر دەتوانن لە رووی دەنگەوە خۆ بە شەریکی دلگیربوونی شاعیر بزانن ..

*فیراقت فەرقم وە تووتیا کرد*

*جیا بیت ئارام جەهەم جیاکرد*

فیراق و فەرق کە هاوتیپن لەگەڵ جیایی و جەهەم جیابووندا لە باری ماناوە وەکو یەك دەچن بە زرانەوەی پیتی (( ج )) دابڕان و لێك بڵاوبوونی ئەندامەکانی لەشی گەیاندووە .

*تەدریس و تەقدیس تەمجید بێ دەنگەن*

*حەسارەی تەقریر تەوحید بێ ڕەنگەن*

ئاوازەی ئەو وشانەی کە هاودەنگ و لێك نزیکن جۆرە حەزێکی مۆسیقایی دەدەنە گوێی مرۆڤ بە ئیقاعی وشەکان و دەنگ دانەوەی (( ت )) مەبەستی شاعیر خێراتر دەچێتە زەینی ئینسانەوە.

*ئەو بەقاش نییەن فەناش تاقییەن*

*ئێد عەتای تاقی و باقی و لاقییەن*

وشە گەلی بەقاو فەنا، لەمانادا دژی یەکن، بەڵام عەتا، تاقی، باقی و لاقی سەرواى دەروونی شیعرەکەیان بەهێزکردووەو ئیقاعێکی خۆشیان تێدایە، چلە ڕووی ماناوە چ لە ڕواڵەتی شیعرەکەدا .

*ئیسە ئەو گە نجە بەولارو لە نجە*

*ڕەنجە کەرد پە نجەشی پەرێ پە نجە*

دەنگدانەوەی (( گە نجە ، لە نجە ، ڕەنجە ، پە نجە )) کە ناوی گوندێکەو دۆستێکی شاعیر ویستوویە بچنن بۆ ئەوێ، ڕۆیشتن و حاڵەتەکانی بە سحری مۆسیقا وای هێناوەتە بەر گوێ کە ئەگەر بە کامێراش نیشا نمان بدا، شتێکی زێدەتری نیە هەستمان پێ نەکردبێ:

*سەروەبان عەین عەینم خەم وەردەن*

*هوون چون چەشمەی عەین نە عەین سەرکەردەن*

هارمۆنی وشە لەم شیعرەدا ئەوەندە بەهێزە کە بیسەر هەستی بۆ ئاوازەی ((عەین)) ڕادەگرێ و دەکەوێتە تاوتوێکردنی عەینی یەکەم مانای ((نەفس))ە دووهەم ((ئەژنۆیە)) سێهەم ((ئاوە)) و چوارەم ((بەمانای چاوە))، وەك دەبینین و دەبیستین هەر لە یەك نۆتەدا چەندین دەنگ و مەبەستی بەکارهێناوە، ئەمە بەشێکە لە خاڵە بەهێزەکانی شیعری مەولەوی .

دوو نموونەی دیکەش دێنمەوە کە گوێ بەبیستنی هەست بە مۆسیقایەکی بەهێز دەکا:

*خەیلێوەن ئامان تیرەکەت ئامان*     *شۆرەت ئامەی ئام حاتەمەش کەرد تەی*

*ئامان وە سەر وەخت بیمار زامان*     *کەرد وە کاسە کەل کاسەی کەللەی کەی*

لەو شیعرەدا کە بۆ لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خێزانی وتویەتی کە دەڵێ :

*دڵەی دڵ وەمەی مەیل لەیلێ کەیل*

*مەحرەم وەرازان خەڵوەت خانەی لەیل*

هەر لەم تاکە شیعرەوە مرۆڤ دەچێتە ناو دنیای غەم و شیوەنی شاعیر و وا هەست دەکا گوێی لە ترپەی دڵ و گڕی دەروونیەتی، ئەمەیە ئۆرکیسترا سیۆنی غەم و بەهێداربوون * ئیقاعی واتایی :

هەروەك چۆن وێك چوونی وشە، نزیکبوون، دژایە، مۆسیقای دەنگ پێك دێنن لە باری ناوەڕۆك و مانایشەوە مۆسیقای واتایی سازدەکەن، هەرچەشنە پێوەندێکی نهێنی لە نێوان وشەکانی شیعرێکدا، ئیقاعی واتایی ئەو شیعرەن کە بەشێکە لە بنەمای جوانی ناسینی زۆربەی شاکارە شیعرییەکان، بە کلاسیك و مۆدێرنەوە، ئەمەش چەند نمونەیەك :

---

* بەهیدار : عەزا .

*بە کێودن جە لام شادی و رەنجووری*

*کەیفی و بێ کەیفی نزیکی و دووری*

*نزیکی یاگەی تەریدەی فەسلەن*

*دووری رای خەیاڵ قافلەی وەسلەن*

لێرەدا شاعیر بە شێوەی پارادوکس ((تضاد)) ەکانی تێکەڵ کردووە، دەیەوێ مرۆڤ بە تەواوی دەستی بگاتە هەردوولایەنەکەو بە ئازادی یەکێك لەوان هەڵبژێری، هەرچەند زۆری وشەکان لەمانا دژی یەکترن بەلآم هەر ئەم دژایەتیە جۆرێك پێوەندو هەڤاڵبەندییە کە بە هەردوو مەبەست مۆسیقایەکی واتایی بەهێزیان پێك هێناوە.

*سفیدیت قەڵغان پەی رووی سیات بۆ*

*کەمانیت شەفیع تیر دیات بۆ*

شاعیر بەهێنانی سپی وسیا تیرو قەڵغان، لە لایەك هونەری ((طباق)) و لە بارەی ناوەڕۆکیشەوە مۆسیقای خوڵقاندووە .

*دیدەم ((ریژاوە)) ڕوخسارم ((زەردەن))*

ڕواڵەتی وشە دەمانباتە سەرئەوەی کە دەڵێ : فرمێسکم لەچاو دێت و ڕەنگم زەردەو لە داخی یاران ئەوەندە گریاوم پیرانم کردووە، بەلآم ئیهامێکی جوانی بەکارهێناوە، چونکە ((ڕیژاو، زەردە، یاران و پیران)) ناوی چوار گوندی ناوچەی زەهاون کە مەولەوی زۆر حەزی لەو گوندانەبووە .

نیقاعی پیت و دەنگ لە وشەدا:

گەلێك خاوەن ڕاو زمانەوانان لەسەر ئەو باوەڕەن کە بنەماو ڕووکاری وشە لە زۆر زماندا لەگەڵ واتاو مەبەست یەکانگیرن، لەوانە بنەمای زمانی عەرەبی و کوردی ئەم بۆچونە دەسەلمێنێ، لە زمانی کوردیدا دەنگ و پیتی وشە مۆسیقایەکیان تێدایە کە بە بیستنی ئەو مۆسیقا ماناو مەبەستی وشە دێتە بەر زەین

بۆ نموونە : گرمە گرم، سەرماوسۆڵە، بەفرو تۆف، ورشە، پرشەو .. بە بیستنی بەشێکی کەم لە وشە، ماناو کاکڵەی مەبەست هەست پێدەکرێ .

لە ئینگلیزی دا بەم جۆرە مۆسیقای ناو وشە دەڵێن ((onomato poeia))

حەزرەتی مەولەوی بە ڕێك خستن و سازو کۆك کردنی مۆسیقای دەنگ لەناو شیعردا ئورکسترێکی وەهای ڕازاندوەتەوە کە ئەگەر بیسەری کورد لە زاراوی گۆرانیش نەگا پەیام و مەبەستی شاعیر بە گوێی دڵ هەست پێ دەکا .

لە شاعیرانی فارس (فیردەوسی و حافز) لەم جۆرە مۆسیقا هونەری و بەرز و کاری گەورەیان خوڵقاندووە، بەڵام مەولەوی خۆمان لە خەیاڵ و دنیای هەر شیعرێکدا ئەوەندە لە ترپەی دڵی دەنگ و وشە ئاگاداربووە کەبەڕاستی بۆ هەر پەیامێکی شاکارێکی بەرزی مۆسیقایی نەخش کردووە.

بەسازی پیت و دەنگ هارمۆنیەکی وای سازکردووە، دەڵێن ویستوویەتی تەنانەت کوردی نەزانیش تێ بگەیەنێ .

*ئازیزم ئامای ئای بێ قەرار ویم*

*ئای ئای چەمە ڕا ئای ئینتزار ویم*

بەچەند بارەکردنەوەی دەنگی ((ئا)) کە بەو بۆنەوە دەم تەواو کراوەتەوە، دەڵێن زاری بەهاوار کردوەتەوەو لەسەر یەك بانگی ئازیزی دەکا

*ئاخ چراخ چ ئاخ، ئاخ پەی ئاخداری*

*چۆن من خاتر خار، خەمبار داخلداری*

*بشیامێ وەسەیر سەر سەراو چەمەن*

*چ ئەو چراخم ئەو چەمەن چ مەن*

چراخ یەکێ لە دۆستانی شاعیرە، ئەوەندە تا سەبارو ئاواتە خوازی دیتنیەتی سەرتاپای گیان، دەروونی ئاخ و داخی بۆهەڵدەڕێژێ، دەڵێ خۆزگە لەگەڵ چراخ بچواینە سەیرانی چیاو چەمەن بۆ ئیشامدانی ئەو خۆزگە و حەسرەتە، لە بەیتی یەکەمدا نۆجار زەحمەی لەتێلی پەردەی (( خ )) دەدا، ئەم ڕیتمە بە تەواوی قورسایی باری تاسەو غەمی شاعیری پیشانداوە، لەبەیتی دووهەمدا بۆ سەیرانی چیاوچەمەن لەگەڵ چراخدا کە ئاواتی بۆ دەخوازێ سێ جار (( س )) پێنج جار (( چ ))ی هێناوەتە دەنگ .

ئۆرکسترای ئەم پیتانە لەناو شیعرەکەدا بە چەشنی خۆش ئەواو لەزار خۆش و ئاهەنگدارە، هەست وئەست و گوێی دڵی مرۆڤ دائەچڵەکێنێ کە پێی وایە هەربە ڕاستی گوێی لە دەنگ و هاواری خودی شاعیرە .

لە شیعرێکی دیکەدا کە دەڵێ چە پۆك خواردووی دەستی رۆژگارم، بۆئەوەی باری دەردەکە بە سەختی و سامناکی پیشان بدا بە چەشنێك لەسەر پیتی (( چ )) پێ داگیری دەکا کە دەنگی ستەم و چە پۆك بارانی دەستی رۆژگار هەست پێ دەکرێ :

*ئای چە ئەسەر چەنگ چەرخ چەپ وەردەم*

*چەرخ چەن چەرخاو من مام ئەمەردەم*

خەیاڵ و هەستی شاعیرانەی مەولەوی ئەوەندە ناسك و هونەرمەندانە بووە لە زۆربەی شیعرەکانیدا کە غەم یان شادی دەگاتە ئەوپەڕی خۆی پەیام و زایەڵەی دەروونی لە نێو دەنگی مۆسیقای پیتێك یان وشەیەکەوە دەگەیەنێتە خەڵك لە ئامێزی تارو تەمبوورو دیوان و

عوود و سەنتووردا بۆ کارتێ کردنی زۆرتر لە نێو پارچە مۆسیقایەکدا، جارجار ساز بەند لەسەر نۆتێك پێ دادەگرێ و بەزەخمەی ورد ڕەزمێکی خۆش و دڵگیر لێ دەدا .

مەولەویش لە شیعردا کە خاوەنی ڕۆحێکی بەهێزی مۆسیقاییە وەك سازبەندێکی کورد هونەرمەندانە دێتە وایەڵەو ئاوازەی ئیقاعی سیحراوی وشەو کەلام

لەو سازە خۆش ئاوازەیدا کەلەسەر پەردەیەك دەوەستێ و تەلی حەرفێك دەخاتە لەرانەوەو زرانەوە هەر بەڕاستی لەگەڵ دڵ و گیانی ئینسان دا لە شیعرێکدا ئاماژەی هاتنەوەی باڵدارانی کوێستان بۆ گەرمیان دەکا، دەڵێ یاران گەڕانەوە بەڵام چون لەیل لەگەڵیان نەبوو لەخەم و داخان ڕوویان کردە چیای ئاخ داخ و لەوێ گیرسانەوە (ئاخ داخ کێوێکە لای قەسری شیرین)، لەم تاکە شیعرەدا بە چەشنێك لەسەر پەردەی ((خ)) جوانکاری هونەری کردووە کە هەربە دەنگ دانەوەی ئەو پیتە مەبەستی خۆی تەواو پێکاوە .

*بێ لەیل ئاخ ئامێ چە ئێلاخەوە*

*پەی ئاخ داخ دان بە (ئاخ داخ)دوە*

نموونەیەکی دیکەش کە ئیقاعێکی لە زار خۆش و بەگوێ ڕەوانی لەسەر پیتی ((ز)) پێك هێناوە :

*یاوا پێم پەرێم زایەڵەی زاریت*

*زگاری زامەت بێ دەوای کاریت*

لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێ بۆ ئارام بوونەوەی کوڵی دەروونی کە وەك مە نجەڵ هەڵدەچێ لە جیاتی خۆی کزەی کەف و دەنگی دەفی دەوێ، ئەمەش دەنگی دەروونی و مۆسیقایی ئەو حاڵەتە

*پەی دیگ دەروون جۆش کوڵ و کەف*

*تەسکین ئەمەك کزەی کەف و دەف*

لە تاکە فەردێکی ناو دیوانەکەدا هاتووە کە گوایە ئەو دەمە ناوچەی زەهاو دزی زۆربووبێ، مەولەوی ئەوەی لە بەیتێکدا پیشان داوە، بەڵام هارمۆنی دەنگی ئەوەندە بەهێزە، ئەگەر لە شیعرەکەدا ئەیشی گوتبا هەر بە مۆسیقا هەمموو شتێکی باس کردبوو .

*دزەکەی زەهاو زاوو زێ کەردەن*

*هەر دزێ حەو دز پەی وێش*

ئەگەر هەست لە دەنگی ( ز ) راگرین، شاعیر مەبەستی خۆی بە تەواوی پێمان گوتووە.

هەروەها لە شیعرێکی دیکەدا کەبۆ دۆستێکی نوویوە دەڵێ :

خاڵۆی پەرێشان پشتی بە خەمی خاڵی خاڵ خاسان چەمیوەتەوە .

گوێ لە ئاوازەو دەنگ دانەوەی ( خ ) بگرن بزانن چۆن ئەوەمان پێ دەڵێ :

*جە گیان سێر وەردەی جەتەن هەراسان*

*خاڵۆی خەمیان خەم خاڵ خاڵ خاسان*

هەروەك پێشتر گوتم، هەرکات ویستبێتی دیمەنێك پیشان بداو غەمێك، شادییەك، پەیامێك رابگەیەنێ بەرامبەر مەسەلەکە لەسەرە پیتێك یان دەنگێکی تاییەت قامکی رادەگرێ و بە زەخمەی ورد سازی دێنێتە سەرسۆز:

*کزەی چزەی زام گر پەی گرەی دڵ*

*داخ دووری دۆس دوور کەفتە مەنزڵ*

*وشەی پرشەی تاو کوورەکەی جەستەم*

*شەرارەی لوولەی پێشەی شکستەم*

*کام سارا سەد دەنگ نوور پێدا وەشتەن*

*کشتش کشت دەشت هەر هەشت بەهەشتەن*

ئەگەر بمانەوێ بۆ هەر بابەتێك دیوانی مەولەوی و شاعیرانی دیکەی (کلاسیکی) مان بشکنین ئەوە دەبێ و گەلێك پێویستە کە زۆر کتێبی بەنرخیان لەسەر بنوسرێ.

دنیاو دەسەلاتی شیعری مەولەوی ئەوەندە بەرین و بلاوە لە پە نجەرەو ڕوانگەی چەند وتارێکەوە زۆری بەرچاو ناکەوێ، ئەمن لە دەلاقەیەکی بچوکەوە ڕوانیومەتە دنیای پڕ سیحری مەولەوی و بۆیشم دەرکەوتووە کە هەر شیعرێکی لە بارەی مۆسیقاوە سەمفۆنیایەکی پڕ دەنگ و مەزنە بۆ ئەم مەبەستەش هەموو دیوانەکەو دەست نووسەکانی خۆم سەرلەبەر پشکنیوە، بۆیە ناچاربووم بۆ هەموو جۆری ئیقاعەکان نموونە بێنمەوە، ئەگەریش بە ناتەواوی هاتە بەرچاوتان ئەوا حەزدەکەم پە نجەرەو دەروازەی گەورەی زانستیانەیان بەڕوودا بکرێتەوە.

لە کۆتایی وتارەکەمدا بۆ حەسانەوەی مێشك و گوێتان ئۆرکسترێکی گەورەی مەولەوی مان گوێ لێ دەبێ، کە گومان ناکەم کەس بە بیستنی خۆ بە ماندوو بزانێ.

شیعرەکەی بۆ زەماوەندێك نووسیوە، هەرچەند خۆی لەوێ نەبووە، بەلام بە مۆسیقای وشە، شادیی و هەڵپەڕینێکی سازکردووە، ئەوسەری دیارنەبی ئەگەر لە خودی زەماوەندەکە گەرمتر، خۆشتر، ڕەنگامەتر نەبێ لەو کەمتر نەبووە.

شە پۆلی ئیقاعەکان لێرەدا ئەوەندە سیحراوی و بەهێزن، بێ ئەوەی خوێنەر یان بیسەر بە خۆی بزانێ لەگەڵ شە پۆلی جوانی و هەڵپەرکێ دا دەبیەن و دەبیەن..

*دەلالەت جۆشۆ چون ڕۆی ئازادی*

*گەرمەی گەرم ئەزم بەزم پڕ شادی*

*سەدای ( لاو هەی لاو ) زرەی زەڕ زنجیر*
*سلسلەو بان سەر بەندزرێ و لاگیر*
*زیلەی گوارەو زرنگەی زەنگلەی زەڕ*
*لەرزەی نەونەمام لەرەی لیمۆی تەڕ*
*شەوق زەوق ز بەرق فەرق زەڕکلاو*
*ورشەو پرشەی خۆی کوڵم بۆ گولاو*
*شەقەو تەقەی گەرم چە پلەو چیلەی نەرم*
*چریکەی وەناز تریکەی وەشەرم*
*سەمای دەسمالان، رەمای نەوهالان*
*نەمای مەلالان نمای وەش حالان ..*

هەر بەمە دێمە کۆتایی باسەکە، دیسان سوپاس و خۆشەویستی بۆ هەمووتان و بەڕێوەبەرانی میهرەجانی مەولەوی .

رحیم الوقمانی

سەرچاوەکان :

١- موسیقی شیعر، د: شفیقی کەکن
٢- جامعه شناسی هونەر . د. اریان پور
٣- دیوانی مەولەوی .
دەستنووسێکی کۆن

MAWLAWI.KRD

# مەولەوی و گەرمەسێر

ئیبراهیم باجەلان

# مەولەوی و گەرمەسێر

ئیبراهیم باجەلان

سەروەری و بلیمەتی مەولەوی لەوەدایە، کە لەکوێرە دێیەکی کوردەوارییەوە، وەکو هەڵۆیەکی بەرزەفڕ دای لە شەقەقەی باڵ و بەسەر دەشت و شاخ و دۆڵەکانی کوردستاندا و بە چاوە تیژەکانی وێنەی دیمەنە دڵڕفێنەکانی کوردستانی ئەگرت بۆ ئەوەی سەردەمی خۆی، و ئەوەکانی دوا ڕۆژیش ئەو تابلۆ ڕەنگینانەی تۆمارکرد، چونکە مەولەوی وەکو مامۆستای ئەمر (علاء الدين سجادي) ئەڵێت :وەنەبێ هەر مەلایەك بوبێ وەکو مەلاکانی تر تەنیا خەریکی دەرس وتنەوە بوبێت، بەڵکو مەولەوی بولبولی گوڵستانی ئەدەبی کوردی و کۆترە نەخشینەیەکی خەناقاو کۆڕی سوفیانیش بووە [1] . مەولەوی نەك هەر لەلای ڕووناکبیران ناسراوە، بەڵکو ناوبانگی مەولەوی لەلای نەخوێندەوارانی گەرمەسێر زۆر بڵاوبووەو لە بیرمە تاکو ساڵەکانی ١٩٦٠ و بگرە تاکو ١٩٧٠ ش لە ناوچەی (بن کوورەی) قۆرەتو سەر بە قەزای خانەقین، چەند کەسێکی نەخوێندەوار مابوون شیعری مەولەوییان لەبەربوو، بەڵێ تاکو ئێستاش ناوی مەولەوی لەهی هەر شاعیرێکی تری کورد زیاتر بەسەر زمانی گەلەوەیەو خۆیشی لە زۆریان مافی خۆی زیاتر وەرگرتووە. ئەم ڕاستی یە بەگوێرەی مامۆستای پایەبەرز (مەلا عبدالکریمی مودەریس)، بەشێکی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندی یە بەتینەی کە مەولەوی لەگەڵ شێخانیی (تەوێڵە) دا بوویەتی کە خاوەنی گەورەترین خانەقاو خوێندنگای ئایینی بوون لەسەردەمی خۆیانا، لە کوردستانا مورید وەمەنسووبیان لەهەموو لا یەکدا بووەو خوێندنگاو خانەقاکانیان فەقێ و سوفیی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە تیابووە، ئەمەش بووە بە هۆی ئەوە شیعری مەولەوی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بگەڕێ، جگە لەوە

---

1 – دەقەکانی ئەدەبی کوردی – علاء الدين سجادي – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد

کە سەردەمی ژیانیشی پێشکەوتووتر بووە، لە سەردەمی (بێسارانی) و (سەیدی) کە لەگەڵ پایەی بەرزی شیعریشیانا هێشتا ناوبانگیان لە دەرەتانێکی تەسك دەرنەچووە، دیارە گەڕانیش بە شوێنانێکی زۆری کوردستانا بۆ فەقێیەتی دەورێکی دیاری لە بڵاوبوونەوەی شیعری مەولەویدا هەیە[2].

لەم وایە چەند هۆیەك یەکیان گرتۆتەوە بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەی شیعرەکانی مەولەوی لەناو خەڵکدا لەوانە : پەیوەندی بەشێخانی تەوێڵەو گەڕانی خۆی بە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بە مەبەستی فێربوون و خوێندن لەلای مەلا بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەدا وێڕای ئەوە کە مەولەوی لە بنەماڵەیەکی ئایینی بەناوبانگەو لە نەوەی (مەلا ئەبوبکری مصنف)ەو کوڕی مەلا سەعیدە لەدیی (سەرشاتە) لە دایکبووە، لە تیرەی ((تاوە گۆزی)) کە یەکێکە لە پێنج تیرەی تایفەی باوەجانی.

ئەو حەلەی مەولەوی و باوکی و باپیری و هۆزی مەولەوی لە ((سەرشاتە)) بوون، چەند فرسەخ لە (سەرشاتە)ش بەولاوە لەسەر وڵاتی ((زەهاو)) بوو[3].

وەکو مامۆستای بەڕێز سەید تاهیری هاشمی ئەڵێت.

زۆربەی ناوچەکانی گەرمیان یاخود گەرمەسێر سەر بە میرنشینی (زەهاو) بووە لەو سەردەمەدا، جگە لەوەی کەلەو رۆژگارەدا زۆربەی دانیشتوانی گەرمیان بە شێوەی هەورامی یاخود (گۆران) قسەیان کردووە، خەڵکێکی زۆر لە کوردەکانی عێراق و ئێران بەم شێوەیە قسەیان ئەکرد.

زوبانی دێهاتەکانی دەوروبەری کرماشان و هەندێك لە هۆزو عیلەکانی پارێزگاکانی کەرکوك و هەولێرو دیالی لە عێراق و هەموو ئەو عیل و هۆزانە بە شێوەی زمانی گۆران

---

٢- دیوانی مەولەوی - کۆرکدنەوە، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە لەسەر نووسین : مەلا عبدالکریمی مدرس ل.ب (سەرەتا)

٣- مەولەوی : بەخامەی زانای بەناوبانگی ئەدەبی کلاسیکی کوردزان مامۆستا سەید تاهیری هاشمی (مامۆستای کورد) ژمارە (٧) بەهاری ١٩٨٩ . ل ١٠

کاروباری رۆژانەیان ئەنجام داوەو گفتوگۆیان کردووە، لەو رۆژگارەدا زیاتر لە ملیۆنێك کورد بەم شێوەیە قسەیان ئەکرد، کە بریتی بوون لە ((گۆران، هەورامی، کاکەیی، قەڵخانی، باجەلان، زەند، دەلۆ، زەنگەنە، مەنمی، چنگنی، جەباری، شێخان، سیامنصور، لەك، صالەیی، شوان، رۆژبەیانی، پالآنی، گل، گێژ، قەرەلوس )بویە گەورە شاعیرانی کورد لەو سەردەمە بەم شێوەیە شیعرەکانیان تۆمارکردووە وەکو : عێل بەگی، پیرشالیار، سەیدی گەورە، سەیدی دووەم، میرزا شەفیع، خانای قوبادی، مەلا عبداللە خان، الماس خان، مەلای جەباری، مەلا ئەوشادی زەنگەنە، غەمناکی، ئەحمەد بەگی کوماسی و چەندین شاعیری تر [4]

واتە ئەم شێوەیە کە ئەمڕۆ بە هۆی ئەمانی میرنشینەکانی ئەردەڵآن و هەورامان و باجەلان و زەنگەنەتاد بردوی وەکو جاران نەماوە .

لەو ڕۆژگارەدا بە شێوەیەکی فراوان لەناو خەڵکدا بە تایبەتی بلآوبۆوە، بۆیە مەولەوی تاوگۆزی بە ئەم شێوەیە کە زمانی زگماکی خۆی ئەبوە شیعری داناوە، جگە لە نزیکی ((سەرشاتە)) لە گەرمەسێردوە، بۆتە هۆی ئاسان کردنی هاتوچۆی مەولەوی لە نێوان – ئێلاخی (زەهاو) و گەرمەسێردا – لەزۆر شوێندا مەولەوی دڵسۆزی خۆی بۆ (زەهاو) ئاشکرا ئەکات وەکو :

*دڵەی خەم خەیاڵ جۆش ئاوەردەوە*

*مەعدووم هەم هەوای (زەهاو) کەردەوە*

*زرنگەی صەدای ساز جەریشەی ئەعزام*

*کەمانچە دەستوور ماوەرۆ مەقام*

*بانگ رسواییم جەعالەم بەرزەن*

*زیندەگیم زیاد، مەردەنم فەرزەن*

---

4– حقائق عن اللغة الكردية – ترجمها كاكەي فةلاح ، وعربها : مصطفى صالح كريم – جريدة التاخي – ١٩ اب – ١٩٧٠ (الاربعاء) صفحة ثقافة كردية

*لەت لەت جەرگم ( عومان ) عەینەت*

*پڕ کەردەن، برمان بوخار ( بەحرین)*

*بەو تەور تەن غەرقەن نەگیج هووندا*

*ماچی مووریوەن هانە ( جە یحوون )دا*

*ئیمشەو بەهەر حاڵ شەو وەڕۆ بەروون*

*ئەی خودا سا مەرگ سەحەر چێش کەروون* [5]

مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی بە بۆنەی یادکردنەوەی هەندێ دۆستی زەهاوی یەوە وتوە شایەنی باسە کە ( زەهاو ) لەو سەردەمەدا شارێك بووە نزیکەی هەزار ماڵی تێدابووە، وەکو ( جیمس بکنغهام ) لە گەشتەکەیدا بۆ عێراق ساڵی ١٨١٦ زدا باس ئەکاو ئەڵێت :

زەهاو : جێگەو مەڵبەندی پاشای باجەلانی کوردە : هەروەها ئەڵێت :

خەڵکی ئەم ناوچەیە لە ڕوخسارو ڕەفتاریان جیاوازییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ عەرەب و تورك و فارسەکان، لام وایە ئەم شارە لە جێگەی شوێنەواری شاری (( حەلوان : ئەڵوەن ))ی کۆن دامەزراوە [6] ( جیمس بکنغهام رحلتي الى العرق ١٨١٦ ص ٢٣٤ ج ٢ ).

مامۆستا محەمەد ساڵح ئیبراهیمی ( شەپۆل ) سەیارەت بەم میرنشینە کوردە ئەڵێت: زنجیرەی پاشاکانی باجەلان لە ئەردەلانەکان کونترن و نزیکەی پێنج سەد ساڵ بەسەر ( زەهاو )ی کۆن و هۆرێن، شێخان، بن کوورە، قورەتو، سەرقەلا، جێگیران کۆپەسا، هەرێکی پشتکۆ، بەمۆمەللە، جوانرۆ، ڕەوانسەردا لەو پەڕی هێزو دەسەلاتدا میرییان کردووە، بە فەرموودەی ئەمیر ئەرەفخانی بدلیسی جارجارە حوکمیان تا دینەوەر ئەڕۆی .

---

5 – دیوانی مەولەوی لا ٢٤٣–٢٤٤

٦– بروانەرە زانای ناودار خانای قوبادی ، محەمەد صالح البراهیمی (شۆپۆل) گۆڤاری ئاوێنە ژمارە ١٠ ساڵی ١٣٧١

ئاخیرین میری باجەلان (برایم پاشا) بووە کە لە ١٢٨٥ ی کۆچی مانگی لە گوندی ڕێژاوە مردووەو نێژراوە . بەڵێ (زەهاو) لەچاوی ئەو ڕۆژەدا شارێکی کوردەواری خنجیلانەبووەو میرنشینی (زەهاو) سەر بە ویلایەتی (بەغدا) بووە لە ساڵی ١٨٧٥ ز بەهۆی ڕێککەوتنی عوسمانییەکان لەگەڵ ئێران دا کۆتایی بەم میرنشینە کوردە هێنراوە، واتە بەر لە کۆچی دوایی مەولەوی بە چەند ساڵێك . بۆیە (مەولەوی) لەم پارچە شیعرەیدا ئەڵێت: دڵەکەم لەبەر زۆریخەمو خەفەتی خۆی هەمیشە بیر لەخەفەت ئەکاتەوە، دیسانەوە هاتەوە جۆش منیش خەیالی سەفەری زەهاوم کەوتووەتەسەر، ئەمجا مەولەوی لەشی خۆی شوبهاندووە بەسازودەمارەکانی لەشی شوبهاندووە بە تاڵەکانی ژێی سازەکەو لەبەر زۆری ئاوازی لەشی زریکەی بە خەیاڵ بۆ داناوەو ئەو زریکەیەی شوبهاندووە بەو ئاوازەی کەلە کەمانچە بەرز ئەبێتەوە، پاشان چاوەکانی خۆی شوبهاندووە بە دەریای عومان و بەحرەین و فرمێسکی سوێری خۆی داناوە بە ئاوی دەریا، بڕیاریشی داوە کە وەك دەریا هەڵم و بوخاری لێ هەڵئەسێ، چاوەکانیش کە ئەوسا فرمێسکیان تیابوو هەڵمیان لێ هەڵئەساو ئەڵێت: ئەوەندە گریاوە فرمێسکی چاوەکانی بووە بە خوێن و پارچەو پارچە جگەری لە کاسەی چاویا گیرساوەتەوەو لەشیشی خەڵتانی خوێن بووەو لە دەریای خوێنا خنکاوە ئەڵێی مێرووڵەیەکە لەناو ڕووباری جەیحووندا کە دیارە بە هیچ کلوجیك دیاری نادا.

لە کۆتاییدا ئەڵێت : ئەمشەو هەرچۆن بێ ئەتوانم ڕۆژ بکەمەوە، بەڵام خوایە گیان سبەینێ چی بکەم، وەبەم حاڵەوە چۆن بتوانم بڕۆم بۆ زەهاو ؟[7]

ناوچەی ((زەهاو)) بە هۆی ڕێکەوتنی جوگرافیای شوێنەکەیەوە کەوتۆتە نێوان ((گەرمەسێر)و کوێستانەوە، زۆرجار (مەولەوی) یادی ئەکاتەوەو ناوی ئەهێنێ وەکو لەم پارچە هۆنراوەیەدا، کەلە (( پاوە )) وتویەتی لەکاتی بەرەو خوارهاتنی عێل لە کوێستانی (داڵەهۆ)وە بۆ دەشتی زەهاو :

---

7 - بڕوانەرە دیوانی مەولەوی لا (٢٤٣-٢٤٤).

شەماڵ دارانەن .. شەماڵ دارانەن
زەردی ی ڕەنگ نەرووی وەڵگ دارانەن
تەمەن گەردەلوول، بادەن، بارانەن
بێزیای وارگەی سەرکۆسارانەن
هەوای سیاماڵ وێنەی جارانەن
پەی سەمەت زەهاو زەردەو یارانەن
هەو هەو و بەوبەو تەڵمیت بارانەن
گەرمیی بەزم نەزم سەر هەوارانەن
نظارەی ڕای ڕاز شەکەر وارانەن
فەصڵ سەیر صەید میرشکارانەن
چ خێرەن نامەرد مەر جەخاوەنی
بێ خۆف جەلوای ڕای زەهاوەنی
شۆ وەلای ئەو شۆخ جەمین پەڕەی گوڵ
دەوای دەرد سەخت پەی دەرمان دڵ
مدیۆ وە فیرقەی زەلیلان خێڵ
دیار نی یەن مەعدووم لونگ خەم وەپێڵ [8]
ئانا دەور مدۆ وە (شاهۆ) کۆوە
وەسزای دووری دیدار تۆوە
هەریەك چەنی یەك وا دەشا کەردەن
وا دەشان ڕاسەن تاوە رۆی مەردەن
ئەو تا سایەی بەرد، ئەوتا بۆوەگەرد
ئەو تەم و ئەو خەم، ئەو سەردی،ئەو دەرد.

---

8. – دیوانی مەولەوی لا (٢٠٧–٢٠٨) مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەس .

مەولەوی لەم پارچەهۆنراوەیدا دیسان لە ڕێگەی سروشتەوە لە ناوەندی ززەهاوەوە ئەڕواتەوە بەناخی دەروونی خۆیدا . بەهۆی پێشاندانی دیمەنی دژ بە یەکتری لە زەردەی خەزان و پاییز بە چەند (لەطەیەکی)تر تابلۆکانی ئەڕازێنێتەوە،

بە فلاش باك ئاسا ئەگەڕێتەوە هەوارگەی کۆساران .. واتە: ئەی شەماڵ نورە هاتۆتە سەر درەختەکان و ڕەنگی زەرد نیشتووە لە ڕووی گەڵا دارەکان، ئیتر دیسانەوە وەك جاران دەوارنشینەکان ئارەزووی گەڕانەوە ئەککەن بۆ (زەهاو) و زەردەو (یاران) کە ناوی دوودین لە ناوچەی (زەهاو) .. مەولەوی تەنها بە وێنەگرتنی دیهات و شوێنەوارەکان ناوەستێ، بەڵکو دەنگەکانیش تۆمار ئەکات وەکو خۆیان .. هو هویخوڕین لە وڵاخ .. بەو بەو .. واتە : وەرە وەرە

واتە دەنگی لە وڵاخ خوڕینی کۆچەریەکان دێت، ئاهەنگی ئاواززەو گۆرانی سەر هەوارەکان گەرمە. لەولایشەوە وادەی بەرێدا لاکردنەوەی جوان چاکانە بۆ قسەو کاتی تەماشای ڕاوە ئاسکی ڕاوچی یە پۆشتەو پەرداخەکانە، لێرەدا زیرەکی و وردەکاری مەولەوی بۆمان ئاشکرا ئەبێت کاتێ باسی ڕاوچییەکان ئەکات .

باسی پۆشتەو پەرداخییان ئەکات، چونکە تەنها بەگزادەو ئاغاکان و دەوڵەمەندەکان خەریکی ڕاووشکاربوونە – جارێکی تر پەرۆشی خۆی بۆ دیدەنی یار ئاشکرا ئەکات و تورەیی خۆی دەرئەبڕێ و ئەڵێت :

هەی شەماڵی ئامەرد ئەوە چیتە خەوت لێ کەوتووە!، وا هیچ ترسی ئەوەت لە دڵ دا نی یە کە دۆست کوێستانی بەجێ هێشتووەو ڕێگای (زەهاوی) گرتووەتەبەر، ئەمجا داوا لە شەماڵ ئەکات تاکو بڕواتە لای ئەو دۆستە کە دەرمانی هەموو دەردێکی سەختی دڵە. دیسانەوە ئەگەڕێتەوە سەر وێنەیەکی دژ بە یەکتر، لەلای ڕاوچیە پۆشتەکانەوە، داماوی و پریشانی خۆی ئەنوێنێ و ئەڵێت:

کە سەیری تاقمی هەزارانی خێڵەکە ئەکا من نابینی کە بەرمانی خەمم کردووتە شانم، ئەگەر ئەحوالی پرسیم وای وەلام بدەرەوە بلێ : ئەو هەزارە دڵ وەك كەباب برژاوە، لەتاو دەردی دووری تۆ هەر خول ئەخوا بە دەوری کێوی (شاهۆ) دا مەعدومی و شاهۆگفتیان داوە بەیەك وە ئەو گفتەیان ناشکێنن تا ئەم ئەچێتە ژێر بەردی ئەلحەدو ئەو لە رۆژی قیامەتا ئەبێ بە تۆز، بڕیاریانداوە شاهۆ تەم و سەرمای لێ ئەبڕێ و مەعدوومی خەمی لە دڵ دەرئەچێ و لەش بێ دەرد ئەبێ. تۆخمەکانی شاعیرێتی مەولەوی فرەلایەنن و پێویستیان بە لێکدان و پەرشکردن هەیە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گەرەکە لە گەلێ لایەنەوە پێنووسی تیا تاودرێ و لە هۆنراوەکانیەوە دەست نیشان کرێت نەك بە پێچەوانەوە.

مەولەوی نیشتیمانی بە خەڵکەکەوە لا خۆشەویست بووە، دەنا چاوی بەرایی نەداوە بە بێ یاران بڕوانێتە جوانی نیشتیمانەوە، ئەم ڕاستیە لە زۆربەی بەرهەمەکانی مەولەوی بۆمان ئاشکرا ئەبێت هەربۆ نموونە .. مەولەوی لە قەسیدەیەکدا کە لە لاواندنەوەی عبدالرحمانی کوڕی مەحمودی یاروەیسا وتوویەتی ئەڵێت :

*کۆن ئەو دڵ دیدەش بەرایی بدۆ*
*وەگەرمیاندا بدیۆ وەبێ تۆ*
*کۆن ئەو چەم بێ تۆ بەو ڕەنگ دڵشاد بۆ*
*سەیر مەنزاڵگەی ئیلاخش یاد بۆ*
*داخ پەی تۆ چ تەور بێ ڕەحمی کریان*
*ئێلات پەی ئێلاخ باز ئیزنش دریان*
*هەوای وەرکاوان چەنی تۆ وەش بێ*
*صەدای شەتاوان چەنی تۆ وەش بێ* [9]

---

- دیوانی مەولەوی – لا(٣٥٥) 9

هەروەکو لەمەوپێش ئاماژەم کرد مەولەوی پەیوەندییەکی گەرمی هەبووە لەگەڵ ناودارانی گەرمیان و ئێلاخدا بەتایبەت لەگەڵ بەگزادەکانی جافدا، لە پارچە هۆنراوەیەکیدا کەلەسەر مەرقەدی (سید خلیل) وتوویەتی کەلە نێوانی کەلاری کۆن و دێی گۆبانە لە گەرمیان، بە بۆنەی ئەوەوە وتوویەتی کاتی لەگەڵ جەنازەی قادر بەگی کوڕی کەیخسرو بەگی جاف چووە بۆ ئەوێ، ئەو قادربەگە بە گوللەی وێڵ کوژرابوو، کە تیایدا ئەڵێت:

*کام سارا صەد ڕەنگ نوور پێدا وەشتەن*

*گشتش کشت دەشت هەر هەشت بەهشتەن*

*فەزای سایەی عەرش دانای جەلیلەن*

*یا بارەگای پاك (سید خلیل) ەن؟*

*ئەسرار پەردەی غەیب مەحرەم پەیك*

*سایەی خودایی، سەلام علیك*

*کردەم ئالایەق ئەروەساڵوەن*

*ڕوو زەردیم موحتاج وەیەك جواوەن*

*هەریەك شەفیعێش پەی ویش ئاوەردەن*

*من خەجاڵەتیی وێم شەفیع کەردەن*

*یەکێ جەدۆسان بەو زام ئێوە*

*سەر نییان وەخاك ئاسانەی تۆوە*

*میهمان غەریو کەرەم سەرای تۆن*

*موحتاج وە ڕێزەی سفرەی ڕجای تۆن*

*درێغی مەکەر، ئامان صەد ئامان*

*مەفەرما میهمان بێ تۆشەئامان*

*یا خلیل، دەخیل کێ عادەت کەردەن*

*تۆشە وەدەرگای کەریمان بەردەن* [10]

هۆنراوەی مەولەوی هەروەك چوارچێوە گشتی یەکەی لەسەرتاپای هۆنراوەکانی سروشتیدا دیمەنی تایبەتی و ناوی جێگەو چیاو ڕووبارو گوڵی بە هۆنراوە بۆ مێژوو و یادگار هێشتۆتەوە[11] ئەوەتا بە بۆنەی کۆچی دوایی لاوێك لە بەگزادەکان ئەڕواتە گەرمیان و لەدەشتی (کەلار) و گۆبان ڕو ئەکاتە مەقامی سەید خەلیل بە وردکارییە پڕ لە هونەرەکەی لەو ززاتە ئەپارێتەوە، بۆ ئاگاداری کردنی ئەو لاوە کوژراوە و شارەززاییەکی تەواو لە ئایەتەکانی قورئان دەرئەبڕی سەبارەت بە حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیل، کە ناوبانگی بە کەرەمو ڕێز لە میوان گرتن ناسراوە، داوای لێ ئەکات کە چاوەڕوانی کشت و کاڵی بەجێهێنانی فەرزەکان لەم گەنجە ئەکات چونکە میوانە، میوانیش واتە خۆراکی ڕێگا هەڵناگرن کاتی ئەدەن لە دەرگای کەریمان، ئەم ڕەجاو داخوازییە پێشکەش بە ئەو زاتە ئەکات، لە پاش دەربڕینی بچوکیمم و خۆ بە کەم زانین کە ئەڵێت : ئەگەر هەرکەسێك شەفیعێکك، واتە تکاکارێکی بۆ خۆی هێنابێت من خەجاڵەتی خۆمم کردووە بە تکاکار، ئەمەش ئەو پەڕی پاکی و بێگەری ڕەفتاری مەولەویمان پیشان ئەدا لە کاتێکدا مەولەوی : ( پیری بە ڕاستی شاعیران، سەردەفتەری خۆشپەیکەری ئەدیبان و بادە نۆشی خانەدانی (تاوگۆزێ) ئارایشدەری بەرە بابی شاهۆیی، پێغەمبەر شیعری سەدەی ڕابوردوو، شەیدا بە نووری پاکی یەزدان بووە ) وەکو مامۆستا سجادی ئەڵێت [12] بەڵێ مەولەوی بەو هەموو عیلم و عیرفانەوە، کردەوەی بە نزم و خۆی بەشەرمەزار ئەزانێت، کە شایانی ئەوە ئەبێت ڕەجا لە زاتێکی وەك سەید خەلیل بکات ! بەڕاستی وەکو دابو ئەریتی گەورەپیاوانی تەصوف و عیرفان پەیڕەوی

---

10 – دیوانی مەولەوی لا (٣٥٧-٣٥٨)

11 – د. عزالدین مستەفارەسوڵ (مەولەوی) بەرهەمی و شتێك دەربارەی سروشت.

12 – مێژووی ئەدەبی کوردی – علاو الدین سجادی – لا (٢٦٧) مەولەوی.

ئەو حەدیسە ئەکا کە ئەڵێت (من تواضع لله رفعه ) واتە هەر کەسێك مل کەچی بۆ یەزدان بکات بەرزی ئەکاتەوە. ئەمە یەکەم دیمەنی دەشتە کاکی بە کاکیەکەی گەرمیان نی یە لەبەرهەمەکانی مەولەویدا، بەڵکو تەنیا لە بەرهەمە پارێزراوەکانی مەولەوی چەند جارێك باسی دەشت و دۆڵ و ڕووبارو هەردو بەرزاییەکانی گەرمیان هاتووە. لە پارچە هۆنراوەیەکی بەرزی (مەولەویدا) لەگەڵ خێلی (جاف) دا لەکاتی کۆچ کردنیان ئەکەوێتە ڕێ بەرەو کوێستان قۆناغ بە قۆناغ و فەرسەخ بە فەرسەخ وێنەی ئەو کۆچە تۆمار ئەکات . لە تابلۆیەکی ڕەنگیندا کە تێکەڵاوی بە هەست و سۆزو عەشقی گەرمی دەروونی خۆی ئەکات،بەڵکو تابلۆیەکی پڕ لە ڕۆمانسیەتمان پێشکەش ئەکات. کەلە کاتێکدا ڕێبازگەی ڕۆمانتیك لە ئەوروپا باوی سەندو بڵاوبووەوە ئەم لە تاوەگۆزو هەورامان ئەو شێوەیەی گرتبو، ئەمەش بە مەرجێك کە وەنەبێ ئەم ئەو شێوەیەی لەوان وەرگرتبێ [13]، چونکە دووری کوردستان لە ئەوروپا و ئەزانینی مەولەوی شێوە زمانی ئەوان ئەمەمان بۆ دەرئەخا .. ئەوەندە هەیە یاسای گۆڕان کاری کرد لە ئەدەبی کوردو بەتاییەتی لە شەخسی مەولەوی بلیمەتا کە بتوانێ ئەو بەرهەمەی دایئەڕێژێ ئەخش بگرێ بە ڕۆمانتیك . جگە لەمەش وەستایەتیەکەی لە بەکارهێنانی هونەرە ئاشکراییەکان و بەتاییەتی تر لە لێکچوندا کە هیناویە ..

بڕوانە ئەم تابلۆ ڕەنگینانە کە لە وێنەی کۆچ کردنی جافەکاندا لە گەرمیانەوە بەرەو کوێستان بۆمان تۆمار ئەکات :

*ئەوای کەژاوەی لەیلێ ئازانەن*

*سەرەتای تەڵمیت شیرین ڕازانەن*

---

13 – دەقەکانی ئەدەبی کوردی / علا الدین سجادی / لا ٩٥ .

MAWLAWI.KRD

وەی ڕۆی دمای کۆچ مەجنوون بەختانەن
نالەی فەرهادیی زامەت سەختانەن

چون شێویالانەی دڵان پڕ داخان
جۆق جۆق سیاماڵ شین پەی لەیلاخان

سەرعیل عەرزم هەن لابکەرەوە
خێڵ خانەی دڵان ها لە بەرەوە

ماڵاتش سەرجەم وە دەرد نەوگارەن
هەردو هەوارگەش مافەتە دارەن

دەوڵەتمەندەنی لابدەر چەنەش
ماڵات و حەشام وێت مەدەروەنەش [14]

کۆچ خێرت بۆ نیمساڵ چون ساڵان
تالای ئێل بەگی ی ئێل نەوهاڵان

وەختی چون ساڵان وە دەروون ئاوەرد
پووشانەی دڵان لە وەرپای ئەو هەرد

---

14 - دیوانی مەولەوی لا (٤١٦-٤١٧)

پرسان کۆن چێشەن پووشانەش نامان
چون تالآن بەردان جواو دەر نامان

نەدیدەی شادی دیدەنیش خاربی
جە ئاشناییش تاقەت بێزاربی

گنیج مەدا سوبوون شارەزوور دڵ
سیروان هووناو دەروونش گوڵ گوڵ

واژاوش مەویەرد نەدەماخ دەم دەم
تاف مەوەست سەراو چەرخ زەڵم چەم

عەدەمش نە پووش هەستی مەکەرد ساف
منمانا چون خەس هەستیش نەرووی تاف

هەوای هاژەی تاف بەردەبێ هۆشم
بەڵام ئەی چەند بەیت ئامانە گۆشم

ئای بەختم تۆغیان وێران ماڵیشەن
گەرمە سێر دڵ سیاساڵیشەن

MAWLAWI.KRD

*کۆز سۆچیای دەروون پڕدەرد*
*مالأت شادیم یەکسەر قرإن کەرد*

*کزەی ڕەشەبای هەناسان سەرد*
*سیامالْ عەیش تەختە تەختە کەرد* [14]

*هاومالأن یاوان بە وارگەی جاران*
*من بێ بارە بەر مەندەی هەواران*

*جەوردەکەی سەر ئیل خەم بێ شومارەن*
*خێلْ خانەم بەر پێنج تا خێلْ ئەو خوارەن* [16]

شاعیر لەم پارچە هۆنراوەیەدا زۆر بە وردکارییەوە داب و نەریتی عێلْ و کۆچ و کۆچ بارمان بۆ تۆمار ئەکات. لەگەلْ تێکەلْ کردنی ئەو دیمەن و تابلۆیانە لەگەلْ هەستی عاشقان دا کە لە دواە کۆچی یارانەوە دەنگی هاوارو ڕۆ ڕۆیان لێ بەرز ئەبێتەوە. لەبەر ڕەش بەختیان کە وەکو بەختی مەجنون ڕەشەو نالەیان وەك نالەی فەرهاد سەختە چونکە گرفتاری زامی سەختی دلْداری بوونە، بە تایبەت کاتێك هێلانەی خۆشەویستەکانیان ئەڕوخێ و دەواری ڕەشی دۆستانیان ئە پێچرێتەوەو بەرەو کوێستان ئەڕوان . لە پاش ئەم سەرەتایە، مەولەوی مەبەستی خۆیمان بۆ ئاشکرا ئەکاتەوە ڕوو لە کاکەی سەر عێلْ ئەکاو ئەلێ : قسەیەکم هەیە

14. - دیوانی مەولەوی لا (٤١٨-٤١٩).
١٦- دیوانی مەولەوی لا ٤٢٠.

ئەمەویٚ عەرزتی بکەم لابکەرەوەو گوێم بۆشلکە: یار کە جێگەی هۆزی دڵانە لە پێشەوەیە، مەڕومالاّتەکەشی کە کۆمەڵی دڵداریەکانیەتی هەموو گرفتاری دەردبوون، چونکە دەورویەرو ناوچەکەی دەردەدارە هەر کەس نزیکی بکەوێتەوە بەدەردی خۆشەویستی گرفتاری ئەکا، تۆش مەڕو مالاّتێکی زۆرت هەیە ئاگات لێبێ خۆتی لێ لادەو مەڕو مالاّتەکەت مەدە بە قەڵبەی ناوچەکەی ئەودا. مەولەوی باسی هەموو داب و نەریتی کۆچەرییەکانمان بۆ ئەکات، وەکو پووشانە واتە مافی پووش کە حەیوان خواردوویەتی و خاوەن شوێن لە خاوەن حەیوانی ئەسێنێ لە جێیاتی لەوەڕ.

لە پاش گێڕانەوەی خراپی حاڵی، باسی سەبوون واتە : با گەرمەکەی گەرمیان ئەکا ئەو گڕەیە کە لە هەر کەسێ بدا ئەیپرووکێنێ . دوا ئەوسا نورەی باسی چەمی زەڵم و بناری شارەزوورو سەرای سوبحان ئاغا تاودکو ڕێگا باسی هەناسەی گەرمی دڵی خۆی بکات کە وەك باسی سەبونی شارەزوو بەتینە گێژنەخوات و خوێناوی دەروونی کە ئەوەندەی ئاوی سیروان زۆرە، کۆڵ ئەخوا، وەکو هەموو شیعرە بەرزەکانی مەولەوی لەم شیعرەدا وردەکارییەکی جوانی کردووە کە (سیروان) و (زەڵم) و (سەرواو) و (شارەزوور)ی کۆکردتۆتەوە. لەلایەکەوە لەبەر ئەوە کە ئەم سێ ئاوە لە شارەزوورن و لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوە کە (شارەزوور) ڕێگای گوزەری جافەکان بووە.

ئەمجا کە باسی (گەرمەسێر) ئەکا و ئەڵێت ئەمساڵ سیا ساڵیە واتە ساڵەکەی ئەهاتەو بێ بارانیەو دەرونی پڕ دەردنی وەك گۆزی سوتاوی لێهاتووە، شادی و خۆشیشی لانەماوە وەك مەڕو مالاّت قڕانی کردووە، لە کۆتاییدا باسی کزەی ڕەشبای هەناسەی ساردی ژیانی خۆی ئەکات کە تەختەکانی دەواری ژیانی تێك داوە . تاکو ئەڵێ هاومالەکانم هەموو گەیشتنە هەوارگەی کوێستانی پێشویان، من ئەبێ لەبەر بێ بارەبەری لە جێگای خۆما ماومەتەوە، دوایی باسی جەوروستەم سەر عێلی خەم خەفەتەکانی ئەکات کە لە ژمارە نایەت، لەبەر ئەوە ناتوانێ بڕوات بۆ کوێستان و دەواری بە پێچراوەیی لە جێی خۆیاماوەتەوە تا خێڵ دێتە

خواروو ئەگەڕێتەوە بۆ گەرمیان، هەرچەند باس باسی کۆچ و کۆچ باری عێڵ بەلام هەروەکو وەستاکاریەکەی خۆی مەولەوی باسی (مەعانات) و دەردە سەری و بەجێماوی خۆیمان بۆنەکات لەژیاندا، لەهەمان کاتدا باسی جەورو ستەمی زۆربەی سەر عێلەکانیش ئەکات کە لەو سەردەمەدا هەژارانیان ئەچەوساندنەوە، چونکە مەولەوی لە (واقعی) ژیانیدا لە ناوچەیەکی (کرێن)و کەم نان و ئاوی وەك ناوچەی تاوگۆزی کە هەستێکی قوڵی بەتواناو لێهاتووی و بەهرەمەندی خۆی کردوویەتی بەم شاعیرە بەرزە، کە لە هەموو کون قوژبنێکی دەوورو بەری خۆی ئاگاداربێ، نموونەی زاڵ بوونی سروشت و داب و نەریتی (گەرمەسێر) یش لە شیعرەکانی مەولەویدا ئاشکراو ڕوونن، تەنانەت لە بەناوبانگترین وێنەیان کە شینی شاعیرە بۆ مەرگی خاتوو (عەنبەری) خێزانی وتوویەتی [17]:

*شوورای عاشوورا دیسان بەزمش بەست*
*(موحەرەم) ئاما (مەحرەم) شی نەدەست*

*ئەو خەریك ئەچۆڵ شام عەدەم دا*
*من نە (کەربەلا) ی سارای ماتەم دا*

*ئەو (یەزید) مەرگ وە ئەسیر بەردە*
*من زادەی (زیاد) خەم پاقیر کەردە*

*بازارەن، وادەی مامەڵەن ساقی*
*هەی بگرە فانی، وەی بدەر باقی*

---

17. مەولەوی: بەرهەمی و شتێك دەربارەی سروشت . (د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ)لا (١٣٠) .

*ڕۆ، (حسەین) ئاسا فەردا، کە ڕۆیو*

*داخۆ سەر چەکۆ، لاشە چەکۆیو*

شوورا ڕۆژی دەیەمینی مانگی عاشورایە کە مانگی محرمە. ئەڵێ : شورای عاشورا دیسان بەزمی خۆی گێڕا، مانگی محرم هاتۆتەوە بۆ گریان و زاری چونکە مەحرەمی هاوسەرم لە دەست چو، ئەو لە چۆڵۆ بیابانی ئێوارەی ئەبونی – یا وڵاتی شام دا ئەسوڕێتەوە من لە دەشتی کەربەلای ماتەمی دا . ئەو یەزیدی مردن هات و بردی، من عبیداللە ی کوڕی زیاد پێ چەقاندوومەتەمەتە قیری ماتەمی مانەوەوە. ئۆف بازاڕ گەرمە وەختی کڕین و فرۆشتنە. دە سامەی گێری فەلەك وەرە ها ئەوە گیانی ئەمانەتی وەرگرەو ژیانی هەتا هەتایی پاش مردنم بدەرێ .. بەیانی کە ڕۆژی دەی محرمە، ڕۆ ڕۆی تازیەی حسینی بۆ ئەگرم [18] ئاخۆ منیش دەردی حسێن سەرم لە کوێ بکەوێ و لاشەم لە کوێ بێ ؟ [19]

لێرەدا شارەزایی تەواوی (مەولەوی) لە کارەساتی کەربەلا، شۆڕشی ئیمام حوسێن دیارو ئاشکرایە، بەڵکو شاعیر کاتی ناوی (کەربەلا) ئەهێنێ وەکو زۆربەی شیعرەکانی دوو مەبەستی هەیە لەوشەی (کەربەلا) وەکو شوێنی ڕوداوەکە لە لایەکەوە لە لایەکی ترەوە مانای وشەکە (کرب و بلاء) واتە خەفەت و گرفتاری، نەك تەنها ئەوە بەڵکو کاتێك باسی سەری حوسەین ئەکات ئاماژە بەو کارەساتە ئەکات .. کاتی خێزان و بنەماڵەی حوسەین بە ئەسیری ڕەوانەی شام کران بۆلای (یەزید) و سەری ئیمام حوسەینیش وەکو دیاری بۆ لای (یەزید) برا، دوایی فاتمیەکان بردیان بۆ (میسر) و مزگەوتی (رأس الحسین) یان لەسەر دامەزراند . مامۆستای کۆچ کردومان (علا الدین سجادی) جوانی بۆ چووە کە سەبارەت بە مەولەوی ئەڵێت : مەولەوی هەم خۆشخوانی حەقپەرستی بووە، هەم ئەوا خوانی بەزمی

---

18. – مێژووی ئەدەبی کوردی – علاو الدین سجادی –چاپی دووەم –١٩٧١ لا (٢٩٦–٢٩٧) .
19. – مێژووی ئەدەبی کوردی – علا الدین سجادی – لا (٢٩٦–٢٩٧).

سەرمەستی. ئەگەر بە وردی ئەو چامەیە بخوێنینەوە کە بۆ دۆستێکی (جافی) ناردووە کەلە کوێستان ماوەتەوەو لەگەڵ عیلدا ئەگەڕاوەتەوە بۆ (گەرمەسێر) داوای لێ ئەکا کە بگەڕێتەوەو پێی ئەڵێ درەنگە ئەوەی مەبەستمە لەم پارچە هۆنراوەیەدا ئەم بەیتانەن :

*قازان چون یاران ئاواتە خوازان*
*قەتارە بەستەن مەکەران ڕازان*

*بێ لەیل، ئاخ، ئامێ جە ئێلاخەوە*
*پەی ئاخ داخ تەک دان بە (ئاخ داخ) وە*

*جەیرانان گەل گەل تازە کەردەن مەیل*
*فەڕوەستەن ئەو زێد پای هەردەی دوجەیل* [20]

*چەم سیاوەکەی وەناز دیاکەم*
*سەر ڕەوێلەکەی جەرەم جیاکەم*

*هالای سەرمەستەن وەشنۆی لەیلاخ*
*بۆی ئەو پاییزش ئامان وەدەماخ*

*شەماڵ شۆ هۆرکەر بدەر بێ درەنگ*
*سەیل و تەم زەردیی دیدەو دڵ و ڕەنگ*

---

– دیوانی مەولەوی – کۆکردنەوە – مەلا عبدالکریمی مدرس لا (١٦٣-١٦٦). 20

هوونەی سەیل چەم وەشە تاوان دا
تەم دڵ وە ڕووی زاخان کاوان دا

تاکو دەڵێت :

گیج مەوەرد پووشش بەو هەناسەوە
سرودی پووش مەوات جە رووی تاسەوە

ئازیز شۆخ شەنگ شیرین تارەنی
ئا هووی بێ ئاهووی وەش ڕەفتارەنی

جەڵەو جەڵەو گەڵ سپی تەتاران
دین دیدەکەت وەچەم مداران

ئێلاخان سەردەن بازشان، ئامان
گەرمەسێر وەشەن بۆرێ وەدامان

تا گێران یاران ئاهوان ڕەم ڕەم
با جت وەگەردەن، خەراجت وە چەم

مەولەوی لەم پارچەیدا و لە پاش سەرەتاو ڕێگە خۆش کردن، ئەمجارەش رو لە گەرمەسێر ئەکات دووربینی چاوەکانی ئەخاتە سەر ڕێگە عێڵ کە کاتی گەڕانەوەیانە دیسان بەرەو (گەرمیان) و ئەڵێت : قازەکانی کوێستان لەبەر سەرمای زستان هاتنەوە بۆ (گەرمەسێر) وەك هاوڕێیانی موشتاق ڕێزیان بەستووە قسە ئەکەن، بەلأم داخی گرانم لەیلیان لەگەڵ نەبوو، بەداخ و حەسرەتەوەو بە تەنیا هاتنەوە لەداخی بێ لەیلیدا باڵیان داوە بە کێوی (ئاخ داخ) دوە ئەم کێوە وا لە نێوانی شاری خانەقین و دەشتی (بن کورە) و (قەسری شیرین) دا، ڕەنگە مەولەوی کە سەردانی بەگزادەکانی ئەکرد لە قەلأی (شیروانە) لە دەشتی شیروانە و کەلار زۆرجار لەم ڕێگەیەوە هاتبێت چوننکە لەو سەردەمەدا ڕێگەی بنکوورە ڕێگەی سەرەکی هاتوچۆی نێوان عێراق و ئێران بووە، وەکو لە گەشتەکانی جیمس بنکنغهام و منشی البغدادی بۆمان ئاشکرا ئەبێت، ئەمجا مەولەوی ئەڵێت: ئاسکەکان کۆمەڵ کۆمەڵ مەیلیان تازە کردووەتەوەو هاتونەتەوە بۆ گەرمیان و فەرو بەرەکەتیان خستۆتە مەنزلگەی یاران، کەچی لەگەڵ ئەم سەرماو سۆڵەدا کە کۆچی بەهەموو هاوینە خورەکان کردووتەوە بۆ (گەرمەسێر) هێشتا ئاسکەچاو ڕەشەکەی من سەرمەستی شنەی کوێستانە بۆنی پلیز نەیداوە لە کەللەی مەبەستی شاعیر لە ئاسکەکان دەستەی ئازداران و، مەبەس لە ئاسکەکەی خۆی خۆشەویستەکەی خۆیەتی، پاشان هاواری بۆ شەماڵ ئەباو ئەڵێ : مادەم ئازیز هێشتا ئاگای لە سەرمای پاییز نی یە، شەماڵ تۆ بەبێ تەفرە پێدان هەڵسە برۆ لافاوی چاوەکانم و تەمی دڵم و زەردیی ڕەنگم لەگەڵ خۆت ببە، تەمی دڵەکەم بنێرە بۆ شاخەکان تا ئازیز سەیری ئەم لافاوو تەم و گەلأ زەردانە بکا بۆی دەرکەوێ کە وەرزی پاییز هاتووە تاوەکو ئیتر ماتل نەبێ لە کوێستان و بگەڕێتەوە لامان .

ئەمجا شاعیری عاشق لاشەی خۆی ئەشوبهێنێ بە پووش لەبەر لاوازی و سووکی و وشکیەوە، چونکە پووش زوو گڕ ئەگرێت واتە : پووشی لەشی عاشقە داماوەکەت خولی ئەخوارد بە دەم بای هەناسەی ساردەوە، بە سۆزو ئیشتیاقەوە ئەیوت ئازیزەکەم تۆ ئاسکێکی

ئۆخ و شەنگ و بێ عەیبی، زۆر جوان تار ئەکەوی لە ئاسکەکانی تر . ئەمجا ئەڵێ گەلە ئاسکە سپی یە تاتاری یەکان چاوەڕێی چاو پێکەوتنی چاوتن و کوێستانەکان ساردن، دەخیلم دەسیان لێ هەڵگرە، گەرمیان خۆشە وەرەوە بۆ داوێنی چیا لە کۆتاییدا ئەڵێت : وەرە بۆ گەرمیان تاکو مەلی ئاسکەکان – کەیارەکانتن – (باجت) بگرنە ئەستۆی خۆیان و خەراجت لەسەرچاو بۆ دانێن و بۆت بهێنن، مەولەوی کە باسی گەردەن چاو ئەکا ئەیەوێ ئیشارەت بۆ ئەوە بکا کە جوانیی گەردن وچاوی ئاسك بەناوبانگە [21] ئەو کەسەی شارەزاییەکی تەواوی ئەبێ لە جوگرافیاو مێژووی ئەو ناوچەیە کە (ئاخ و داخی) تێدایە واتە شوێنی ئەو شاخەو وشەی ئامادەبوونی دڵدارەکان کە (باج) وەگەردەن گرتنن و خەراج دانەکەی (مەولەوی) تەنها یەك لایەنی تێئەگا دەنا لێرەوە مەبەستی (مەولەوی) ئاشکرایە لە بەرکارهێنانی وشەی (باج) چونکە وابزانم لە لایەکی ترو لە شوێنێکی تریش ئاماژە بۆ کەسایەتی خۆشەویستەکەی ئەکات کاتی ئەڵێ گەرمیان خۆشەو وەرەوە بۆ دامێنی (چیا) واتە (ئاخ و داخ)، چونکە لە دێر زەمانەوە تیرەی (جمور) واتە (گرەموور) کە تیرەیەکی سەرەکی هۆزی (باجەلانن) لە کاتی خۆیی هاوینان ئەڕۆیشتن بۆ (داڵـەهۆ) و زستان ئەهاتنەوە بۆ گەرمەسێر – وەکو سەید تاهیری هاشمی چەند جارێك لە هەوارگەی دلا، ئاماژەی بۆ کردووە – لێرەدا جارێکی تر جوانکاری و یاری کردنی مەولەوی بە وشە بۆمان ڕوون ئەبێتەوە، دەنا (جاف) لە دەوروبەری (ئاخ و داخ) نیشتەجێ نەبوونە. هەروەکو لە پێشەکیدا وتم، مەولەوی و خزمانی لەو سەردەمە لە سنووری میرنشینی (باجەلان) کە سەر بە ناوەندی (زەهاو) بووە، جگە لەوەی کەلە هۆنراوەکانی مەولەویدا سەرەڕای ئەو کێشە خۆماڵیانەی مەهەیانە، کە ئەویش کێشی دەربڕگەیی یەو بووەتە سامانێکی بەنرخ بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ لە باری کێشی هۆنراوەی کوردیەوە بنووسن، سەرەڕای ئەو کێشەی مۆسیقایەکی ناوەوەش هەیە

---

– دیوانی مەولەوی – لا (١٦٦). 21

[22] لەکاتی خوێندنەوەو بیستنی دا بۆمان دەرئەکەوێ لە هۆنراوەکانیشیا شتێك لە ((ڕەمز))مان بۆ دەرئەکەوێ، ئەمەش زیاتر لەو هۆنراوانەیە کەبەلای فەلسفەی سۆفیەتی دا ئەڕۆن، جگە لەمەش وەسفی گوزارشتی لە بەرهەکانیا زۆربووە. مەولەوی زۆر شەیدای دەوروبەری (زەهاو) بووە بۆیە لە زۆر شوێندا باسی زەهاو ئەکات لەهەمان کاتدا باسی سەرچاوەی ڕووباری (ئەڵوەن) ئەکا کە لە ڕێژاوەو لە بەرزاییەکانی (داڵهو)دا سەرچاوەکەی هەڵئەقوڵێت وەکو ئەم بەیتە :

دیدەم (ڕێژاوە)، ڕوخسارم (زەردەن)

جەداخ (یاران)، (پیران)م کەردەن [23]

وەکو ئاماژەم کرد (ڕێژاوە) سەرچاوەی ئەڵوەنەو زەردەو یاران و پیرانیش سێ دێن کە ئەڵوەند بە لایاندا تێپەڕ ئەکات تا ئەگاتە قەسرو (خانەقی) . جگە لە یاری کردنەکەی مەولەوی بە وشەکانەوە، کە چوار (تەوریە)ی تێدایە واتا ئاساییەکانیش ئەیدەن بە دەستەوە [1] (مەولەوی) شارەزاییەکی تەواوی هەیە لە جوگرافیای گەرمیان . دێ بەدێی ناوچەکە ئەناسێت ونەزانێت ئەو شوێنانە بە چییەوە ناوبانگیان دەرکردووە، وەکو لە لاواندنەوەکەی کەبۆ قادر بەگی کە یخەسرەو بەگی جاف وتویەتی کە بە گوللەی وێڵ کوژراوە کە تیایدا هاتووە :

---

– دەقەکانی ئەدەبی کوردی – علا الدین سجادی (٩٧٨) لا (٩٦). 22

٢٣– ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان) ژمارە (٢٠) لە ٢٠٠٠/٤/٢٧ ڕەئوف عوسمان بەرەو میهرەجانی مەولەوی – مەولەوی و بەلاغەت.

وادەی خاونییەن، وادەی شکارەن

دەشتەکەی پای هەرد (شاکەل) دیارەن

بەو هیلال ناڵ کومەیت خۆش دەو

مانگ شادی زەوق هەردان بکەرنەو

حەلق جەیرانان تەشنەگی بێ شۆن

ئینتظار ئاوصاف تێغ تۆن

تاریک بێ شەوگار شەو زیندەداران

گیریا تەمام بەدر روخساران

شیویا یانەی دەروون پڕ خاران

کنیا دەستەی زولف شیرین نیگاران

سیامال ماتەم، سەرکۆمار دل تەنگ

طه لەبە پەشیو، مەدرەسە بێ دەنگ

هیچ دیار نی یەن کەست جەویر بۆ

مشیو گەرمیان خاکش دلگیر بۆ [24]

هەر سالێ چەندوەخت سەرهەرد لەیلاخ

وەبۆی هام دەمیت دەماخ مەکەرد چاخ

دلەی گەرمیان ساریش کەرد زامت

بی وەهام دەمت تا رۆی قیامت

دەرد گەرمیان وە ئیلاخ یاوا

گەرمیان ووەحال ئیلاخ دل تاوا

---

24. - دیوانی مەولەوی لا (٤٧٣-٤٧٤) .

*مەرگ بێ وادەت عەجەب ڕەنگی ڕەشت*

*شین وست ئەو دنیا، شادی ئەو بەهەشت*

شاعیر لەم لاواندنەوەیدا ئەڵێت : وادەی خەوی مەرگ نیە، وەختی ڕاوە، هەستە دەشتی داوێنی هەردەکانی (شاکەل) دیارە کە جێگای ڕاوتە دیارە ئەم گەنجە لە کاتی ڕاوو شکاردا بووتە گوللەی وێلەوە، ئەمجا باسی ئەسپ و سواری ئەسپی خۆش غار ئەکا ئەڵێ : هەستە سواربە بچۆ بۆ ڕاو هەردەکان نیشانە بکەوبانگی شادی و زەوقیان تازە بکەرەوە قوڕگی ئاسکەکان تینووی ئاوی سافی تیغی تۆن بە هۆی مەرگتەوە شەوی شەونشینی کەران تاریك بوو چونکە تۆ مایەی ڕووناکی شەویان بووی، خانووی دەستەکانت وێران بوو پڕە لەدڕك و، نازاران لەبەر مردنی تۆ ئەوەندە گران چەپکی زوڵفی خۆیانیان لەبن هەڵ کێشا، بەهۆی مەرگتەوە ئاودەوارەکان تەعزییەیەو سەرۆك هۆزەکان خەفەتبارن و فەقیەکان پەشێون و حوجرەکانیان دەنگی خوێندنی لێوەنایەت، لەوە ئەچێ کەست لەبیر نەبێ و نیازت هەبێ سەرکەوی بۆ کوێستان، وادیارە ئەمساڵ گەرمیان خاکی دلگیرە بۆیە وا جێی ناهێڵی، سەرهەردی کوێستانەکان، هەر ساڵی چەند مانگێك دەماخی خۆیان بە هاوڕێیەتیی تۆ قەڵەو ئەکردەوەو لەو چەند مانگەدا (گەرمیان) لەتاو جۆشی سەختی دووریی تۆ ئاگری تێ بەرئەبوو، وە ئەسووتا، ئاخری (گەرمیان) زامی دووریتیی سارێژکردو گرتیتیە لای خۆی تا ڕۆژی قیامەت، کوێستانیش تووشی دەردەکەی جارانی گەرمیان بووەو ئەوەندەی بەزەیی بە کوێستانا هاتەوە دڵی توایەوە بۆی، مەرگی ناوەختت ڕەنگێکی سەیری ڕشت، شینی خستە دنیاو بەهەشتی پڕکرد لە خۆشی .

مەولەوی زۆر بە جوانی باسی کاروانی زەوارەکانمان بۆ ئەکات کە بە (گەرمەسێر)! ئەڕۆیین بۆ زیارەت لەگەڵ مەراسیمی (قافلە) و قافلەچییەکان، و پێش قافلە تەنانەت دەنگەکان هەموو جنك و جەواڵەکە لە کاروان دا بەکارهێنراون و دەست نیشانکردنی جێگەی

مەبەست و کاتی هاتنی زەوارەکان کەلەو سەردەمەدا بەسواری ولاّخ بووە، بۆیە فرەجار ئەو کاروانانە لە کاتی بەهاراندا هاتوون تاکو تۆشی زەرەرو زیانی گەرمای دەشتی (کەربەلا) و (نەجەف) نەبن هەروەکو ئەڵێت :

هام دەردان ئامان ئەرمەندەن هۆشم

صەدایێ وەشەن مەیۆ نە گۆشم

جمان زیلەی زەنگ زەواری مەیۆ

- زرنگەی قافلەکەی وەهاری مەیۆ

قافلەچی ئامان، دادەن دەخیلم

بنەکدار خەم خەیلێ زەلیلم

ئەڕای تیجارەت ئەمیر وەلی

تۆ مایەی ڕەواج عەباس و عەلی

ساتێ قافلەکەت ساکن نە سەیر بۆ

یەک عەرزێ دیرم : ئۆغرت خەیربۆ

گێج زرێوار هەرسم مەوج وەردەن

سارای مەریوان تەمام هەڕ کەردەن

بازش هەناسەم صوب وەنەش دەرۆ

یەخ کەرۆ قەتار ئاسان بۆیە ڕۆ [25]

نە مجار وەسۆزەن موژەی جۆش وەردەم

سەرنووک قەڵەم ئاخ سۆراخ کەردەم

وەبەند دوویاد مەمەینەت جگەر

بوو رازە تاتای جەوالأن یەکسەر

---

25 – دیوانی مەولەوی (٤٩٩–٥٠٠).

*قەیاسەی قایش پۆسەکەی جەستەم*

*حەڵقەی چەڵەمە پێشەی شکستەم*[26]

ماموستا مەلا عبدالکریمی کودەریس ئەڵێت : مەولەوی جارێکیان گوێی لە دەنگی کاروانێکەوە ئەبێ و بەو موناسەبەتەوە بە خەیاڵ قافلەچی یە کە بانگ ئەکاو لەگەڵیا ئەکەوێتە گفتوگۆ ئەمجا ئەڵێ شێوەی قەسیدەکە لەوە ئەچێ لە ناوچەی (زەهاو) بوو بێ وتبێتی واتە : هاو دەردینە ئەگەر هۆشم لای خۆم بێ وا ئەزانم دەنگێکی خۆشم دێتە گوێ، وەك بڵێی دەنگی کاروانێکی بەهاری دێتە گوێم، دەخیلم کاکەی کاروان چی لێرە لەسەر ماڵی خەم و خەفەت دانیشتووم و زۆر زەلیلم، سوێندت ئەدەم بەوەی کەبووە مایەی ناوبانگ دەرکردنی حەزرەتی عەلی و عەباس، لەبەر خاتری بازرگانیی حەزرەتی (عەلی) توزێ لێرە کاروانەکەت ڕاوەستێنە قسەیەکم هەیە با پێتی بڵێم، قسەکەشم ئەوەیە – بۆ کوێ ئەچی جارێ بمێنـــەرەوە، لەناو کاروان چی یەکانی کوردستان باوە سوێن بە بازرگانی حەزرەتی عەلی و عەباس ئەخۆن، جا ئەڵێ : زرێباری فرمێسکم شەپۆلی داوە دەشتی مەریوانی کردووە بە قوڕ، جارێ مەڕۆ تا بەیانی، با هەناسەی ساردم دەشتی مەریوان کزر ئەکاتەوە تا ولاخەکانت نەچەقن، بە سوزنی جوش خواردووی برژانگێشم کە بە نووکی قەڵەمی داخ و خەفەت کون کراوە وە بە بەنی دوولۆی مەینەت کەبەنی جەرگە، جەواڵەکان یەکە یەکە بدوورەوە و پێستی لەشم بکە لە قایش وەك بەرەزووانە بۆ توندکردنی قەیاسەکەو ئێسقانی شکاویشم وەك ئەڵقە داتاشەو بیکە بە چەڵەمە بۆ توندکردنی قەیاسەکە. (ئەنجام) لەو چەند نمونانە کە باسمان کرد پەیوەندی ئەپچراوی مەولەویمان بۆ ئاشکرا ئەکات چ بە کەسایەتی و ناودارانی ((گەرمەسێرەوە)) چ ئاشنایەتیی بە شاخ و دەشت و هەردو ڕووبارو کۆچ و کۆچ بارو داب و نەریتی کۆمەلایەتی گەرمیان، وەکو خێڵ بەرەو خوارو خێڵ بەرەو

– دیوانی مەولەوی – (٥٠١). 26

ژووربوون، یاخود شین و شاپوری ناوچەکانی (گەرمەسێر) بەلاّم ئەگەر بە وردی تەماشای بەرهەمەکانی مەولەوی بکەین، ئەوە نمونەی زیاترمان بۆدەرئەکەوێ وەکو ئەو تەنیا (بەیتە) کە هێرش ئەکاتە سەرزەهاو و ئەڵێت [27]:

*دزەکەی زەهاو زاو زۆکەردەن*

*هەردزێ حەودز پەی ویش ئاوەردەن*

لام وایە ئەم بەیتەی لەکاتی ڕوخاندنی میرنشینی (باجەلاّن) وتوە کە دەسەلاّتی میرەکانی بەسەر زەهاوەوە نەماوە لە پاش ساڵی ١٧٧٥ ز بە دواوە واتە پێش کۆچی دوایی مەولەوی لە (١٨٨٢) واتە پێش کۆچی دوایی بە حەوت ساڵێك یا لە دوای کۆچی دوایی (ئیبراهیم پاشا) ئاخرین میری بەهێز لە زەهاو کەلە ساڵی ١٨٦٠ دا کۆچی دوایی کردووەو لە ڕێژاو نێژراوە، بەلاّم لە باس کردنی گەرماو سەبونی گەرمەسێر لە زۆر جێگەدا لە دیوانەکەی باسی گەرمای گەرمیان ئەکات وەکو:

*ها من، ها، من وار، گەرمیش جۆش ئاوەرد*

*فەزای ئەزم بەزم ئەوگولاّلاّن بەرد*

*بووڵ وە یانەی جەم ئەو گولاّلاّن شەند*

*چەمەن بێ نەوای ناڵەی بولبول مەند*

*تای بە ڕەزای شەنگ ئەسای موغاران*

*شێونا چون زولف تەعریە داران*

*ها، کاوان، کاوان دڵ چون دڵ ڕیشان*

*هەرپان وەسەردا هەردان پەی وێشان*

---

27. – دیوانی مەولەوی لا (٢٥٤).

*دووریت ئـاێر وست وەیا ئەکەی من*

*بانـی یانەی دڵ وێرانەکەی من*

*هەوا ئـاێرین، سەروەخت ئـاێرین*

*دڵە ئـاێرین، بەدبەخت ئـاێرین*

*وەی گشت ئـاێردوە خەیاڵم خامەن*

*پوختم نـا پوختەن، فـامم نەفامەن*

لەم قەسیدەیدا وەکو د. عیزەدین مستەفا ڕەسول ئەڵێت : تابلۆیەکی ڕەنگینی هاوینمان بۆ ئەکێشێ و گڕەی هاوین و گەرما و تینوویەتی و بەردی سوورەوەبووی بەر گڕی ڕۆژ کە لەدەشتی شارەزوورو ناوچەکانی گەرمیان زیاتر دیارن، لەبەرئەوە کە دووری گڕو هەناو سووتاویی دێتەوە یاد دەبێ هەر ئەو هاوینە لە سروشتدا هاوتای ئەو جۆرە تەجروبەیەی ژیان بێت، چۆن خۆش و گەشەو درەوشەی بەهارو سەحەریی گەرووی ئەی زۆرجار وێنەی ژیانی خۆش و دڵخۆشکەربوون، پەنا ئەباتە بەر کەرەسەی هاوین، یا سروشت لە هاویندا‌و دیمەنی هاوینی گەرمەسێر و شارەزوور کراوە بە دڵەی گڕ تێپەڕبووی سووتاوی دووری، هاوینیش بەم جۆرە چۆتەناو چوارچێوەی هۆنراوەیەوە جاروباریش پارچەی تاییەتی بۆ تەرخان کراوە، مەولەوی بەڕاستی لەم جۆرە باس و تەشبیهاتەدا وەستایە، لە یەکخستنی تەجروبەی ژیان و دەروونی خۆی لەگەڵ ڕووداوو دیمەنی سروشتدا بەڕاستی هونەرمەندە [28] :

ئەوەی ماوە بیڵێین کە بەرهەمەکانی مەولەوی واتە هەموو شیعرەکانی چ ئەوانەی لەبەر دەستدان چ ئەوانەی فەوتاون لەسەرچاوەیەکی رون و بیرێکی فرە وردی ئەوتۆ هەڵقوڵاون چونکە مەولەوی وەك ئەندازیارێکی سەرکەوتوو نەخشەی توخمەکانی سروشتی کێشاوە فووی

---

٢٨- مەولـەوی : بەرهـەمی و شـتێك دەربـارەی سروشـت .د. عـزەدین مـستەفا رەسـول لا (١٢٣-١٢٤) میهرەجانی مەولەوی محەمەد مەلا کەریم ئامادەی کردووە (٩٨٩).

ژیانێکی ئەبەدیی کردووە بە بەریدا کە بریتی یە لەو تەوژمە هەست و سۆزە پاك و بێگەردە کە مەگەر هەر لەوەوەهەڵقوڵابن [29] وەبە جۆرێك وێنەکانی دەوروبەر و ڕووداوەکانی تۆمارکردووە کە بێگومان بڵێین مەولەوی لە چەند مەیدانێکدا لە ڕیزی پێشەوەی شاعیرانی کوردایە، ئەگەر بابەتی سروشت کۆڵەکەیەکی قەف ئەستووری قوتابخانەی رۆمانتیك بێت، ئەوا مەولەوی دامەزرێنەری ئەو کۆڵەکەیەیەو خاوەنیەتی، دیارە پیا هەڵدانی سروشتی ناسکی کوردستان و پڕکردنی دەماخی ئینسانی کورد لەم سروشتە تەلیسماوی یەو خۆشەویست کردنی لەلای بەشێکە لە نەتەوەپەرستی، بەڵام بەم ڕێگا تایبەتی یەدا. [30]

لەگەڵ ئەوشدا لەم لاولا هەندێ جار بەیتێك ئەدۆزرێتەوە، کە نیشتمان پەروەری مەولەویمان بۆ دووپات ئەکەنەوە، وەك ئەو بەیتەی کەلە ژمارەیەکی گۆڤاری ( پێشکەوتن ) لە ساڵی ١٩٥٨ بڵاوکربووە وەکە مەولەوی لە خوا ئە پارێتەوە : خۆری کوردستان هەڵبێت لە کتێبەکەی د. عیزەدین دا (الواقعية في الادب الكردي) تەرجەمە عەرەبیەکەی بڵاوکراوەتەوە، لتشرق الشمس فی افاق كردستان، لننجوا من الصعاب بيسر، ئەو بەرهەمەی کە لەبەر دەستدایە زۆربەی ئەو نامانەن کە بۆ دۆستانی وەك ئەحمەد بەگی کۆماسی و شێخ عەزیزی جانەوەریی و شێخ یوسفی نۆسمەیی و کەسانی کە جگە لە پەیوەندییەکەی بە بەگزادەکانی جافی گەرمیانەوە

بەڵام بەهۆی ونبوونی زۆربەی بەرهەمەکانیەوە نازانین پەیوەندیی لەگەڵ پاشاکانی (زەهاو) یاخود میرانی (باجەلان) چۆن بووە؟ ئەگەر بە چاکی یاخود خراپی وئەگەر خراپ بووە بۆ ئەوەندە ناوی (زەهاو) و (ڕێژاو) و (زەردە) و (یاران) و (داڵەهو) ئەهێنێ، مەگەر ئەوەندە ناوی شوێنەکانی هەورامانی هێنابێ : بۆیە ئەتوانین بڵێین :-

---

٢٩- شاعیرێتیی مەولەوی – ڕەئوف عوسمان –لا (٧٥) میهرەجانی مەولەوی

٣٠- شاعیرێتی مەولەوی – ڕەئوف عوسمان – لا (٧٢) .

مەولەوی پەیوەندییەکی نەپچراوی هەبووە بە مەڵبەندو ناوەندی (گەرمەسێر) ەوە واتە (زەهاو) بۆیە ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە لەبەرهەمەکانیدا ڕوون و ئاشکران.

لە هەمان کاتدا ئەتوانین وەڵامی بەشێك لەو پرسیارانەی کە مامۆستامحەمەدی مەلا کەریم سەبارەت بەبەرهەم و ژیانی مەولەوی یەوە کردبووی بدەینەوە کەئەڵێت ! مەولەوی کەلە سەردەمی نالی و سالم و مستەفا بەگی کوردیدا شاعیر بووە و لە پاڵیانا واتە نزیکی سلێمانی ژیاوە، چۆن بووە وا بەهیچ جۆرێ توخنی ڕێبازی شیعری ئەوان نەکەوتووە، بەڵێ بە هۆی دانیشتنی (مەولەوی) لەناوچەی (تاوگۆزی) و پەیوەندی بە (زەهاو) و شێخەکانی (هەورامان)وە مەولەوی بە شێوەی گۆران یاکو (هەورامی) هۆنیویەتەوە، لە کۆتاییدا ئەڵێم دەریای شیعرو بەرهەمەکانی مەولەوی غەواصێکی زۆربەتوانای ئەوێ و قەڵەمە کۆڵەکەی بەندەش هەرنەوەندەی پێنەکرێ، ئەوەندەم ماوە کە بڵێم مێژووی کەلەپوری سیاسی و ڕوناکبیریی کورد یمان وەکو (شاخە سەهۆڵیەکان)ی ناوی ئۆقیانووسەکانن، ئەوەندەی دیارە، هەزار ئەوەندەی هێشتا هەرنوقمە ئومێدەوارم لەئایندەدا بتوانین چەند بەرهەمێکی نوێی (مەولەوی) بدۆزینەوە تاکو زیاتر لە ژیان و بەسەرهاتی ئاگاداروشارەزابین، چونکە هەروەکو بۆمان دەرکەوت مەولەوی تا چ ئەندازەیەك شارەزای (گەرمەسێر) و ناوچەکانی بووە، و چەندێك پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەو ناودارانیدا بەهێزبووە..

چونە خۆی یەکێك بووە لەوانەی کەلەسەر ناوچەکە واتە سنووری گەرمەسێر ئەژمێررێن..

کەلار

٢٠٠٠/٥/٩

سەرچاوەکان :

١- دەقەکانی ئەدەبی کوردی – علاوالدین سجادی –چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – ١٩٧٨ لا (٩٣).

٢- دیوانی مەولەوی – کۆکردنەوە، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە، لەسەر نووسینی – مەلا عبداالکەریمی مودەریس لا (ب) سەرەتا.

٣- مەولەوی – بەخامەی زانای بەناوبانگی ئەدەبی کلاسیکی کوردزان مامۆستا سەید تاهیری هاشمی – گۆڤاری (مامۆستای کورد) (سوید) بەهاری ١٩٨٩- ژمارە (٧) لا (١٠).

٤- حقائق عن الغه الكرديه – ترجمه كاكەی فەللاح عن الفارسيه، تعريب (مصطفى صالح كريم) جريده التاخی ١٩ اب ١٩٧٠ – الاربعاء – صفحة ثقافة كردية.
٥- دیوانی مەولەوی – مامۆستا مەلا عبدالكەریمی مودەریس لا (٢٤٣-٢٤٤).
٦- بڕوانە : زانای ناودار خانای قوبادی – محەمەد سالح ئیبراهیمی (شەپۆل) گۆڤاری (ئاوێنە) ژمارە (١٠) سالی (١٣٧١).
٧- دیوانی مەولەوی لا (٣٠٧-٣٠٨) –مامۆستا مەلا عبدالكەریم.
٨- هەمان سەرچاوە لا (٣٥٥).
٩- شاعیریتی مەولەوی – ڕەئووف عوسمان لا (٦٧) میهرەجانی مەولەوی.
١٠-دیوانی مەولەوی لا (٣٥٧-٣٥٨).
١١- مەولەوی – بەرهەمی و شتێك دەربارەی سروشت (د. عزالدین)
١٢- مێژووی ئەدەبی كوردی علاء الدین سجادی لا (٢٧٦) مەولەوی – چاپی دووەم.
١٣- دەقەكانی ئەدەبی كوردی - علاء الدین سجادی لا (٩٥).
١٤- دیوانی مەولەوی لا (٤١٦-٤١٧) مامۆستا مەلاعەبدولكەریمی مودەریس.
١٥- هەمان سەرچاوە (٤١٨-٤١٩).
١٦-هەمان سەرچاوە لا (٤٢٠).
١٧- مەولەوی : بەرهەمی و شتێك دەربارەی سروشت د. عزالدین مستەفا لا (١٠٣) میهرەجانی مەولەوی.
١٨- مێژووی ئەدەبی كوردی - علاء الدین سجادی- چاپی دووەم (١٩٧٠)
١٩- مێژووی ئەدەبی كوردی - علاء الدین سجادی لا (٢٩٦-٢٩٧).
٢٠- دیوانی مەولەوی – كۆكردنەوەی مامۆستا عەبدولكەریمی مودەریس لا (١٦٣-١٦٤).
٢١- هەمان سەرچاوە لا (١٦٦).
٢٢- دەقەكانی ئەدەبی كوردی - علاء الدین سجادی (١٩٧٨- لا٩٦)
٢٣- بەرەو میهرەجانی مەولەوی – مەولەوی و بەلاغەت – ڕەئوف عوسمان – ڕۆژنامەی هەرێمی كوردستان – ژمارە (٢٠) لە ٢٠٠٠/٤/٢٧
٢٤- دیوانی مەولەوی لا (٤٧٣-٤٧٤)
٢٥- هەمان سەرچاوە (٤٩٩-٥٠٠)
٢٦- هەمان سەرچاوە لا (٥٠١).
٢٧- هەمان سەرچاوە لا (٦٢٤).
٢٨- مەولەوی – بەرهەمی و شتێك دەربارەی سروشت د. عیزەدین مستەفا ڕەسول – (١٢٣-١٢٤)
٢٩- شاعیریتی مەولەوی – ڕەئوف عوسمان – لا (٧٢) میهرەجانی مەولەوی.
٣٠- هەمان سەرچاوە لا (٧٥).
گەشتێك بە ژیان و شیعری مەولەویدا

# ساتێ لەگەڵ مەولەوی دا

حەمەڕەشی ئەمینی

# ساتێ لەگەڵ مەولەوی دا

نووسینی : حەمەڕەشی ئەمینی / پاوە

لەجیاتی پێشەکی :

دیارە ئەگەر بمانەوێت لە دیدگایەکی زانستیانەی سەردەمەوە بڕوانینە پانتایی ڕۆشنبیری گەلەکەمان و خوێندنەوەیەکی تازە لەسەر هەموو بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگاکەمان بکەین، لەم حاڵەتەدا (بێ سێ و دوو) دەبێت ئاوڕێك لەو جێگایە بدەینەوە، کە تەواوی جوانی و ناشیرینی و گرفت و کێشەکانی کۆمەڵگای لەناو خۆیدا حەشارداوەو لە ڕێگەی ئەویشەوە هەموو ئەو دەقانەی (متن) کە گرێ دراون، بەو پانتاییە ڕۆشنبیرییەوە بخەینە بەرمشت و مرو ڕاڤەکردن، بێ گومان مەبەستم لەو جێگایەش (ئەرشیفە) کە بەداخەوە تا ئێستاش ڕۆشنبیری کوردی، ڕۆشنبیرییەکی بێ ئەرشیف بووەو نەیتوانیوە ڕابوردووی خۆی وەك گەلانی تری پێش کەوتووی دونیا لە مەترسی فەوتان ڕزگارو سەرمایە گوزاری لەسەربکات بۆ خوێندنەوەی ئایەندە.

گەرچی پێدەچێت ئەم (بێ ئەرشیفەش) فاککتەری تایبەت بە خۆی هەبێت، کەمن نامەوێ لەم باسەدا بچمە سەری .

لەگەڵ ئەو ونبونی (ئەرشیفەش) دا کەلەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد لە بوارە جیاجیاکاندا، خۆشبەختانە تاکە بوارێکمان بەدەستەوە ماوە، کە لانی کەم کەف و کوڵ و هەڵچونە ماددی و مەعنەوییەکانمانی پێ هێور ئەکەینەوە، هەندێ جاریش بەشێوەیەکی لووتبەرزانە شانازی بە گەورەیی ئەو بوارە دەکەین و، بە بەشێکی ڕەسەنی جواگرافیای (زانستی) (مەعرفە) قافڵەچیانی ڕابووردوو، دەچەی ئەمرۆمانی ئەزانین، بێ گومان ئەو تاکە بوارەش لە واقیعی ئەمڕۆی ڕۆشنبیریماندا (ئەدەبە) ئەو ئەدەبەش هەر لە سروودی (گاتاکانەوە) بگرە تا

( سەرئە نجام )ی یارستانییەکان و ( ماریفەتی پیرشالیارو ) و چوارینەکانی ( باباتاهیرو ) و ( مەم و زینی خانی ) و فکری سیاسی حاجی قادر، سێ کۆچکەی بابان( نالی و سالم و کوردی ) و پاشان هەرلەم دەقەرەی باشوردا شاعیرانی هاوچەرخی ڕوانگەو قوتابخانەی کفری و شاعیرانی ( تتەلیعە ) و .. گەورەترین پرۆسیسی نووسینی واقعی ئیمەن .

سەلماندن و حەقیقەتی پتەوی ئەم لایەنەی ڕۆشنبیری کوردیش، ( مەبەستم لە دەقە ئەدەبییەکانە )، ئەوکاتە بە تەواوی لامان ئاشکرا ئەبێت و پەیوەست ئەبێ بە واقیعەوە، ئەگەر چاوێك بە زانستگاکانی گەلانی دراوسێ و خۆرئاوادا بخشێنین کە چۆن چەندەها شاعیرو نووسەرو کەسایەتی ئەدەب دۆست، تێزی ( دوکتۆراکیانیان )لەسەر خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی شاعیرانی وە ( خانی ) و ( گۆران )و ( نالی ) و ( مەولەوی ) و .. وەردەگرن.

دیارە ئەمەش شانازییەکی گەورەیە بۆ ئاستی گەلەکەمان و ڕادەی بیرتیژی و هۆشیاری و تواناو سەلیقەی ئەدەبی شاعیرەکانمان دەرئەخات.

بەو هیوایەی لە بوارەکانی دیکەی وەك ( زانست ) و ( فکر )و ( کۆمەڵ ناسی ) و ( فەلسەفەش ) دا ئەو ڕێگایە بگرینە بەر.

خۆشەویستان ئێستاش دەکەوێت بگەڕێمەوە سەر باشە سەرەکییەکەی خۆم، سەبارەت بە زاناو عارفی بلیمەتی کورد، مامۆستای ئەمر ( مەولەوی تاوگۆزی ) کە بەڕاستی بە یەکێك لە کۆڵەکە گەورەکانی پەرەپێدان و گەشەکردنی زمانی ئەدەبی کوردی هەروەها بە عارفێکی خاوەن بنەمای دۆخی ڕەسەنی کوردی لە قەڵەم ئەدرێ و، ڕۆڵێکی یەکجار کوردانەی لەو بوارەدا کایەکردووەو بۆخۆی بووەتە خاوەن ڕێبازو دەورێکی کاریگەری گێڕاوە.

دیارە پارێزگاری لە ئاسارو واتە بە نرخەکانی ئەو زاتە پایەبەرزە، ئەرکی سەرشانی هەمووانە، منیش بەو بۆنەیەوە، کە خۆشەویستییەکی تەواوم سەبارەت بە واتەو شیعرە بەنرخەکانی مەولەوی هەیە، دەمێکە خۆم خەریك کردووە بەناتەواوی دیوانەکەی زۆر هەڵەشم لێ ڕاست کردونەتەوە.

ئەوەش لەبەر ئەوەی دوو نوسخەی دەس خەتی کۆنم لە شیعرەکانی ئەو پایە بەرززە بەدەس کەوت، یەکەمیان دەس خەتێکی شێخەکانی بیارە بوو، ئەویتریان دەس خەتی شێخ نەجیمی (خانەگایی)یە بەناوی کلیاتی (سەرجەم) ی مەولەوی بووە، وەچەند پارچەیەکی تر کە هەرکام لە نوسخەیەك دابوون، کە ئەو دوو نوسخەیەم بە تەرتیب بە ناوانی (بەیازی ژمارە ١)وە (بەیازی ژمارە ٢) کردن بەسەرچاوە، هەر لەو کاتەی کە وتارەکەم تەواوکرد، هەواڵێکم پێ گەیشت کە مامۆستای لسۆز و بە ئەرکی فەرهەنگی ئەدەبی کوردی، بەڕێز کاك حەکیمی مەلا ساڵح زەحمەتی شیعرە چاپ نەکراوەکانی مامۆستا مەولەوی کێشاوە، ئیدی وتارەکەم هێشتەوە هەتا بە خزمەتی دەستە گوڵە جوانەکەی کاك حەکیم گەیشتم.

کاتێ ئەو کتێبەم بە وردی خوێندەوە سەرنجم دا زۆرێ لەو هەڵانەی کە من خۆم پێوە خەریك کردبوون، کاك حەکیم زەحمەتی ڕاست کردنەوەیانی کێشاوە، بە ڕاستی خۆی پێوەماندوو کردبوو جێگای خۆیەتی هەر لێرەوە ماندوو نەبوون و دەس خۆشیانەی لێ بکەم.

بەم بۆنەیەوە منیش وتارەکەم کورت کردەوەو کردمە دوو تەوەری سەرەکی و پاشکۆیە کە، تەوەری یەکەم لەسەر ئەو شیعرە ناتەواوانەی لە دیوانەکەیدا مابوون و ڕاست نەکراونەتەوە، یان بە هەڵە ڕاست کراونەتەوە، دووهەمیش بڕی لە ناتەواوییەکانی کتێبەکەی کاك حەکیم، پاشکۆکەش چەند شیعرێکی چاپ نەکراوی مامۆستا مەولەوییە.

بەشی یەکەم:

پێش ئەوەی بچمە سەر ئەم باسە، جێگای خۆیەتی سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی پایەبەرز و مەولەوی ناسی سەردەم مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس بکەم، کەوا بە قەڵەمە جوانەکەی، بەو شێوەیە مەولەوی بە گەلەکەی و دونیا ناساند، ئەگەر منیش بۆ

ناتەواوی شیعرەکانی تێکۆشاوم هیچێ لە قەڵەمەکەی ئەو زانا پایەبەرزە کەم ناکاتەوە، بەڵکو خۆم بە پاڵپشتی ئەزانم لەم بوارەدا.

( شیعری ٤ پیتی ئەلف ) دیوانەککەی لا پەڕە ١٤

*گێج ملو دەرون چەنی نێش ئامان* | *بەڵام هەی سەر خیل نەوتوڵ نەمامان*

( بەیازی ژمارە ٣ )

*گێج مەدو دەروون چەنی پەیامان* | *بەڵام هەی سەرخێڵ نازك ئەندامان*

ئەگەر بەوردی سەرنجی دێڕەکانی دوایی لە دیوانەکەیا بدرێ دەڵێ، ئەگەر تەواوی ئەو هەوالانەت بۆ بنێرم ئەترسم، هەتا خەزێنەی خەیاڵی شەماڵیش بسوتێ، بەم بۆنەیەوە ( چەنی پەیامان ) لە نیوەی پێشوودا بە جێترە، بەلام ( نەوتوڵ نەمامان ) و ( نازك ئەندامان ) لەمانادا جیاوازییەکی وایان بەبەر چاوناکەوێ، هەرچەند ( نازك ئەندامان ) بۆ ئەو شیعرە جوانترە.

( شیعری ٣٤ پیتی ئەلف ) دیوانەکەی لا پەڕەی ٤٨

*شیرینیی ئەفتار دڵم تالییەن* | *جام نە جەماعەت دۆسان خاڵییەن*

( بەیازی ژمارە ١ )

*شیرینی ئەفتار جەلام تاڵیەن* | *جام نە جەماعەت دۆسان خاڵیەن*

لە نێوەی دووهەمی دێڕەکەدا باسی دووری لە ( جەماعەت ) و ( کۆمەڵی ) دۆستان ئەکات ئەوەشی تەشبیە کردووە بە تاڵی کە جێگای هاوەڵانی گرتووەتەوە، بەم بۆنەیەوە ( جەلام ) بەجێ ترە.

( شیعری ٤ پیتی ب ) دیوانەکەی لاپەڕەی ٧٢

*دیدەت تۆزی غەیر نیشتەنش وەنە          جە جویٚ سەوزەی دڵ ئاوێش دەرپەنە*

*دیدەت توزیٚ غەیر نیشتەنش وەنە          جە جۆی سەوزەی دڵ ئاوێش دەرچەنە*

( بەیازی ژ٢٠ )

مامۆستا مەولەوی لێرەدا لەگەڵ خۆیا ئەکەوێتە وتووێژو دەڵێ : چاوت تۆزی بێگانەی لێ نیشتووە، تۆزیش تەنیا بە ئاو پاك ئەبێتەوە (ئاوێش دەر پەنە) یانی ئاوی پیٚ بدە بیخواتەوە، ئەوەش ماناکەی زۆر دوور ئەخاتەوەو هەتا لە مانای ئەساسی خۆی دەرئەچیٚ، بەڵام (ئاوێش دەرپەنە) یانی ئاوی تێڕادەو بیشۆرە، شۆردنیش بۆ لابردنی تۆزو خۆڵە ئەمەیان باشتر لەگەڵ شیعرەکەدا ئەگونجیٚ .

( شیعری ١٠ پیتی ب ) دیوانەکەی لاپەڕەی ٨٢

*سفیدتەر جەمەرگ مەینەت گازەکەم          نازك تەرجەناز جای نیازەکەم*

( بەیازی ژمارە ٢ )

*سفیدتەر جە مەرگ مەینەت گازەکەم          نازك تەر جەناز جای نیازەکەم*

تابە ئەمرۆ نەمبیستووە کە بڵێن ( مەرگی سپی )، بەڵام هەزاران جارم بیستووە کە دەڵێن، مەینەتی دونیا جەرگی سپی کردوم، هەرچەند مردوو کاتیٚ کفنی دەکەن سپی پۆش ئەبیٚ، بەڵام لێرەدا باسی ممەرگە، ئەمردوو، بەم بۆنەیەوە ( جە جەرگ ) بەجیٚ ترە

( شیعری ٣ پیتی پ ) دیوانەکەی لاپەڕەی ٩٧

ئەی تۆ کام ئەدیت جە عەروس نۆ          تا عەروسی خاك پەشتان بیٚ وەتۆ

( بەیازی ژمارە ٣ )

ئای تۆ کام ئەدیت جە عەروس نۆ          تا عەروس خاك بەشتان بیٚ وەتۆ

لەم پارچە شعرەدا باسی دەردو ژانو بە کام نەگەیشتنە، کەچی (ئەی تۆ) ئاماژە بۆ حازرە، بەلاّم (ئای تۆ) بۆ هاوارو دەربڕینی ئازارو ژانە ئەبی ئەوەش بیّ یانی (ئای تۆ) بیّ، نە (ئەی تۆ).

(شیعری ٥ پیتی پ) دیوانەکەی لاپەڕەی ١٠٨

*کۆچ دواییمەن یاوانم ئۆیە          ئۆیەی تۆ بەمەن کەرەم دار تۆیە*

(بەیازی ژمارە ١)

*وادەی پیریمەن یاوانم ئۆیە          ئۆیەی تۆ بەمەن کەرەم دار تۆیە*

هەرچەندە ئو دیّڕە شیعرە هی مامۆستا مەولەوی نییە، بەلاّم لەبەرئەوەی لە دیوانەکەیدا هاتووەو مامۆستا مەولەویش شـــیعری خۆی پیّ ڕازاندوەتەوە، ئەتوانین ڕاستیکەینەوە، ئەوەش بەچاو گیّڕانیّ بە دیوانەکەی مامۆستا بیّسارانی بۆمان ڕون ئەبیّتەوە کە (وادەی پیریمەن) دروستە.

(شیعری پیتی ت) دیوانەکەی لاپەڕەی ١٣٧

*ئەرمەژ ئەوی خاس وەرنەمزانو          مەرگ پەریّ تۆی ملۆنەزانوو*

بەیازی ژمارە ١

ئەرمەژ ئەوی خاس وەرنەمزانوو          مەرگ تۆ پەی تۆیچ مەدۆ وەزانوو

ئەگەر بەباشی لەو پارچە شیعرەی مامۆستا مەولەوی ورد بینەوە، بۆمان دەرئەکەویّ هاوار لە دۆستەکەی ئەکات، کە خۆی ئەخاتە ئەو داوەی کە بۆی تەنراوە، وە بە مەرگی خۆی سویّنی بۆ ئەخوا، ئەگەر وانەکەی کەمن دەلّیم ئەوا وەکو ئەوانی تر بۆ تۆش ئەدەم بەسەر

ئەژنۆما، بەس (مەرگ تۆ، پەی تۆیچ مەدو وەزانو) یانی بە مەرگت سۆین ئەخۆم بۆ تۆیش ئەدەم بەسەر ئەژنۆما، بەجێ ترە

(شیعری ٤ پیتی ت) لە دیوانەکەی لاپەڕە ١٢٨

*تەن خەمیاوە یانی دەستوورەن* *وادەی هۆرێزای گیان ئەو خورورەن*

(بەیازی ژمارە ١)

*تەن خەمیاوە یانی دەستوورەن* *وادەی هۆرێزنای گیان ئەو حوزوورەن*

(بەیازی ژمارەی ١)

*تەن نامیاوە یانی دەستوورەن* *وادەی هۆرێزنای گیان ئەو حوزورەن*

هەرچەند (نامیاوە) و (خەمیاوە) هەردوکیان یەك مانایان هەیە، بەلاَم بۆنەم شیعرە (نامیاوە) بەجێ ترە، ئەگەر بە وردی ئەو پارچەیە تەواشا بکرێ.

*دڵ ئەرچی شەماڵ قەدیمی یارەن* *پەی شنۆی زلاَن یارجەنزارەی*

(بەیازی ژمارە ٢)

*دڵ ئەرچی قەدیمی یارەن* *پەی شنۆی زلاَن چەمەنزارەن*

لە نیوەی دوهەمی ئەو دێڕەدا (پەی شنۆی ززلاَن یارجەنزارەن) یانی بۆ شنەی زلانی یار، کە جۆرە بەیەکی توندەو بە پێچەوانەی شەماڵەوە تێ نە پەڕێ خۆی داوەتە بنار، کەچی زلان هیچ کاتێ نسار ناگرێتەوە بەس ئەتوانین بڵێین (چەمەنزارەن) یانێ بۆ شنەزلانی یار،

چاوەڕوانە ڕاستر بەجییە مانای دووەمیش ئەمەیە کە (چەمەنزار) گوندێکە لەنزیکی جوانڕۆداو زلانی زۆریشی هەیە مامۆستا مەولەویش کە شارەزای ئەو ناوچەیەبووە، دوورنیە ئەویش لەبەرچاو گرتبێ.

شیعری ١ پیتی ز) دیوانەکەی لاپەڕەی ٣٧٦

ئەر هەلای ڕەمەق مەندەن وەتەنش بێ مەیلیت لیباس کەردەن بەدەنش

(بەیازی ژمارە ٣)

ئەر هەلای ڕەمەق مەندەن وەتینش بێ مەیلیت لیباس کەردەن برینش

لەبارەی ماناوە زۆر لەیەك دوورنین، بەلام ئەگەر بە وەردی سەرنج بدەین بۆمان دەرئەوێ کە پۆشاکی برین ئەو پەتروکەیە کەوا بەسەرزامەوە، ئەگەر نەی کۆلێنیتەوە ئەوا بەرگری لە زۆر شت ئەکاو ناهێلێ خوێنی زۆریش لە خاوەن برین بڕژێت، ئەوەش دەبێتە هۆی لە دەس نەچوونی هێزوتین، مامۆستا مەولەویش لێرەدا ئاماژەی بۆ ڕەمەق و هێز، بێ مەیلی یاریشی تەشبیە کردووە بە پەتروکەی برینو بەو بێ مەیلییەش هەر دڵ خۆشە، بۆیە هێزێکی تێداماوە، لەبەرئەوەی دەبێ لەباتی (تەنش وەبەدەنش) ئەبێ (تینش وەبرینش) بێ و ئەوەش بەجێ ترە.

(شیعری ٢ پیتی ف) دیوانەکەی لاپەڕەی ٢٣٩

*نمەدۆ نەچەم تاردڵەی تەنگ بێ وەفایی دۆس سەفاو وەفارەنگ*

(بەیازی ژمارە ٢)

*نمەدۆ نەچەم تار دڵەی تەنگ بێ وەفایی دۆس سەفاوجەفا ڕەنگ*

بێ وەفایی لەگەڵ جەفادا هاوڕەنگە نە لەگەڵ ( سەفادا ) مامۆستا مەولەوی لێرەدا هاواری لە دەس بێ وەفاییە، بەس ئەو وەفاییە سەفای کردووە بە جەفا .

( شیعری ۱ پیتی شین ) دیوانەکەی لا پەڕەی ۳۰۲

*سێ یەم خەمگینیم جەدەس خەجلەتەن      خەجلەتم جەدەس سەختی غەفلەتەن*

( بەیازی ژمارە ۳ )

*سێ یەم خەمگینیم جەدەس خەجلەتەن      خەجلەتەن جەدەس مەستی غەفلەتەن*

ئەوەی ڕستی بێ مرۆڤ لە کاتی مەستیدا لە خۆی غافڵ ئەبێ نەلەکاتی سەختیدا، هەرچەند ئەگەر بە چاویکیترەوە تەماشای بکرێ سەختی غەفڵەتیش ئەبێ، بەلاّم مەستی غەفڵەت لێرەدا جوانترو بەجێترە.

( شیعری ۱ پیتی م ) دیوانەکەی لا پەڕەی ۳۸۰

*دووی کوورەی دوریت مشۆ وەتوونلا      بەردت دان وەپای وەفای مەجنونلا*

( بەیازی ژمارە ۳ )

*دووی کوورەی دوریت مەشۆوە تووندا      تەوەن دان وەتاڵ وەفای مەجنون دا*

لە شێوەزی هەورامیدا بە ( تەوەن ) نالێن ( بەرد ) مامۆستا مەولەویش هەتا بۆی کرابێ لەم بەشە لە شیعرەکانیدا وشەی ڕەسەنی هەورامی بەکارهێناوە بۆ ( تاڵیش ) هەموو بەوەی دەزانین کە تاڵ تەواسگاترە تاکو ( پا ) یان ( پێ )، بەم بۆنەیەوە ( تەوەن دان وەتاڵ وەفای مەجنوندا ) بەجێ ترو ماناکەیشی مەولەویانەیە.

( شیعری ١ پیتی ن ) دیوانەکەی لاپەڕە ٤٠٥

خاڵۆ دەردی دڵ بێ نەهایە تەن          شکایەت نیەن یە حیکایەتەن

( بەیازی ژمارە ١ )

خاڵۆ دەردی دڵ بێ نەهایەتەن          حەکایەت نیەن یە شکایەتەن

ئەوەی بە باشی ڕونەو پێویست بە لێکدانەوە ناکا بە پێی بۆچونی شیعرەکە چەند دێڕی پێشوو ( حەکایەت نیەن یە شکایەتەن ) بەجێ ترە.

( شیعری ١٠ پیتی ن ) دیوانەکەی لاپەڕەی ٤٣٣

گرمەی کوورەی دڵ سەد هەزار تەرزەن          گرمەی بڵێسەش نەعالم بەرزەن

( بەیازی ژمارە ٢ )

کلپەی کوورەی دڵ سەد هەزار تەرزەن          گرمەی بڵێسەش نەعالم بەرزەن

ئەوەی ڕاستی بێ مامۆستا مەولەوی لە هیچ شوێنێکا یەك وشەی دوبار لە دێڕێکا نەهێناوە مەگەر بۆ زەریف کاری کە لێرەدا ئەوەیش بەرچاو ناکەوێ بەم بۆنەیەوە ( کلپە ) جوانتروبەجێ ترە.

( شیعری ١٩ پیتی ن ) دیوانەکەی لاپەڕەی ٤٤٦

دیت شنۆی غیرەت دیدەکەم خیزا          وەڵگەکەی سەرشاخ زیندەگیم ڕێزا

بەیازی ژمارە ٢

*دیت شنۆی غیرەت دیدەککەم خیزا　　　وەڵگەکەی سەرشاخ یندەگیت ڕێزا*

ئەو شیعرە شیعرێکی ئامۆژگارییە، ئامۆژگاریش بۆ کەسی تر وتراوە، نەبۆ خۆی، بە پێی بۆچونی شیعرەکە بە لاوێکا وتراوە، کە گوێی نەداوەتە قسەکانی مامۆستا مەولەوی، هەربۆیە ( زیندگیت ) جوانترە.

( شیعری ١١ پیتی واو ) دیوانەکەی لا پەڕەی ٤٧٧

*سوبحم نە تۆی شەو مەخەنۆ وەکەردەم　　　وەکەردەکەی بەدعومر ویەردەم*

( بەیازی ژمارە ٢ )

*سوبحم نەتۆی شەو مەخوو وەکەردەم　　　وەکەردەکەی بەد عومر و بەردەم*

ئەوەی ڕاستی بێ لە شێوەی هەورامیدا هیچ کاتێ بە ( پێکەنین ) ناڵێن ( مەخەنۆ ) دەڵێن ( مەخۆو )، بۆیە ئەبێ ئەمەیان دروست بێ .

( شیعری ٦ یتی ه ) دیوانەکەی لا پەڕەی ٥١٠

*ئەك چەنی خەیاڵ قیبلەم بسازی　　　دەخیل تەن خەستەن وە جیاش نازی*

بەیازی ژمارە ٢

*ئەك چەنی خەیاڵ خاڵۆم بسازی　　　دەخیل تەن خەستەن وەجیاش نازی*

هەرچەندە لە مانادا زۆر جیاوازیان نییەو دەکرێ (قیبلەش) بێ، بەڵام بەو بۆنەیەوە کە شیعرەکەی بۆ (خاڵۆی) کوماسی نووسیوە، ئەوا ئەبێ کە (خاڵۆ) بێ.

هەر ئەو پارچەیە لا پەڕەی ٥١٣

*ئەجەڵ نیم ڕەمەق باقی یەن سادەی* *جەودما بەختان مەوینانت یەی*

(بەیازی ژمارە ٢)

ئەجەل نیم ڕەمەق باقی یەن سادەی جەودما بوختان مەوینانت یەی

لێرەدا مامۆستا مەولەوی هاوار ئەکاتە ئەجەل، یان ڕونتر بڵێم ئیزارائیل و دەڵێ نیوە گیانێکم پێ ماوە ککاتی ئەوەیە بە هەلی بزانی و گیانم دەربێنی، ئەگەر نەدزایی لە تخەنە بەرتیری تانەو تەشەرو بوختانیشت بۆ دەکەن ککە بەناهەق من ئەکوژی، بەم بۆنەیەوە ئەوە (بوختانە) نە (بەختان)

(شیعری ١٠ پیتی ھ) دیوانەکەی لا پەڕەی ٥٣٣

هامن، ها، من وار، گەرمیش زۆر ئاوەرد فەزای ئەزم بەزم ئەوگوڵاڵان بەرد

(بەیازی ژمارە (٣)

هامن، ها، من وار، گەرمیش زۆر ئاوەرد فەزای بەزم ئەزم ئەو وەهاران بەرد

ککاتێ باسی گەرمای هاوین دێتە گۆڕێ، بەزم و ئەزمی بەهاران تێك ئەچێ، لە هاوینیشدا لە زۆر شوێنا بەتایبەت کوێستانەکان بەزمی گوڵاڵان بەردەوامە، مامۆستا

مەولەویش کە خۆی گەرمێنو کوێستانی کردووە، ئەبێ ئەوەیشی لەبەرچاوگرتبێ، بەم بۆنەیەوە (فەزای بەزم و ئەزم ئەووەهاران بەرد) بەجێ ترە.

بەشی دووهەم:

بەم بەشە، هەروەك لە پێشدا وتم لەسەر ناتەواوی شیعرەکانی تری مامۆستا مەولەوییە کە لەلایەن - کاك حەکیمەوە لە کتێبێکا بەناوی (لێکۆڵینەوە، پشکنین، شیعرەبڵاونەکراوەکانی) مەولەوی لەچاپ دراون، هیوادارم مامۆستای بەڕێز کاك حەکیم لەهەرکوێ هەبێت ئەو ڕونکردنەوانەم بە دڵ سۆزی بزانێ.

کتێبەکەی کاك حەکیم لاپەڕەی ٨٢

دەڵێ بە پێی نوسخەی مەحزونی، پاش (سا دڵم وەش کەر ..) ئەم دێڕە هەیە:

*با بەیۆ وەش وەش سۆززی سەداکەت*　　　*لەمرەی ئەوای تەرز شیرین ئەدا کەت*

کەچی ئەم دێڕە لە (شیعری ١٨ پیتی ئەلف) دا پاش (تەسکین نمەك) هاتووە، ڕاستە کاك حەکیم بە پێی ئەو سەرچاوانەی کە دەستی کەوتوون ئەوانەی نوسیون، بەڵام زۆربەی نوسەرانی ئەو بەیازانە، بە بۆنەی نزیك بوونی وشەو ئەو شیعرانە لە زۆر شوێنا تووشی هەڵەبوون، هەروەك ئەم دوودێڕە کە لە زۆر شوێنا جێ جێی نوسراون:

*بایۆشنۆی شیرین ڕازەکەت*　　　*گوش دەروڵادی مەینەت گازەکەت*

*با بەیۆوش وەش سۆزی سەداکەت*　　　*لەرەی ئەوای تەرز شیرین ئەداکەت*

کتێبەکەی کاکە حەکیم لا پەڕەی ٨٦

لەمانای شیعری هەشتەمدا دەڵێ (سا دەروێش و عەشق مەولای دەروێشان) مەبەست (مەولانا خالیدی) نەقشبەندییە، بە بڕوای من ئەبێ مەبەست (حەزرەتی عەلی) بێ، ئەوەش بەچەند بەڵگەو بۆچون،

یەکەم: لە نێو کۆڕی دەروێشانا تەنها بە (حەزرەتی عەلی) دەڵێنن مەولای دەروێشان، هەتا بەزمێ گۆرانی بەناوبانگ لە نیو دەروێشان هەیە بەناوی (یارعەلی مەولام عەلی ...) کە هاوڕێ لەگەڵ دەفدا دەوترێ.

دووەم: خودی مامۆستا مەولەوی لە (شیعری ٢ پیتی س) دا لەسەر گۆڕی باوایادگار ئاوا دەڵێ:

*تۆ چۆن جە ئەولاد ئەمجاد مەولەی* — *یەی رجا وەجایەی هیمەت ئەولای*

کتێبەکەی کاک حەکیم لا پەڕە ٨

کاک حەکیم لێرەدا فەرمویەتی بەپێی نوسخەیە لە دێڕی دوهەم (شیعری ١٩ پیتی ئەلف)دا

(بینایی وەراس دیدەی پڕ دەردم) بەجێ ترە تا (بینایی وەراس دڵەی پڕ دەردم).

ئەوەش بە دوو بۆچون لە واتەی مەولەوی بە دوورە:

یەکەم: ئەوەی کە مەولەوی هەر لەو پارچەیەدا بە دۆس یان بە هاوەڵەکەی دەڵێت چاوەکەم، چۆن ئەبێ هەر لەویشدا چاوەکەی بکاتە مەڵبەندی ئێش و ژان.

دوهەم: ئەوەی کە مامۆستا مەولەوی لە زۆر شوێنا دڵی کردووەتە جێگای دەردوژان، نەك چاوی دیوانەکەی لا پەڕ ٥٩

*ئازیزم گەردەن بلوری بێ گەرد* — *ئەمانەتی توو دڵەی پڕ جەدەرد*

کتێبەکەی کاک حەکیم لا پەڕە ١٠٠

*قازان چون یاران ئاواتە خوازان*　　　*قەتارە بەستەن مەکەران ڕازان*

لێرەدا فەرموویەتی لەباتی (یاران) (بازان) دروستەو مەولەویانەیە، کەچی لە هیچ شوێنێکا کەس نەیدیوەو نەیبیستووە، کە (باز) یان (بازان) وەکو (قاز) یان (قازان) بە شێوەیەکی سروشتی قەتارە بوەسن .

تەشبیهاتی مامۆستا مەولەویش بێ جێگا نەبووە، هەرچەند باران، قازان، خوازان، ڕازان، لەباری مۆسیقاوە جوانترن، بەڵام (بازان) هیچ کاتێ وەکو (قازان) قەتارە ناوەستن، بەم بۆنەیەوە نەبێ هەریاران دروست بێ، (شیعری پیتی چ) دیوانەکەی لا پەڕە١٧٣

*تیش هام فەردم ئیش وێم زانان*　　　*دەردهام دەردم دەرد ویم زانان*

کاك حەکیم لەم کتێبەدا بەم شێوەیە ڕاستی کردووەتەوە

*فەردهام فەردم فەردویم زانان*　　　*دەردهام دەردم دەردویم زانان*

ئەڵبەتە لێرەدا ئاماژەی بەو سەرچاوەیە نەکردووە، تەنها فەرموویەتی دروستە کەی ئەوەیە، کەچی لە (بەیازی ژمارە ١) لای ئێمەدا ئاوا موسراوە :

*ئیش هام فەردم ئیش ویم زانان*　　　*دەردهام دەردم دەردویم وانان*

وا دەزانم هەرئەمەش دروستە

کتێبەکەی کاك حەکیم لا پەڕەی ١١٣

کاك حەکیم لە نێوان دێڕەکانی (١٢، ١٣) دا ئەم دێڕەی هێناوە

*تاقەت بی وەهون جەسەختی زامان*　　　*تك تك چەنی هەرس ڕێزاوە دامان*

*کەچی ئەو دێرە لە* (شیعری ٣٠ پیتی ئەلف) دا هاتووەو هەردوو بەیازی ژمارە (٢،١) ش هەر لەو شوێنەدا نووسراون و لەوێشدا بەجێترە.

کتێبەکەی کاک حەکیم لاپەڕە ١١٧

*کەرو مەشق وێنەی منالاَن      گا سەیر کاوان گا بۆی گوڵالاَن*

کاک حەکیم فەرموویەتی لە دوو نوسخەی لای ئێمەدا لە باتی (منالاَن) (مەلالاَن) نوسراوەو من ئەمەم بەلاوە دروستە.

کەچی مامۆستا مەولەوی لە دێڕی پێش ئەو دێڕەدا دەڵێ (وەنەوشە) بۆ کەسێك جوانە کە تازە پێی نابێتە مەیدانی عەشقەوەو لەم بوارەدا منالّ بێت و خەریکی مەشقی عەشق بێت. مەشقیش یانی (خۆفێرکردن و ڕاهێنان) ڕاهێنانیش بۆ مندالاَن نەك مەلالاَن، هەر ئەو پارچەیە فەرموویەتی بەم دێڕە دوایی دێ :

*دلّ وەمەودای تیر دوریت بیەن ڕێش      هەی خاکم وەسەر وەنەوسەم پەی چێش*

کەچی هەر ئەم دێڕە بە ئالّوگۆڕێکی کەمەوە لە (شیعری ٥ پیتی دال) دا بەم شێوەیە هاتووە:

*دەروون وە مەودای دووریت بیەن ڕێش*

*هەی خاکم وەسەر سەو قاتم پەی چێش*

ئەگەر بەوردی (پارچەی ٥ پیتی دال) بخوێنرێتەوە، بۆمان دەرئەکەوێ ئەو شیعرەی بۆ دۆستێکی نووسیوە کە دیارییەکی بۆ ناردووە، دیارە ئەویش هەر (سەوقاتە) و ئەو دێڕەش هەر لێرەدا بەجێ ترە

کتێبەکە کاک حەکیم لاپەڕە ١١٨

کاک حەکیم لەو پارچەیدا دوای دێڕی دووهەم چەند دێڕێکی هیناوە کە بە پێی چەند سەرچاوەیە فەرموویەتی، ئەوانەش لەو پارچەیدان، کەچی دوو دێڕ لەوان کەئەمانەن :

ئاو یارەکەی سەوزەی ئارەزوم　　　داناوە گردین ڕازی ککۆنەو نۆم
ئەنیس مەجلیس عەیشونیشاتم　　　دەسگیرراگەی هاتونەهاتم

هەردو دێڕەکە لە ( پارچەی ۳ پیتی ر ) دا لاپەڕەی (٥،٣) دا هاتوون و لەوێشدا لەگەڵ شیعرەکەدا : پتر نەگونجێن .

( شیعری ٤ پیتی کاف ) دیوانەکەی لاپەڕەی ٣٦

ئەر ڕەقیب چۆن خەمی نەیۆ وە دیدەم　　　پێم وەشەن گێجاو دەریای خەم

( بەیازی ژمارە ۱ )

ئەی ڕەقیب چۆن خەس نەیدوە دیدەم　　　پێم وەشەن گێجاو گێج دەریای خەم

لێرەدا بە ڕوونی و ناتەواوی نیوەی دووهەمی ئەو دێڕە دیارە، کاک حەکیمیش لە لاپەڕەی ۱۳۳ ی کتێبەکەیدا بەم شێوەیە ڕاستی کردۆتەوە :

ئەی ڕەقیب چۆن نەیۆ وە دیدەم　　　وەپێم وەشەن گێجاو دەریای خومی خەم

کەچی ئاماژەم بە هیچ سەرچاوەیە نەکردووە، وادەزانم کە خومی خەم بۆچونی خۆی بێ

( شیعری ۱۹ پیتی ن )

کاک حەکیم فرموویەتی بەم دێڕە کۆتایی دێ :

هەرچەند دڵ لەب ڕێز خەیاڵ خاڵەن　　　جە خەیاڵ خاڵ ماچی خاڵخاڵەن

کەچی ئەم دێڕە بە شێوەی خەیاڵ تاك لە لاپەڕەی ٥٣٣ ی دیوانەکەیدا هاتووە، وادەزانم لەوێشدا جوانتر بێ، بەو بۆنەیەوە کە مامۆستا مەولەوی لە ئاخر دێڕی ئەو پارچەیەدا قسەی خۆی کردووە .

(کتێبەکەی کاك حەکیم لاپەڕەی ١٩٧ )

*ساکەوەی دینەن بە هەشتی باقی*          *ئیستە من بێ دین دوورە جێم تاقی*

کاك حەکیم لێرەدا مانای (بێ دین )ی بە نەبونی، بیروباوەڕی ئایینی، مانا کردووە کەچی مامۆستا مەولەوی لە دێڕی یەکەمدا دەڵێ، بە چاو پێ کەوتنی تۆ دەگەینە بە هەشتی هەتایی، بەس ئێستە کە تۆ نابینم وادەزانم لە شوێنێکی چۆڵدام و خۆم بە تەنیا ئەزانم، مامۆستا مەولەوی لە زۆر شوێنا ئەو وشەیەی هێناوە بەم مانایە بۆ وێنە، لاپەڕەی ٢٨٨ دیوانەکەی

*چەکۆ مەعدوومی ئەو تاقەت دارو*          *ساتی وە بێ دین باڵات بویارو*

ئەم پارچەیە هەر ئەو پارچەی (دەرمانی زامان دەردەکەی کاریم ) دیوانەکەی لاپەڕەی ٣١٩ یە ئەگەر بە وردی تەماشای هەردوو پارچەکە بکرێ دەبینین کە چەند دێڕێکی بە پەس و پێشی نوسراون و تێکەڵاوێکە لە هەردوو پارچەکە .

کتێبەکەی کاك حەکیم لاپەڕەی ١٧٧

بەزمی خەم سازێ بدەر وە هەم دا          مەیلی بینایيش باوەر وەچەم دا

بە بڕوای من (مەیلی بینایی ) ئەبێ (میلی بینایی ) بی کە کەرەسەیەکی چاوڕەشتنەو لە ڕابووردودا بەو کەرەسەیە کلیان لە چاو ئەناو مەیل بە دڵادێ نە بەچاوا هەر ئەو کتێبە لاپەڕەی ١٩٤

لە دێڕى دووهەمى ئەو شيعرەدا وشەيەكى هێناوە دەڵێ (وەختى هۆرمزۆ) كە (هۆرمزۆ) هەڵەيەو (هۆرمێزۆ) دروستە ئەڵبەت ئەوەش لە بەيازێكى كەدا نوسرابوو، بەڵام لێى نەنوسرابوو هى كێيە، لاپەڕەى ٩٠٣ شيعرى ٣٢ بڵاونەكراو كە كاك حەكيم بەناوى مەولەوييەوە لەو كتێبەدا لە چاپى داوە، ئەو شيعرە كە لەم دوايەدا دەستى ئێمە كەوتووە بەناوى (ميرزا عبدوالقادرى پاوەييەوە) نوسراوە بە بڕواى منيش هى ميرزايە، بەڵگەيش بۆ ئەم بۆچونە ئەوەيە:

يەكەم: ئەو نوسخەيە كە دەستى ئێمە كەوتووە، لەئەوەى كە كاك حەكيم چاپى كردووە زياترەو ئاڵگۆڕێكى زۆريشى تێدا كراوە، كە لێرەدا ئاماژەيان پێ ئەكەين.

دووهەم: مامۆستا مەولەوى كەمترين شيعرى لە ٣٠ دێڕ زياتر بێ، كەچى ميرزا عبدالقادر كەمترين شيعرى هەيە ٥٠ دێڕ كەمتر بێ و ئەو پارچە شيعرەى نزيك بە ٥٠ دێڕە.

سێ يەم: بە بەراوردێكى كورت و سەرپێيى لەو دوونوسخەيە بۆمان دەرئەكەوت ئەو شيعرە هى كاميانە، پاش ئەوەڵ دێڕ كە بە

*شەوق شادى نۆ ...............*   *بيناى كار خەير شەوق شادى نۆ*

دودێڕى تر لە نوسخەكەى لاى ئێمەدا بەم شێوەيە هاتووە:

*هەواى نۆ عروس شۆخ عەنبەر بۆ*   *هانا هەزارجار موبارەكت بۆ*

*پاى ئەونۆ نەمام شاى و ئاساران*   *خەيرە مەقدەم بۆ جەرۆز گاران*

ئەگەر بە باشى لە شيعرى شاعيرانى پێشوو وردبينەوە، بۆمان دەرئەكەوێ ئەو شيعرانەى كە ئەوەڵ دێڕيان دوپات ئەبێتەوە، بێ گومان دێڕى دوهەميشيان لەگەڵ يەكەمدا هاو قافيەيەو هەتا مامۆستا مەولەويش لە زۆر شوێنا ئەو كارەى كردووە، بۆ وێنە (شيعرى ٣

پیتی شین ) وە ( شیعری ٥ پیتی ف ) و چەندەها وێنەی تر، ئەمەش بۆمان ڕون ئەکاتەوە کە نوسخەکەی لای ئێمە کامڵترە.

دێڕی سێ هەمی کتێبەکە

*هەی هەی جەی شۆرش روح ئەفزای خاسە*

*بەخ بەخ جەی شادی شیرین ئەساسە*

دەس خەتەکە

*بەە بەە جەی شورش روح ئەفزای خاسە*

*هەی هەی جەی شادی شیرین ئەساسە*

ئەو دوو دێڕە کەمی پاش و پێش کەوتونو زۆریش لەیەك دوورنین دێڕی پێنجەمی کتێبەکە.

*یاران هام سەران هەی دەردەداران*　　*هەی گرۆی مەینەت دەخیل غەمباران*

دەس خەتەکە

*یاران هام سەران هەی دەردەداران*　　*هەی گرۆی مەینەت خیل خەم باران*

دێڕی شەشەمی کتێبەکە

*هەرکەس ئارەزوش نەزەر بازی بۆ*　　*مەیلش وە مەیدان تیر ئەندازی بۆ*

دەس خەتەکە

*هەرکەس ئیرادەش نەزەر بازیەن*　　*مەیلش وەمەیدان تیر ئەندازیەن*

دێڕی حەوتەمی کتێبەکە

*( یاخۆ من سەرسام هۆشم وەسواسەن )*

دەس خەتەکە

*( یاخو من جەسام هۆشم هەراسەن )*

دێڕی ١١ کتێبەکە

*کەمانچەو موکەش، زەوق و روبابەن.*

دەس خەتەکە

( کەمانچەی موکەش زەوق ربابەن ) ئەلبەت ئەمکانی هەیە ئەمە هەڵەی چاپی بێ

دێڕی ١٢ کتێبەکە ( سازی عادەتی هەم مۆسیقا رەن )

دەس خەتەکە ( سازەن قەرەنەی هەم مۆسیقا رەن )

پاش دێڕی ١٢ی کتێبەکە ئەم دێڕەش لە دەسخەتەکەی لای ئێمەدا هەیە

*شادییەن شەوقەن عەشقەن عشاقەن* *مەیلەن مەحبوبەن خەندەنن مەزاقەن*

دێڕی ١٧ کتێبەکە

*سەوزە سەوزە لێی ساز، زەنان گەرمەن* *ناڵەی موتربیان بێ وادەو شەرمەن*

دەس خەتەکە

*سۆرخوش خانان خۆش ئەلحان گەر مەن*

*ناڵەی موتربیان بێ پەرواو شەرمەن*

هەرچەندە (بێ وادە) بە جۆرێتر مانا ئەکرێ کەچی لێرەدا زۆر بێ جێگایەو نازانم مامۆستای بەڕێزم کاک حەکیم چۆن بەوەی نەزانیوە.

پاش دێڕی ۱۸ ەی کتێبەکە لە دەس خەتەکەی لای ئێمەدا ئەم دێڕەش هاتووە

*عیشوەو کریشمەی شەیدای نازەنین*          *بەتاڵ کەرد بازار سەد خاقانی چین*

ئەڵبەت ئەم دێڕە لەکتێبەکەدا پاش دێڕی ۳۱ بە ئاڵوگۆڕێکەوە هاتووە،

کتێبەکەی دێڕی ۳٤          ( تەمەننای دیدەی لەیلێ پەرداخان )

دەس خەتەکە          ( لێوەی لاڵ لێو، لەیلێ پەرداخان )

کتێبەکە دێڕی ۳۱          ( قە نجەی دڵەی ڕێش، ڕە نجەی شێوەی وێش )

دەس خەتەکە          ( قنجەی دڵەی ڕێش ڕە نجەی شێوەن وێش )

ئەڵبەتە ئیمکانی هەیە ئەوە هەڵەی چاپی بێ لە باتی ( قنجە ) ( قە نجە ) نوسرابێ .

کتێبەکە دێڕی ۳۵          ( ساقی هەی هەی مەی باقی دەی باقەی )

دەس خەتەکە          ( ساقی هەی هەی مەی باقی دەی با بەی )

کتێبەکە دێڕی ۳۷          ( نمانای قوماش قوتنی هەزار ڕەنگ )

دەس خەتەکە          ( نمانای قوماش قتنەی هەزار ڕەنگ )

کتێبەکە دێڕی ٤۱

*گرمە گرمی جۆش لیتە ڕەش بەڵەک*          *لارەو قەتارە، ئیشارەی وەکەڵک*

دەس خەتەکە

*گرمە گرمی جۆش لیتەی ڕەش بەڵەک*          *لارەو قەتارە ئیشارەی کەڵەک*

لێرەدا بە باشی روونە کە (بەڵەك) وە (کەڵك) نابن بە هەم قافیە کەچی (بەڵەك) وە (کەڵەك) قافیەکەش ڕاست ئەکەنەوە. (کەڵەکیش) جۆرە یاریەکە لە کاتی خۆشی و جەم بوونا بە ئیشارەو ئامازە، یەك ئەفەر ئەخەنە ژێرو چەند کەسێ خۆیان ئەدەن بەسەریا تا بەتەواوی ئەوەی ژێر شەکەت ئەبێ و لە گیری ئەخەن.

کتێبەکە دێڕی ٥١

*سا ئەجەل بۆری قەبزی گیانم کەر* *ئەدەی ئەجاتم ئەمشەو تا سەحەر*

دەس خەتەکە

*سا ئەجەل بۆری قەست ئەروام کەر* *مازەبما ئۆ ئیمشەو تاسەحەر*

کتێبەکە دێڕی ئاخر

*(مەعدووم) چۆن بازاڕ بەزمش کەساسەن*

*پەی دوری یاران پەی مەردەن خاڵ سەن*

دەس خەتەکە

(قادر) چون بەزمەش کەساسەن

پیرەن زەعیفەن پەی مەردەی خاسەن

جا ئەگەر بە باش لەم دێڕەی ئاخر وردبینەوە، بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەوەی کتێبەکە دەسکاری کراوەو زۆر بە ناشییانەش، ئاخر مەولەوی چۆن ئاوا دەڵێ

(پەی دوری یاران پەی مەردەی خاسەن) بێ شك ئەم واتەیە لە واتەی مەولەوی بە دورە شیعرەکەش زۆرتر بە میرزا نزیکترە، تا بە مەولەوی و ئەبێ هی میرزاش بێ.

کتێبەکە لاپەڕەی ۳۱٦

*سەر سەری هیجران هۆرکەردم پەی دڵ*      *هەرتۆزم بەردەن مەنزڵ وەمەنزڵ*

( بەیازی ژمارە ۲ )

*سەڕسەڕی هیجران هۆرکەردم پەی دڵ*      *هەر تۆزم بەردەن مەنزڵ وەمەنزڵ*

ڕاستە لە شێوەی نووسینی کۆندا (سەڕسەڕ) و (سەرسەر) وەکو یەك دەنوسرێن، بەڵام ماناکەیان زۆر لەیەك دوورە، لێرەدا بە ئاشکرا دیارە کە ئەبێ (سەڕ سەڕ) بێت، (سەڕ سەڕ)یش جۆرە بایەکی توندە کە زۆرتر بە ڕەشەبا یان زلان بەناویانگە، مامۆستا مەولەویش دەڵێ، ئەو ڕەشە بایەی هیجران یان دورکەوتنەوە لە تۆ وای لێ کردم هەر تۆزێکم لە شوێنێ بە جێ ماوە.

پاشکۆ:

بە پێویستی ئەزانم بەشی کۆتایی وتارەکەم بەچەند شیعرێکی چاپ نەکراوی مامۆستا مەولەوی برازێنمەوە، هەرچەند بە تەواوی ناتوانم ددان بەوەدا بنێم کە بێ سێ و دوو ئەو شیعرانە بە هی مەولەوی بزانم، بەڵام زۆریشیان لە واتەی مەولەوی نزیکن، تەنها گەڕان بە شوێنێکی وردبینانەی دەوێ :

*چون هەرەس دیدەم جەناکامەوە*      *شنەفتەن ئازیز لواو ئامەوە*

*دەمەی سەدای ئەی سەرکە لەم ئارو*      *بۆی شومی نەفەس ئەوای دارو*

*هەوای سازگار فەسڵ مەینەت وەخت*      *ماوە رۆم شادی سەبر وەڕوی جەخت*

ئەو چەند دێڕە لە (بەیازی ژمارە ۲) دا بە کەمێ پاش وپێشەوە لە پارچەی یەکەمی (پیتی واو) داهاتون مامۆستا مەولەوی ئەو دەمەی لە خانگای نزیکی پاوە دەبێ، ئاگادار

ئەکرێ کە لاوێکی تازە پێ گەیشتوو بەناوی (میرزا عبدالقادر) لە شاری پاوە شاعیرەو شیعری جوانیش دەڵێ، مەولەویش ئەو دێڕە شیعرەی بۆ دەنێرێ، هەتاکە تاقیگاتەو تا بزانێ ئاستی ئاگاداری لە شیعر تا چ ڕادەیەکە:

مەولەوی : (سای کەمەر وەشەن ئەرمارش نەبۆ
دۆسی خاست بۆو بەد کارت نەبۆ)

میرزا لە جوابا دەڵێ :

بەڵێ ئەی قادر بێ ئەقلی کەم فام
لێوەی هەرزەگۆ ئەبلەی خەیاڵ خام
مەر تەنگنت کێشان یا قەلبت مەردەن
نور حەزرەتت فەرامۆش کەردەن
بزانە جچە کۆن ئاخر جاش کامەن
ئەوڵ مداراتی ئەکام مە قامەن
جکۆ مەکێلۆ وە دڵخوازی دڵ
تەشریفش جە کۆمە گێرو مەنزڵ
هەر ئەو شەو ئەوان تەشریف مەبەردن
ئیرادەی مەنزڵ غار سەور کەردن
ماروە ئەمر حەق سەر ئاوەرد وەبەر
سەلام کەردواتش یا خەیرو لبەشەر
چەند قەرنەن ئەی غار ئەی جاگە جامەن
ئەی سوراخ سەنگ زەیدو ماوامەن

ئارەزوم روخسار پڕ نور تۆبی

مەیلم شەرەفیاب حوزور تۆبی

دیم ئەبوبەکر راگەش لێم بەستەن

بەخوا خۆ ئەمن ئەوەم نەگەستەن

وەروی ئیرادەت یا یۆلیم کەردەن

بەو کەتەی فەورەن دەرسات نەمەردەن

ئەر وەغەیزەوە دا یام پاشەوە

نەمە یاوا کەس وە هاناشەوە

قەسەم بە ئەو کەس بێ خوردەن و خاو

میرزا هەنگەکەی رۆحم پەروازکەردەوە (چەندجار)

مەولەوی ئاوارەش جچە زولف لەیل ئاوەردەوە

دوای ئەوەی دۆستانی میرزا داوا ئەکەن لە مەولەوی کە ئەوانە لە گەورە ماڵەکان دانیشن و کۆڕی شەوانەیان بۆ بگری، مەولەویش کە مرۆڤێکی عارف و سۆفی مەسلەکی ئەبێ، خۆشی لەو جۆرە کۆرانە نابێ هەر ئەو شەوە باروبنەی ئەپێچێتەوەو بەرەو بیارە بەری ئەکەوێ.

چەرخ چەپ وەرای ئەروی تەختەی ئەرد مۆرەی بەدشانا چەواشەی چەبگەرد

کەردەن وەشەش دەرداشەکەی رۆحم وەدوشەش بەستەن راگەی فتوحم

نەقە هۆش بەردەن وەبازی و فریب ئەو هەرقوشە نیشت من یەك بیم نەسیب

ئیستەیچ هەر مۆرەم سێ و دو خاڵەن بازی چەنی چەرخ عەقڵ مەحاڵەن

ئەم چەند دێڕەم لە ڕووی دەس خەتی کاك ئەنوەری مستوفی وەرگرتووە کە نزیك بە ۳۲ ساڵ لەمەوپێش لە روی بەیازێك لە لای مامۆستا سید (تایەری) هاشمی وەری گرتووە.

جارێکیان مامۆستا مەولەوی چارچە شیعری دەنوسی بۆ خەلیفە کەیخەسرەوی ئیمامی کەئەویش بە پارچە شیعرێ جوابی ئەداتەوە، ئەوەش شیعرەکەی هەردوکیان :

*مەولەوی :*

*خالۆی سەر دەفتەر نازك خەیالان*

*دیبا چەی کیتاب (صاحیب) کەمالان*

*پاك ئەخەوش و خاڵ شێوەی ئەفسانی* — *یا ئەڕای سلوك غەوسی گەیلانی*

*سەودا نامەی سۆرمەسات یاوا* — *دڵ وەمیل مەیل وەدیدەم ساوا*

*بینابیم وەچەم باز ئاوەردەوە* — *مەردەبیم دیسان ئەحیام کەردەوە*

*نازك خەیاڵ، فکرو زکرو هۆش*

*ئەو شەوق ئەو زەوق ئەو جۆش ئەو خرۆش*

*تەقریرو تەحریر هام فەردی هام فەرد*

*جوانیم ویەرد گرد چەنی وێش بەرد*

*ئیستە پا بەستەی زەنجیرەی پیریم*

*سەرگەردان گێج دەریای دڵ گیریم*

*ئیستدعا پەری دوعای خەیر کەردەن*

*منت نە جەرگەی خاسان شمە ردەن*

*من ویم مەزانو کام تۆمم کاڵان*

*یاران پەی هیمەت وەنەم مەلاڵان*

یاری باری حەق باوەرون نەورێت

سۆزی سەرمایەی عەقیدەکەی وێت

بەروی وەحضور بێ غەم و بێ باك

بە گوفتاری پاك بە کرداری چاك

خالو من لافاو تەوانام بەردەن

دۆعای رای دەرگای قەبوڵ گوم کەردەن

جەیاران نەفەس بەر ئاوەردەمەن

یارو بە قیبلەی دۆعاکەر دەمەن

تەن زەلیل دڵ دیل بەدەن عەلیلم

چەمەڕای راگەی رای عەزرائیلم

رادوورو باریك مەنزڵ خاروسەنگ

بێ تۆشەو چرابێ رەفیق دڵ تەنگ

مەروە بۆی نەفەس خاڵوی گیانیوە

یا سۆزی پیری تاڵە با نیوە

بۆ یەرون وەرنە رای گوزەر تەنگەن

قافیەم تاقاف قیامەت لەنگەن

**جوابی خەلیفە کەیخەسرەوی ئیمامی :**

*خاڵۆکەی گیانی، خاڵۆکەی گیانی*

*ئاز خۆی ناز خەیاڵ خاڵوکەی گیانی*

*بێ رەیب ریادوورجە نەفسانی*

*عیسەوی ئەنفاس بەحری مەعانی*

*شعرای سینەساف گەنجینەی ئەبیات*

*جەواهیر فرۆش بەخشندەی نەجات*

*سەرمەستی بادەی رۆی ( یەوم الست )*

*دوور جەواتەی نەفس پەلیدی سەرمەست*

*پەی نیکی هۆشیار پەی بەدی خامۆش*

*مەی نۆش مەی فرۆش دەروون پڕخرۆش*

*سەر حەلقەی جەرگەی طاعەت گوزاران*

*ئوستادی سەرمەشق دەروون ئەوگاران*

*نامەی پڕ سەفات وەلام کیاستەن*

*سەدشکر لله ئاواتم واستەن*

*ماشاالله جەبەزم نەزمی ئەبیاتت*

*جەسوزی نامەی پڕ فتوحاتت*

*هیجران دووریت مەدۆ ئازارم*

*خاڵووە گیانت جە گیان بیزارم*

*تەماشای باڵای شۆخ شیرینت*

*سکەی سەفوەت بەخش شەبیی و نورینت*

*دیگ دەروونم ئاوەردەن وە جۆش*

گامات گامە جزوب گاجۆش گا خرۆش

گافەوت گافاتی گا سۆز گانەجات

هام نەخۆف وبیم حەیات و مەمات

لێلە وەهەرحاڵ سیروان نادا پەی

هاوار وەماڵم وە یانەم وەی

هام نەگەر دەلوول گێچی وەلوەردا

دودەست وەحەسرەت مەدۆم وەسەردا

هام نەکەفوقوڵ قەڵوازەی سیروان

تۆتیای فەرقم بەحری بێ سامان

ئاخم پەی فەردت داخم پەی دەردت

ئاخم پەی حەسرەت هەناسەی سەردت

بەسەنلن نیەن تاویم وەدڵ تەڕ

جوانیت جەنۆ بسانۆم وە زەڕ

وە جەستەم هاوار دەستەڵات چێشەن

مەدۆش بیرۆش پەرواش جەکێشەن

سەد ڕەحمەت وە رۆح ساف بێ عەییت

وەباقی ئەوساف جە پەردەی غەییت

جە وەسوەسەو خۆف، ئیمانی وێشەن

بەو دڵە قایم پیرم دەروێشەن

کە یخەسرەو غەرقی عەسیانی وێشەن

نە گرداب گیج بێ حەد ئەندێشەن

بە پێی بۆچونی شیعرەکە دیارە کەلەپێشدا خەلیفە کەیخەسرەو نامە دەنێرێ بۆ مەولەوی، ئەویش جوابی ئەداتەوە لێرەدا ئەویشمان بۆ دەرنەکەوێ کە مامۆستا مەولەوی بە خیتابی خاڵۆ لەگەڵ خەلیفە کەیخەسرەویشدا دواوە.

جارێکیان مەولەوی منداڵێکی دەمرێ شێخی سەراجەددین بە بیستنی ئەو هەواڵە دەچێ بۆ لای مەولەوی ئەویش بەم پارچە شیعرە بەخێرهاتن و دەلالەتی خۆی ئەداتەوە:

*وەش ئامای وەخەیر رەفیق گیانی* — *رەهنمو دەکەم جە دونیای فانی*
*نەزانام گەردون مەینەت مەدوپێم* — *رای ئامای قاسد ئازیز برپیان لێم*
*چەند ساڵ باخەوان نەمام نۆ بیم* — *نەمام ئاما بەر من رەنجەڕۆ بیم*
*وەشیم ئاوەشەن شادێم بیمارەن* — *زەوقم بارش کەرد هەرخەم دیارەن*
*خەم ئامان وەبان مەکانی شادیم* — *هەرخەمەن مەیۆ مبارك بادێم*
*سپای خەم وەیتەور زورش ئاوەردەن* — *قافڵەی فامم وە تالان بەردەن*
*ئێستە کەم بیەن ئەقلم بیەن کەم* — *دڵ بی وەکەشتی دەرون دەریای خەم*
*وەختێ مەکێلوو ئاو مەیۆ وەجۆش* — *جەلام بارکەرو ئەقل و فام و هۆش*
*مەرهەرکەرم دار کەرەم کەرۆپێم* — *سەبوریم بدۆ بە ئەقلەکەی ویم*

وای دەگێڕنەوە کە مەولەوی لەو کاتەدا دەڵێ : خۆزگا هەر ساڵی منداڵێکم ئەبو ئەمرد هەتاکە تۆ تەشریفت بە هێنایاو ماڵی منت روناك کردبایا ئەو چەند دێڕی خوارەوە لە سروەی ژمارە ١٤٥ لاپەڕە ٨٠ بەناوی مەولەوییەوە لە چاپ دراون منیش لێرەدا دێنمیان بۆ ئەوی بە باشی لێمان رون بێتەوەکە ئایا هی مەولەوین یان نە.

*ئازیز فیراقت دڵ کەردەن وەهون*     *سەرکەردەن نەچەم ئەسرم چون جەیحون*

*کەشتی و جودم تۆ فانیٚ کەردەن*     *تەختەی پارەی رۆح وە عەدەم بەردەن*

*خول مەدۆ نە گێج مەوجی فەنادا*     *ئەجەل مەکێشۆم وەی لاو وەر لادا*

*زیندەگیم پەی مەرگ هانەتەدارەك*     *ئومید حەیات قەتعەن وەبێ شەك*

**ئەوەبوو پارچە شیعرێکی چاپ نەکراوی مامۆستا مەولەوی، هیوادارم پایەبەرزان و مەولەوی ناسانی سەردەم بۆ بۆچوونێکی عیلمییانەو بە شوێندا گەڕانێکی تایبەتی ئەوەی کە هەقی مامۆستای بلیمەتی کورد مەولەوی تاوگۆزییە پێی بدرێ و لەوە زیاتری ناوێ .**

**سەرچاوەکان :**


١- دیوانی مەولەوی، نووسینی مەلا عبدالکەریم مدرس.

٢- لێکۆڵینەوەو پشکنین، شیعرە بڵاونەکراوەکانی مەولەوی، مامۆستا حەکیم مەلا ساڵح.

٣- بەیازی دەسخەتی شێخەکانی بیارە .

٤- بەیازی دەسخەتی شێخ نەجیمی خانەگایی.

٥- بەیازی دەسخەتی کاك ئەنوەری مستوفی.

٦- چەندەها بەیازو دەسخەتی جیاجیا، جگە لە یارمەتی کاك شۆڕش جوانڕۆیی و کاك ناصری فەتاحی


حەمەڕەشی ئەمینی / پاوە

MAWLAWI.KRD

MAWLAWI.KRD

ژمارەی سپاردن

٤٦٧